# ئاینناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە( ٤ )ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣

- ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان؛ جیهانیبوون یان بە نیشتمانیکردن
- سەلەفییەت لە باشووری کوردستان
- کۆمەڵەی نوور و گرووپەکانی لە تورکیا
- عەقڵیەتی سەلەفی چووەتە ناو ئیسلامیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان
- نوێگەری لە دیدی مەلای گەورەی کۆیەدا




گۆڕانکاری و دابەشبـوون لای ڕەوت و گرووپە ئیسلامییەکان

# وەرزنامەی ئایینناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (٤)، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

# ئایینناسی

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك

سەروتار

**گوتاری ڕەها کێشە گەورەکەیە**..........................................................................د.فاروق عەبدول | ٥

توێژینەوە

**ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان؛ جیهانیبوون یان بە نیشتمانیکردن**..................د. عابد خالد رسول | ٩
**سەلەفییەت لە باشووری کوردستان**..........................................................ئیدریس سیوەیلی | ٢١
**ئاییناسی لای غەزالی**..........................................................................کامەران مەلا ئەحمەد | ٤٧

وەرگێران

**جیهانگیری و دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی سەلەفیی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**.... و: ئارام مەحموود | ٥٧
**کۆمەڵەی نوور و گرووپەکانی لە تورکیا**............................................و: ئەحمەد قادر سیروانی | ٧٥

گفتوگۆ

**عەقڵیەتی سەلەفی چووەتە ناو ئیسلامیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان** ......................گفتوگۆی: ئاییناسی | ١٠٥

مێزگرد

**گۆڕانکاری و دابەشبوون لای ڕەوت و گرووپە ئیسلامییەکان**....................ئامادەکردن:ئاییناسی | ١١٣

بیرمەندان

**نوێگەری لە دیدی مەلای گەورەی کۆیەدا**..................................................د. کازم عەلی تۆفیق | ١٢٩

ڕانانی کتێب

**سروشتی ستەمکاری و چەمکە پەیوەندیدارەکانی خوێندنەوە و خستنە ڕووی کتێبی (طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد)ی کەواکیبی**..................................د. ئومێد مەلا عوسمان کوردی | ١٤٣

زاراوە ناسی

**سەلەفیەت**.........................................................................................ئیدریس سیوەیلی | ١٦١

# گوتاری ڕەها کێشە گەورەکەیە



د.فاروق عەبدول

لەگەڵ هاتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، چەندین ڕەوت و قوتابخانەی فکری و سیاسی پەیدابوون، هەندێکیان بەخێرایی گەشەیان کردووە و بەدوایاندا چەندین لق و ئاڕاستەیان لێ کەوتووەتەوە و هەندێکی تریان لە قۆناغێکی دیاریکراو، یان لەگەڵ لەدایکبوونیاندا پووکاونەتەوە و توانای مانەوە و بەردەوامیان نەبووە، ئەم هەڵکشان و داکشانە لە ڕەوت و گرووپبەندییەکاندا لە پانتایی جیهانی ئیسلامیدا بە هەموو سەردەمە جیاوازەکانەوە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر خودی مێژووی ئیسلام بەگشتی و تێگەیشتنی تاکی موسڵمان بۆ ئایین و ئاییندراری بەتایبەتی.

لەم چوارچێوەیەدا و بە درێژایی مێژوو دیدگا و تێڕوانین و خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەق و چەمکەکان لای بیرمەندانی ئیسلامی و گرووپ و ڕەوتەکانیان بەشێکی دانەبڕاو بووە لە کۆی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان لە فیکری ئیسلامیدا، هەڵبەت ڕێگە دروستەکەش ئەوەیە کە خوێندنەوەی نوێ بە فۆڕمی نوێ و بەپێی قۆناغەکان بوونی هەبێت، نەک چەقبەستووی فکری، بەڵام فۆڕمێک کە توانای یەکتر خوێندنەوە و یەکتر قبووڵکردنی هەبێت، نەک بازدان و سڕینەوە. هیچ کات گرفت لە بوونی ڕاڤەی جیاواز و فرە ڕەوتیدا نەبووە بە قەدەر ئەوەی گرفتەکە لە بوونی ڕەوایەتیداندایە، لە بیری ڕەها و خۆسەپێندایە، لە مێژووی دوور و نزیکی ئیسلامدا چەندین گرووپ و فیرقەمان هەبووە تەنیا ڕەوایەتی بە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی خۆی داوە، دواجار

بەشێک لەمانە بە کارەسات کۆتایی هاتووە و سەری کێشاوە بۆ ململانێ و بەریەککەوتنی خوێناوی.

ئەوەی ئێستا لە جیهانی عەرەبی و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە ناکۆکی و ململانێی نێوان بەشێک لە گرووپ و ڕەوتە ئیسلامییەکان جۆرێکە لە شەڕی ڕەوایەتی، مەترسییەکە لە بوونی خوێندنەوە و تێگەیشتن و دونیابینی جیاوازدا نییە هەر وەکو لەسەرەوە باسمان کردووە، بەڵکو لە بەردەوامبوونی و درێژەکێشانی ئەو جۆرە گوتارە دژبەیەکەدایە کە هەر یەکەیان لە بازنەی ڕەوایەتی ڕەهادا قسەی لەسەر دەکەن. هەڵبەت گرتنەبەری ئەم میتۆدە لە گەیاندنی پەیام و مەبەستەکان ئەگەر بۆ دیدگایەکی فەلسەفی تا ڕادەیەک ئاسایی بێ، بێگومان بە ئاڕاستە ئایینییەکەیدا ئیشکالیەتی گەورە دەخوڵقێنیت، چونکە دین لە باوەڕێکی ڕەهاوە سەرچاوە دەگرێت و ئەمەش پێویستی بە گوتارێکی نەرم و لەسەرخۆیە کە قبووڵی هەموو ڕاڤە و لێکدانەوەکان بکات، نەک بە دیدگایەکی یەکلایەنە لە نێوان ڕەش و سپیدا، واتا ئەوەی لە بازنەی من بێت ڕێگە ڕاستەکەی هەڵبژاردووە و ئەوەشی لە دەرەوەی ئەم بازنەیە بێ، گومڕا و لادەرە. بێگومان لەم ساڵانەی دواییدا لە جیهانی ئیسلامیدا ئەم ئەم جۆرە گوتار و دابەشکارییە لە پەرەسەندندا بووە، کە لە هەندێک قۆناغ و بارودۆخدا زیانی گەورەی بە کۆمەڵگەی ئیسلامی و دینداری تاکی موسڵمان گەیاندووە.

تێپەڕاندنی ئەو دۆخە گەڕانەوەیە بۆ گوتارێکی میانڕەو کە توانای گفتوگۆ و پەسەندکردنی هەر بیروبۆچوونێکی هەبێت، بەبێ ئەوەی بڵێت ئەوە (لادەرە) و ئەو (حەقە)، ئەوە ڕاستە و ئەوە گومڕایە .

توێژینەوەکان

ئایینناسی

# ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان؛ جیهانیبوون یان بە نیشتمانیکردن

د. عابد خالد رسول

## پێشەکی

هەوڵدان بۆ پێشبینیکردنی ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان و شیکردنەوەی دۆخی ئێستایان، چ لەسەر ئاستی جیهانی، یان لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەو وڵاتانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان موسڵمانن، کارێکی دژوار و ئاڵۆزە، ئەمەش لە لایەک بە هۆی فرەیی دیدگای فیکری و هەمەچەشنی شێوازی کاری ئەو هێز و لایەن و گرووپانەی کە بە بزاڤە ئیسلامییەکان ناوزەد دەکرێن، لە لایەکی تر بە هۆی جیاوازی ئەو پێودانگ و هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییانەی کە کاریگەریی بەرچاویان لە سەر ئامانج و شێوازی کاری ئەو بزاڤانە هەیە. ئەوەی کە زۆر جێی تێبینیمانە لەم نووسینەدا جیاوازی نێوان دیدگای بزاڤە ئیسلامییەکان و کاریگەری کردارییانە، کە هەمیشە وەک پرۆژەیەکی جیهانی دیدگای خۆیان دەخەنەڕوو، بەڵام لە ئاستی کردارییاندا زۆربەی کات کاریگەرییان گیرۆدەی هاوکێشە نیشتمانی و ناوچەییەکانی ئەو وڵاتانەن کە تێیاندا کار دەکەن. هەوڵدان بۆ پێشبینیکردنی ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان لەژێر ڕۆشنایی ئەم جیاوازییەدا لە نێوان دیدگای جیهانیبوون و کاریگەری نیشتمانیدا ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتەیە، کە سەرەتا کار لەسەر ناساندنی

بزاڤە ئیسلامییەکان و پۆلێنکردنیان دەکات، دواتر دیدگا و کاریگەرییان لەسەر ئاستی پرسە جیهانی و نیشتمانییەکان دەخاتەڕوو، ئینجا وێنای سیناریۆکانی ئایندەی ئەو بزاڤانە دەکات لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو پێودانگانەی کە ئەو سیناریۆیانە ئاراستە دەکەن.

## باسی یەکەم: ناساندنی بزاڤە ئیسلامییەکان و پۆلێنکردنیان

### تەوەری یەکەم: ناساندنی بزاڤە ئیسلامییەکان

لە ڕووی زانستییەوە، زاراوەی (بزاڤە ئیسلامییەکان) یەکێکە لەو زاراوانەی کە دیاریکردنی مەودای ناساندنی ئەستەمە و ناتوانرێت پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش لە لایەک بە هۆی فرەڕەنگی ئەو بزاڤ و گرووپانەی کە بە ئیسلامی وەسف دەکرێت، لەلایەکی دی بە هۆی فرەڕایی و جیاوازی دیدگای ئایدۆلۆژی ئەو توێژەرانەی کە لە مەیدانی ئیسلامناسی و بزاڤ و پرسەکانی لێکۆلینەوە دەکەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە فەرهەنگی چەمکناسی ئەم بزاڤ و گرووپانە دووچاری جۆریک لە دۆخی هەڵاوسانی زاراوەکان و ناسەقامگیرییان بووە، بە شێوەیەک چەندین زاراوە بۆ ناوانی ئەو بزاڤ و گرووپانە بەکاردەهێنرێن، وەک: (فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، ئیسلامیزم، سەلەفیزم، ئیسلامی سیاسی، بزووتنەوە توندڕەوەکان، گرووپە تیرۆریستەکان...). ئێمە لێرەدا بە مەبەستی بابەتیبوون و خۆ بەدوورگرتن لە زاراوەگەلێک کە بە مەغزای ئایدۆلۆژی بارگاوین، پێمان باشە کە زاراوەی (بزاڤە ئیسلامییەکان) یان (بزووتنەوە ئیسلامییەکان - الحرکات الإسلامیة - Islamic Movements) بەکاربهێنین، بەتایبەت کە لە ڕووی ئەمانەتی زانستییەوە، ئەدەبیاتی ئەم بزاڤ و گرووپانە خۆیان و زۆرێک لە چالاکوانان و گەورە نووسەرانیشیان، وەک (یوسف قەرەزاوی)(١)، (محەممەد فەتحی عوسمان)(٢) و (ڕاشد غەنوشی)(٣) و (محەممەد حسێن فەزلولڵلا)(٤) ئەم زاراوەیە بۆ ناونانی خۆیان بە پەسەند دەزانن. بە هەمان شێوە، هەندێک لەو بزاڤ و گرووپانە زاراوەی (ڕابوونی ئیسلامی – الصحوة الإسلامیة) بە باشتر دەزنن، لەو ڕوانگەیەوە کە هەوڵ بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتی ئیسلامی) و کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی نوێ دەدەن و دەخوازن حکومەتێکی ئیسلامی وەها پێکبهێنن، کە ئایین بپارێزێت و چاودێری ڕاییکردنی کاروباری ئوممەتی ئیسلامی بکات. بەڵام لە بەرامبەردا هەندێکی تریان بەکارهێنانی زاراوەی (ڕابوونی ئیسلامی) بە گونجاو نازانن، گوایە ئیسلام نەخەوتووە و ئاگایی لە دەست نەداوە، لەبەر ئەوە ڕابوون تەنیا بۆ ئەو موسڵمانانەیە کە دووچاری چەقبەستن و دواکەوتن بوون و توانای کۆشش و دەستپێشخەری و

داهێنانیان لە زانست و پیشەسازیدا نەماوە. هاوکات هەندێکی تریان ڕایان وایە، کە ڕابوونەکە تەنیا ڕووکەش بووە و زیاتر سەرنجی لەسەر بالاپۆشی و سەرپۆش پێکردنی ژنان و جلوبەرگی کورت و کورتکردنەوەی سمێڵ و هێشتنەوەی ڕیشی درێژ بووە(٥).

لە ناو ئەو پێناسانەی بۆ (بزاڤە ئیسلامییەکان) کراون، برتیین لە: "ئەو بزووتنەوانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا چالاکن و داوای پەیڕەوکردنی ئیسلام و شەریعەتەکەی لە ژیانی گشتی و تایبەتدا دەکەن..."(٦). هەروەها بریتین لە: "ئەو بزووتنەوانەی کە پێیان وایە ئیسلام تەنیا ئایین نییە، بەڵکو سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووریشە، کە بۆ بوونیادنانی کۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت گونجاوە..."(٧).

هەرچی نەیارانی بزاڤە ئیسلامییەکانە پێیان باشترە کە بە زاراوەکانی (ئیسلامی سیاسی - Political Islam) و (ئیسلامیزم - Islamism) ناو ببرێن، لەم ڕوانگەیەشەوە بەوە پێناسەیان دەکەن کە بریتین لەو: "بزووتنەوە سیاسییانەی کە هەوڵ دەدەن بە هەر جۆرێک بێت بە دەسەڵات بگەن و بە تەنیا حوکمڕانی بکەن و دەوڵەتێکی ئایینی تیۆکراتی بوونیاد بنێن و شەریعەتی ئیسلامی بەپێی دیدگای تاکڕەوانەی خۆیان جێبەجێ بکەن". بەپێی ئەمەش، وڵاتانی وەک: (ئێران، سعودیە، ئەفغانستان – لە سایەی حوکمڕانی پێشوو و ئێستای تاڵیباندا، سوودان – لەماوەی حوکمڕانی عومەر بەشیردا، سۆماڵ) نموونەی پرۆژەی ئیسلامی سیاسین کە بانگەشەی حوکمڕانی شەریعەت، یان دەسەڵاتداری خوایی دەکەن.

بە ڕای زۆرێک لە توێژەرانی هاوچەرخ، ناونانی بزاڤە ئیسلامییەکان بە (ئیسلامی سیاسی) لە ئەنجامی جیاوازیکردن لە نێوان سێ ڕەوت، یان خوێندنەوەی بنەڕەتی بۆ دەق و بنەماکانی ئایینی ئیسلامەوە هاتووە کە هەرسێکیان لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە پلەی جیاجیا بالادەستن و بریتین لە: ئیسلامی فەرمی، ئیسلامی میللی، ئیسلامی سیاسی، کە هەر یەکێکیان خەسڵەتگەلێی تایبەت بە خۆی هەیە، بەم شێوەیە(٨):

**١-ئیسلامی فەرمی:** کە وەک نەریتێکی باوی ناو میراتی ئیسلامی، پێداگری لەسەر گوێڕایەڵی بۆ خەلیفە و قبوڵکردنی فەرمانڕەوایی سەردەم دوای زەفەربردنی بە دەسەڵات دەکات، گەرچی فەرمانڕەوایەکی لە ڕێ لادەریش بێت، فەرمانڕەوا (میر / سەرۆک / پاشا) سێبەری خوایە لەسەر زەوی، بانگەشەکردنیش بۆ تێزی شورا لەم ڕەوتەدا تەنیا بۆ ڕازانینە، نەک بۆ پابەندبوون.

**٢-ئیسلامی میللی:** کە لە سەر بنەمای ڕشتەیەکی تێکەڵ لە چەمکی بە میرات بەجێماوی ئایینی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە، کە تێیدا خواوەند ڕۆڵی گەردوونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و

سیاسی بەردەوامی هەیە لە ڕاییکردنی سات بە ساتی کاروبارەکانی بوون و ژیان و جیهاندا، لە ناویشیاندا چارەسەرکردنی گرفتەکانی موسڵمانان کە بە پەرستش و پاڕانەوە ڕووی تێدەکەن، ئەم ڕەوتە لە زۆر ڕووەوە هاوڕای ڕەوتی ئیسلامی فەرمییە، بە تایبەت لە بابەتی تەسلیمبوون بە فەرمانڕەوایی سەردەم جا هەر چییەک بکات، ئەم ڕەوتە زیاتر لە سەردەمی دارمانی ئیسلامدا برەوی سەندووە و چەندین قوتابخانەی فیقهی و فەلسەفی تیۆرسازییان بۆ کردووە.

**٣-ئیسلامی سیاسی:** کە ڕای وایە ئیسلام چارەسەری بۆ هەموو گرفتەکانی وڵاتانی موسڵمانان پێیە، سەرچاوە خواییەکەشی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دروستی بژاردەی ئیسلامی و هۆکاری ئەو گرفت و قەیرانانەی کە ئێستا وڵاتانی ئیسلامی دووچاری بوون دەگەڕێنێتەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیسلام و لەپێناو دەربازبوون لەو گرفت و قەیرانانەش داوای گەڕانەوە بۆ ئیسلام دەکات.

هەندێک ڕایان وایە دەستەواژەی (ئیسلامی سیاسی) زۆرجار بۆ ناونانی ئەو بزاڤانە بەکاردەهێنرێت کە لە بواری سیاسیدا چالاکن، بەو واتایەش گرووپە سۆفیگەرەکان ناگرێتەوە کە لە بواری سیاسیدا چالاک نین و زیاتر نزیکن لە ئیسلامی میللییەوە، هەروەها ئەو پارتە تەقلیدیانەش ناگرێتەوە کە پێشینەیەکی ئیسلامبوون، یان جۆرێک لە پابەندییان بۆ هەردوو ئیسلامی فەرمی و میللی هەیە، وەک پارتی سەربەخۆیی لە مەراکیش، یان پارتی ئوممە لە سودان، بەڵکو ئەم ڕایە پێیان وایە کە بەکارهێنانی ئیسلامی سیاسی بۆ ناونانی هەندێک ڕژێم و بزووتنەوە کە بە شێوەیەکی نەریتی شەریعەتی ئیسلامیان پەیڕەو کردووە، وەک شانشینی سعودیە، بەکارهێنانێکی نادروستە، لە کاتێکدا هەندێک لە بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەم ڕژێمانەش بە هەمان دەستەواژە ناوزەد دەکرێن(٩).

## ڕابوون تەنیا بۆ ئەو موسڵمانانەیە کە دووچاری چەقبەستن و دواکەوتن بوون

### تەوەری دووەم: پۆلێنکردنی بزاڤە ئیسلامییەکان

زەحمەتە سەرجەم بزاڤە ئیسلامییەکان وەک یەک ڕەوت، یان تەوژم دیاری بکەین. چونکە گرووپ و بزووتنەوەی فرە ئامانج و ئاراستە لەخۆ دەگرن، هەندێکیان پەروەردەیی و بانگخوازیین، هەندێکی تریان چەکداری و موقاوەمەتگەران. لەبەر ئەمە توێژەران پۆلێنی جیاوازیان بۆ کردووە، بۆ نموونە (ئیبراهیم بەیۆمی) بزاڤە ئیسلامییەکانی بۆ چوار تەوژم پۆلێن کردووە: (١. شۆڕشگێڕییە توندوتیژەکان، ٢. ڕیفۆرمخوازەکان، ٣.

ڕۆشنگەرا عەقڵانییەکان، ٤. وتاربێژانی فەرمی و مووچەخۆرانی وەزارەتەکانی ئەوقاف). بە هەمان شێوە (محەممەد عەمارە) بۆ چوار پۆل دابەشی کردوون: (١. ئەو خەڵکە گشتییەی دوای ئیسلام کەوتوون، ٢. ئەو ڕۆشنبیرانەی سەرقاڵی بایەخدانن بە هزری ئیسلامی بێ ئەوەی سەر بە ڕێکخستنێکی دیاریکراو بن، ٣. ڕێکخستنە ئیسلامییە گەورەکان وەک ئیخوان موسلیمین لە میسر، ٤. کەرتی گەنجانی دینداری بێزار و یاخی لە دۆخی خراپی وڵاتانی ئیسلامی). بەڵام (عەبدولستار ڕاوی) پۆلێنی کردوون بۆ پێنج ئاراستە: (١. تەقلیدییەکان: وەک ئیخوان موسلیمین. ٢. تائیفییەکان: وەک گرووپە پەیوەست و نزیکەکان لە ئێران؛ حزبی دەعوە، حزبوڵڵا، جوندلئیمام. ٣.جەماوەرییە ئایدۆلۆژیستییەکان: وەک حەماس لە فەلەستین، ئینقاز لە جەزائیر، جیهاد لە میسر). ٤. ڕەتکەرەوەکان: وەک گرووپی تەکفیر و هیجرە، گرووپی جیهاد، جوندوڵلا). ٥.عەقڵانییەکان: بریتین لەو بیرمەندانەی کە لە شرۆڤە ئیسلامییەکاندا ڕێبازی ڕەخنەیی شیکارییان گرتووەتەبەر(١٠).

گەرچی ئەم پۆلێنکردنانە لە زۆر ڕووەوە گونجاون، بەڵام زۆربەی توێژەران بەرەو ئەوە چوون کە بزاڤە ئیسلامییەکان بەپێی ئەو شێوازەی لە کاری سیاسیدا پەیڕەوی دەکەن، بۆ دوو تەوژمی سەرەکی پۆلێن بکەن، کە بریتین لە:

**١-تەوژمی میانڕەوەکان:** ئەو بزاڤ و گرووپ و پارتانەن کە باوەڕیان بە گۆڕانکاری قۆناغ بە قۆناغ هەیە، لەڕێگەی گرتنەبەری شێوازی کاری ئاشتیخوازانە لە ژیانی سیاسیدا و ڕەتکردنەوەی میکانیزمەکانی توندوتیژی بە ڕێژەی جیاواز. هەر لەبەر ئەوە ئەم بزاڤانە بەوە قایلن کە کاری سیاسی لە سایەی ڕژێمە سیاسییە بەرکارەکاندا ئەنجام بدەن، بۆیە دەبینین لە ڕابردوودا بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکانیاندا کردووە، وەک بزووتنەوەی (النهضة) لە تونس و (مجتمع السلم) لە جەزائیر و (الاخوان المسلمین) لە میسر. بزاڤەکانی ئەم تەوژمە جەخت لەو بنەمایە دەکەن کە پێی دەوترێت (بووژاندنەوەی ڕیفۆرمخوازی - الاحیائیة الاصلاحیة)، گوایە دەخوازن لەسایەی ئەو کۆمەڵگانەی لە وڵاتەکانیاندا باوە و بەپێی دیدگای ئەو جەعاتەی هەیە واتای نوێ بە ئیسلام ببەخشن، لەڕێگەی کاری بانگخوازی پەروەردەییەوە و پشت بەست بە (میتۆدی پلەبەندی) لە کاریاندا.

**٢-تەوژمی توندڕەوەکان:** ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەن کە گۆڕانکاری ڕیشەیی بە بژاردەی ستراتیژی دادەنێن. زۆربەی گرووپەکانی ئەم تەوژمە ڕژێمە دەسەڵاتدارە بەرکارەکانی وڵاتەکانیان تەکفیر دەکەن، بەڵکو هەندێکیان تەکفیری بەشێک لە کۆمەڵگەش دەکەن. زۆرجار توندوتیژی وەک ڕێگەی سەرەکی بۆ

گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاردەهێنن، لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمە حوکمڕانەکان و بوونیادنانی دەوڵەتی ئیسلامی، وەک گرووپی ئەلقاعیدە و ڕێکخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی) ناسراو بە (داعش).
ئاشکرایە کە خاڵی جیاوز لە نێوان ئەو دوو تەوژمەدا زۆرە، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە یەکەمیان داوای سوودبینین لە ئەزموونی دیموکراسی ڕۆژئاوا دەکات و بە ئامڕازێک بۆ کەمکردنەوەی ستەمی ڕژێمەکانی ئێستا ئەژماری دەکات، لەپێناو ئامادەکاری بۆ گەیشتنیان بە دەسەڵات بە شێوازی ناتوندوتیژی. لە بەرامبەردا ڕەوتی دووەم بنەماکانی دیموکراسی ڕۆژئاوا ڕەتدەکاتەوە و ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر هێماکانی و بە ئاشکرا دژایەتی ڕژێمە عەرەبی و ئیسلامییە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا دەکات. گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان باوەڕیان وایە کە ناکرێت باوەڕبوون بە بنەماکانی ئیسلام پارچە پارچە بکرێت، بە شێوەیەک باوەڕ بە پارچەیەکی بهێنرێ و پارچەکەی دی پشتگوێ بخرێت، کەسێک بڵێت تەنیا پەرستش دەکەم و شتەکانی تر وەرناگرم کافرە، بۆیە لای ئەوان هەر کەسێک پەیڕەوی کۆی ڕێبازی ئیسلام نەکات، کافرە. هەڵبەت ئەم پەرش و بڵاوییە لە ڕا و شێوازی کارکردنی بزاڤە ئیسلامییەکان بۆ ئاڵۆزی ژینگەی گشتی جیهان دەگەڕێتەوە، بە تایبەت لە وڵاتانی باشووردا، کە بە هۆی ستەمی ڕژێمە حوکمڕانەکانییان و ململانێ ناوخۆییەکانیانەوە، سەرەڕای داگیرکاری و نادادپەروەریی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرامبەریان، دووچاری چەندین گرفت و قەیران بوون.

## باسی دووەم: دیدگا و کاریگەری بز اڤە ئیسلامییەکان لە پرسە جیهانی و نیشتمانییەکاندا

### تەوەری یەکەم: دیدگای بز اڤە ئیسلامییەکان لە سەر پرسە جیهانی و نیشتمانییەکان

وێڕای جیاوازی دیدگای بزاڤە ئیسلامییەکان بەپێی جێگەی هەر یەکێکیان لە یەکێک لەو دوو تەوژمەی (میانڕەو، یان توندڕەو)دا و بەپێی واقیعی ئەو وڵاتەی کە تێیدا سەریهەڵداوە و لە سایەی گرفت و قەیرانەکانیدا کاری کردووە، هەروەها بەپێی ئەو قۆناغە مێژووییانەی گەشەکردنی کە پێیاندا تێپەڕیوە، وێڕای هەموو ئەمانە دەکرێت دیدگای بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی لە دوو تەوەردا چڕ بکرێتەوە:
١- ئیسلام ئایینی حەقە: بەو واتایەی ئیسلام تاکە ئایینە کە خوا بۆ حوکمڕانی جیهان پەسەندی کردووە و بنەما و ئەحکامەکانی ڕێسای گشتگیرن بۆ ڕێکخستنی کۆی کاروباری خەڵک لە دنیا و قیامەتدا، ئیسلام بەپێی باوەڕی کۆی بزاڤە ئیسلامییەکان، باوەڕ و پەرستشە، نیشتمان و ناسنامەیە، دین و دەوڵەتە، ڕۆحانیەت و کردارە، قورئان و شمشێرە.

٢- ئیسلام چارەسەرە: بەو واتایەی ئیسلام چارەسەری بۆ هەموو ئەو گرفتە نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییانەی پێیە کە ئێستا هەن، بە تایبەت کە لە تێگەیشتنی زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەکاندا دوورکەوتنەوە لە ئیسلام سەرچاوەی کۆی ئەو قەیرانانەیە کە گەلان و وڵاتە ئیسلامییەکان ئێستا دووچاری هاتوون، بۆیە لەپێناو دەربازبوون لەو قەیرانانە داوای سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ ئیسلام دەکەن.

**ناونانی بزاڤە ئیسلامییەکان بە (ئیسلامی سیاسی) لە ئەنجامی جیاوازیکردن لە نێوان سێ ڕەوت، یان خوێندنەوەی بنەڕەتی بۆ دەق و بنەماکانی ئایینی ئیسلامەوە هاتووە**

لە ڕاستیدا ئەو دوو دیدگایەی سەرەوە وەڵامە بۆ ئەم دوو پرسە: ئایا سەرهەڵدانی بزاڤە ئیسلامییەکان و دیدگا و کارەکانیان بەرهەمی پرۆژەیەکی شارستانی جددییە لەپێناو دەربازکردنی وڵات و کۆمەڵگە موسڵمانەکان لەو قەیران و گرفتانەی کە ئێستا دووچاریان هاتوون؟ یاخود تەنیا کاردانەوە و پەرەسەندنێکی کاتییە بەرامبەر بەو گۆڕانکاری و ئاڵنگارییانەی کە سەردەمی مۆدێرنە ڕووبەڕووی ئەم وڵات و کۆمەڵگانەی کردووەتەوە؟

وەڵامی ئەم دوو پرسە جێی لێکدانەوە و مشتومڕێکی دژوارە. ئاشکرایە کە بزاڤە ئیسلامییەکان پێیان وایە ئیسلام تەنیا ئایین نییە، بەڵکو سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێندە تۆکمەیە، کە بۆ چاکسازیکردنی کۆی گرفت و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی ئیسلامی هاوچەرخدا شیاوە و هەر کۆمەڵگەیە و دەتوانێت بەو شێوازەی کە لە دەستی دێت جێبەجێی بکات. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بزاڤە ئیسلامییەکان لە هەناوی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی خۆیەوە هاتوون و لە سایەی هەلومەرجی سەخت و پڕ قەیرانەکانیدا گەورە بوون. ئەم وڵاتانە دوای داڕمانیان لە شارستانییەتێکی جیهانی باڵاوە (شارستانییەتی ئیسلامی)، کە لە ڕووی زانستی و تەکنیکی و کولتوورییەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێشەنگی جیهان بوو، لەگەڵ داگیرکردن و تاڵانکردنیان لەلایەن کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاواییەوە، ئینجا دابەشبوونییان بە هۆی ناکۆکی و ململانێ تائیفی و ئەتنییەکانەوە و گرفتاربوونیان بە قەیرانەکانی هەژاری و نەزانی و نەخۆشییەوە. وێڕای هەموو ئەم نەهامەتییانە، چەندین گۆڕانکاریی گەورە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا ڕوویداوە، لەوانە ڕووخانی خیلافەتی عوسمانی، دروستکردنی بەناو دەوڵەتە نەتەوەییە عەلمانییەکان و سەربەخۆبوونییان لە

کۆڵۆنیالیزم، سەرهەڵدانی چەندین بزاڤ و تەوژمی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی و قەومی و ئایینی و ڕۆشنبیری لە سەر دەستی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و بیرمەند و تازەگەری هاوچەرخ، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، دۆزینەوەی سامانی زەبەلاحی نەوت و ئەو داهاتەو دەوڵەمەندییەی بۆ ڕژێمە حوکمڕانەکانی وەدیهێنا، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران. لە ناوەندی هەموو ئەم شەپۆلانە لە دارمان و گۆڕانکاری و ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکان، گرووپ و بزاڤە ئیسلامییەکان سەریانهەڵدا و پەرەیانسەند، بە شێوەیەک کە لە چەند دەیەیەی ڕابردوودا (لە کۆتایی سەدەی بیستەم و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، بوونە کاراکتەری زۆر کاریگەر، هەم لە ناو وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا و هەم لە بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

لەم چوارچێوەیەدا، بیرمەندی ئەمەریکی (گراهام فۆلەر) لە کتێبەکەیدا (ئایندەی ئیسلامی سیاسی) گاڵتە بەو بۆچوونە رووکەشە لە بیرکردنەوەی ڕۆژئاوادا دەکات، کە بزاڤە ئیسلامییەکان بە تیرۆر و کۆنەپەرستی و دوژمنایەتی لەگەڵ مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوا و دژایەتیکردنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی تۆمەتبار دەکات. ئەو پێی وایە (تیۆری پێکدادانی شارستانییەکان) دیدێکی بێ ویژدانانە و کرچ و کاڵە بۆ ئیسلام و ئامانج لێی پاککردنەوەی ڕۆژئاوایە لە تاوانباری و بەرپرسیارێتی بەرامبەر قەیرانەکانی سیستمی جیهانی هاوچەرخ، لە کاتێکدا ئەم قەیرانانە دەستکردی ئیسلام نین، بەڵکو ڕۆژئاوا دەستی باڵای لە نانەوەیاندا هەیە(١١).

بە ڕای (فۆلەر)، بزاڤە ئیسلامییەکان توانیویانە بۆشاییەکی گەورە لە جیهانی ئیسلامیدا پڕبکەنەوە، کە لەپاڵ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعێکی ئاڵۆز وەڵامی پێداویستییە هەنووکەییەکانیان داوەتەوە و چارەسەریان بۆ گرفت و قەیرانە سەختەکان خستووەتە ڕوو، ئەرک و بارێکی گەورەیان گرتووەتە ئەستۆ بە شێوەیەک کە لەچاوی گەل و نیشتمانیاندا بە ڕزگارکەر و فریادڕەسی داهاتوویان ببینرێن. هاوکات لە دوای شکستی زۆرێک لە هزر و بنەما بە ڕەچەڵەک ڕۆژئاواییەکانی وەک عەلمانیەت و کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزم، ئیسلام بوو بە تاکە چارەسەر. لە گرنگترین ئەو کارانەی کە ئیسلامییەکان کردوویانە بریتییە لە ناساندنی گەلەکانیان بە شوناس و ناسنامەی خۆیان، کە شوناسێکی تێکەڵە لە نیشتمانچێتی و بە جیهانیبوون، لە ڕەسەنایەتی و هاوچەرخیبوون. لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە هەوڵیان بۆ نوێکردنەوەی ئیسلام لە نەریتە کۆن و بەسەرچووەکانی ڕابردوو داوە، هەر بۆ ئەمەش خۆیان وەک جێگرەوەی زانا ئایینییە تەقلیدی و هزر بەستووەکان نمایش کردووە و بوونەتە نەیاری ئەوان و ئەو حکومەتە

گەندەڵانەش کە بە فەتوا و وتارەکانیان پشتگیرییان کردوون. بزاڤە ئیسلامییەکان هەوڵیان داوە هزری هاوچەرخی ڕۆژئاوا و سیستمەکانی لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە دابڕێژنەوە و باوەڕیان بە بەرگریکردن لە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەبووە، بە تایبەت کە خۆیان بە یەکەم قوربانی نەبوونی ئەو بنەمایانە، یان لەدەستدانی زانیوە. ئەوان داوای ئازادی کردەیی سیاسی و پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان کردووە، داوای ماف و پێگەیان بۆ ژنان کردووە. کەواتە لە ڕوانگەی (فۆلەر)ەوە دەتوانرێت بوترێت کە بزاڤە ئیسلامییەکان دوژمنی هزری ڕۆژئاوا و سوودەکانی دیموکراسی نین، بەڵکو ڕەنگە ببنە پردێک بۆ هەموارکردنەوەی مۆدێلی دیموکراسی ڕۆژئاوا و زیاتر گونجاندنی بۆ بارودۆخی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی.

### گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان باوەڕیان وایە ناکرێت باوەڕبوون بە بنەماکانی ئیسلام پارچە پارچە بکرێت

هاوکات (فۆلەر) ڕەخنە لەو تۆمەتی بە تیرۆریست ناساندنە دەگرێت کە ڕۆژئاوا بە گشتی بە بزاڤە ئیسلامییەکانییەوە دەلکێنێت، کە بە تێڕوانینی ئەو جۆرێک لە زیادەڕەوی تێیدایە، چونکە تیرۆر و توندوتیژی تەنیا لەلایەن کەمینەیەک لە بزاڤە ئیسلامییەکانەوە پیادە دەکرێت و هیچ ڕەوا نییە بەسەر زۆرینەی بزاڤە ئیسلامییەکانی تردا گشتاندنی پێ بکرێت، بەڵکو ئەو پێی وایە کە زۆرێک لە ئیسلامییەکان بەرامبەر کردە تیرۆرییەکانی (١١ی سێپتەمبەر) تووڕەبوون و ناڕەزاییان دژی ئەنجامدانی دەربڕیوە، لەبەرئەوەی ئەوان هەر لە بنەڕەتدا تەوژمی میانڕەون و بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی هاووڵاتییانی مەدەنی و خەڵکی بێ تاوان بە ڕەوا نازانن. بە ڕای (فۆلەر) تەنانەت گەر ڕۆژهەڵات موسڵمانیش نەبوایە، بەڵکو مەسیحی بوایە، ئەوا هەر ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئەو و ڕۆژئاوا دروست دەبوو، بە هۆی ململانێی بەرژەوەندییەکانی نێوان هەر دوو لایان. هەر بۆیە بەکارخستنی بیانووی تیرۆر بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، وێڕای ئەوەی بووە هۆی زیادکردنی دوژمنایەتی دژی ئەمەریکا، هاوکات هۆکارێکیش بوو بۆ زیادکردنی تیرۆر، نەک لاوازکردنی(١٢).

لەهەمان چوارچێوەدا، بیرمەندی فەڕەنسی (فرانسوا بورگا) لە کتێبەکەیدا (ئیسلامی سیاسی: دەنگی باشوور) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە؛ ئەو تیرۆریزمەی لە وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژئاوا لە سەرەتای هەشتاکانەوە پەرەیسەندووە،

تەنیا دەرەنجامی سروشتی توندی ئەو تەوژمە سیاسییە ئیسلامییانە نییە کە بە توندڕەو وەسف دەکرێن، بەقەدەر ئەوە دەرئەنجامی سروشتی ڕژێمە حوکمڕانییەکانی ئەو وڵاتانەشە کە بە هۆی چەندین بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هاوبەشەوە هاوپەیمانی وڵاتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوان، هەر ئەمەشە وای لەو ڕژێمانە کردووە کە بەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئیسلامییەکان ڕەت بکەنەوە، وێرای هاوبەشییان لە چەندین بنەمای وەک ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیان لە کۆڵۆنیالیزمێکی نوێ، کە بە پێچەوانەی ئەوەی ئیدیعای بۆ دەکات هیچ دیموکراسی بەلاوە گرنگ نییە، هاوکات ڕۆژئاواش ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ئەم وڵاتانەی پێ باشترە لەو ئیسلامییە میانڕەوانەی کە چاکسازییان مەبەستە(١٣).

بەڕای (بورگا)، دەبێت ڕۆژئاوا ئەو لۆژیکەی خۆی بگۆڕێت کە ئیسلامییەکان وەک دوژمنێک کە بەهاکانی ڕەت دەکاتەوە دەبینێت، بەبێ ئەوەی لە هۆکاری یاخیبوونی ئیسلامییەکان لەو بەها دووفاق و دووڕوویانەی ڕۆژئاوا بپرسێتەوە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییە ڕوپۆشکراوەکان بە خواستی کۆڵۆنیالیزمی و ئیمپریالیزمی داڕێژراون. ڕۆژئاوا لەو کاتەی کە بانگەشەی بۆ پشتیوانیکردنی لە دیموکراسی کردووە، هەرگیز دوودڵ نەبووە لە هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، لەپێناو دوورخستنەوەی ئیسلامییەکان لە بەشداریکردنی سیاسی لە حوکمدا. لەم بۆچوونەدا (بورگا) هاوڕای بیرمەندی ئەمەریکی (نوام چۆمسکی) یە کە لەسەروبەندی شیکردنەوەیدا بۆ ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و واقیعی بەرکەوتنی ڕۆژئاوا بە تیرۆر پێی وایە کە؛ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو ڕووداوانەدا بەری ئەو سیاسەتە نارەوایەی خۆی چنییەوە کە چەندین دەیە لە جیهانی سێیەم بەگشتی و لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەتایبەتی گرتویەبەر، ئەو سیاسەتەی کە بووە هۆی کوشتنی چەندین قوربانی بێتاوانی وەک قوربانیانی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر(١٤).

کەواتە، وەک چۆن ئیسلامییە میانڕەوەکانی وەک؛ (النهضة) لە تونس، (العدالة والتنمية) لە مەغریب و (مجتمع السلم) لە جەزائیر، کە داوای ئەنجامدانی چاکسازی و بەشداریکردنی سیاسی و تەبەنیکردنی دیموکراسی دەکەن، کوڕی شەرعی وڵاتانی ئیسلامین، هەرواش ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەک (القاعدة) و (داعش) بەرهەمی ئەم وڵاتانەن، بەڵام توندڕەوییەکەی ئەمان دەرەنجامی خودی ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو وەک (بورگا و چۆمسکی) وای دەبینن دەرەنجامی کاردانەوەی سیاسییە دژی ئەو تیرۆری دەوڵەتەی کە ڕژێمە

حوکمڕانەکانی وڵاتانی ئیسلامی دژی هاووڵاتییان و ئیسلامییەکانیان پیادەی دەکەن، هەروەها دەرەنجامی کاردانەوەیە دژی دووڕوویی پێوەر و بەهاکانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا، کە بە ڕوویەک ئیدیعای دیموکراسی دەکەن و بەڕوویەکی تر پشتگیری ڕژێمە دیکتاتۆرییە عەرەبی و ئیسلامییەکان دەکەن.

**تەوەری دووەم: کاریگەری بزاڤە ئیسلامییەکان لە پرسە جیهانی و نیشتمانییەکان**

کاریگەری بزاڤە ئیسلامییەکان لە سەر پرسە جیهانی و نیشتمانییەکان پەیوەستە بەو هەوڵەی بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی ڕاگەیەنراو دەیدەن، کە گرنگترینیان بریتییە لە پرۆژەی نوێکردنەوەی ئیسلام و گەڕاندنەوەی بۆ پێشەوایەتی شارستانییەت لە جیهاندا، لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ڕۆژئاوا و بەها دووفاقییەکانی کە بە بڕوای ئەوان تەنیا لەسەر بناغەی بەرژەوەندییە ماددییەکان بوونیادنراوە. لەم چوارچێوەیەشدا کاریگەری بزاڤە ئیسلامییەکان و هەوڵەکانیان لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی وڵاتانی خۆیان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

- یەکەمیان: پەیوەست بوو بە سەرهەڵدانی هزری ئیخوان موسلیمین، لە ماوەی چارەکی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، کە پێداگری لەسەر گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی و بەرەنگاربوونەوەی کۆڵۆنیالیزم دەکرد.

- دووەمیان: هاوکات بووە لەگەڵ شەپۆلەکانی سەربەخۆبوونی وڵاتە ئیسلامییەکان لە کۆڵۆنیالیزم، بە درێژایی چارەکی دووەم و سێیەمی سەدەی ڕابردوو، لەم قۆناغەدا ڕەتکردنەوەی قۆرخکاری نوخبە ستەمکارە بەناو نیشتمانییەکانی دوای کۆڵۆنیالیزم لەو وڵاتانەدا چەکی هزر و خەباتی ئیسلامیەکان بوو.

- سێیەمیشیان: لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات، لەگەڵ دارمانی یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی ئەوەی پێی دەوترا سیستمی نێودەوڵەتی نوێ کە بەپێ بەرژەوەندییە تاک جەمسەرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەڵاڵە کرابوو، ئەم قۆناغە تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

**ئیسلام بەپێی باوەڕی کۆی بزاڤە ئیسلامییەکان، باوەڕ و پەرستشە، نیشتمان و ناسنامەیە، دین و دەوڵەتە، ڕۆحانیەت و کردارە، قورئان و شمشێرە**

هەوڵ و ئامانجی بزاڤە ئیسلامییەکان لە هەموو ئەم قۆناغانەدا لەگەڵ ئارەزووی نوخبە حوکمڕانە تاکڕەوەکانی

ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوادا بەریەککەوتنی گەورەی هەبووە. سەرەڕای ڕەخنە و هەڵمەتە ئەمنییەکان لە دژی ئەم بزاڤانە لە هەرسێ قۆناغەکەدا، بەڵام زۆرێک لەم بزاڤانە بوونە هێزی سیاسی ئۆپۆزسیۆن لە چەند وڵاتێکی ئیسلامیدا، بەڵکو ژمارەیەکیان توانیان بگەن بە دەسەڵات، بەتایبەت لە چەند وڵاتێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەپێش و لەپاش بەهاری عەرەبی، وەک تورکیا، میسر، تونس، مەغریب و فەلەستین.

لە هەموو ئەو هەوڵانەدا دەتوانین وەک توێژەری فەرەنسی (ئۆلیڤیە ڕوا) کاریگەری بزاڤە ئیسلامییەکان لە پرسە جیهانی و نیشتمانییەکاندا بە بەشداریيان لە بە جیهانیکردنی ئیسلام و ئینجا بە ڕۆژئاواییکردنیشدا پێوانە بکەین. دیاردەی پەڕینەوەی ئیسلام بۆ ڕۆژئاوا، کە (ڕوا) بە زاراوەی (بە جیهانیبوونی ئیسلام) ناوزەدی کردووە، کە هاوکات ناونیشانی یەکێک لە کتێبەکانێتی، پەڕینەوەیەکی نائاسایی نەبوو (لە ڕێگەی داگیرکردن، یان باوەڕهێنانی بەکۆمەڵ)، بەڵکو پەڕینەوەیەکی ئاسایی بووە لە ڕێگەی کۆچ و باری خۆویستانەی ئەو موسڵمانانەوە کە لەپێناو گەڕان بەدوای کار، یان دۆخێکی بژێوی باشتردا ڕوویان لە ئەوروپا کردووە. لێرەدا بەبڕای (ڕوا)؛ لە کاتێکدا کە بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکان یارمەتیدەری قووڵکردنەوەی ئایین و ئایینداری بوون لەنێو خەڵکی وڵاتانی خۆیاندا، تەنانەت لەنێو ڕەوەندەکانیشیاندا لە ڕۆژئاوا، بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەکرداری پاڵنەری جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و بە عەلمانیکردنی ژیانی سیاسی بوون، چونکە ئەم بزووتنەوانە چی تر سەر بە هیچ جوگرافیایەکی تایبەت، یان وڵاتێکی دیاریکراو نین، بەڵکو جۆرێک لە کاراکتەری بە جیهانگیریکراون کە بە جیهاندا دێن و دەچن و کوێرانە توندوتیژی بێ ئامانج ئەنجام دەدەن، بەڵام لەناو خودی وڵاتە ئیسلامییەکاندا بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکان لە پێشووتر نیشتمانیتر و دیموکراتیتر بوون و زیاتر لە جارانیش ئاوێزانی پرۆسەی سیاسی بوون. هەر بۆیە ڕێگریکردن لە دیموکراسی، بەڕای (ڕوا)، هەمیشە لەلایەن بزاڤە ئیسلامییەکانەوە نەبووە، هێندەی ئەوە لەلایەن ئەو نوخبە عەلمانییە حوکمڕانانەوە بووە کە ڕۆژئاوا پشتیوانی کردوون(١٥).

جگە لەوە، زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەکان ئێستا زیاتر لەوەی ئیسلامی بن، نەتەوەین. بۆ نموونە بزووتنەوەی (حەماس) و (جیهادی ئیسلامی) لە فەلەستین ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینییە، هەرچەندە ئەو دەوڵەتە، بە بڕوای ئەوان، دەبێت ئیسلامی بێت، بەڵام نەتەوەییبوونی دەوڵەتەکە لە ئیسلامیبوونی لەپێشترە. ئێستا زۆربەی حزبە ئیسلامییەکان ڕوویان لە ناسیۆنالیزم کردووە هەر لە جەزائیر و

تونس و میسرەوە تا فەلەستین و سوریا و عێراق و یەمەن و تورکیا. بە گریمانەی (ڕوا)؛ تا ئەم حزب و بزووتنەوانە زیاتر ڕوو لە هەستی نیشتمانی بکەن، زیاتر دیموکراتی دەبن، واتا زیاتر پشتگیری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن و ئەنجاماکانیشی قبوڵ دەکەن. هەروەها زیاتر دوژمنایەتی ئیمپریالیزم دەکە، وەک باقی گرووپ و حزبە ناسیۆنالیزمەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زیاتر و زیاتر دوژمنایەتی ئیمپریالیزم دەکەن، لێرەوە ناسیۆنالیستە ئیسلامییەکان لە هەمان ئەو هێڵی بەرگرییەدا وەستاون کە ناسیۆنالیستە عەلمانیەکان لێی وەستاون(١٦).

**بزاڤە ئیسلامییەکان پێیان وایە ئیسلام تەنیا ئایین نییە، بەڵکو سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێندە تۆکمەیە، کە بۆ چاکسازیکردنی کۆی گرفت و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی ئیسلامی هاوچەرخدا شیاوە**

کەواتە بەپێی تێڕوانینەکانی (ڕوا)، هەرچەندە ئایینی ئیسلام تادێت بەرەو بە جیهانیبوون دەچێت، بەڵام بزاڤە ئیسلامییەکان و نەخش و کاریگەرییان تا دێت زیاتر و زیاتر بەرەو ناوچەییبوون و دەرگیربوون لەگەڵ بابەتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی وڵاتەکانیان دەچن، بەڵام لێرەدا جیاوازی لە نێوان بزاڤە ئیسلامییەکان و جۆرێکی دی لە ئیسلامییەکان دەکات: یەکەمیان ئەو بزاڤانەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی و پڕۆژەی سیاسی نیشتمانییان هەیە و زیاتر لە حزبە نەتەوەییەکانی وڵاتەکانیان نزیکن و ئەولەویاتەکانیان بووەتە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لەبەرئەوەش خستنەڕووی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەلایانەوە وەک پێشتر ڕەواجی نەماوە، بۆیە چانسی گرتنی جێگایەک بۆخۆیان لەناو پرۆسەی سیاسی وڵاتەکانیاندا زیاترە، هەر وەک ئەگەری بە دیموکراتیبوونیشیان زیاترە.
سەبارەت بە جۆری دووەمیان، کە (ڕوا) بە (ئوسوڵییە نوێیەکان) و (ڕادیکاڵە نوێیەکان) ناوزەدی کردوون(١٦)، ئەو گرووپە سیاسییە ئیسلامییانەن کە قووڵایی کۆمەڵایەتییان لە وڵاتێکی دیاریکراودا نییە و خاوەنی هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی نین، بەڵکو زیاتر وەک کاراکتەری بە جیهانگیریکراوی نزیک لەو بزووتنەوە دژە ئیمپریالیستانە دەردەکەون کە تەنیا کاردانەوە و پێشنیاری جیهانییان هەیە، بۆ نموونە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، نوێنەرایەتی هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی لە هیچ وڵاتێکی دیاریکراودا ناکات، بەڵکو زیاتر وەک بەرەیەک، یان هاوپەیمانییەک هەڵدەسوڕێت و هیچ ئامانجێکی نییە جگە لە دژایەتی و لێدانی ئەمەریکا،

تەنانەت گەر لە ماڵەکەی خۆیشیدا بێت، وەک لێدانی هەردوو تاوەری بازرگانی لە نیویۆرک. ئەم جۆرە بزووتنەوانە دوورن لە پێشکەشکردنی هەر تێزێکی ئایینی، زیاتر لە بزووتنەوە چەپە دژ بە جیهانگیرییەکان نزیکن، پاشان شەڕەکەیان لە دژی ئیمپریالیزمە، کە ئەمەریکا نوێنەرایەتی دەکات، هەروەها لەدژی هێما جۆراوجۆرەکانییەتی، وەک هێما ئابوورییەکان (دوو تاوەرەکەی بازرگانی) و هێما سەربازییەکان (پێنتاگۆن)، نەک دژی هێما ئایینییە جیاوازەکان (وەک کەنیسەکان، یان تەنانەت ڤاتیکان کە هێمای مەسیحیین).

**بزاڤە ئیسلامییەکان دوژمنی هزری ڕۆژئاوا و سوودەکانی دیموکراسی نین، بەڵکو ڕەنگە ببنە پردێک بۆ هەموارکردنەوەی مۆدێلی دیموکراسی ڕۆژئاوا و زیاتر گونجاندنی بۆ بارودۆخی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی**

## باسی سێیەم: سیناریۆ و پێودانگەکانی ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان

تەوەری یەکەم: سیناریۆکانی ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان

بە ڕەچاوکردنی ئەو کاریگەرییەی تائیستا بزاڤە ئیسلامییەکان لە پرسە جیهانی و نیشتمانییەکاندا هەیانبووە و بە تێڕامان لەو خوێندنەوانەی کە بیرمەندان و توێژەران سەبارەت بەو بزاڤانە خستویانەتە ڕووە، دەتوانین ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان بەم سیناریۆیانە وێنا بکەین:

- باڵادەستبوونی ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتدا: بەشێوەیەک کە لە هەندێک وڵاتی ئیسلامیدا تا ڕادەیەکی زۆر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لە دەسەت ئیسلامییەکاندا بێت، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت لەم سیناریۆیەدا ئەوەیە کە دەشێت ئیسلامییەکان بۆماوەی کورتخایەن بتوانن چارەسەری هەندێک لە گرفتە پەروەردەیی و خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکانی وەک تەندروستی و نیشتەجێبوون بکەن، بەڵام لە درێژخایەندا ناتوانن ئەو قەیرانە بوونیادییانە تێبپەڕێنن کە ڕژێمە حوکمڕانییە عەلمانی و ناسیۆنالیزمی و هەندێک جاریش سۆسیالیزمییەکانی پێش خۆیان دووچاری هاتبوون. بەڵگەی ئەمەش ژیانی سیاسی تورکیایە لە سایەی حوکمڕانی (پارتی داد و گەشەپێدان) دا، کاتێک دەبینین دوای بیست ساڵ لە حوکمڕانی ئیسلامییەکان هێشتا پرسی کورد لەم وڵاتەدا چارەسەرێکی گونجاوی بەپێی جیهانبینی ئیسلامی بۆ نەکراوە، بەڵکو لەم پرسەدا هەڵوێستی بڕیاربەدەستانی داد و گەشەپێدان زۆر جیاواز نەبووە لە عەقڵی ئەو نوخبە عەسکەری و سیاسییە عەلمانی

و نەتەوەیی و بەناو لیبراڵییەی کە بە درێژاییی هەشتا ساڵ (١٩٢٣ – ٢٠٠٣) پارێزەری بنەما کەمالییەکانی تۆرانییەتی کۆماری تورکیا بوون.

- بەشداریکردنی ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتدا: کاتێک لە هەندێک وڵاتدا پارتێکی ئیسلامی (یان چەند پارتێک)، بە هاوبەشی لەگەڵ حزبی دەسەڵاتی پێشوو، یان حزبی نائیسلامیدا بچێتە ئەو هاوپەیمانییەوە کە حکومەت پێکدهێنێت، بەمەش ببێتە بەشێک لە دەزگای دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە وڵاتدا، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت لەم سیناریۆیەدا ئەوەیە کە هاوبەشی پێکردنی ئەم پارتە ئیسلامییانە زیاتر بۆ ڕووکەشکردنی ڕژێمی حوکمڕانییە بە هەندێک ڕووکاری لیبراڵی و دیموکراسی، نەک سوودوەرگرتن لە دیدگا و جیهانبینییە ئیسلامییەکەیان بۆ چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکانی پرۆسەی حوکمڕانی وڵات. بەڵگەی ئەمەش ژیانی سیاسی مەغریبە لە سایەی بەشداریکردنی سەرەکی (پارتی داد و گەشەپێدان) لە پێکهێنان و سەرکردایەتی حکومەتی ئەو وڵاتەدا هەر لە ٢٠١١ ەوە تا ئێستا، کە هەر خودی داننان بە هاوبەشی پێکردنی ئەم پارتە لە حکومەتدا لەژێر فشاری ئەو دۆخەدا بوو کە بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی ناوچەکەدا خولقاندبووی. وێڕای ئەوەی بەشداری ئەم پارتە لە حکومەتدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە زیادکردنی بوودجەی زۆرێک لە سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانی وەک (تەندروستی و پەروەردە و بیمەی کۆمەڵایەتی)، لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین چاکسازی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام هەمیشە زۆرێک لە سەرکردەکانی بەوە تۆمەتبارکراون کە لە بەرامبەر دەسەڵات و دەوڵەتدا ئاسنکارن.

- بوونی ئیسلامییەکان بە ئۆپۆزسیۆن: ئەم بژاردەیە تاڕادەیەکی زۆر بەندە بەوەوە کە تا چ ڕادەیەک ڕژێمی حوکمڕانی ڕێگە بە کاری سیاسی و بەشداریکردنی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا دەدات، کە زۆربەی کات ئەم ڕێگەپێدان و کرانەوەیە بە ڕووی ئیسلامییەکاندا بە ناچاری بووە، بەڵام هەلێکی گونجاو بووە تا لە ڕێگایەوە ئیسلامییەکان فشار لەسەر دامەزراوەکانی حوکمڕانی و ناوەرۆکی بڕیار و سیاسەتە گشتییەکانیان دروست بکەن، هاوکات کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێن و ئاراستەی هەندێک لە ڕێکخراوەکانی بکەن، بەڵگەی ئەمەش پارتی (بەرەی کاری ئیسلامی- جبهة العمل الإسلامي)یە لە ئوردون کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، وەک باڵی سیاسی ئیخوان موسلیمین لەو وڵاتەدا، بەشداری زۆربەی هەڵبژاردنەکانی کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پیادەکردنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیتوانیوە ببێتە بەدیلی پارتە پارێزگار و میانجیە نزیکەکان لە دەسەڵات، هەر وەک نەیتوانیوە

بە هاوکاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دی فراکسیۆنێکی پەرلەمانی هێندە کاریگەر پێکەوە بنێ کە ڕێگری لە هەندێک ئەجێندای سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی حکومەت بکات، یان لانی کەم فشاری زیاتر بە ئاراستەی فراوانکردنی پرۆسەی بە دیموکراسیکردنی وڵات بکات.

- دوورەپەرێزی و دەستبەرداربوونی ئیسلامییەکان لە کاری سیاسی: بەتایبەت کە ئەگەری گواستنەوەی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا لاواز بێت و وڵامی ڕژێمە حوکمڕانەکان بەرامبەریان تەنیا سەرکوتکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی بێت، لە ئەگەری دۆخێکی وەهادا دەشێت زۆربەی بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکان تەنیا ئیکتیفا بە کاری پەروەردەیی و بانگخوازی بکەن و خۆیان لە کاری سیاسی ئاشکرا بە دوور بگرن، بەڵام مەرج نییە هەموو ئیسلامییەکان تاسەر بەم بژاردەیە قایل بن، کە بەپێی ئەزموونی حوکمڕانی زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی لە ماوەی پێش بەهاری عەربیدا، بەشێک لەو بزاڤانە و ڕەگەز و سەرکردەکانیان پەنایان بۆ کاری نهێنی و ڕووبەڕووبەنەوەی چەکداری لەگەڵ ڕژێمە حوکمڕانەکانی وڵاتەکانیان بردووە، ئەمەش زەمینەیەک بووە بۆ سەرهەڵدان و برەوسەندنی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، کە ئایندەی بەردەوامبوونیان لە سایەی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆردا ئاڵۆز و ناڕوونە.

لە ڕاستیدا مەرج نییە هەمیشە ئەم سیناریۆیانەی سەرەوە، دەقاودەق بە هەمان ئەو شێوە سادەیە بێنەدی کە ئێمە لێرەدا خستومانەتەڕوو، بە تایبەت کە دەشێت هەر سیناریۆیەک بەشێوەی جیاواز بەپێی دۆخی جیاوازی وڵاتان و ژمارەی بزاڤ و پارتە ئیسلامییە کاراکان تێیدا قابیلی ڕوودان بێت، کە ڕەنگە لە جیاتی یەک پارت، دوو پارتی ئیسلامی یان زیاتر، پێکەوە لە دەسەڵاتدا باڵادەست بن، یان بەشێوەی هاوپەیمانی بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن یان پێکەوە ببنە ئۆپۆزسیۆن، هەروەها ڕەنگە لە یەک وڵاتدا دوو لەم سیناریۆیانە، یان زیاتریان بە قۆناغی یەک لەدوای یەک ڕوو بدەن، بۆ ئەمەش مێژووی سیاسی بزاڤە ئیسلامییەکان لە وڵاتێکی وەک میسردا بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە. بەهەرحاڵ پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەو سیناریۆیانەی سەرەوە بۆ ئەو بزاڤە ئیسلامییانە گونجاون کە بە تەوژمە میانڕەوەکان ئەژمار دەکرێن، بەڵام سەبارەت بە گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان ئەوا دەکرێت زۆربەی کات ئایندەیان لە دوو سیناریۆی سەرەکیدا وێنا بکرێت:

- سیناریۆی زەوتکردنی دەسەڵات بە توندوتیژی و هێزی چەکداری؛ دیارترین بەڵگە بۆ ئەمە بریتییە لە ئەزموونی حوکمڕانی تاڵیبان لە ئەفغانستان لە ماوەی نێوان (١٩٩٦-٢٠٠١)م یان

لە دوای گەڕانەوەی چەکدارییان بۆ حوکمڕانی ئەو وڵاتە لە (مانگی ئابی ٢٠٢١)ەوە. هەروەها ئەزموونی حوکمڕانی داعش لە بەشێک لە عێراق و سوریا لە ماوەی نێوان (٢٠١٤-٢٠١٧).

- سیناریۆی ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی و دروستکردنی هەڕەشە و فشاری ئەمنی؛ جا لەدژی ڕژێمە حوکمڕانەکانی ئەو وڵاتانە بێت کە لە سنووری جوگرافیاندا کاران، یان لە دژی هێما و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز و ڕۆژئاوا بێت، بەڵگەی ئەمەش ئەزموونی گرووپە تیرۆریستییەکانە لە ماوەی ڕابردوودا، هەر لە گرووپەکانی وەک (الجماعة الإسلامية و جماعة الجهاد الإسلامي) لە میسر لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا گرووپەکانی وەک ئەلقاعدە و بۆکۆحرام و داعش لە ئێستادا.

**بەکارخستنی بیانووی تیرۆر بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، وێڕای ئەوەی بووە هۆی زیادکردنی دوژمنایەتی دژی ئەمەریکا، هاوکات هۆکارێکیش بوو بۆ زیادکردنی تیرۆر**

**تەوەری دووەم: پێودانگەکانی ئایندەی بزاڤە ئیسلامییەکان**

بە گشتی ئەگەری ڕوودانی هەریەک لەو سیناریۆیانەی کە لە تەوەری پێشوودا خرانەڕوو، لەگەڵ ڕادەی توانستی بزاڤە ئیسلامییەکان لە پیادەکردنی دیدگا و کاریگەرییان لە هەر یەک لەو سیناریۆیانەدا بەندە بە چەندین پێودانگەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن(١٨):

- دەستێوەردان یان پشتیوانی دەرەکی: بە تایبەت لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتییەوە، کە هەرچەندە لە سەردەمی جەنگی سارددا، ئەمەریکا و ڕۆژئاوا پاڵنەرێکی بەهێزبوون بۆ کرانەوەی ڕژێمی حوکمڕانی ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بە ڕووی بزاڤە ئیسلامییەکاندا لەپێناو بەرگرتن لە تەوژمە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکان و لاوازکردنی هێز و بزاڤە سۆسیالیستییەکان، بەڵام بەپێی ئەزموونەکانی سێ دەیەی ڕابردوو، وا پێشبینی دەکرێت زۆربەی کات لە داهاتوودا هەڵوێستیان لە دژی پارت و بزاڤە ئیسلامییەکان بێت و لە بەرژەوەندی ڕژێمە حوکمڕانەکان، یان هێزە نەیارەکانی ئیسلامییەکان بێت.

- ڕۆڵ و پێگەی سوپا لە سیستمی حوکمڕانی وڵات: بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە دەزگا سەربازییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر پاراستنی پایەکانی دەوڵەت و ئاڕاستەکردنی بڕیارە

سیاسییەکانی هەیە، هەر وەک ڕۆڵی سوپای میسر لە ماوەی پێش بەهاری عەرەبی و لە کاتی ئەزموونی حوکمڕانی ئیخوانەکان (پارتی ئازادی و دادپەروەری) لەو وڵاتەدا و لە پاش کۆتایهێنان بەو ئەو ئەزموونەش.

## زۆرێک لە ئیسلامییەکان بەرامبەر کردە تیرۆریەکانی (١١ی سێپتەمبەر) تورەبوون و نارەزاییان دژی ئەنجامدانی دەربڕیوە

- بوونی کۆت و بەندە دەستووری و سیاسییەکان: وەک چڕکردنەوەی دەسەڵات و هەژموونداركردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە سەر دەسەڵاتی یاسادانانەوە و بەتاڵکردنەوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەربەخۆیی و ڕێگریکردن لە میدیای ئازاد و یاریکردن بە یاسا و ڕێکارەکانی هەڵبژاردنەکان و کاریگەری دانان لە سەر ئەنجامەکانیان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە ژیانی سیاسیدا.

- دۆخی بوونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتە ئیسلامییەکان: کە هێشتا لە سایەی نەریتە خێڵەکییەکاندا دەژی و بارگاوییە بە دابەشکارییە تائیفییەکان، بەشێوەیەک کە ڕێگرە لە بە دامەزراوەییکردنی کاری حزبی و ڕێکخراوەیی لەبەردەم زۆربەی بزاڤە ئیسلامی و نائیسلامییەکانیشدا. ئەمە وێڕای دواکەوتوویی ژیانی ئابووری و گرفتاربوونی بە دەستوەردانی بەردەوامی دەوڵەت لە کایەکانیدا، کە ڕێگرە لە گەڵاڵەبوونی هۆشیاری پێویست بۆ دروستکردنی کێبڕکێی ئازاد لە نێوان دامەزراوە سەربەخۆکاندا.

- سروشتی کولتووری سیاسی باو لەو وڵاتانەدا: کە زۆربەی کات لەسەر بنەمای سەرکردەی کاریزمی و ئیلهامبەخش بوونیادنراوە، سەرکردەیەک کە خاوەنی حەقیقەتی ڕەهایە و ڕاوێژ و بەشداری دامەزراوەیی قبوڵ ناکات؛ هەروەها ئەو کولتوورەی کە لەسەر بنەمای باوەڕ نەبوون بە ئازادی و ڕێزنەگرتن لە ڕای بەرامبەر و نەڕەخساندنی هەلی پێکەوەژیان لە نێوان ئاراستە جیاوازەکاندا بوونیادنراوە. کە هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی حزبایەتی بە پلەی یەکەم و ئینجا فرەیی سیاسی و حزبیش، کە دواجار ڕێگرن لە دەرکەوتنی بزاڤە ئیسلامییەکان وەک حزبی کاریگەر و بە دامەزراوەیی بوو.

- پێکهاتەی ناوخۆیی بزاڤە ئیسلامییەکان خۆیان: کە کەمجار پابەندن بە بنەما دیموکراتییەکان لە ڕێکخستنی ئۆرگانەکانیان و دانانی سەرکردەکانیان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی هزری تاکڕەوی و بڕیاردانی تاکلایەنەی ڕابەرەکانیان، بەڵکو زۆربەی

پارت و بزاڤە ئیسلامییەکان لەڕووی ڕێکخراوەییەوە شلۆق و ناتوندوتۆڵن و لەژێر هەژموونی تاکەکەسی هەندێک لە سەرکردەکانیاندان و هیچ کۆتوبەندێکی ڕوون بۆ دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکانی ڕابەر و سەرکردە و کەسی یەکەمیان لە ناوخۆی بزاڤەکەدا نییە، ئیدی زەحمەتە چاوەڕوانی ئەوە لەم جۆرە پارت و بزاڤانە بکرێت کە ببنە سەرچاوەی چاکسازیکردن و بوونیادنانی حوکمڕانییەکی دروست لە وڵاتدا.

**ڕۆژئاوا لەو کاتەی کە بانگەشەی بۆ پشتیوانیکردنی لە دیموکراسی کردووە، هەرگیز دوودڵ نەبووە لە هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی**

### کۆتایی: لەجیاتی ئەنجام

هەرچەندە زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەکان لەو دیدگایەدا هاوڕان کە ئیسلام تاکە ئایینی حەق و چارەسەری سەرەکییە بۆ زۆربەی گرفت و قەیرانەکانی وڵاتەکانیان، بەڵام هەموویان لە بواری کاری سیاسییاندا هاوشێوە نین، کە زۆربەیان میانڕەو و ئەوانی تریان توندڕەون، هاوکات توانای جێبەجێکردنی دیدگاکانیان لە پرسە نیشتمانییەکانی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و پرسە جیهانییەکاندا جیاوازە، بەپێی ئەمەش کاریگەریان لە هەردوو ئاستەکەدا هاوشێوە نییە، هەر بۆیە لە کاتێکدا کە بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکان زیاتر بەرەو تێکەڵبوون لەگەڵ پرسە نیشتمانی و ناوخۆییەکانی وڵاتەکانیان دەچن، گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان زیاتر لە ململانێ بەجیهانگیریکراوەکانەوە گلاون، بەڵام پێدەچێت لە هەموو بارەکاندا چی دیکە تێگەیشتنەکانی ئەم بزاڤانە لەگەڵ ئەو بە جیهانیبوونەدا یەکنەگرێتەوە کە لە ئێستادا ئیسلام وەک ئایین بە خۆیەوە دەیبینێت، ئیدی سیناریۆکانی ئایندەی ئەو بزاڤانە لە وڵاتەکانی خۆیاندا هەرچییەک بێت، حوکمڕانی یەکلایەنەی خۆیات بێت، یان هاوبەشی پێکردنیان بێت لە حوکمدا، قبوڵکردنی بژاردەی ئۆپۆزسیۆن بوون بێت، یان دوورەپەریزی بێت لە کاری سیاسی، زەوتکردنی دەسەڵات بە توندوتیژی و هێزی چەکداری بێت، یان ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی و دروستکردنی هەڕەشە و فشاری ئەمنی بێت دژی ڕژێمە حوکمڕانەکانی وڵاتانی خۆیان، یان لە دژی هێما و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز و ڕۆژئاوا. لەم دۆخەشدا دەشێت سیناریۆی (پۆست-ئیسلامیزم) بەو شێوەیەی کە ئەکادیمی و کۆمەڵناسی ئێرانی (ئاسیف بەیات) لە کتێبی (ژیان وەک سیاسەت: چۆن خەڵکی سادە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن)(١٩) خستویەتییە

ڕوو، پێشبینیکراو بێت، کە تێیدا بەدەر لە بزاڤە ئیسلامیەکان و پارت و هێزە تەقلیدییەکان، گرووپ و خەڵکی نابزاڤی کۆمەڵایەتی گەورە وەک (ژنان و گەنجان و هەژارانی نیشتەجێبووی شارەکان)، بە پشتبەستن بە ڕەگەزە ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستانەییەکان لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و لە خودی ئیسلامیشدا، کار بۆ گۆڕانکاریی و بەدیهێنانی بەهاکانی فرەیی و داپەروەری و ئازادی و حوکمی زۆرینە و دابینکردنی مافەکان دەکەن. ئەم سیناریۆیەش بە واتای پووکانەوەی تەواوەتی بزاڤە ئیسلامییەکان دێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، یان لانی کەم بە واتای کاڵبوونەوەی ڕۆڵ و کاریگەریيان دێت هاوشێوەی ئەو گرووپە مارکسی و کۆمۆنیستییانەی کە لە دوو سەدەی ڕابردوو لە زۆر لە هاوکێشە و ڕووداوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکاندا خاوەن ڕۆڵی کاریگەربوون، بەڵام لە ئێستادا لە زۆر ناوچەی جیهاندا بە ئاستەم دەتوانن درێژە بە بوونێکی ڕەمزی و ڕووکەشی خۆیان بدەن. پێشبینیکرنی ئایندەیەکی هاوشێوە بۆ بزاڤە ئیسلامییەکانیش ڕەنگە بۆ نزیک مەودا زەحمەت دەرکەوێت، بەڵام بۆ دوور مەودا ئەستەم نییە.

--------

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(١) يوسف القرضاوي، أولويات الحركة الإسلامية في المرحلة القادمة، مكتبة وهبة، ١٩٩١، ص ٩.

(٢) محمد فتحي عثمان، التجربة السياسية للحركة الإسلامية المعاصرة، دار المستقبل، ١٩٩١، ص ٢١.

(٣) الشيخ راشد الغنوشي، الحركة الاسلامية ومسألة التغيير، المركز المغاربي للبحوث والترجمة، ٢٠٠٠، ص ١١.

(٤) محمد حسين فضل الله، الحركة الاسلامية هموم وقضايا، دار الملاك، ط ٤، ٢٠٠١، ص ٥.

(٥) حسن محمد طوالبه، خطر الاسلام السياسي بين الحقيقة والافتعال (دراسة)، موقع الحوار المتمدن، العدد: ٣٥٥٧، ٢٠١١/١١/٢٥، على الرابط الآتي:
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=284855

(٦) عبد الوهاب الأفندي، الحركات الإسلامية: النشأة والمدلول وملابسات الواقع، في: الحركات الإسلامية وأثرها في الاستقرار السياسي في العالم العربي، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبو ظبي، ٢٠٠٢، ص ١٣.

(٧) د.فيصل محمد عبد الغفار، الربيع العربي، الجنادريه للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص ١٣.

(٨) علي العبدالله، الإسلام السياسي والعنف، موقع الجمهورية، ١٢ /٢٠١٣/١١، على الرابط الآتي:
https://aljumhuriya.net/ar/2013/11/12/22108/

(٩) عبد الوهاب الأفندي، المصدر السابق، ص ١٣.

(١٠) حسن محمد طوالبه، المصدر السابق.

(١١) غراهام إي-فولر، مستقبل الإسلام السياسى، ت: محمد محمود التوبة، مكتبة العبيكان، ٢٠١٦، ص ص ٣٢ - ٥٠.

(١٢) المصدر نفسه، ص ص ٥١- ١٠٠.

(١٣) فرانسوا بورجا، الإسلام السياسي: صوت الجنوب، ترجمة لورين فوزى زكري، دار العالم الثالث للنشر، مكتبة الاسكندرية، ٢٠٠١، ص ص ١٨-٢٥.

(١٤) نعوم تشومسكي، الحادي عشر من أيلول: الارهاب والارهاب المضاد، ت: ريم منصور الأطرش، دار الفكر بدمشق، ص ص ٢٩-٤٣.

(١٥) أوليفييه روا، عولمة الإسلام، ت: لارا معلوف، دار الساقي، ط ٢، ٢٠١٦، ص ص ٩-٣٠ و ص ص ٥٧- ٨٣.

(١٦) المصدر نفسه، ص ص ٣١ - ٤٣.

(١٧) المصدر نفسه، ص ١٤١ و ص ١٩٥.

(١٨) مركز القدس للدراسات السياسية، الأحزاب الإسلامية والديمقراطية بين النظرية والممارسة، موقع المركز، ١٢ /١٢/ ٢٠٠٩، على الرابط الآتي:
https://alqudscenter.org/index.php?l=ar&pg=QUNUSVZJVElFUw==&sub=UmVwb3J0cyBhbmQgV29ya2luZyBQYXBlcnM=&id=734#

(١٩) آصف بيات، الحياة سياسة: كيف يغير بسطاء الناس الشرق الأوسط؟)، ت: أحمد زايد، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٤، ص ص ٤٧٧- ٤٨٨.

# سەلەفییەت لە باشووری کوردستان
# مێژوو، قەبارە و دونیابینی

ئیدریس سیوەیلی

پێشەکی

سەلەفییەت لە هەرێمی کوردستان لە گەشەی بەردەوامدایە، وێڕای ئەوەی زۆرجار تۆمەتبار دەکرێن بە کورتبینی و بەرتەسکی لە بیرکردنەوەیان، بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی سەلەفییەت، دونیابینی و هۆکاری گەشەسەندنیان توێژینەوەی ئەکادیمی پێویستە، ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو دیاردەیە و قەبارەی لە هەرێمی کوردستان.

## چەمکی سەلەفییەت

سەلەفییەت بەمانا تەقلیدییەکەی گەڕانەوەیە بۆ جۆری ئایینداری و دونیابینی بۆ قورئان و سوننەت بە گوێرەی تێگەیشتنی پێشین (سەلەف) کە خۆی دەبینێتەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د. خ) و شوێنکەوتوانی لە سەدەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمی کۆچی. تا ئێرە سەلەفییەکان هاوڕا و کۆکن، بەڵام کاتێك قسە دێتەسەر ئەوەی تێگەیشتنی پێشین بۆ قورئان و سوننەت کامەیە؟ ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێت و هەریەکەیان تێگەیشتن، دونیابینی و مومارەسەی ئایینداریانەی خۆی بە دروست دەزانێت، سەلەفییەت چەندین خەسڵەتی هەیە، یەکێك لەو خەسڵەتانە تێگەیشتنی ڕووکەشیانە لە ئایین و گرنگیدانی زۆر بە پەرستش و ڕەفتارە ڕووکەشییەکان، بۆیە هەندێکجار بە سەلەفی ڕووکەشی ناودەبرێن.

## مێژووو قەبارەی گەشەسەندنیان

یەکەم ئاڕاستەی سەلەفی کە لە باشووری کوردستان دەرکەوتووە، سەلەفی مەدخەلییە،[١] ئەم ئاڕاستەیە سەرەتا لەسەر دەستی مەلا حەمدی عەبدولمەجید ئیسماعیل سەلەفی (١٩٣١- ٢٠١٢) دەرکەوتووە، ناوبراو لە سوریا لای محەممەد ناسرەدین ئەلبانی (١٩١٤- ١٩٩٩) خوێندویەتی، لە (١٩٦١) لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگە و پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری شۆڕش دروستکردووە، زانایەکی ناسراو بووە و چەندین بەرهەمی چاپکراوی بە زمانی عەرەبی هەیە، کە زۆرتر تایبەتن بە زانستی فەرموودە.[٢]

مەلا حەمدی سەلەفی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بیری سەلەفییەت لە کوردستان، بە تایبەت لە دەڤەری دهۆك و موسڵ و چەند شوێنێکی تر، ئەمیش لە ڕێگەی وانەوتنەوەوە، دواتر بە هەوڵ و کۆششی مەلا حەمدی و چەند کەسایەتییەکی تر دوای ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) کولێژی شەریعە و قوتابخانەیەکی زانستە شەرعییەکان لە دهۆك دروست دەکرێت، ئەمەش یەکەمین کۆلێژە لەو سنوورە کرابێتەوە کە زۆربەی مامۆستاکانی سەلەفیی بوون و پاڵپشتییەکی زۆریشی لە لایەن سعودیەوە لێ دەکرا، چ لە لایەنی مادییەوە وەك پێدانی دەرماڵە، بەشی ناوخۆیی و خزمەتگوزاری بەردەوام، چ لە دواتردا کە خوێندکارانی ئەو کۆلێژە لە کولێژە بەرزەکانی سعودیە و سوودان‌دا وەردەگیران، ئەمە وێڕای قوتابخانەی زانستە شەرعییەکان کە چەندین قوتابی وانەیان تێدا دەخوێنند و بە بیری سەلەفی گۆش دەکران، قوتابخانەکە زیاتر لە (٤٠) قوتابی لەخۆ دەگرت و خەڵکی دەوڵەمەند هاوکاری دەکردن، مانگانە بڕێك پارە

دەدرایـە هـەر قـوتابییـەك و تـەنها ئـەوان بـۆیـان هـەبـوو لـە مزگـەوتـدا بمێننـەوە، قوتابیەکانیش باجێکی تایبەتیان بۆ کرا بـوو، کـە بـە (بـاجی بێلایـەن) نـاسـرابـوو، وەکـو ئـاماژەیـەک کـە ئـەمان بێلایـەنن و خـۆیـان بـە دەووردەگـرن لـە سیاسـەت، حزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیی. بەڵام پاش کۆچی دوایی مەلا حەمدی، ئەم کۆلێژە لە لایەن دەسەڵاتدارانی دهۆکەوە داخرا، هۆکارێکی داخستنی ئەو کۆلێژە کە بە فەرمانێکی فەرمی سەرۆکی حکومەتی ئەو کات بوو، بریتی بوو لە باڵادەستی و دەستبەسەرداگرتنی کۆلێژی شەریعە لـەلایـەن مـامـۆسـتـایـانی یـەکگـرتـووی ئیسلامییەوە.[٣] مەلا حەمدی پەیوەندی لەگەڵ ناوەندە سەلەفییەکانی دەرەوەش هەبوو، بەشێوەیەك هیچ قوتابیەکی کورد لە زانکۆی (ئیمام سعود) لە سعویە بێ پشتگیری ئەو وەرنەدەگیرا.[٤]

لـە سلێمـانیش لـە کۆتـایی هـەشـتـاکانی سـەدەی ڕابـردوو، لـەسـەردەستی عومەر محەممەد ڕەسوڵ (مەلا عومەر سەلەفی چنگیانی)، بیری سـەلـەفی پـەرەیسـەنـد، نـاوبـراو لـە (١٩٨٠) لـە زانـکـۆ مـەدینـە کـۆلـێژی (الـدعــوة وأصــول الـدیـن)ی تـەواو کـردووە، لـەوێ ئاشـنـایەتی لەگەڵ ژمارەیەك زانای سعودیە پەیدا کردووە، لـە هـەشـتـاکان گـەڕاوەتـەوە کوردسـتـان و بـووە وتـارخـوێـن و پێشـنـوێژ، کـەوتـە بڵاوکـردنـەوەی بیری سـەلـەفی، لـە دوای ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) لە مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی قوتابخانەیەکی بۆ فێربوونی زانسـتـە شـەرعییـەکان کـردەوە بـە نـاوی قوتابخانەی (عومەری کوڕی خەتتاب)[٥]، ژمارەیەکی زۆر قوتابی هەبوو، لە دوای ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) سەلەفییەکانی سلێمانی بە شێوەیەکی بەرفراوان کەوتنە جـمـوجـۆڵ و بـە وروژانـدنـی چـەنـدیـن بابەتی خیلافی و لابەلایی لەگەڵ تەواوی ئایینـدارانی موسـڵـمان لـە کوردسـتـان، بـەو هـۆیـەوە تـووشـی تـەنگـژە هـاتـن.[٦] ئەمانـە جـەختیـان لـەسـەر بەجێهێنانی پـەرسـتـش و سـوننـەتـە رووکـەشـیـەکان دەکــردەوە، بـەڵام لـە (١٩٩٣/١٢/٢٦) لـە شـەڕی نێـوان (یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتـان)[٧] و (بزووتنـەوەی ئیسلامی لـە کوردسـتـانی عێراق) مزگـەوتی ئیمان کەوتە بەر هێرش، ئەم ڕووداوە کاریگەری لـەسـەر دونیابینی مـەلا عـومـەر سـەلـەفی جێهێشـت، بـەشـێـوەیـەك چـەنـد سـاڵێك بـەر لـە ئێستا ڕێبـەری ئـەو ئاڕاسـتـەیە لە زنجیرە وتارێکدا پەشیمانی خۆی لە زۆرێك لەو تەرحانە دەربڕی کە لەوکاتەدا بەناوی سەلەفیەتەوە خستیەڕوو، ئەوەشی وەکو ڕەخنـە لـە خـۆگـرتن و بـەخـۆداچوونـەوە دەربڕی کە ئەو ئاڕاستەیەی سەلەفیەت لـەگـەڵ پێکهاتـەی کۆمـەڵی کـوردەواری نـەگـونـجـاو بـــوو، یـاخـود ئــەو تێزانـە دووبـارەکـردنـەوەی ئـەزمـوونی شـوێنانی دیکە بوو بێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی ژینگەی کوردستان.

دوای ڕووداوەکـەی مزگـەوتی ئیمـان، تا

ساڵی (١٩٩٥) کاری سەلەفییەکان لە سلێمانی لە قۆناغی متبووندا بوو، لەو ساڵەوە مەلا عەبدولکەریم محەممەد قادر بووە پێشنوێژ و وتارخوێنی هەمان مزگەوت، ناوبراو لە (١٩٩٠) دیبلۆمی لە زانستە شەرعییەکان لە بەغداد بەدەستهێناوە، لە (٢٠٠٨) بەکالۆریۆسی لە زانستە سەرعییەکان وەرگرتووە. [٨] هەرچەند مەلا عەبدولکەریم توانی پارێزگاری لە یەکریزی سەلەفییەکان بکات و لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە، بەڵام لاوازی ئاستی وتاربێژی و هاوکات بە هۆی نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە سەلەفییەکانی دەرەوەی کوردستان، ناوبراو نەبووە کەسایەتییەکی ناودار و سیمبولی سەلەفییەکانی کوردستان.

تا ساڵی (٢٠٠٠) سەلەفییەکانی کوردستان زیاتر کاریگەر بوون بە فەتواکانی ئیبن باز، محەممەد ساڵح عوسەیمین و ئەلبانی. ئەم سێ کەسایەتییەش هەر یەکەیان لە بوارێکی شەریعەتدا شوێندەستیان دیارە و ئەسپی خۆیان تاودابوو، ئەوەی یەکەمیان زیاتر خەریکی بوارەکانی عەقیدە و دووەمیشیان فیقهـ و سێیەمیشیان بوارەکانی فەرموودەناسی بوو، هەروەها سەلەفییەکانیش بە گشتی لەبەر ئەوەی جۆرێك لە تەقلید بۆ زاناکانیان بە سەریاندا زاڵە، لەو کاتەدا شوێنکەوتوانی ئەو ڕێبازە خەریکی خوێندن و وتنەوەی ئەو بابەتانە بوون کە ناومان بردن.

لە پاش ساڵی (٢٠٠٠) قۆناغێکی تازە بۆ سەلەفییەکانی کوردستان هاتە پێش، دەموچاوی تازەی کەسایەتی سەلەفیی وردە وردە دەرکەوتن و سیماکانی مەدخەلی زاڵبوون، لە سەرەتای سەدەی بیستویەك خۆری مەلا عەبدولکەریم وردە وردە ئاوابوو. ئەمەش بە دەرکەوتنی د. عەبدوللەتیف ئەحمەد مستەفا (عەبدوللەتیف سەلەفی).

## سەلەفییەت بە مانا تەقلیدییەکەی گەڕانەوەیە بۆ جۆری ئاییندارى و دونیابینی بۆ قورئان و سوننەت بە گوێرەی تێگەیشتنی پێشین (سەلەف)

عەبدوللەتیف ئەحمەد مستەفا (عەبدوللەتیف سەلەفی) بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی موستەنسرییە لە بەغدا بەدەستهێناوە، پاشان ڕوو دەکاتە سوودان، یەمەن و سعودیە و لەوێ لای چەندین زانای سەلەفی وانەی خوێندووە، پاشان دەگەڕێتەوە عێراق و لە پارێزگای سەلاحەدین نیشتەجێ دەبێت، هەر لەوێ ماستەر و دکتۆرا تەواو دەکات، [٩] دواتر دەگەڕێتەوە کوردستان و لە سلێمانی نیشتەجێ دەبێت و دەست دەکات بە بانگەواز بۆ سەلەفییەتی مەدخەلی، هاوکات لە زانکۆی سلێمانی دەبێتە مامۆستا.

عەبدوللەتیف سەلەفی، جگە لە وانەی مزگەوتەکان لە ڕێگەی دەرکردنی گۆڤاری (ڕێگای ڕاست) و دواتریش کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی (ئامۆژگاری) هەنگاوێکی تری بە کاری سەلەفییەکان دا، بەڵام ئەم هەنگاوانەی ناوبراو جێگەی ڕەزامەندی هەموو بانگخوازە سەلەفییەکان نەبوو، بۆیە ناکۆکی لە نێوانیان دروستبوو، ئەمەش لێکترازانێکی گەورەبوو لەناو سەلەفییەکانی کوردستان.[١٠] ناوبراو لە کارکردنیدا بەردەوام بوو، خۆی بۆ ڕەوتی مەدخەلی یەکلایی کردەوە، لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان شوێنکەوتەی بۆ دروستبوو.

دوای چەند ساڵ کارکردن و لێکترازانی زیاتری د. عەبدوللەتیف سەلەفی لە سەلەفییەکانی تر، ناوبراو بە ئاڕاستەیەکی تری سەلەفییەت هەنگاوی نا، ئەو بەلای ڕەوتی (حەلەبی)[١١]یدا ڕۆیشت و ئەوانی تر بە ڕەوتی مەدخەلی مانەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە هەرێمی کوردستان سەلەفییەکان بەسەر چەند جۆر بیرکردنەوەی جیاواز دابەش دەبن، ئاسان نییە هێڵێکی جیاکاری تەواو لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی سەلەفییەت بکێشرێت و پۆلێن بکرێن، خاڵی هاوبەشی نێوان سەلەفییەکان زۆرترە لە خاڵی جیاوازیان، خودی جیاوازییەکانیش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەسەر شتی لاوەکی و بچووکن، ڕەنگە یەکێك لە پۆلێنە ساکارەکان ئەوە بێت کە ئەوان دابەش دەبن بەسەر سەلەفی مەدخەلی، حەلەبی، حزبی و جیهادی. سیانی یەکەمیان خاڵی جیاوازییەکانیان هێندە کاڵە زۆرجار بە زەحمەت لێکجیادەکرێنەوە، بەڵام سەلەفیی جیهادی تاڕادەیەکی زۆر ئاسان لەوانی تر جیا دەبنەوە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، جیاکردنەوەی سنووری نێوان سەلەفییەکان کارێکی سانا نییە، بۆیە لە نێوان ئەو پۆلێنەی خرایەڕوو چەندین کەسایەتی دەبینین کە بانگەشەی سەلەفییەت دەکەن و لەسەر ئەو ڕەوتە ئەژمار دەکرێن، بەڵام دونیابینیان تێکەڵەیە لە سەلەفی مەدخەلی و حەلەبی، محەممەد مەلا فایەق و مەلا هەڵۆ نموونەی ئەو کەسایەتییانەن. بە چاوپۆشی لە جیاوازی نێوانیان، ئەوەی لەم توێژینەوەدا تیشکی خراوەتەسەر، هەڵوێستی ڕەوتی مەدخەلی، حەلەبی و ئەو کەسایەتییانە کە تێکەڵەی ئەم دوو ڕەوتەن.

بە سەرنجدان لە واقیعی هەرێمی کوردستان، تێبینی ئەوە دەکرێت سەلەفییەت بە هەردوو ڕەوتی مەدخەلی و حەلەبی لە هەڵکشاندایە، ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بێت بەوەوە کە سەلەفییەت گوتارێکی سادەی ڕووکەشی تەبەنی کردووە، سایکۆلۆجیای گشتیی جەماوەریش ئاستی وەڵامدانەوەی بۆ گوتاری سادە زۆرترە وەك لە گوتاری عەقڵانی ئاڵۆز، هۆکارێکی تر پەیوەستە بەو کەش و هەلومەرجەی

بۆ بانگخوازانی سەلەفی ڕەخساوە لە هەرێمی کوردستان، لەمەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان کە خۆی لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) دەبینێتەوە تا رادەیەکی زۆر کارئاسانی بۆ سەلەفییەکان دەکەن، پێشنوێژ و وتاربێژی چەندین مزگەوت سەلەفین، ساڵانە ئەم ڕێژەیەش روو لە هەڵکشانە، جگە لە وتاربێژە فەرمییەکان، لە چەندین مزگەوت بە رەزامەندی دەسەڵات بانگخوازانی سەلەفی کە هیچ سیفەتێکی فەرمیان نییە لە وەزارەتی ئەوقاف، وتاری هەینی پێشکەش دەکەن، پێشنوێژی بۆ نوێژخوێنان دەکەن و لەناو مزگەوتەکان وانە دەڵێنەوە، سەلەفییەکان ڕادیۆ و کەناڵی ئاسمانییان هەیە، چەند ڕێکخراوی پەروەردەیی و خێرخوازییان هەیە، ئەکادیمیای تایبەت بە زانستە شەرعییەکانیان هەیە، لەو مزگەوتانەی سەرپەرشتی دەکەن بەردەوام وانەی جۆراوجۆر بۆ توێژە جیاوازەکان دەوترێتەوە، رەنگە بوترێت بۆچی دەسەڵات کارئاسانی بۆ سەلەفییەکان دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەو دونیابینییەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەلەفییەکان هەیانە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی و هەڵوێست بەرامبەری، سەلەفییەکان رەخنەگرتن لە دەسەڵات بە ئاشکرا، خۆپیشاندان، شۆڕش کودەتا و دەستاودەستی دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، ئەوان جەخت لەسەر گوێڕایەڵی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە و بە وەلی ئەمریان دەزانن، خۆ لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و گەندەڵی و ناعەدالی دەبوێرن، هەر ناڕەزایەتییەك بە نانەوەی پشێوی و فیتنە ئەژمار دەکەن، ئەمەش ئەو پاڵپشتییەیە کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەدوایدا وێڵن، بە واتایەکی تر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان سوود لە سەلەفییەکان وەردەگرێت تا بە بەرگی ئایینی و بە پاساوی شەرعی هەموو جۆرە ناڕەزایی و نیگەرانییەکی هاووڵاتییان دژی دەسەڵات کپ و سەرکوت بکەن، سەلەفییەکانیش سود لەم دەرفەتە وەردەگرن بۆ پەرەپێدانی خۆیان، ئەوەی لە نێوان سەلەفییەکان و دەسەڵاتداران هەیە دابەشکرنێکی ڕانەگەیەنراوی ڕۆڵی هەریەکە لەو دوانەیە، دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات بۆ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، کاروباری ئایینیش بۆ سەلەفییەکان، ئەمەش هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتنەیە کە محەممەد کوڕی عەبدولوەهاب لەگەڵ محەممەد کوڕی سعود کردی و بەو پێیەش ڕەنگڕێژی بەڕێوەبردنی ناوچەکەی کرد، کە دواتر دەوڵەتی سعودیەی لێ دروستبوو. خاڵێکی تر لە هۆکاری پاڵپشتی دەسەڵات بۆ سەلەفییەکان ئەوەیە کە دەیەوێت دژی حزبە ئیسلامییەکان و پێگەیان بەکاریان

بێنێت، لە دونیابینی سەلەفیدا حزبایەتی و دروستکردنی حزب و ڕێکخراوی ئیسلامیی بیدعەیە، نەك مامەڵە، بەڵکو دەنگدابڕین لێیان بە واجب دەزانن، چەندین فەتوای زانا سەلەفییە سعودییەکانیان سەبارەت بە بیدعەی حزبایەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاویان کردووەتەوە، ئەمەش بە دیوێکدا خزمەت بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەکات.

## مەلا حەمدی سەلەفی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بیری سەلەفییەت لە کوردستان

ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە کە سەرچاوەی دارایی سەلەفییەکان لە کوێوەیە؟ بەپێی بەدواداچوونی توێژەر کە سەرنجی داوە گومان دەکرێت لەلایەن هەندێك دەوڵەمەندی سعودیەوە جۆرێك لە پاڵپشتی دارایی بکرێن، ئەوەیش بە شێوەی ڕاستەوخۆ و کاش نا، بەڵکو بۆ وەرگێڕان و چاپکردنی کتێبی زانا سەلەفییەکان و بڵاوکردنەوەی لە کوردستان، سەبارەت بە کەناڵی ئامۆژگاری زانیاری ئەوە لەبەردەستە کە کەناڵەکە ستۆدیۆیەکی لاوەکی لە وڵاتی بەحرەین هەیە، لە ڕێگەی فەتحی موسڵی کە دۆستێکی نزیکی عەبدوللەتیف سەلەفییە کارئاسانی بۆ کار ڕاییکردنی پەخشی کەناڵەکە لەوێ کراوە، هاوکات ڕەبیع مەدخەلی وتویەتی "وا گومان دەبەم (کۆمەڵەی بووژاندنەوەی کەلەپوور) کە کۆمەڵەیەکی کوەیتییە، پاڵپشتی دارایی کەناڵی ئامۆژگاری بکات"[١٢]، وێڕای ئەوەی سەلەفییەکان لە ڕێگەی کاری خێرخوازی بەشێك لە سەرچاوەی داراییان دەستەبەر دەکەن، لەو ڕووەشەوە جگە لە هاوکاریکردنی و دابینکردنی پێویستییەکانی بانگەوازەکەیان، لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەشەوە لەناوخۆیاندا هاوکارییەکی زۆری یەکتری دەکەن، بە تایبەتی پارەی زەکات بە پلەی یەکەم لەناو خۆیاندا دابەش دەکەن، هاوکات تێبینی ئەوە دەکرێت لە ڕووی بازرگانیشەوە هەندێك لە کەسایەتییە سەلەفییەکان خاوەنی کۆمپانیا و سەرقاڵی کاری بازرگانین، لەلایەکی تریشەوە بە هۆی گوتاری ڕووکەشی و سۆزداری کاریگەرییان لەسەر زۆرێك لە خێرخوازان دروستکردووە کە هاوکارییان بکەن، بە نموونە ڕەمەزانی ٢٠٢٢ د. عەبدوللەتیف سەلەفی لە یەکێك لە شەوانی قەدر لە مزگەوتی بەهەشت ڕایگەیاند، بەنیازن مزگەوتی بەهەشت بڕووخێنن و دروستی بکەنەوە و داوای هاوکاری لە نوێژخوێنان کرد، شەوێك دواتر وتی پارەی پێویست بۆ دروستکردنەوەی مزگەوتەکە لەلایەن

خێرخوازانەوە دابینکراوە، هەروەك گومانی ئەوە دەکرێت دەسەڵاتدارانی کوردستان بەتایبەت (پارتی دیموکرات) لە سنورێکدا هاوکاری کۆمەڵێك کەسایەتی سەلەفی بکات.

**دونیابینی سەلەفییەت**

کاتێك باس لە دونیابینی سەلەفییەکان دەکرێت بە هەر دوو ڕەوتی مەدخەلی و حەلەبییەوە، لە ئاستێکی کەم و تەنها لە شتە لاوەکییەکان جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕەوتە هەیە، بۆیە لێرەدا کە باس لە دونیابینیان دەکەین ئەوا هەردوو ڕەوتەکە تێیدا هاوبەشن، ئەگەر لە شتێکدا دیدی جیاوازیان هەبیت هەوڵدراوە ئاماژەی پێبدرێت.

مەدخەلییەکان دیدێکی تایبەتیان بۆ کۆمەڵگە هەیە، بە تێڕوانینی مەدخەلییەکان کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر ئەم سێ چینەدا: هەڵگرانی مەنهەجی سەلەفییەت کە مەبەستیان (مەدخەلییەت)ە، موبتەدیع کە مەبەستیان حزب، ڕەوت و ڕێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامییەکانە، کافر کە مەبەستیان ڕێباز و هەڵگرانی ئایینەکانی ترە، لەسەر ئەم بنەمایەش مامەڵە دەکەن، حەلەبییەکانیش لەو دابەشکارییەدا هاوڕایانن، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە خۆیان بە سەلەفیی ڕاستەقینە دەزانن و مامەڵەشیان لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان نەرمە و هێندەی مەدخەلییەکان توند نین.

دیدگای سەلەفییەکان بۆ بابەتەکانی جۆری دەوڵەت و دەوڵەتداری، سیاسەت، دیموکراسی، حزبی سیاسیی، عەلمانییەت، ئازادی ڕادەربڕین، دەستاودەستی دەسەڵات، تەکفیر و جیهاد بە پلەی یەکەم لە نووسین و وتارەکانی محەممەد بن ئەمان جامی و ڕەبیع بن هادی مەدخەلی وەك مامۆستا و قوتابییەك ڕەنگڕێژ دەبێت، لێرەدا بە کورتی ئەو دیدگایە دەخەینەڕوو.

جامی خۆی بە هەڵگری راستەقینەی ڕێبازی سەلەف دەزانێت، ئەو پێیوایە ئەو مەنهەجەی محەممەد کوڕی عەبدولوەهاب تەبەنی کردووە ڕێبازی سەلەفی راستەقینەیە، کە لە دوو بواردا بەرجەستە بووە، یەکەم حکومەتێکی ئیسلامیی کە دەستوورەکەی قورئان بێت، ئەمەش حکومەتی سعودیەیە کە ڕایگەیاندووە دەستوورەکەی قورئانە، دووەمیش ئەو مەنهەجی خوێندنەیە کە لە سعودیە پەیڕەوی لێدەکرێت و تاکەکانی لەسەر پەروەردە دەکرێت کە تەواوی بابەتە ئایینییەکان لەسەر مەنهەجی سەلەف دانراون.

جامی پێیوایە کاربەدەستان تەنها ئەو بەرپرسانە ناگرێتەوە کە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندان، بەڵکو میر و زانایانیش دەگرێتەوە کە قسەڕۆیشتوون لە ناو کۆمەڵگە، دەبێت زانایان دەستی کاربەدەستان بگرن تا لەسەر ڕێگەی

ڕاست بەردەوام بن و دادپەروەری بەرقەراربێت، دەبێت بە نەرمونیانی ئامۆژگاریيان بکەن، کاربەدەستان ئەگەر بە شەریعەتیش کار نەکەن هەندێك دەیکەنە بیانوو بۆ گرتنەبەری توندوتیژی لە بەرامبەریان، بەڵام بەلای جامییەوە خۆپیشاندان، هەڵبژاردن، شۆڕش و کودەتا تەواوی ئەو شێوازانە هی جاهیلین و هیچیان لە ئیسلامدا نین.(١٣)

**لە سلێمانی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەردەستی عومەر محەممەد ڕەسوڵ (مەلا عومەر سەلەفی چنگیانی)، بیری سەلەفی پەرەیسەند**

لە دیدی سەلەفییەتدا بوونی حکومەتی ئیسلامی واجبێکی شەرعییە، ئەمەش بەشێکە لە تەوحیدی حاکمییەت، تەوحیدی حاکمییەت لە دیدی سەلەفییەوە بریتییە لە ملکەچی کۆمەڵگا بۆ حوکمی شەریعەتی ئیسلام و هەموو جۆرە یاسادانانێکی پێچەوانەی شەریعەت، یاخود دەرەوەی شەریعەت بە شەریکدانان بۆ خوا هەژمار دەکەن، بەم پێیە یاسادانانی پەرلەمان یەکسانە بە شەریکدانان بۆ خوا و دژایەتیی حاکمییەتی خوا، لەوبارەوە ڕەبیع مەدخەلی دەڵێت "لەسەر هەموو خەڵکی واجبە کە بڕوایان وا بێت یاسادانان تەنها مافی خوایە و جگە لەو کەسی تر خاوەنی نییە "(١٤). هەروەها دەڵێت "دیموکراسیەت و ئەوەی لێوەی سەرچاوە دەگرێت -وەک باوەڕبوون بە ئازادیی دینداری و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕادەربڕین- ڕێگە دەدات بە یاسادانان لەلایەن غەیری خواوە و ڕێگە دەدات بە شەریکدانان بۆ خوا و کافربوون بە خوا"(١٥).

سەلەفییەکان جگە لەو حوکمڕانییەی ئاماژەی پێدرا، هەر جۆرە حوکمڕانییەکی تر بە کوفر و شیرك دەزانن، ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە دونیابینی سەلەفییەتە، بەڵام سەبارەت بە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ حوکمڕانی کافر و چۆنێتی گۆڕینی بۆ حوکمی ئیسلامی و دەربڕینی حوکمی تەکفیر (بەکافردانانی کەسێك) ئەوا پێیان وایە بەرەنگاربوونەوەی دەستەڵاتداری کافر کاتێک جائیزە کە کێشەی گەورەتری لێ نەکەوێتەوە و ئاژاوەی خراپتر دروست نەکات، لەم ڕووەوە ڕەبیع مەدخەلی دەڵێت "کوفری ئاشکرا تەئویل هەڵناگرێت، وەک ڕۆژی ڕووناک وایە، ئەو کاتە (کە حوکمڕان کافر بوو) موسوڵمانان بۆیان هەیە بەرەنگاری ئەو دەستەڵاتدارە ببنەوە کە کەوتووەتە کوفری ئاشکراوە، بەو مەرجەی بەرەنگاربوونەوەکەیان خراپەیەکی گەورەتر لە حوکمڕانیی ئەو کافرە بە دوای خۆیدا نەهێنێت "(١٦).

کاتێك کە بابەتەکە دەگاتە سەر مەسەلەی

تەکفیری دەسەڵات، لە ڕووی کردارییەوە هەرگیز مەدخەلییەکان دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی تەکفیر ناکەن، بەلای مەدخەلییەکانەوە تەکفیرکردن مافێکی تایبەتی خوایە، هیچ کۆمەڵ و گرووپ و دەستەیەك بۆی نییە لەبەر بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت، ئەسڵ وەهایە سەرجەم موسوڵمانان دادپەروەرن، بە بەڵگەی زۆر ڕوونی شەرعی نەبێت، کەس بۆی نییە کافریان بکات، چونکە تەکفیری ناڕەوا هەم درۆکردنە بە ناوی خواوە و هەم کەوتنە نێو حاڵەتێکیشە کە خوا و پێغەمبەرەکەی سەرکۆنەی دەکەن و پێی رازی نین. بۆیە مەدخەلییەکان بە کرداریی بە تەواوی خۆیان لە دیاردەی تەکفیرکردن بە دوور دەگرن.[١٧]

بە گشتیی سەلەفییەکان زۆر پەیوەستن بە دەسەڵاتەوە و وەکو بەشێك لە دەسەڵات ئەژمار دەکرێن، ئەوان وێرای خۆ بەدوور گرتنیان لە سیاسەت و خۆتێهەڵقورتاندن لێی، بە بەڵگەهێنانەوەی ئەو دەقانەی باس لە پەیوەستبوون بە دەسەڵاتەوە دەکەن، پاسادانی پابەندبوونی تەواو بە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆوە دەکەن.[١٨] لە تەواوی کتێبەکانی ڕەوتی مەدخەلی جەختکراوەتەوە لەسەر واجب بوونی پابەندبوون بە کۆمەڵی موسڵمانان و گوێڕایەڵی کاربەدستی وڵات و حەرامی دەرچوون لە دژیان مەگەر کوفری ئاشکرایان لێببینرێت. لەم چوارچێوەشدا مەدخەلییەکان هەر جۆرە ئامۆژگارییەکی کاربەدەست بە ئاشکرا بە حەرام دەزانن، بە بڕوای ئەوان دەبێت ئامۆژگاری بە نهێنی بکرێت.[١٩] محەممەد ئەمان جامی پێیوایە ئامۆژگاریکردنی پێشەوای موسڵمانان واجبێکی ئایینییە و کەموکورتییەکانی پێ پەردەکرێتەوە، چونکە پێشەوای موسڵمانان پارێزراو (معصوم) نییە لە هەڵە و تاوان، بەڵام دەبێت ئامۆژگاری بە نهێنی بێت.[٢٠]

سەلەفی مەدخەلی زۆر جەخت لەسەر جێگیری دۆخی سیاسیی وڵات و گوێڕایەڵی کاربەدەستانی وڵات دەکەنەوە، ئەوان هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی ئاشتیانەی دەسەڵات، هەڵبژاردن، خۆپیشاندان کودەتا و شۆڕش ڕەتدەکەنەوە، لە دیدی سەلەفیدا ئەوانەی داوای گۆڕانکاری سیاسیی دەکەن لە کۆمەڵگە موبتەدیع، یان خەواریجن.[٢١]

تەنانەت بە شێوەیەکی سەرسەختانە دژی ئەو زانایانە دەوەستنەوە کە ناکۆکن لەگەڵیان، ڕەخنەی توندیش لە هەر بیرۆکەیەك دەگرن کە دژ بە سیاسەت و شەرعیەتیی دەسەڵات بێت[٢٢]. محەممەد ئەمان جامی پاساو بۆ نزیکیان لە دەسەڵات بەوە دێنێتەوە کە لە فەرموودەدا هاتووە ئەوەی بە دەسەڵات دەکرێت بە قورئان ناکرێت، مەبەست لەم دەقە ئەوەیە لە رووی کردارییەوە دەسەڵات دەتوانێت پایەکانی ئایین راگیر بکات، ئەوانیش وەك خۆیان دەڵێن بە مەبەستی گەیاندنی ئایین و ڕاگیرکردنی

لە دەسەڵات نزیك دەبنەوە[٢٣]. رەبیع مەدخەلی جەخت لەسەر بۆچوونی مامۆستاکەی دەکاتەوە و پێیوایە بەو پێیەی کاربەدەستان لە سنووری ئیسلام نەچوونەتەدەر و کوفری ئاشکرایان لێنەبینراوە، دەبێت گوێڕایەڵیان بکرێت، بە دانایی و نەرمونیانی هەڵەکانیان ڕاست بکرێتەوە، نەك وەکو خەواریج لە فەرمانیان دەرچین و لێیان هەڵگەڕێینەوە و گرفت بۆ موسلمانان دروست بکەین[٢٤]. دروستکردنی حزبی سیاسی، دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات، ئازادی بیرورا، لە دیارترین سیما و بنەماکانی دیموکراسین، بەڵام سەلەفییەکان هەموو ئەمانە ڕەتدەکەنەوە، ڕەتکردنەوەی دروستکردنی حزبی سیاسی و دژایەتی حزبە ئیسلامییەکان، بنەمایەکی بیری مەدخەلییە، بەلای مەدخەلییەکانەوە دروستکردنی حزب لەژێر هەر ناوێکدا پێچەوانەی ئیسلامە، بۆیە بە ئەرکی خۆیانی دەزانن دژایەتی هەر کەسێکی حزبی بکەن، تەنانەت دەنگدابڕین و خۆ دوورگرتن لێیان بە ئەرکێکی ئایینی دەزانن، هەرکەسیش نزیکی حزبییەکان بکەوێتەوە بە لایانەوە موبتەدیعە و دەبێت تەوبە بکات. ئەو قوتابیانەش کە سەرقاڵی زانستی شەرعین دەبێت نەیاری خۆیان بۆ حزبییەکان دەربڕن تا لە خانەی سەلەفی ئەژمار بکرێن[٢٥]. سەبارەت بە حزبە ئیسلامییەکان، جامی پێیوایە بوونی حزبی ئیسلامی بیدعەیە و بارگرانییە بۆ بانگەوازی ئیسلامی، ئەو حزبانە هاوشێوەی حزبە سیاسییەکانی تر سەرقاڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی خۆیانن و بوونەتە مەترسی بۆسەر بانگەواز، بەڵام مەدخەلی لە مامۆستاکەی توندترە و پێیوایە ئەو حزبانە هیچ شەرعییەتێکیان نییە و دروستکردنی حزب حەرامە[٢٦].

### تا ساڵی (٢٠٠٠) سەلەفییەکانی کوردستان زیاتر کاریگەربوون بە فەتواکانی ئیبن باز، محەممەد ساڵح عوسەیمین و ئەلبانی

هەڵبەتە مەدخەلییەکان بە پلەی یەکەم هەستیارییان بەرامبەر حزبە ئیسلامییەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ حزبی دەسەڵاتدار ئەو هەستیارییەیان نییە، حەلەبییەکانیش لەم هەڵوێستەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی جیاواز لە مەدخەلییەکان بیر دەکەنەوە و تا رادەیەك لایان ئاساییە لەگەڵ بەشێك لە کەسی حزبە ئیسلامییەکان مامەڵە بکەن، هەروەك بڕوایان بە دروستکردنی ڕێکخراوی ناحکومی لە بواری پەروەردە و کاری خێرخوازی هەیە و بە کردەییش ئێستا چەند ڕێکخراوێکیان هەیە.

شەرعزانە سەلەفییەکان، ڕێگا بە ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە دەسەڵات نادەن و پێیان شەرعی نییە، هیچ کەس لە سەر مینبەر، لە شوێنی گشتی و لە میدیاکاندا بە زەقی و ئاشکرا کەم و کوڕییەکانی دەسەڵات باس بکات، پێیانوایە ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵات بەمشێوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی پاشاگەردانی و گۆبەند، لە بیری مەدخەلیدا ملکەچکردن بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەش کە بە زەبری هێز و بە تۆبزی خۆیان سەپاندووە بە سەر موسوڵماناندا هەر فەرزە و هیچ جیاوازییان لەگەڵ ئەوانەدا نییە کە بە شەرعی، یان شورا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست[٢٧].

سەبارەت بە ئازادی بیرورا، ڕەبیعی مەدخەلی دەڵێت: لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان، ماڵپەر، کەناڵە ئاسمانییەکان، لە گردبوونەوە تایبەتی و گشتییەکان قسە و باسی زۆر دەکریت لەسەر گفتوگۆی ئایینەکان، ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی پەیڕەوکردنی ئایینەکان، کە ئەگەر موسڵمان لە بنەچەی ئەم بۆچوونانە بگەڕێت، دەبینێت لە جوولەکە و گاور و عەلمانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دوورن لە هەموو بەها و بیروباوەڕێکی ئاسمانی و ڕەوشتێکی بەرز، بەو شێوازەی کە ئەوان دەیانەوێت هیچ پاڵپشتێکی لە قورئان و سوننەتدا نییە[٢٨].

دەربارەی عەلمانییەتیش مەدخەلییەکان دیدی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوان لە دیدگایەکی بەرتەسکەوە لێی دەڕوانن، جامی دەڵێت: بڵاوبوونەوەی چەمکی عەلمانییەت لە نێو خەڵکیدا و بەکارهێنانی و جێگیرکردنی بە سەر خەڵکیدا بە شێوەیەکی ڕەها هەڵەیەکی گەورەیە، ئەگەر تۆ بە کەسێك بڵێیت عەلمانی، یەکسانە بەوەی پێی بڵێیت تۆ کافرێکی تەواوی، چونکە عەلمانییەت کوفرێکی ڕوون و ئاشکرایە. عەلمانییەت دوو ڕووی هەیە: دیموکراسی کە ڕووی سیاسی عەلمانییەتە، سۆشیالیزم کە ڕووی ئابووری عەلمانییەتە، کە دایکی هەموو پیسەکان[٢٩].

## سەلەفییەت گوتارێکی سادەی ڕووکەشی تەبەنی کردووە

بەڵام د. عەبدوللەتیف سەلەفی وەك یەکێك لە ڕێبەرانی ڕەوتی حەلەبی لە کوردستان، دیدی دەربارەی عەلمانیەت جیاوازە لە دیدی مەدخەلی، ئەو لەو بارەوە دەڵێت: عەلمانییەت دوو جۆرە، یەکەم: عەلمانییە بیروباوەڕەکان، ئەوانەی کە دەزانن عەلمانیەت بە واتای بێ دینی دێت و باوەڕیشیان پێیەتی و بەرگریشی لێدەکەن و هەوڵی بڵابوونەوەشی دەدەن، ئەوانە تووشی کوفری گەورە بوون، ئەگەر تەوبە نەکەن و نەگەڕێنەوە و

واز لەو عەلمانیەتە کوفرە نەهێنن ئەوە بەهەشت نابینن و شوێنیان دۆزەخە.
دووەم: عەلمانییە بەرژەوەندخوازەکان، ئەوانەن کە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە و بێ دین نین و باوەڕیشیان بە عەلمانیەت نییە، کە لادینییە. بەڵام شوێن عەلمانیەکان کەوتوون تەنها لە ڕواڵەتدا نەك بیروباوەڕ، بە نییەتی پاك، یان نەزانی، یان لە ترسان یان لە برسان، یان لەبەر دەستخستنی پلەوپایە و دەسەڵات و کورسی و ماڵ و سامان. نابێت ئەم جۆرەی دووەم وەکو جۆری یەکەم سەیر بکرێت، چونکە یەکەم کوفری بیروباوەڕە و لە دین پێی دەردەچێت، بەڵام جۆری دووەم کوفری عەمەلییە و تاوانێکی گەورەیە، بەڵام خاوەنەکەی پێی لە دین دەرناچێت[٣٠].

## دەرەنجام

لەم توێژینەوەدا توێژەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە:
١-چەند دەیەیەکە بیری سەلەفی لە باشوری کوردستان سەریهەڵداوە، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوو گەشەی بەرچاو و زۆری بەخۆوە دیوە.
٢-لەناو سەلەفییەکاندا هەردوو ڕەوتی مەدخەلی و حەلەبی لە پلەی یەکەمدان و بەردەوام لە گەشەکردندان.
٣-دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان سودیان لە بوونی سەلەفییەکان وەرگرتووە و پاڵپشتیان دەکەن و کار ئاسانیان بۆ دەکەن.
٤-سەلەفییەکان دونیابینییەکی داخراویان هەیە، دیموکراسی و دەستاودەستی دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، ئەوان جەخت لەسەر سەقامگیری سیاسی دەکەنەوە، دەسەڵاتداران بە وەلی ئەمر دەزانن و گوێڕایەڵیان بە واجبێکی ئایینی دادەنێن، جگە لە ئامۆژگاری نهێنی دەسەڵاتداران هەرجۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکیان وەکو خۆپیشاندان، شۆڕش کودەتا و هەڵبژاردن ڕەتدەکەنەوە.

### سەلەفییەکان ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات بە ئاشکرا، خۆپیشاندان، شۆڕش کودەتا و دەستاودەستی دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە

---------

(١)ناونانی ئەم ڕەوتە بە (مەدخەلی) لە ناوی کەسایەتی (ڕەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی)ەوە هاتووە، ناوبراو زانایەکی ئایینییە و لە دایکبوی (١٩٣٢) ئێستا لە سعودیە نیشتەجێیە، دروستبوونی ئەم رەوتە دەگەڕێتەوە بۆ دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراق و شەڕی کەنداو لە (١٩٩١)، سەرەتا لە سعودیەوە دەرکەوت پاشان لە رێگەی قوتابییەکانی، کتێب، کاسێت و ... تاد بە زۆربەی وڵاتان ئیسلامیی بڵاوبووەوە، بیری سەلەفی ریشەیەکی مێژوویی قووڵتری هەیە، بەڵام لە دوای جەنگی کەنداو بە تەواوی قەتماغەی کرد و ئەم

ناوە بووە ناسنامەی ئەو ڕەوتە، چەندین زاراوەی تر بۆ ناولێنانی ئەم ڕەوتە بەکاردێت، لەوانە: سەلەفی زانستی، سەلەفی رووکەشی، سەلەفی ناحیزبی. بە بڕوای خۆیان بنچینەی مەنهەجەکەیان لە بەرپەرچدانەوەی ئایینزایی و پارچەپارچەبوون و حزبایەتی بەناوی ئایینەوە دامەزراوە، ئەوان تێکەڵبوون بە کاری سیاسی ڕەتدەکەنەوە، زیاتر بە سەلەفییەکی سعودی دەناسرێن، لە ئێستادا لە باشووری کوردستان مەلا عەبدولکەریم لە مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی، مەلا وشیار لە چەمچەماڵ، مەلا سیروان ئەشقەر لە هەولێر و ... تاد نوێنەرایەتی ئەم ڕەوتە دەکەن.

(٢)ترجمة موجزة للشيخ العلامة المحدث حمدي بن عبدالحميد السلفي، انترنت، (www.sunnti.com).

(٣)سەرتیپ شێخانی: مێژووی رەوتی سەلەفی لە هەرێمی کوردستاندا تا ٢٠٠٣، ئینتەرنێت، سایتی (www.milletpress.com).

(٤)عەبدوڵا فایەق عالآیی: سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، ٢٠١٥، ل٧٧.

(٥)ئینتەرنێت سایتی (www.chngiyani.com).

(٦)موختار هووشمەند: ساڵێك لەگەڵ ئەبو زەکەریا، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٤، ل١٠٦

(٧)مەلا عومەر سەلەفی ئەو زنجیرە وتارەی لە ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) زمانحاڵی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان (ناوی حیزبەکە لە ئێستادا گۆڕاوە بۆ کۆمەڵی دادگەری کوردستان) بڵاوکردەوە لە ساڵی (٢٠٠٢).

(٨) ئینتەرنێت، (www.m-abdulkarim.net).

(٩)ئینتەرنێت (www.sh-kurdi.com/ar).

(١٠) سەرتیپ شێخانی: ڕنگدانەوەی هزری مەدخەلی لەسەر ڕەوتی سەلەفییەت لە کوردستان، ئینتەرنێت، (www.milletpress.com).

(١١)حەلەبی ڕەوتێکی تری سەلەفییەتە لەسەر دەستی عەلی کوڕی حەسەنی حەلەبی نیشتەجێی وڵاتی ئوردن گەشەی کردووە، خۆیان بە هەڵگری مەنهەجی سەلەفی ڕاستەقینە دەزانن، تواناکانی خۆیان بۆ جیاکردنەوە و هەڵاوێرکردنی فەرموودە سەحیح و لاوازەکان چڕ کردبووەوە، ماوەیەکی زۆر هاوشانی مەدخەلی پێکەوە لە چالاکیدابوون، دواجار دەربارەی هەندێک زاراوەی ئیسلامی و زانستی فەرموودەناسی جیاوازیان زەقبووەوە و بوونە دوو ڕەوتی سەربەخۆ.لە ئێستادا د. عەبدوللەتیف سەلەفی پێشنوێژی مزگەوتی بەهەشت لە سلێمانی، محەممەد عەبدوڕەحمان لە کەلار و چەندین کەسایەتی تر نوێنەرایەتی ئەم ڕەوتە دەکەن.

(١٢)ئیدریس سیوەیلی: کەناڵێ ئامۆژگاری دەلاقەی لێکترازانی سەلەفییەکان، ئینتەرنێت (www.kurdistanc.com).

(١٣)مجموعة من الباحثين: عقيدة الطاعة وتبديع المختلف، السلفية الجامية، مركز المسبار للداراسات والبحوث، الطبعة الاولى، دبي ٢٠١٢، ل٦١.

(١٤)ئینتەرنێت (www.rabee.net)

(١٥)سەرچاوەی پێشوو.

(١٦)سەرچاوەی پێشوو.

(١٧)یاسین تەها، سەلەفییەکان، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩ز، ل٦٤.

(١٨)احمد سالم: اختلاف الاسلاميين، الخلاف الاسلامي – الاسلامي حالة مصر نموذجا، مركز نما للبحوث والدراسات، الطبعة الاولى، بيروت ٢٠١٣، ل١١٦-١١٧.

(١٩)سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١.

(٢٠)سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(٢١)حسن أبوهنية: السلفية المدخلية سلاح الدكتاتورية العربية، ئینتەرنێت، (www.

(trtarabi.com)،
(٢٢)مجموعة من الباحثين: عقيدة الطاعة، ل٤٨.
(٢٣)سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٥١.
(٢٤)سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٦٨.
(٢٥)نبيل غزال: المدخلية.. النشأة والتوظيف، ئینته‌رنێت (www.islamion.com)،
(٢٦)مجموعة من الباحثين: عقيدة الطاعة،، ل٧٣.
(٢٧)عبدالرحمن بن برجس بن العبد الكريم، معاملة الحكام، مكتبة الرشد، الطبعة السابعة، الرياض، ٢٠٠٦م، ص٦١.
(٢٨)ره‌بیعی كوری هادی مه‌دخه‌لی: ئازادی بیرورا، و: عوسمان ئه‌حمه‌د، چاپی یه‌كه‌م، سلێمانی، ٢٠١٤ز، ل٢.
(٢٩)بێباك عه‌بدوڵا: سه‌رچاوه مه‌عریفییه‌كانی بیری مه‌دخه‌لیزم، ئینته‌رنێت (www.kurdistanc.com).
(٣٠)عه‌بدوللـه‌تیف ئه‌حمه‌د مسته‌فا، گفتوگۆیه‌ك له نێوان سه‌له‌فییه‌كان و ته‌كفیرییه‌كان، چاپی یه‌كه‌م، سلێمانی، ١٤٣٢ك، ل٢٤-٢٥.

# ئاییناسی لای غەزالی

کامەران مەلا ئەحمەد

## پێشەکی

لە بنەڕەتدا قسەکردن لەسەر ئاییناسی وەک زانستێکی نوێی ناو زانستە مرۆڤایەتییەکان بۆ تێگەیشتن لە ئایین وەک یەکێک لە دیاردەکان، ڕووبەرێکی فراوان داگیر دەکات. لەگەڵ ئەوەی ئاییناسی زانستێکی نوێیە، بەڵام هێندە گرنگە کۆمەکیمان دەکات تا بتوانین بە شێوەیەکی باشتر و واقیعییانەتر لە ئایین تێبگەین لە دەرەوەی ئایین خۆی. ئەمە بەو واتایەی دوو جۆر تێگەیشتن لە ئایین هەیە: تێگەیشتنێک لە ناو ئایین خۆیدا لە ڕێگەی تێکستە پیرۆزەکان و ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانەی زانایان و شارەزایانی ناو مەعریفەی ئایین خۆی بۆیان کردووە. بۆ ئایینێکی وەک ئیسلام بریتییە لە قورئان و فەرموودە/تێکستی پیرۆز و تەفسیر و تەئویل بۆ دەقەکان لە چوارچێوەی هەر سێ بازنەی (ئیمان) و (ئیسلام) و (ئیحسان)دا، ئەمەش بریتییە لە ئاییناسی لەناو خودی ئایین ئیسلام خۆیدا. لە بەرامبەردا پەنابردن بۆ زانستەکانی کۆمەڵناسی و مێژوو و

ئەفسانە و دەروونناسی و هێرمەنتیکا و بەکارهێنانی میتۆدەکانیان بۆ تێگەیشتن لە ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونـــی و مێژوویی و کولتووری هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە ئایین لە دەرەوەی خودی ئایین خۆی. ئەمەی دووەم جۆرە مامەڵەیەکە بۆ هەموو ئایینەکان یەک شتە و جیاوازی ناکات لە نێوان ئایینی ئاسمانی وەک ئیسلام و مەسیحی و جولەکە یان ئایینی مرۆیی وەک هیندۆسی و بودیزم و کۆنفۆشیۆسی و هاوشێوەکانیان.

لێرەدا هەوڵ دەدەم کەسێکی دیار و خاوەن کاریگەری وەک (غەزالی – ١١١١ز) بکەمە بیانوو بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام وەک ئایین و دیاردەیەک. هەڵبەت هەڵبژاردنی (غەزالی) بێ هۆ نییە، چونکە ئەم کەسایەتییە خاوەن پێگەیەکی دیار و کاریگەری هەیە لەسەر کۆی سیستمی مەعریفی ئیسلامی و بەهۆی ئەوەی خاوەن ئەزموونێکی قووڵ و تایبەت و پرۆژەیەکی گەورەی مەعریفی بووە، سەرەڕای ئەوەی کەسێکی ئەنسکلۆپیدی/مەوسوعییە. لە کۆی بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێت خاوەن دیدگایەکی نوێیە بۆ ئایین، هەر وەک چۆن خاوەن تەئویلێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ ڕاڤەکردنی ئایین وەک دیاردە و ئایین وەک بەرنامە بۆ ژیان و ئایین وەک ڕزگارکەری مرۆڤ. ئەمەش بەو واتایەی (غەزالی) خاوەنی تێگەیشتنێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ بازنەکانی (ئیمان) و (ئیسلام) و (ئیحسان) کە کۆی بەرهەمەکانی بۆ ئەم ڕاڤەیە تەرخان کردووە کە بریتی بوو لە پرۆژەی تەمەنی.

**ئاییناسی**

ڕۆبێستۆن پیک (١٩٨٠ ز) دەڵێت: "مێژووی ئایین بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتییانە لەو شتانەی ئایینە جیهانییەکان تاوتوێیان دەکەن لە ڕابردوو و ئێستادا. ئەم لێکۆڵینەوەیەش مەبەستییەتی لێکۆڵینەوە لە خودی ئایین بکات و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان ئایینەکان دەربخات و چەمکی ئایین بەشێوەیەکی گشتی پوخت بکاتەوە، لە ڕێگەی ئەمەشەوە جیاکارییەکانی هەستی ئایینی ڕوون بکاتەوە. بەمەش ئاییناسی بابەتێکە دەکەوێتە نێوان مێژوو لەلایەک و دەروونناسی و کۆمەڵناسی لەلایەکی دیکەوە"(١). بەم پێیە ئاییناسی هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ئایین لە دەرەوەی ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و دەرکەوتەیەک لەناو مێژوودا.

بۆ یەکەمجار )ماکس مۆلەر-١٩٨٠ ز) چەمکی "ئاییناسی" وەک ناونیشانی کتێبەکەی (Religions Wissenchaft) بەکارهێنا کە بەواتای "لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئایین" دێت.(٢)

**چەمکی ئایین لە زمان و لای بیرمەندان**

وشەی "دین" لە ئەکەدییەکانەوە وەرگیراوە کە بە واتای دادگا و لێپێچینەوە

دێت و ئەوانیش لە سۆمەرییەکانەوە وەریانگرتووە کە پێیان وتووە "ئور" واتە شار. چونکە شار شوێنی دادگا و جێبەجێکردنی دادپەروەرییە. لای گریکە کۆنەکان ئەم چەمکە واتاکەی لە دەست دا، چونکە لای گریکەکان "Polis" بە واتای شار، سیاسەت، پۆلیس، دادگا دێت. بەڵام چەمکی ئایین لای ئەوان بە واتای "کریست" بەکار دێت و هیچ پەیوەندی بە چەمکە سۆمەرییەکەوە نییە.

چەمکی ئایین لای هیندییەکان بە واتای رێکخستنی شاراوە لە سروشت، ژیانی مرۆڤ و ڕەفتاری زیندەوەرەکان و ژیان دێت، کە بە گوێرەی ئەم سیستەم و رێکخستنە دەڕۆن بەڕێوە. لە زمانە ئەوروپییەکاندا "ئایین" بریتییە لە دۆخی دەروونی ئاییندار و تەرزی ئایینداریکردن.

هەر وەک چۆن "ئایین" وەک ڕاستییەکی دەرەکی گەردوونی بریتییە لە باوەڕی ئایینی/ عەقیدە/دۆکترینی ئایینی.(٣)

لە زمانی عەرەبیدا چەمکی (الدین) بریتییە لە خودی ملکەچبوون و بێ دەسەڵاتی، فەرمانبەرداری. کاتێک دەوترێت (و قوم دین) واتە، فەرمانبەردارن و ملکەچن. (المدینة) واتە ئەو شوێنەی فەرمانبەرداری دەسەڵاتدارانی تێدا دەکرێت. هەروەها کاتێک دەوترێت (الالە هو الدیان) واتە، خواوەند خاوەن دەسەڵاتە، دادوەرە، بڕیاردەرە، سیاسەتکار و بەڕێوەبەرە، لێپرسینەوە دەکات، ئەو کەسەیە پاداشت دەداتەوە و هیچ کردەوە و کارێک بە فیڕۆ نادات و مایەپووچی ناکات، جا بە باشە پاداشت دەداتەوە، یان بە سزا.(٤)

(شیشرون – ٤٣ پ . ز) پێیوایە ئایین ئەو بەستەرەیە کە مرۆڤ بە خواوە دەبەستێتەوە. (شلایەر ماخەر – ١٨٣٤ ز)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی دەڵێت: بنەمای ڕاستێتی ئایین هەستکردنمانە بە پێویستی بوون و شوێنکەوتنی ڕەها. (هێردەر – ١٨٠٣ ز) لەو بڕوای دایە کە ئایین لوتکەی مرۆڤبوون و گەشەکردنە کە هاوسەنگ و گونجاوە لەگەڵ تواناکانی مرۆڤ. (هێربرت سپنسەر – ١٩٠٣ ز) بەو جۆرە پێناسەی ئایینی کردووە کە بریتییە لە باوەڕبوون بە هێزێک کە ناتوانرێت کۆتاییەکەی لە سنووری کات و شوێندا وێنا بکرێت، ئەمەش ڕەگەزی سەرەکییە لە ئاییندا.(٥)

(ئیمیل دۆرکهایم – ١٩١٧ ز) گەورە کۆمەڵناسی فەرەنسی لە پێناسەکردنی ئاییندا دەڵێت: ئەو بیر و باوەڕ و کردارانەیە کە پەیوەستن بە شتە پیرۆزەکانەوە، کە دابڕاو و قەدەغە کراون، بەشێوەیەک شوێنکەوتووەکانی لە یەک یەکەی مەعنەویدا کۆدەکاتەوە و پێیان دەوترێت (میلەت - الملة).(٦)

بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزە بنەڕەتییە پێکهێنەرەکانی ئایین بریتین لە:

١-باوەڕبوون بە شتێک لە سنووری پیرۆزیدا، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە شتە دنیایی و سیکۆلارەکان.

٢- بـاوەڕبـوون بـە بـوونـی سیـستـمێکی گـەردوونی لـە بـەرامبـەر کایـەی پیرۆزدا. کە شانۆیەکە بۆ چالاکی خواوەندەکان، بەشـێـوەیەک پێویستە ملکەچی یاسا گشتییەکان (Nomus- نـامـوس)، یان عەقڵ ( Logos) بێت و بە گوێرەی دیاردە سروشتییەکان بڕوات بەڕێوە.

٣-بـاوەڕبـوون بـە بـوونـی پـەیـوەنـدی و کاریگـەری ئاڵـوگۆڕی نێـوان هـەر دوو پشتێنەی پیرۆز و ناپیرۆز.

٤-ئـەنـجـامـدانـی چـەنـد کـردەیـەکی سـروتـی (ڕیـتـواڵ/تـەقـس) بـە ئامانجی نـزیـکـکـردنـەوەی سـروشـتـی مـرۆڤ و سروشتی پیرۆز، لە نێویاندا سۆفیگەری و زوهد و دنیا نەویستی.

٥- دامـەزرانـدنـی کارەکان و سـروتـەکان (تەقسەکان) لەسەر کۆمەڵێک بۆچوون کە بە باوەڕەکان (Beliefs) ناسراوە. بنەما فەلسەفییەکانی تیۆلۆجیا (خواناسی) و ئەفسانەی ئایینەکان دیاری دەکات.

٦- پـابـەنـدبـوون بـە کـۆمـەڵـێـک شتی قـەدەغـەکـراوەوە، کـە پیرۆزیـیـەکـەی لە سەرچاوە پیرۆزەکەوە وەرگرتووە.

٧- پێشکەشکردنی قوربانی بە سەرچاوە پیرۆزەکە، بە پاشا پیرۆزەکە.

جگە لە ڕەگەزەکانی ئایین، هەر ئایینێک چوار جۆری سەرەکی هەیە:

**١-ئـایـیـنی تـاکـە کـەسی:** بـریـتـیـیـە لە هەستێکی کەسی و ئەزموونێکی تاکە کەسی و تایبەتیش نییە بە کەسێکەوە، بەڵکو هەموو تاکەکان تێیدا بەشداری دەکەن بە پلەی جیاواز.

**٢- ئایینی بە کۆمەڵ (دەستەجەمعی):** بـە شـێـوەیـەکـە تـاکـەکـان ئـەزمـوونـی تـایبـەتی خـۆیـان لـەنـاو یـەکتردا ئاڵـوگۆڕ پێدەکەن. هەوڵدەدەن هاوبەشی پێبکەن. ئەزموونە کەسییەکانیان لەناو ئەزموونە گشتییەکەیاندا دەردەبڕن.

**٣- دامــەزراوە فـەرمییە ئایینییەکان:** لـەگـەڵ دەرکـەوتـنی شـار و دامــەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دامەزراوە ئایینییەکانی وەک پەرستگاکان و پیاوانی ئایینی دەرکەوتوون.

**٤- کـۆبـوونـەوە ڕۆحی و ئـایـیـنـیـیـەکان:** کـە مـۆرکـێکی کـۆمـەڵایـەتـیـان هـەیـە و دامەزراوەی لاوەکین.(٧)

## ئایینناسی هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ئایین لە دەرەوەی ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و دەرکەوتەیەک لەناو مێژوودا

### پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی ئایین

ئایینـەکان لـەهـەر شـوێـن و کاتێکدا بن لـە چـوار پێکـهێـنـەری بنـەڕەتی و چـوار پیکهێنەری لاوەکی پێکدێن (٨) کە بریتین لە:

| پێکهێنەرە سەرەکییەکان | | پێکهێنەرە لاوەکییەکان | |
|---|---|---|---|
| پێکهێنەرەکان | پێناسەکانیان | پێکهێنەرەکان | پێناسەکانیان |
| بیروباوەڕ | لایەنی فیکری و باوەڕە ئایینییەکان لەخۆ دەگرێت. | ئەخلاق و ڕێساکان | نەریتە گشتییەکان و یاسا نووسراوەکان دەگرێتەوە. |
| ئەفسانە | چیرۆکی خواوەندەکان، چیرۆکە پیرۆزەکان | ژیاننامە پیرۆزەکان | چیرۆکی پێغەمبەران و پیاوچاکان |
| سروت و تەقسەکان | لایەنی کرداری ئایینە. پەرستشەکان. | کۆمەڵەکان | کۆمەڵەکان و دەستەکان و پێڕۆکان – مەزهەبەکان. |
| بابەتەکانی دوای مەرگ | هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە مەرگ و دوای مەرگەوە. | ژیانی ناوەکی-گنۆستیک | سۆفیگەرێتی و ڕازەکان |

## چەمکی ئایین لای غەزالی

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە غەزالی پێناسەی چەمکی (ئایین)ی نەکردووە، لە کاتێکدا کۆی نووسینەکانی بە گشتی و کتێبی (احياء علوم الدين)ی بەتایبەتی باس لە خودی ئایین دەکات. بەمەش ئەگەر بمانەوێت بەناو نووسینەکانیدا بگەڕێین تا پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراو بۆ چەمکی (ئایین) لای غەزالی بدۆزینەوە ئەوە دەستمان ناکەوێت. پێدەچێت لە دوو دیدەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوانیش: چەمکی ئایین ئەوەندە ڕوونە کە پێویست بە پێناسەکردن ناکات، بەڵکو هەر پێناسەکردنێک لێڵی دەکات. یان، چەمکی ئایین هێندە ناڕوونە ناتوانرێت لە قاڵب بدرێت و لە ژێر سایەی پێناسەیەکدا کۆبکرێتەوە، هەر بۆیە هەر هەوڵدانێک بۆ پێناسەکردنی چەمکی ئایین ڕەنگە حەقیقەتی ئایین لەدەست بدات. بەڵام بە تێڕوانین لە کۆی بەرهەمەکان و نووسینەکانی غەزالی لە بوارەکانی کەلام و ئوسوڵی فیقه و فیقه و تەسوف و لۆژیک و فەلسەفەدا کتێبی نوسیوە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە غەزالی نەک تەنیا شارەزابووە، بەڵکو خودی ئایین بۆ ئەو جێگەی پرسیار و پرس و مشتومڕ بووە. هەوڵی داوە لە ئایین تێبگات لە ڕووبەرە فراوانەکەیەوە و لەسەر ئاستی تاکە کەس و کۆمەڵگە و کولتوور و عەقڵانیەت و شەریعەت و ئەخلاق و وجودیشەوە. بە دەربڕینە کلاسیکییەکە، غەزالی بە وردی و فراوانی لە بوارەکانی ئیمان/حەقیقەت و ئیسلام/شەریعەت و ئیحسان/تەریقەت کاری کردووە و هەوڵی داوە لێی تێبگات و جارێکی دیکە

تەئویلیان بکاتەوە. لە دیارترین کارەکانی ئەم ڕووبەرە فراوانەی لەخۆ گرتبێت کتێبی (احیاء علوم الدین)ەکەیەتی کە پرۆژەیەکی فراوانی مەعریفییە. بە واتایەکی دیکە، ئایینی ئیسلام لە دیدی غەزالییەوە لە ئیمان و ئیسلام و ئیحسان پێکدێت و ئەم سێ ڕووبەرە کۆکەرەوەی کۆی بابەتەکانی ئایینن. کەواتە ئەگەر بمانەوێت لە ئایین خۆی تێبگەین، ئەوا پێویستە بە وردی ئاگاداری ئەم سێ ڕووبەرە بین.

**غەزالی نەک تەنیا شارەزابووە، بەڵکو خودی ئایین بۆ ئەو جێگەی پرسیارو پرس و مشتومڕبووە. هەوڵی داوە لە ئایین تێبگات لە ڕووبەرە فراوانەکەیەوە و لەسەرئاستی تاکە کەس و کۆمەڵگە و کولتوورو عەقڵانیەت و شەریعەت و ئەخلاق و وجودیشەوە**

کاتێک ئیمان بە دەربڕینی پێغەمبەرانە بریتییە لە باوەڕهێنان بە خوا و جیهانی نادیار لە فریشتەکان و ڕۆژی دوایی و پێغەمبەران و کتێبە پیرۆزەکان(٩)، ئەوا ئەمە لای غەزالی بریتییە لە زانستی کەلام، چونکە ئەم زانستە وردەکارییەکانی ئەم شەش بنەمایەی ئایینمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. چونکە ئایین بە بێ بیروباوەڕ ئایین نییە. دەڵێت: لە گرنگترین کارێک بۆ هەموو مرۆڤایەت ئەوەیە بەختەوەری هەمیشەیی و نەبڕاوە بەدەست بهێنن، لە سەرگەردانی خۆیان بپارێزن و بە دوور بگرن. بۆ ئەمەش پێغەمبەران هاتوون و بە مرۆڤایەتییان وتووە خوای گەورە چەند مافێکی بەسەر بەندەکانییەوە هەیە لە کردارەکانیان و گوفتارەکانیان و بیروباوەڕەکانیاندا، بۆیە هەر کەسێک زمانی ڕاستی نەدرکێنێت، ویژدانی حەق داینەپۆشیبێت، کرداری ئەندامەکانی جەستەی نەڕازێنێتەوە، ئەوە دوارۆژ و چارەنووسی بۆ ئاگر و سزایە.(١٠) ئاماژەی بەوەش داوە مەرگ بابەتێکە گومانی تێدا نییە و هەر ڕوودەدات، کەسێکیش کاتێک دێت و دەڵێت: من پێغەمبەر و ڕەوانەکراوی خوام، پێویستە لەسەرمان بزانین خوا کێیە؟ ئایا دەتوانێت قسە بکات تا فەرمانمان پێ بکات و ڕێگری ئەنجامدانی چەند کردارێکمان لێ بکات؟ ئایا ئەو کەسەی دەڵێت من پێغەمبەرم ڕاست دەکات، یان نا؟(١١) دەتوانین بڵێین بەم دەربڕینەی غەزالی بە کورتی باسی لە هەر چوار پێکهێنەرە سەرەکییەکەی ئایین کردووە، کە بریتییە لە بیروباوەڕەکان و ئەفسانە و سروت و بابەتەکانی دوای مەرگ. لەوەی پێویستە بزانین خوا کێیە و ئەو کەسەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات بزانین ڕاست دەکات، یان نا، پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە، لەوەی بزانین خوا

کێیە پێویستیمان بە ئەفسانە، چیرۆکی پەیدابوونی خوا هەیە لەسەر زەوی. خوا فەرمانمان پێدەکات چی بکەین و چی نەکەین دەچێتە ناو سنووری سروت و ڕیتواڵەکانەوە. بە هەمان شێوەش ئایین هاتووە تا بەختەوەری هەمیشەیی و نەبڕاوە بە دەست بهێنین تەواو پەیوەستە بە مەرگ و ژیانی دوای مەرگەوە.

ئەگەر چاوێک بە پێشەکی کتێبی (احیاء علوم الدین) بخشێنین، تێدەگەین چەمکی ئایین چ واتایەکی تایبەتی لای غەزالی هەیە، ئەویش لە ڕێگەی هۆکاری نووسینی ئەم کتێبەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: ئەو زانایانەی ڕێنماییکارن بۆ ئایین لەم سەردەمەدا نەماون و کەمبوونەتەوە، زانستی ڕێگەی بەرەو دوارۆژ کە خوای گەورە لە قورئاندا بە فیقهـ و حیکمەت و زانست و ڕۆشنایی و نوور و ڕێنشاندان و پێگەیاندن ناوی هێناوە لەناو خەڵکدا کۆکراوەتەوە و لە بیرکراوە. ئەم کتێبەم داناوە تا زانستەکانی ئایین لە خۆیدا کۆبکاتەوە.(١٢)

هەر لە پێشەکی هەمان کتێبدا ئاماژەی بەوە داوە، کە کتێبەکە لە چوار بەش پێکدێت، ئەوانیش: پەرستش و نەریتەکان و لەناوبەرەکان و ڕزگارکەرەکان. هەرچی پەرستشەکانە لەسەر بنەمای زانست دامەزراون و بە گوێرەی ئەوەی پێغەمبەر هێناویەتی پێویستە پەرستشەکان ئەنجام بدرێن. کە بە زمانی ئایینناسییانە بریتین لە سروت و ڕیتواڵەکان.

هەرچی بابەتە نەریتییەکانە (العادات) ئەوا ئەو بابەتانەن کە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداریان بێت، بە تایبەتی مرۆڤی ئایین‌دار. ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە هۆکارەکانی سەرگەردانی و تێداچوونی مرۆڤ و بـــاوەڕدارەوە لە بنەڕەتدا پەیوەستن بە بابەتە ئەخلاقییەکان و پاکژکردنەوەی دەروون و دڵەوە. کۆتا بەشیش بریتییە لەو بابەتانەی مرۆڤ لە ژیانی دونیا و دوای مەرگ فریای دەکەون و ڕزگاری دەکەن، کە بریتییە لە پابەندبوون بە ئەخلاقە جوانەکان و گەیشتن بە پەلی ڕاستگۆیان و نزیکانی خوا، بە گوێرەی بەڵگەکانی شەرع و عەقڵەوە.(١٣)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، غەزالی زۆربەی کات لە جیاتی چەمکی (ئایین) چەمکی (شەرع/شەریعەت) بە واتا فراوانەکەی بەکار دەهێنێت و مەبەست لێی خودی ئایینە. هەروەها بە ئاماژەدان بەو بابەتانەی نەریتین و مرۆڤ خوی پێوە گرتوون، بنەما بنەڕەتییەکانی ژیانی مرۆڤن لەسەر ئاستی تاک وەک خواردن و خـــواردنــەوە و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوە، یان ئەو بابەتەی پەیوەستن بە مانەوەی مرۆڤ وەک جۆر، کە بریتییە لە سێکس و هاوسەرگیری لە چوارچێوەی بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی (ربع العادات – چواریەکی نەریتەکان)دا کۆی کردوونەتەوە و پێمان دەڵێت تا چ سنوورێک ئایین دەست لەم بابەتانە وەردەدات لە کاتێکدا ئایین هەبێت، یان

نەبێت مرۆڤ بە سروشتی خۆی سەرقاڵی پرکردنەوەی ئەم جۆرە پێداویستییانە دەبێت. بەڵام دەستوردانی ئایین لەم بوارەدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئایین تەنیا گرنگی بە ژیانی دوای مەرگ نادات، بەڵکو سەرەتا هەوڵدەدات ژیان لێرە، پێش مەرگ بەشێوەیەک ڕێکبخات مرۆڤ بگەیەنێتە بەختەوەری، چونکە ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی ئایین گەیاندنی مرۆڤە بە بەختەوەری. لەم بارەوە دەڵێت: هەر کەسێک لە وتەکانی پێغەمبەر –دروودی خوای لەسەر بێت- ورد بێتەوە لەو بارەوە کە زۆر گرنگی داوە بە ڕێنماییکردنی خەڵکی و نەرمی و بەسۆزبوونی لەگەڵیان تا پەلێکشیان بکات بۆ جۆرەکانی نەرمی و نیانی و جوانکردنی ئاکاریان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک، بە کورتی، ڕێنماییکردن و بانگکردنی خەڵکی بۆ ئەو شتانەی کە بە بێ ئەو شتانە خەڵکی ئایین و ژینیان چاک نابێت.(١٤)

لەمەوە دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی ئایین بە دیدی غەزالی تەنیا چاکسازی کردن نییە بۆ ژیانی دوای مەرگ، بەڵکو پێش ئەوە ڕێکخستنی ژیانی ئێرەیە بە جۆرێک شایستە بێت بە مرۆڤ.

### دەرەنجامەکان

١-غەزالی چەمکی ئایینی پێناسە نەکردووە، بەڵکو بە گوێرەی بەرهەم و نووسینەکانی، ئایین بریتییە لە ئیمان و ئیسلام و ئیحسان، زۆربەی کات لە جیاتی چەمکی (ئایین) چەمکی (شەرع و شەریعەت)ی بەکار هێناوە.

٢- لای غەزالی ئایین بە ئامانجی ڕێکخستنی ژیان لێرە پێش مەرگ و دەستەبەرکردنی بەختەوەری بۆ مرۆڤ کار دەکات. بە گرنگیدان بە ژیانی دوای مەرگ تا مرۆڤایەتی لە بەختەوەری هەمیشەییدا بن.

**ئایین بە دیدی غەزالی تەنیا چاکسازی کردن نییە بۆژیانی دوای مەرگ، بەڵکو پێش ئەوە ڕێکخستنی ژیانی ئێرەیە بە جۆرێک شایستە بێت بە مرۆڤ**

٣- یەکێک لە ڕێگاکانی بووژاندنەوەی ئایین و گێڕانەوەی ڕۆڵی سەرەکی ئایین، بە بووژاندنەوەی زانستەکانی ئایین دەبێت. بەمەش مرۆڤ نەتوانێت لە زانستەکانی ئایین تێبگات، ئەوا ناتوانێت لە خودی ئایین و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت تێبگات.

٤- بە گوێرەی میتۆدی ئایینناسی، غەزالی کاری کردووە بۆ ناساندنی ئایین لە ناو ئایین خۆیەوە، نەک لە دەرەوەی ئایین. بەمەش لە کۆی نووسینەکانیدا گرنگی داوە بە بیروباوەڕ و ئەفسانە و سروتەکان و ژیانی دوای مەرگ، کە پێکهێنەری سەرەکی ئایینن، هەر وەک چۆن گرنگیشی داوە بە ئەخلاق و ڕێساکانی و ژیاننامەی پێغەمبەران و پیاوچاکان و گرووپەکان

بە تایبەتی سۆفییەکان و سۆفیگەری کە پێکهێنەری لاوەکی ئایینن، بەڵام لای غەزالی خودی ئەم بابەتانە کرۆکی ئایینن، نەک پێکهێنەری لاوەکی.

--------

**سەرچاوەکان:**

١-العوا، الدكتور عادل و المستشرق جيب. علم الأديان و بنية الفكر الأسلامي. منشورات عويدات بيروت – لبنان. الطبعة الأولى تشرين الأول ١٩٧٧. ص ٥ – ٦.
٢- الماجدي، خزعل. علم الأديان تاريخه، مكوناته، مناهجه، أعلامه، حاضره، مستقبله. مؤمنون بلاحدود للدراسات و الأبحاث. الطبعة الأولى ٢٠١٦. ص ٤٩.
٣- سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٢٥ – ٢٧.
٤- سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٢٧.
٥- علي، غيضان السيد. فلسفة الدين المصطلح من الأرهاصات إلى التكوين العلمي الراهن. العتبة العباسية المقدسة، المركز الأسلامي للدراسات الأستراتيجية. الطبعة الأولى ٢٠١٩. ص ٢٨ – ٢٩.
٦- الماجدي، خزعل. علم الأديان تاريخه، مكوناته، مناهجه، أعلامه، حاضره، مستقبله. مؤمنون بلاحدود للدراسات و الأبحاث. الطبعة الأولى ٢٠١٦. ص ٢٨.
٧- سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٢٦ – ٣٢.
٨- سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٣٢.
٩- البغا و مستو، الدكتور مصطفى و محي الدين. الوافي في شرح الأربعين النووية. دار ابن كثير بيروت – لبنان. الطبعة الحادية العشر ١٩٩٩. ص ١١.
١٠- الغزالي، أبي حامد محمد بن محمد بن محمد. الأقتصاد في الأعتقاد. دار المنهاج للنشر و التوزيع، الجدة – المملكة العربية السعودية. الطبعة الثانية ٢٠١٢. ص ٧١.
١١-سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧١ – ٧٢.
١٢- الغزالي، أبي حامد محمد بن محمد بن محمد. إحياء علوم الدين. دار الكتاب العربي بيروت – لبنان. طبعة ٢٠٠٨. ص ١٠.
١٣- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٠ – ١١.
١٤. الغزالي، أبي حامد محمد بن محمد بن محمد. المنقذ من الضلال. ضمنة مجموعة رسائل الأمام الغزالي. دار الفكر للطباعة و النشر بيروت – لبنان. الطبعة الأولى ٢٠٠٣. ص ٥٦٣.

وەرگێڕان

ئایینناسی

# جیهانگیری و دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی سەلەفیی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینی: عەلیڕەزا سەمیعی ئیسفەهانی، حەمدوڵا ئەکوانی، موحسین شەفیعی سەیف ئابادی

وەرگێڕان: ئارام مەحموود

## پێشەکی

لە لایەکەوە باسی جیهانگیری بووەتە هۆی گۆڕانی بنچینەیی لە جیهانی ئەمڕۆدا و بیرمەندانی ناچار کردووە باس لە جیهانێکی نوێ بکەن، لەلایەکی تریشەوە تەکنەلۆجیا نوێیەکانی پەیوەندی، بوونە هۆی ئاڵۆزکردنی چۆنێتی ڕێکخستنی چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەها و یاساکان. لەگەڵ دەرکەوتنی ئامرازەکانی وەک کۆمپیوتەر، مانگە دەستکردەکان و ئینتەرنێت، گۆڕانی بنچینەیی دروستبوو، کە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، ئامادەیی بەردەوامی ڕاگەیاندنەکان، یاساشکێنی و لێکهەڵوەشانی پێوەرە گشتییەکان، هێمای ئەو گۆڕانکاریانەن. لە واقیعدا جیهانگیری بە بەهێزکردنی تاکگەرایی، شووناسی کۆمەڵەکانی ڕووبەڕووی قەیران کردووەتەوە. بەرفراوانی ئەم قەیرانە بە کێبڕکێ لەگەڵ سەقامگیری و ئاسایشی جیهانی ڕابردوو، بووەتە هۆی دروستبوونی شووناسی بەرگریکاری، کە دژی جیهانگیری دەوەستنەوە.

ئەمڕۆ باسی ئیسلامی سەلەفی – جیهادی لە گرنگترین باسەکانە، کە بە ئافراندنی تێگەیشتنێک، هێنانەبوونی ناسنامەی بە کۆمەڵ و سوودوەرگرتنی کاریگەر لە تەکنەلۆجیای زانیاری، بەڵێنی دروستکردنی جیهانێکی یۆتۆپیایی بە ئەندامانی داوە و پێیان دەڵێت، کە لە بەرامبەر قەیرانی ناسنامە و تێگەیشتن هاوکاریان دەکەن.

## جیهانگیری و باسی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی

### ١.جیهانگیری

شیکاری باسی جیهانگیری نە ئەو بە دیاردەیەکی پێویست دادەنێت و نە دیاردەیەکی جێگیرکراو کە لەناو ناچێت، بەڵکو وەک باسێک وەک پۆلێنێکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی هێز دایدەنێت و بەردەوام لەبەردەم لەناوچوون و گرفت لەلایەن باسە ڕکابەرەکانەوە دەیبینێت. لەم پەیوەندییەدا هێما و چەمکەکانی وەک سیاست، ئابووری و کولتوور لە دەوری کرۆکی ناوەندی ئەم باسە، بۆ واتای تایبەت دەگێڕدرێتەوە. ئەم هێمایانە لە دەوری کرۆکی جیهانگیربوونی لیبڕالیزم، بە وردی پۆلێن دەکرێن، لەم باسەدا لیبڕالیزم دەکەوێتە چەقەوە و هێماکانی وەک مرۆڤ تەوەری، مۆدێرنیزم، سیکۆلاریزم، ئاشتیخوازی، باوەڕی خەڵک و شیکاری لانی کەمی ئایین لەو هۆکارە گۆڕاوانەن کە بە پشت بەستن بە کرۆکی لیبڕالیزم واتایان پێدەدرێت و لە پلەی جیهانگیریدا دووبارە دادەڕێژرێنەوە. لەلایەکی ترەوە هەموو باسێک لایەنی نەرێنی هەیە، کە بە هۆیەوە ناسنامە بە خۆی دەبەخشێت. لەبەرئەوە جیهانگیری لە پلەی کرۆکی ئەودا جیهانگیربوونی لیبرالە، هەژموونی لیبرالْ لە پلەی نموونەیەکی کارا، ئاسایی و سروشتی دەردەخات و هێرش دەکاتە سەر باسەکانی تر بە مەبەستی لەناوبردنیان.

### ٢.ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی

سەلەفییەکان لە دابەشکاریدا بۆ سێ گرووپی نەریتی، ڕیفۆرمخواز و جیهادی دابەش دەبن. لەم نووسینەدا جەخت لەسەر ئیسلامییە سەلەفییە جیهادییەکان کراوەتەوە. زۆرێک پێیانوایە خاڵی دەستپێکی باسی سەلەفی جیهادی، دەرکەوتنی سەید قوتبە. کرۆکی ئەم وردە باسە، شیکاری تایبەتی شەریعەتی ئیسلامە، لەمڕووەوە بنچینەییترین هۆکارە لاوەکی و ڕووکارەکانی ئەم باسە ڕووبەڕووبوونەوەی سیکۆلاریزم، شیکاری هەژموونی بۆ ئایین، گەڕانەوە بۆ سەلەف، ڕابەرایەتی، خوا تەوەری و جیهادە.

لە ڕوانگەی سەید قوتبەوە کۆمەڵگەکانی ئێستا بۆ دوو جۆری ئیسلامی، یان جاهیلی دابەش دەبن، لەم نێوانەدا ئاستی ناوەند بوونی نییە. لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنە و بە بڕوای سەید قوتب لاوازی باوەڕ و کاڵبوونەوەی بنەما ئایینییەکان، کۆمەڵگە بە جاهیل دەکات و دەبێت شەڕی لەگەڵ بکرێت. لەبەرئەوە

لە ناوەندی قوتابخانەی سەلەفییە جیهادییەکاندا، جیهاد و بەرەنگاری لەگەڵ ئەم ئەندێشەیە پەیوەندییەکی دانەبڕاوی هەیە. لە دۆخی ئێستاشدا ئەم بزاڤە فکرییە لە قاڵبی گرووپەکانی وەک داعش و بەرەی نوسرە، لە چوارچێوەی ناسنامەی ئەوی تردا، لەگەڵ پاڵپشتی ئیسلام و لەبەردەستدا بوونیدا، هۆکاری جیهاد بۆ بانگەشە بۆ ئیسلام و موسوڵمان کردن دەگێڕنەوە، لە کاتێکدا ئەم گرووپە جیهادیانە بە تێڕوانینی ئەوی تر و بە دووژمن دانان، هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری جیهان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوورخستنەوەی خەڵکن لە ئیسلام.

## جیهانگیری، قەیرانی تێگەیشتن و دەرکەوتنی ناسنامەی سەلەفی

لە بارەی چۆنێتی قەیرانی تێگەیشتن لە سەردەمی جیهانگیریدا دەبێت بوترێت، کە جیهانگیری لە ڕووی هاردوێرەوە لەو لایەنەوە بە قەیرانی تێگەیشتنەوە گرێی خواردووە، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی گرنگی شوێن.

لێرەدا مەبەست لە شوێن، فەزای کۆمەڵایەتییە، کە پەیوەندی بە جوگرافیایەکی تایبەتەوە هەیە. شوێنی جوگرافی، فەزای تایبەتی کۆمەڵایەتی دەسەپێنێت. لەگەڵ ڕەخساندنی پەیوەندی مرۆڤەکان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای پەیوەندی کردنەوە، فەزای کۆمەڵایەتیش بەرفراوان دەبێت و بە لایەنی کەمەوە لە سنووورداری جوگرافیای ڕابردوو دەردەچێت. لەم ڕووەوە جیهانگیری بە هۆی تایبەتمەندی هاردوێرەوە بووەتە هۆی هاتنەبوونی قەیرانی ناسنامە، واتا بە هەمان ئەو شێوەیەی کە (کاستلز) دەڵێت؛ بە هۆی جیهانگیرییەوە ناسنامەکانی پێشوو کە لەگەڵ شوێن و فەزای کۆمەڵایەتی سنووردار پێناسە دەکران، ڕووبەڕووی ئەو دۆخە نوێیە دەبنەوە. کاتێک جیهانگیری ئەم دووریانە لە چوارچێوە هاردوێرییەکەی کەم دەکاتەوە، بە میکانیزمی لێکدانی ژیان و یەکگرتوویەکەی دەبێتە هۆی لەناوبردنی کولتوورە جۆراوجۆرەکان. نەمانی سنوورەکان و نەمانی گرنگی شوێن دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی و یەکگرتوویی مرۆڤەکان زیاتر بێت و لە ئەنجامدا فەزای کۆمەڵایەتی پێشوو لە بەرژەوەندی فەزای کۆمەڵایەتی گەورەتر، کاریگەری لەسەر دروست دەبێت، چونکە کاتێک مرۆڤ پێیوابوو کە دیاردەیەک ڕەش یان سپییە و بە شێوەیەکی تایبەتی لێی دەڕوانی، ئاگاداری ئەوە دەبێت کە مرۆڤی تری وەک ئەو دەژین و ئەم دیاردەیە لە فۆڕمێکی تردا دەبینن، بۆ ئەو، ئەو نادیاری، گومان و پرسیارە دروست دەبێت، کە ئایا بە ڕاستی تێڕوانینی من ڕاست بووە، یان ئەوەی ئەوی تر دەیبینێت، ڕاستە؟ وەک (هانتینگتۆن) دەڵێت، نەمانی سنوورەکانی ناسنامە دەبێتە هۆی

ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان دژیەکی و بەریەککەوتن لە نێوان مرۆڤەکان دروست بێت، یان بکەوێتە ناو ناکۆکی نێوان شارستانێتی و کولتوورەکان، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەی قەیرانی تێگەیشتن و قەیرانی ناسنامە ببێتە کێشە، چونکە قەیرانی ناسنامە هاوشانی قەیرانی تێگەیشتنە. لەبەر ئەوە تایبەتمەندی هاردوێریی جیهانگیری بە لێکدانی کولتوور و شارستانیەتەکان لە کولتووری جیهانیدا، زەمینە بۆ شۆکێک دەڕەخسێنێت، کە بە قەیرانی ناسنامە و تێگەیشتن لێکدراوەتەوە.

## سەلەفییەکان لە دابەشکاریدا بۆ سێ گرووپی نەریتی، ڕیفۆرمخواز و جیهادی دابەش دەبن

لە ڕاستیدا هۆکاری ئەمجۆرە قەیرانە گرێی خواردووە لەگەڵ پووکانەوەی سیستمی دەسەڵاتداری واتاداری مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی و دەرکەوتنی بزاڤە پۆست مۆدێرنەکان. بە سەرنجدانە ئەم بابەتە، ئامادەکارییەکان ئێمە بەرەو فەزایەک دەبەن کە مرۆڤەکان لە دۆخی جیهانگیریدا بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و گرفتەکان، پێویستیان بە تێرکردن و ڕزگارکردنە. لەم بارەدا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبیی، ئارامی و ئۆقرەیی لەدەستداوە و بووەتە قوربانی قەیران و نیگەرانییە ناوخۆییەکان، چونکە لەم ناوچەیەدا جیهانگیری، ناسنامە دەسەڵاتدارەکان و تاک وتاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی ڕووبەڕووی گرفتی زۆر کردووەتەوە و بۆیان قورسە سیستمێکی تێگەیشتن و ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ ئەندامەکانیان پێناسە بکەن؛ لەمڕووەوە وا دەردەکەوێت کە لە دونیای نوێدا دوو بابەت بۆ نەتەوە و وڵاتان ڕوویداوە:

١) گەڕانەوە بۆ باوەڕەکانی خۆیان کە لەبەردەستدا بوون و لە ئەنجامی فشاری زۆری کولتووری ڕۆژئاوایی و جۆری حکومەتی دیکتاتۆری و هەندێکجاریش ناسیۆنالیستی، ئەمڕۆ بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو هەبوونە کەموکورتەی لە رابردوودا هەیانبووە تا زیندووی بکەنەوە، چونکە دەزانن کە بە پێچەوانەوە ناسنامە و هەژموونی ئەوان لەناودەچێت و نامێنێت.

٢) لەو گەڕانەوەیەدا زێدەڕۆیی کراوە.

تا بەر لە چوونە ناو ئەو پرۆسەیەوە زۆرتر ئایدۆلۆژیا باوەکان و دەسەڵاتی سیاسی ناسنامە و تێگەیشتنیان دیاریدەکرد، بەڵام بە توندبوونی جیهانگیری، ئەم میکانیزمە ڕووی لە پووکانەوە کرد و پەیڕەوانی لە بەرامبەر شەپۆلەکانی سەرچاوە گرتوو لە قەیرانەکانی ناسنامە و تێگەیشتن بە تەنیا جێهێشت. ئەمڕۆ ڕێکخراوەکانی وەک داعش و بەرەی

نوسرە خوازیاری خۆبەڕێوەبەری لە سنووری خۆیاندان بۆ ئەوەی هێزی تەواو کۆبکەنەوە بە مەبەستی هێرش کردنە سەر ئەوەی خۆیان بە ستەمکار ناوی دەبەن.

## ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی و دژیەکی تێگەیشتن لەگەڵ جیهانگیری

شیکاری مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتی ئیسلامی و مۆدێرنە پیشانی دەدات کە ڕووبەڕووبوونەوەی موسوڵمانان لەگەڵ دواکەوتوویی بە هۆی داگیرکاری و دیکتاتۆری لە قاڵبی پەنابردنە بەر سێ باسی (ڕۆژئاوایی، نەتەوەپەرستی، ئیسلامەتیی) هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارە درا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەزموون و پێدراوە مێژوویەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بە سەرنجدانە قووڵی باوەڕی موسوڵمانان و جوگرافیای کولتووری جیهانی ئیسلام، زۆرێک بەو ئەنجامە گەیشتوون کە تەنیا بە بەدەستهێنانی باسی ئیسلامەتیی دەتوانن بە ئامانجی کۆتایی بگەن. هەڵبەتە جێی باسە باسی ئیسلامەتیی باسێکی یەکگرتوو نەبووە و قۆناغی جیاجیای تێپەڕاندووە. ئەم باسە بە تاکتیکی جیاواز، بەڵام بە ستراتیژی یەکسان، توانی تێگەیشتن دروستبکات و لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک پێدراو بخاتەڕوو، هەروەها نەرمە هێز بۆ بزاڤی ئیسلامی برەخسێنێت. لە کۆتاییدا ئەم بزاڤانە توانیان شوێنەواری وێرانکەر و کەمتر دروستکەر لە سەر ئاستی ناوخۆ، جیهانی ئیسلام، هەروەها بواری نێودەوڵەتی جێبهێڵن. لەم چوارچێوەیەشدا باسی وەک ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی بە جۆرێک واتا بە چەمکەکان دەدات کە لە ڕووکاردا دژە واتای باسی باڵادەستی جیهان بێت. ئەم باسە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ کرۆکی لیبراڵیزم لە چوارچێوەی باسی جیهانگیری، هۆکاری ناوەندی شەریعەت لەگەڵ شیکارێکی یاساشکێنانە و هۆکاری تر پۆلێن دەکرێت.

### ١.شەریعەت

لە ڕوانگەی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادییەوە شەریعەت بە واتای گەڕانەوەیە بۆ ڕەگ و ریشەی ڕەسەن و دێرینی بنەماکانی باوەڕ. بە بڕوای ئیسلامییە سەلەفی – جیهادییەکان، حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی هیچ جێگەیەکیان بۆ ئیجتیهاد نییە و شەریعەت بە گۆڕانی زەمەن و شوێن گۆڕانی بەسەردا نایەت. لە واقیعدا مەبەست لە سەرکوتکردنی بیدعە و سووککردنی حوکمەکانی شەریعەت لە سوننەتدا، خۆنوێکردنەوە لە ئاییندا نییە، بەڵکو نوێکردنەوەی پەیوەندی ئومەت لەگەڵ ئایینە، چونکە لە نێوان ئایین و باوەڕداری جیاوازی هەیە. بە بڕوای ئەم باسە، ئایین جێگیرە و نوێ نابێتەوە، بەڵام باوەڕداری دۆخێکە کە

خەڵک بۆ ئایین ئەو پەسەند دەکەن. دوو هۆکار بۆ نوێبوونەوە هەیە: سەرەتا ئەوەیە کە دەقە شەرعییەکان سنووردارن و ڕووداوەکانی ڕۆژگار دووردرێژن و بیدعەکان زۆر دەبن؛ دووەم، گشتگیری ئیسلامی و شەریعەت لە زمەن و شوێندا. لەبەر ئەوە شەریعەت لە دۆخی ئێستادا لەگەڵ گۆڕانی زەمەن و شوێن ناگۆڕێت، شەریعەت ئیجتیهادی تێدا ناکرێت، هەروەها ئەو کەسانەی دەڵێن هەندێک حوکم لەگەڵ گۆڕانی زەمەن دەگۆڕێن، بەڵام بنەما و بنچینەکان ناگۆڕێن.

بێجگە لەوە بانگهێشت بۆ دەسەڵاتداری خوا لە ڕێگەی جێبەجێکردنی تەواوی شەریعەت لە سەرجەم لایەنەکاندا و دوورکەوتنەوە لە نەرمی نواندن لەم بوارەدا، تایبەتمەندی گرنگی باسی ئیسلامی سەلەفی – جیهادییە، کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان لەگەڵ باسی جیهانگیری بە تایبەتی لە بەشی حوکمە کۆمەڵایەتی و سیستمەکانی مافدا زیاترە. لە چوارچێوەی باسی جیهانگیریدا ئەم هەوڵەی سەلەفییەکان جۆرێک گەڕانەوە بۆ دواوە و دژیەکە لەگەڵ ڕێدۆزی مۆدێرنە لە بارەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە، لەمڕووەوە بەردەوام بیرمەندە لیبراڵ و نیولیبراڵەکان لە باسی جیهانگیریدا لە بارەی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی مافی ژنان و منداڵان و کەمایەتییە ئایینییەکان بە هۆی جێبەجێکردنی شەریعەت نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن. پشتڕاستکەرەوەی ئەمە وەک بەردبارانکردنی ژنان و کوشتنی منداڵان لە لایەن ئیسلامی سەلەفی داعش و بەرەی نووسرەوە. بە بڕوای ئەم گرووپە وەلاوەنانی شەریعەت و یاسا ئیسلامییەکان و بەها مەزهەبییەکان بە تایبەتی لە سەردەمی نوێدا، کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی وەک سەردەمانی بەر لە ئیسلام لە (جاهیلیەت) و ڕێ لێ بزر بوون نوقم کردووە. بە ناوهێنانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە جاهیلی بەو ئەنجامە دەگەین کە سەرجەم حکومەتە نائیسلامییەکان (بە واتای حکومەتەکانی دژ بە شەریعەت بەپێی شیکاری ئەوان) ڕەوایەتیان نییە. ئەم بەکارهێنانە بەرفراوانە کە سەرچاوەکەی لە تێگەیشتنی ناڕاستی ئەوان بۆ قورئانە، وا دەردەکەوێت کە موسوڵمانان لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا ئەرکی سەرشانیانە دژی دەوڵەتەکانیان خەبات بکەن و ڕووبەڕووی حکومەت بوەستنەوە.

ئەم پێناسەیە بۆ شەریعەت و ئەمجۆرە پابەندییە بە ئەوەوە پیشانی دەدات کە کەلێنی قووڵ لە باسەکانی نێوان جیهانگیری و ئیسلامی سیاسی سەلەفیدا هەیە، لە لەلایەکی ترەوە بۆ ئەو سەلەفیانەی سەرقاڵی لێکەوتەکانی لیبراڵیزم بوون، هێزێکی کولتووری بەرهەمهێناوە، واتا بەرەنگاری دژی جیهانگیری لیبراڵ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاکگەرایی و چێژگەرایی ڕۆژئاوایی، ئەمە

فۆڕمێکی کولتووری لەخۆگرتووە؛ بۆ نموونە ئەبوبەکر بەغدادی لە بەشێک لە وتارەکەیدا کە نزیکەی ١٥ خولەک بوو بانگەشەی ئەوەی کرد کە "ئێمە فەرمانمان پێکراوە بۆ جێگیرکردنی ئایین، دژی دوژمنەکانی خوا بجەنگین ... و ئەم کارەش بە بێ هێز و توانا نایەتە دی". لە قاڵبی ئەم تێگەیشتنەدا ئایینداری ڕیاکارانە جێگەی مۆدێرنە دەگرێتەوە، بە شێوەیەک کە سەرنجی لەسەر لایەنە نامادییەکانی پێشکەوتن و پێگەی ئەو لە فۆڕمەڵەبوونی کۆمەڵگەی پشتبەستوو بە بنەما ئەخلاقییەکانی ئیسلامییە، لە کاتێکدا کە جیهانگیری پشتیوانی جۆرێک لە سیستمی نێودەوڵەتی سەرمایەداری دەکات. لە بەرامبەردا جەماوەری سەلەفی و پەراوێزخراو و دژە حکومەت لە وڵاتانی عێراق و سوریا و ژمارەیەکی تر لە وڵاتانی عەرەبی، خوازیاری ڕێگەچارەی کۆتایی لە چوارچێوە مەزهەبییەکەیدان، هەڵبەتە بە شێوەیەکی ڕووکار. چەند دەیە نوێبوونەوە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامدا، کە زیاتر بەپێی نموونە ڕۆژئاواییەکان بووە، هاوکات یەکگرتوویی ئابووری لە ئابووری جیهانیدا و دوورکەوتنەوەی کولتووری لە ڕۆژئاوای لەگەڵدا بووە، چونکە بە بڕوای سەلەفییەکان و بە تایبەتی سەلەفییە جیهادییەکان لە ڕابردوودا جیهانگیری بە داگیرکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەزهەبی و ئاڕاستەی نەریتگەرایی کۆتایی هات، کە بەرهەمەکەی جیهانێکی مۆدێرن و بێبەش لە ناوەڕۆکی ئەخلاقی، بە تایبەتی ئایین بوو، لەمڕووەوە ئێستا ئایینداری بە شێوازی داعش و بەرەی نوسرە لە پلەی جێگرەوەی مۆدێرنە، بووەتە تایبەتمەندی هەندێک وڵاتی ئیسلامی.

## خاڵی دەستپێکی باسی سەلەفی جیهادی، دەرکەوتنی سەید قوتبە

### ٢.ڕابەرایەتی

ئەم وتەیەی ئەبوبەکر بەغدادی کە دەڵێت "من ڕابەری ئێوەم، هەر چەندە باشترینی ئێوە نیم، کەواتە ئەگەر بینیتان بە باشی کارم کرد، پشتیوانیم بکەن، ئەگەر بینیتان هەڵەم کرد، ئامۆژگاریم بکەن"، پیشانی دەدات کە نەک تەنیا ڕابەرایەتی لە باسی ئیسلامی سەلەفی – جیهادیدا هۆکارێکی گرنگ و تایبەتی کاریگەرە، بەڵکو ئەوەندە بەهێزە، کە لە کاتی هەڵەکردندا، خەڵکانی تر و پەیڕەوانی تەنیا دەتوانن ئامۆژگاری بکەن و ناتوانن ڕووبەڕووی ببنەوە. بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادییەوە دەتوانرێت ڕۆڵی ڕابەرایەتی و سنووری ئەرکەکانی ئەو لە چوار کاردا کورت بکرێنەوە: ١) پاراستن و بانگەشە بۆ ئایین و مەعریفە و بەهاکانی ئەو و ڕێگری لە لادان و

بیدعە تێیدا. ٢) فەتوا و ڕوونکردنەوەی حوکمەکانی ئیسلام بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان و سوننەتی پێغەمبەر و هاوەڵانی.

٣) دادوەری و جێبەجێکردنی حوکمە دادوەرییەکان و سنووری خوایی.

٤) سەرپەرشتی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەڕووە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و سەربازییەوە. دەتوانرێت پشتڕاستکەرەوەی ئەو باسە لە گرووپە سەلەفییەکانی داعش و بەرەی نووسرەدا ببینرێت. لەم گرووپانەدا پلەبەندی ڕابەرایەتی توند هەیە. فەرماندەکان بەرپرسیارێتی ئەرکی هێزەکانیان لە ناوچەیەکی تایبەت لە ئەستۆیە، لەوانە گواستنەوەی بۆمبە خۆکوژییەکان و چۆنێتی سوود وەرگرتن لێیان. ئەم پێکهاتە ڕێکخراوەی پەیوەندییەکان، توانایەکی تایبەتی بە ڕابەرانی باڵا بەخشیوە، لە کاتێکدا زۆرێک لە شیکەرەوە ڕۆژئاواییەکان و توێژەرانیش لە وڵاتانی ئیسلامی، گاڵتەیان بە ڕاگەیاندنی خیلافەتی بەغدادی دەکرد، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ڕابەری داعش بەمکارە پیشانی دا، کە ستراتیژێکی داڕشتووە. ئەو لە وتارەکەی ساڵی ٢٠١٤ دا ئامۆژگاری ئەندامانی داعشی کرد، کە هەوڵەکانیان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی بتوانن هەموو خواستەکانیان بەدەست بێنن. لەبەر ئەوە ئەوەی لە بارەی پشتیوانانی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی، بە تایبەتی داعش بە تەواوی ڕوونە، ئەوەیە کە ئەوان خۆیان بە خاوەن بەڵێن بۆ ڕابەرەکانیان دەزانن.

**نەمانی سنوورەکان و نەمانی گرنگی شوێن دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی و یەکگرتوویی مرۆڤەکان زیاتر بێت و لە ئەنجامدا فەزای کۆمەڵایەتی پێشوو لە بەرژەوەندی فەزای کۆمەڵایەتی گەورەتر، کاریگەری لەسەر دروست دەبێت**

لە کاتێکدا کە لە چوارچێوەی باسی جیهانگیریدا خراپترین مۆدێلی سەقامگیری سیاسی بریتییە لە بەسرانەوەی چارەنووسی سیستمی سیاسی بە چارەنووسی کەسێکی خراپەوە، چونکە هەر جۆرە گۆڕانێک لە نووکی سیستمەکەدا، تێکڕای پێکهاتەی سیستمەکە تووشی قەیران و هەڕەشە دەکات. ئەم بابەتە لە سیستمە پاشایەتییەکاندا بە میکانیزمی دەسەڵاتداری میراتگری و هەڵبژاردنی منداڵ، یان خزمانی پاشا بۆ پلەی جێنشین، بە جۆرێک چارەسەر کراوە، هەروەها مردنی پاشا و جێگرتنەوەی جێنشین بە شێوازێکی سروشتی و ڕەوا

هەژمار دەکرێت و هەرەشە لە تێکڕای پێکهاتەی سیستەمەکە ناکات، بەڵام لە پێکهاتەی سیستمی ئیسلامی سەلەفی – جیهادی، نە میکانیزمی پاشایەتی میراتگری بوونی هەیە، نە میکانیزمی دیموکراتی هەڵبژاردنی رابەری نوێ، بۆ نموونە، بەغدادی لە کاتێکدا خۆی بە خەلیفەی موسوڵمانان دەزانی، کە هاووڵاتییان، یان نوێنەرانیان لە ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی ئەو ئامادە نەبوون و لە دیاریکردنی رابەردا ڕۆڵیان نەبووە، لەم ڕووەوە بنەمای ڕەوایی و پەسەندکراوی ڕابەرایەتی ئەو، هەروەها ڕابەرایەتی نوێی دوای ئەویش لە پێکهاتەکەیدا بە تەواوی جێی گومانە. بێجگە لەوە لە ئەگەری پەسەندکردنی ڕابەرایەتی لەسەر بنەمای دیموکراسی، ڕابەرایەتی لە جیهانگیریدا دەبێت زیرەکی و ڕۆشنبیری باڵا و بەڕێوەبەردن و هەماهەنگکردنی بەهێزی هەبێت، چونکە لە چوارچێوەی ئەو باسەدا، لە قۆناغێکدا کە جۆراوجۆری و جیاوازی لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بە تەواوی پەسەندکراوە، زیاتر لە ڕابردوو هەست بەوە دەکرێت، کە دەبێت ڕابەری کاریگەر بوونی هەبێت. بێگومان لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم رابەرانە توانای بەڕێوەبردنی فرە کولتوورییە. لەم نێوانەدا سەرنجدان لە زیرەکی و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی گرنگی هەیە، بێگومان لە جیهانی ئاڵۆزی هەزارەی سێیەمدا، ئەو رابەرانە دەتوانن کاریگەریان لەسەر فەرمان، ڕابەرایەتی و بەڕێوەبردنی هاوبەشی جیهان هەبێت، کە پلەی بەرچاویان لە زیرەکی ڕۆشنبیری لە خۆیاندا گەشە پێدابێت و بە باشی لۆجیکی ڕاوێژ و مافی دەنگدانی خەڵک و هێزی هەڵبژاردنی ئەوانیان بۆ دەرکەوتبێت.

### ٣.گەڕانەوە بۆ پێشین (سەلەف)

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە شێوەیەکی گشتی وڵاتانی عەرەبی لە قۆناغە درێژمەوداکانی شارستانیەتێکن کە تا ئێستا لە سەردەمی دارمان، قەیران و دواکەوتوویدان و لە کاروانی شارستانێتی جێماون. لەم دۆخەدا بوونیادگەراکان هەستدەکەن کە کۆمەڵگە دواکەوتووەکەیان بەرهەمی دیکتاتۆری ناوخۆیی و داگیرکاری دەرەکییە، کە هەردوویان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێرنە و سەردەمی پەیوەندی. ئەم سێ هۆکارە، واتا شارستانێتی دارماو، دیکتاتۆری ناوخۆ و داگیرکاری دەرەکی بە جۆرێک لە جۆرەکان زیندووکەرەوە، لە قاڵبی ئەفسانەی گەڕانەوە بۆ خودی ڕەسەن و دەستلێنەدراوی دێرینە، بۆ نموونە پشتیوانانی بەرەی نوسرە، گرووپەکەیان بەمجۆرە پێناسە دەکەن: "بەرەیەکی پیرۆز بە تێڕوانینێکی سەلەفی کە باشترین جیهادییەکانی لە گۆشە و کەناری زەوی لە گرووپێکدا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کۆکردووەتەوە بۆ

ئـەوەی بـەشـار ئـەسـەدی نـەفـرەتلێکـراو و سـەربازەکانی لـەناو ببات و حکومەتی خـوا لـە ڕۆژهـەڵاتـی دەریـای نـاوەڕاسـت دابمـەزرێنـێت، بـەڵام نـەک تـەنیا گۆڕینی ڕووکار لە کەس و ناوەکان، وەک ئەوەی لە یەمەن، میسر، تونس و لیبیا ڕوویدا، بـەڵکو ئامانجـەکانی بـەرەکـە بـۆ ئـەم جیهادە ئـەوەیـە کـە تێکـڕای سیستمی حکومەت بگۆڕێت و دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی (بە پێناسەیەکی دروستکراو) لە وڵاتەکە بێنێتە دی، وەک خوا فەرمانی کـردووە، نـەک بـەو شـێوەیـەی ڕۆژئـاوا برەوی پێدەدات".

لەم چوارچێوەیەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هۆکارانە، ئەوان جیهادێکی ناوخۆییان دەسـتـپـێـکـردووە، کـە دەتـوانـرێـت لـە نموونەکانی وەک کوشتنی هاووڵاتییانی بێتاوان تێیگەیشت. هەڵبەتە ئەنجامی جێ مەبەستیان لەم بزاڤەدا بەدەست نەهات، لە ژێر کاریگەری هەلومەرجی ئـەو جیهانگیریـیـەی دوای ڕووخـانـی بلۆکی ڕۆژهـەڵات دروسـتبـوو، ئـەوان بە ئاڕاسـتـەیـەکی تـر کـە هـۆکاری سـەرەکی دیکـتـاتـۆری نـاوخـۆ و ڕەگ و ڕیـشـەی سـەرجـەم گـرفـتـەکـان لـە ڕوانـگـەی بوونیادگەراکانەوە هەژمار دەکرا، ڕۆیشتن و جیهادی بە ڕووکار پیرۆزیان ڕاستەوخۆ دژی ڕۆژئـاوا و مۆدێرنە دەستپێکرد، لە کاتێکدا کە باسی جیهانگیری ڕێگەچارەی گرفتەکانی کۆمەڵگە لە خۆگونجاندن لـەگـەڵ سیستمی لیبراڵ دیموکراسی مۆدێرندا دەبینێتەوە.

لـە بـەرامـبـەردا ئیسلامییە سـەلـەفی – جیهادییەکان زۆرێک لەم سیستمانە بە دژ لەگەڵ ئیسلام هەژمار دەکەن و شکست و ناکامییەکانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکان بـە سـەرچـاوە گـرتـوو لـە غـەفـڵـەتی ئەم سیستمانە لە ئیسلام دەزانن، لەم ڕووەوە مۆدێرنە بە جاهیلیەتی سەردەمی نوێ ناودەبەن و هەندێک جار ئەم تێڕوانینە لە دیدی تـونـدڕەوە سەلەفییەکانەوە بە کوفر و بێباوەڕی هـەژمار دەکرێت، لـەم ڕووەوە لە بەرامبەر نەریت و مۆدێرنەدا، ڕێگـەیـەکی سـێـیـەمـیـان هـەڵـدەبـژارد و ئیسلامی سـەلـەفی لـەخـۆگـری سیستمی تەواوی کۆمەڵایەتی لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کولتووری ئەو پێناسە کـرد و گونجان لـەگـەڵ ئـەو بە گەرەنتی خۆشبەختی مرۆڤایەتی لێکدایەوە، لێرەوە پێویست نەبوونی شارستانێتی ڕۆژئـاوا ڕادەگـەیـەنـن، بـەڵام بە چەکی مۆدێرن و سەرجەم پشتیوانییەکانی ڕۆژئـاوا دوای ئامانجەکانی خۆیان دەکەون!

**٤.ڕووبەڕووبوونەوەی سیکۆلاریزم**

ڕووبەڕووبوونەوەی سیکۆلاریزم لە هۆکارە سەرەکییەکانی باسی ئیسلامی سەلەفی – جیهادییە. لـەسـەر ئـەو بنـەمایە بە نەریتکردنی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و وەلاوەنانی ئایین لە دروستکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەو وتەزایانەیە کە بزووتنەوە سەلەفی و بوونیادگەراکان لە ڕەگ و ڕیشە

و بنچینەوە دژی ئەون و بۆ سەرجەم کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەقی قورئان و سوننەتدا دەگەڕێن و ئایین بە خاوەنی پەیامی کۆمەڵایەتی گشتگیر دەزانن. پشتیوانانی ئیسلامی سیاسی سەلەفی پێیانوایە پرۆسە یاسایی و دەوڵەتییەکان دەبێت شوێنکەوتەی ئیرادەی خوا و وتەکانی ئەو لە دەقە پیرۆزەکاندا بن، بە وتەیەک دەبێت دەوڵەت شوێنکەوتەی خوا بێت، چونکە بە وتەی قورئان حوکم تەنیا بۆ خوایە (حوکم و فەرمانڕەوایی (هەمووشت) هەر بەدەست خوایە) (سورەی ئەنعام، ئایەتی ٥٧). لەم ڕووەوە زۆربەی چینە بوونیادگەرا و سەلەفییەکان لەگەڵ بوونی ناکۆکی جۆراوجۆر لە ئاراستەکانیان، چاویان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوبەشە و بێ شاردنەوەی مەیلەکانیان، بەردەوام تایبەتمەندی بزووتنەوەی سیاسیان لە خۆیاندا پاراستووە، لەم ڕووەوە بوونیادگەرایی کاردانەوەی گرووپە ناڕازییەکان بەرامبەر پرۆسەی سیکۆلار و دژە نەریتییە، کە ژمارەیەک بە (جیهانی لاتینی بوون) ناویان ناوە. ئەوان بە گەڕانەوە بۆ رابردوو و جەختکردنەوە لەسەر واتایەکی هەژموونی بۆ ئایینی ئیسلام، هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی ئەو بۆ کاروباری دادوەری، ئابووری و حکومەت بگێڕنەوە. گرووپە سەلەفی – جیهادییەکانی وەک داعش و بەرەی نوسرە لە سوریا و عێراق، نموونەی بەرجەستەی ئەم جۆرە کاریگەریەن. بوونیادگەرا توندڕەوەکانی ئەم وڵاتانە لەگەڵ بانگەوازی ئایینی، خوازیاری پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای شیکارییە مەزهەبییە تایبەتەکانی خۆیانن. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پاڵنەری خەبات و تیرۆرەکانی خۆیان لە وەهمی لەناوچوونی ئایین و نەریتی پێغەمبەری ئیسلام لە سەردەمی نوێدا وەردەگرن.

## کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی، ئارامی و ئۆقرەیی لەدەستداوە و بووەتە قوربانی قەیران و نیگەرانییە ناوخۆییەکان

لەم ڕوانگەیەوە تایبەتمەندی بنچینەیی تێڕوانینی گرووپە جیهادییەکان ڕۆحی پەرستشی وشک و پێدانی پیرۆزی بە دەستکەوتە کەلامی و فیقهییەکانی پێشووە. ئەوان سەردەمی سەرەتا و ناوەڕاستی ئیسلام بە قۆناغی ئاڵتوونی و پارێزراو لە هەر هەڵەیەک دادەنێن و لە بارەی شیکار و لێکدانەوە ئایینییەکانی ئەم قۆناغە باوەڕی دەمارگیرانەیان هەیە. لەم چوارچێوەیەشدا یاسای تایبەتیان داناوە:

"بەکارهێنانی نێرگەلە و جگەرە حەرامە، دەبێت ژنان حیجاب بکەن. هەر کەسێک

دژی باوەڕەکانی داعش بێت، بە توندی سزا دەدرێت. ئەندامانی داعش لە قوتابخانەکان لە کچان دەدەن، دەستی ئەو کەسانە دەبڕن کە دزی دەکەن، ئەو ئۆتۆمبێلانەی نێرگەلەیان هەڵگرتووە، دەیانسوتێنن. ئەوان ئەو کەسانە سزا دەدەن کە تەنیا جگەرەیەکی پێوە بگرن". بێجگە لەوە لەم قوتابخانەیە ئیجتهاد و هەڵێنجانی نوێ هیچ جێگەیەکی نییە و هاووڵاتییان زیاتر پابەند دەبن بە پەیڕەویکردن لە وشە و گوتاری زانا سەلەفییەکان. تێگەیشتنی لاساییکردنەوەی ئەوان بۆ ئایین، بووەتە هۆی ڕەشبینی و دوژمنایەتی ئەوان لەگەڵ ژیانی ڕۆژئاوایی و بە نەریت بوونی ئایین. بە گشتی دژایەتی گەندەڵی کولتوور و شارستانێتی ڕۆژئاوا لە دروشمە بنچینەییەکانی سەرجەم گرووپە سەلەفی – جیهادییەکانە، بەڵام چاوپۆشی لە خراپە ئەخلاقی و کولتورییەکانی خۆیان دەکەن!

**ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی بە جۆرێک و اتا بە چەمکەکان دەدات کە لە ڕووکاردا دژە و اتای باسی باڵادەستی جیهان بێت**

لە کاتێکدا لە چوارچێوەی باسی جیهانگیریدا، سیکۆلاریزم خۆی لێ لانادرێت. لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی تێگەیشتنی سیکۆلاریزم، مەزهەب و ئایین مادام سنووردارن لە بواری تاکە کەسیدا، نابێت دەستوەردان بکەن لە دانانی سیاسەتە گشتییەکاندا، لەم بارەدا لە ئالودەبوونەکان ڕزگاریان دەبێت و جێی ڕێزن. لەبەر ئەوە لە جیهانگیریدا، سیکۆلاریزم لە هەوڵی خوێندنەوەی سەربەخۆیی حکومەت لە ئایینە، بەڵام نەک سەربەخۆییەک کە لەگەڵیدا شەڕ و بەرەنگاربوونەوە بکات، نەک ئەوەی کە گرنگی بە ئایین نەدات، بەڵکو لە فەرهەنگی واتاسازی خۆیدا سەرجەم ئایینەکان بە بەڕێز هەژمار دەکات و ڕێگە بۆ ڕزگاری کۆمەڵگە لە دەمارگیری، نەتەوایەتی و مەزهەبگەرایی و پانتایی مامەڵە و لێکتێگەیشتنی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بەها ئایینیەکان بە ئامانجی پاراستنی سیستمی سەرمایەداری دەڕەخسێنێت. لەبەر ئەوە دەتوانرێت بوترێت لە حکومەتی سیکۆلاردا بە پێچەوانەی دەوڵەتی ئیسلامی جێ مەبەستی سەلەفییەکان، لە ڕووی تیۆرییەوە دەوڵەت هەرگیز لە ئاینداری تاک و کۆمەڵگەدا دەستوەردان ناکات، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە ئایینیش لە پێکهاتە و دەسەڵاتداری دەوڵەتدا ڕۆڵی نییە و هیچ یەکێکیان کۆنترۆڵی بە سەر ئەوی تردا نییە.

**٥.جیهاد**

چەمکی جیهاد و توندوتیژی لە باسە گرنگەکانی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادییە. کارەکانی گرووپەکانی وەک داعش، لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق، لەوانە موسڵ، سەڵاحەدین و چەند بەشێکی کەرکوک، هەروەها تاوانەکانی ئەم گرووپە دژی تورکمان، ئێزیدی و شەبەک-ەکان، ئینکاری لێناکرێت. ئەم کارە توندوتیژییە بەرفراوانە نوێیانە جۆرێکی تایبەتی توندوتیژی لە ئاستی باڵای خۆیەتی، کە لە ڕووی ئامانج و ژمارەی زیانەکانەوە لە توندوتیژی ئیسلامییەکان لە ڕابردوودا جیای دەکاتەوە.

جیهانگیری بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ڕووکردنە دیموکراسی لە پلەی واتادا، پەیوەندی باڵای لەگەڵ دروستکردن و ئاشتی لە نێوان دەوڵەتان هەیە، لەم ڕووەوە گۆڕانی واتای چەمکەکانی وەک دەسەڵاتداری و ناسنامەی نیشتمانی لە پرۆسەی جیهانگیریدا زەمینەی گونجاوی بۆ بەرفراوانکردنی دیموکراسی ڕۆژئاوا بۆ ئەوپەڕی سنوورە نیشتمانییەکان ڕەخساندووە، لەم ڕووەوە نموونەی دیموکراسی بەرفراوان و جیهانی کە لە ڕووی تیۆرییەوە باوەڕی بە یەکسانی هەموو مرۆڤەکان و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی هەیە، بە گونجاوترین جێگرەوە بۆ نموونەی دیموکراسی لیبراڵ هەژمار دەکرێت. لە چوارچێوەی باسی جیهانگیریدا، دیموکراسی زیاتر لەوەی لەگەڵ نەتەوەپەرستی بگونجێت، لەگەڵ چەمکی مافی مرۆڤ لە فەرهەنگی ڕۆژئاوادا یەکسانە، چونکە جیهانگیری ئەندێشەی مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ پەسەندێتی جیهانی دیموکراسی، گۆڕەپانی یاسایی و سیاسی گونجاو بۆ هێنانە بوون و پاراستنی ئاشتی جیهانی بە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەکە دەڕەخسێنێت. لە چوارچێوەی باسی جیهانگیریدا، مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی بە ئاشتی جیهانییەوە گرێ دەدات. بەرفراوانی ئەندێشەی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان، لە لایەکەوە یارمەتی دیموکراسی جیهانی و لە لایەکی تریشەوە هاوکاری ئاشتی جیهانی دەدات. بڕیارە نوێیەکانی مافەکانی مرۆڤ، وەک چەمکی مافی ئاشتی، گەشە و ژینگە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی نزیکیان هەیە و بەدەستهێنانیی دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی گرنگترین هەڕەشە ئاسایشییە نوێیەکان. لەبەر ئەوە ئایدیای هاووڵاتی جیهانی کە تێگەشتنی تەوەربوونی جیهانە، هەستی بەرپرسیارێتی جیهانی بە لاوازکردنی ناسنامە نەتەوەیی، مەزهەبی و نیشتمانییەکان دەبەستێتەوە.

لە خاڵی بەرامبەردا ئیسلامی سەلەفی – جیهادی بە جۆرێکی تر و بە بێگانەبوونی توندوتیژتر خوێندنەوە بۆ چەمکەکان دەکەن، چونکە سەرجەم سەلەفییەکان پێیانوایە کە لە دەقە مەزهەبییەکاندا جۆرێک ڕەهەندی جیهانی بوونی هەیە. لە

ڕوانگەی ژمارەیەک لە شیکەرەوان ئەگەر لە دەقە مەزهەبییەکاندا جۆرێک ڕێنوێنی بۆ جیهادیش بوونی نەبێت، دووبارە فەزای گشتی دەقی پیرۆز ئاماژەیە بۆ ئەوە، لەم ڕووەوە باسی ئیسلامی سەلەفی – جیهادی لە دۆخی دونیای فرەیی هاوچەرخدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی توندوتیژی بەرهەم دێنێت، لەبەر ئەوە جۆرێک پەیوەندی لە نێوان سەلەفیەت و ڕادیکالیزم لە نموونە جیاجیاکانی بوونیادگەرایی ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێت.

**بە بڕوای ئیسلامییە سەلەفی – جیهادییەکان، حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی هیچ جێگەیەکیان بۆ ئیجتیهاد نییە و شەریعەت بە گۆڕانی زەمەن و شوێن گۆڕانی بەسەردا نایەت**

لە ڕووی ئاستی زانست و جیهانبینی و جۆری ئاگاییەوە، ئێستا ئەو دۆخەی لە زانستەکانی جیهانی ئیسلامدا خەریکە بەهێز دەبێت، جۆرێک سەلەفیەت و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەگەڵ گێڕانەوەکانی خستووەتە بەرنامەی کارەوە. سەرجەم ئەو واژانەی ئەمڕۆ بوونە هۆی ئەوەی جیهانی ئیسلام و ئەندێشەی سیاسی ئیسلام بە توندی تۆمەتبار بکرێن و متمانەی موسوڵمانان و وڵاتان لەدەست بدەن، جۆرێک گێڕانەوەی نەریتی، پێوەری و ئامانجدارە کە زۆر واقیعی نین و زۆر بڕوایان بە پەند و پراگماتیزم هەیە. لەم چوارچێوەیەدا و لە بەرامبەر بە بێگانەکردنی باسی جیهانگیری، سەلەفی – جیهادییە موسوڵمانەکان جیاوازیان لە دروستکردنی ناسنامەدا دەوێت، لەم ڕووەوە بە دووبارە داڕشتنەوەی ڕادیکاڵانە بۆ ئیسلام و لە ڕێگەی جیاکاری و دوورکەوتنەوە لە زانستی مرۆیی، ناسنامەیان بەدەست دێنن. لە ئەنجامدا لەگەڵ پێکهێنانی باسی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی، ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەندێشە و کاری هەڵنەسەنگێنراو کە لە ئەپستمۆلۆجیای زۆر ڕووکاری ئەواندا ڕەگ و ڕیشەی هەیە، جیهانی ئیسلامی دووچاری دووبەرەکی، ئاژاوە و دابەشکاری دەکات. لە ڕووی مەعریفییەوە ئەوان بێ هیچ تێڕوانینێکی ئیجتیهادی و ڕەخنەیی بە شێوازی گێڕانەوە دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو و زانینیان دەگێڕنەوە بۆ کتێبی پیرۆز (قورئان) و بە زانستی خوا ناوی دەبەن. جێی باسە ئەوان بەردەوام بە ناوی خواوە قسە دەکەن و بە ڕەتکردنەوەی مێژوو و پابەندی بە دەقەکانی دونیای هاوچەرخ بە زانستێکی زۆر کەم، بێ بیستنی ڕاستییەکان و خوێندن و مەعریفە، بە باوەڕێکی تەواو، توانایەکی جددی و پراکتیکی، دەست دەکەن بە کوشتنی موسوڵمان و ناموسوڵمانەکان و مەحکوم کردنی ئیسلامی ڕاستەقینە.

ئەپستمۆلۆجی تیرۆریستان و دەربڕینی توندوتیژییە ناباوەکان، رووخسارێکی باوەڕداری لە کرداری بێ ئەندێشە بۆ ئەوان تۆمار دەکات، کە بە بەدۆزەخ کردنی دونیا، بە مەبەستی دروستکردنی بەهەشت لە خەونەکانیاندا، ڕابەرایەتی شەڕی پارتیزانی توندوتیژ دەکەن، لە کاتێکدا هاوولاتییانی وڵاتانی وەک عێراق و سوریا کەمترین توانا و ژێرخانی بژێوی و ئابووریان هەیە. ئەوان بە باوەڕە رووکەشەکەیان لە لایەکەوە موسوڵمانان لەگەڵ یەکتردا بە شەڕ دەدەن، لە لایەکی تریشەوە وڵاتانی تری ئیسلامی دووچاری دووبەرەکی دەکەن.

بەپێی دژیەکی لە نێوان دوو باسی جیهانگیری و ئیسلامی سەلەفی – جیهادی، دەتوانرێت بەڵگە بهێنرێتەوە کە ئەو واتایەی جیهانگیری بە هۆکارە جێمەبەستەکانی دەدات، لە لایەن زۆرینەی هاووڵاتییانی کۆمەڵگەی عەرەبی و بە تایبەتی سەلەفییەکانەوە ڕووبەڕووی گرفتی جددی دەکرێتەوە. هۆکارەکانی وەک هیومانیزم، ڕەتکردنەوەی رابەرایەتی و جیهاد، بڕەودان بە سیکۆلاریزم، ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتگەرایی (traditionalism)، کولتوور، لەگەڵ نەریت و باوەڕە ئایینییەکانی هاووڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرووپە جیهادییەکان و شووناسە بەرگریکارەکان یەک ناخوێنێتەوە و بێ بەشە لە مەرجەکانی متمانە پێکردن، کە (لاکلائۆ و موفە) بۆ سەرکەوتنی باسێک دەریدەبڕن.

لەم چوارچێوەیەدا پێدەچێت باسی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی بە نزیکەیی بە درککردن بە دۆخی ناسەقامگیری باسە باڵادەستەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە دروشمەکانی وەک جیهادی ئیسلامی، حکومەتی شەرعی و پاراستنی ئیسلام، لە هەوڵدایە وەڵامێک بۆ قەیرانە هەنووکەییەکە بدۆزێتەوە و دووبارە ئامانجی فەزای کۆمەڵایەتی دابڕێژێتەوە و لە ڕێگەی شیکردنەوەی دووبارەی هۆکارە لەرزۆکەکان لە هەوڵی دروستکردنی بابەتی بوونی کۆمەڵایەتی نوێدا بێت. لەبەر ئەوە باسی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی لە لایەکەوە لە ژێر کاریگەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری سەرچاوەگرتوو لە ئیسلام لەم کۆمەڵگانەدایە و ناچارە پۆلێن کردنی باسەکانی بە پشتبەستن بە خوێندنەوە ئیسلامییەکان ئەنجام بدات، لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامی کاریگەری سەپێنراوە جیهانییەکاندا، هۆکار و هێماکانی باسی باڵادەستی جیهانگیری بە تێڕوانینی لیبراڵانە لەگەڵ باسەکانی خۆیدا دژیەک ببینێت، لەم ڕووەوە هەوڵدەدات بە دارشتنی تایبەتی و تاکی ئیسلامی سیاسی، خۆی بخاتە ناو دەقی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەی سیاسییەوە و خۆی لە پەراوێزخستوویی و لەناوچوون بپارێزێت.

## دەرەنجام

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان دا بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لە سەر دەرکەوتن و پەرەسەندنی ناسنامەی سەلەفی – جیهادی لە دونیای نوێدا لێکبدەینەوە. دەرەنجامە بەدەستهاتووەکان لە توێژینەوەکە پێمان دەڵێن، کە باسی جیهانگیری لە لایەکەوە بە بەگشتگیر کردنی کولتوور و تێڕوانینی تایبەتی هەژموونی، بوار لەبەردەم بەهای باسەکانی تر بەرتەسک بکاتەوە و یەک کولتوور دەهێڵێتەوە، لەم ڕووەوە ئەو کولتوورەی دەبێتە جیهانی، کولتووری بەکاربەریی ڕۆژئاوایە، لە لایەکی ترەوە جیهانگیری بە پەکخستنی دروستکردنی ناسنامەی نەریتی، جۆرێک قەیرانی گشتگیری ناسنامە و تێگەیشتن لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی هێناوەتە بوون. لەم بارەدا باسی ئیسلامی سیاسی سەلەفی – جیهادی بە پشتبەستن بە چەمکە گشتییەکانی وەک شەریعەت، ڕابەرایەتی، جیهاد، سەلەفییەت و ڕووبەڕووبوونەوەی سیکۆلاریزم، دووبارە شوناسی ئەو سەلەفی و جیهادیانە هەموار دەکاتەوە کە کاریگەریان لەسەر دروستکردنی وێنەیەکی نەخوازراو بۆ چەمکە ئیسلامییەکان و سەپاندنی نائەمنی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

**لە پێکهاتەی سیستمی ئیسلامی سەلەفی – جیهادی، نە میکانیزمی پاشایەتی میراتگری بوونی هەیە، نە میکانیزمی دیموکراتی هەڵبژاردنی ڕابەری نوێ**

ئەوان لە پرۆسەی ئەو دروستکردنی ناسنامەیەدا بە شیکاری خۆویستانە و توندڕەوانە بۆ ئیسلام، بانگەشە بۆ (حەق) لە بەرامبەر (باطل)، ڕاپەڕین و جیهاد لە بەرامبەر بێدەنگی، گەڕانەوە بۆ سەلەف لە بەرامبەر نەزانیی (جەهالەت) مۆدێرن و ... تاد دەکەن، لە کاتێکدا کە لایەنی بەرامبەر و (بێگانە)ی ئەوان لاببەین، دەبینین خۆیان هیچ ڕاستییەکیان لەگەڵدا نییە، بەڵکو بە هاوکاری ڕۆژئاوا و بە دروستکردنی ناسنامەی بە کۆمەڵ و تێگەیشتنی قۆرخکراو، ناسنامەیەکی نوێ دروست دەکەن، بەڵام نەک بە گەڕانەوەی لۆجیکی بۆ سوننەت، بەڵکو بە واتادان بە بابەت و بەرژەوەنییە نەریتییەکان، بە مەبەستی هێنانەدی دونیایەکی یۆتۆپیایی کە تێیدا بە بڕوای ئەوان جەماوەری بێبەش و ڕۆشنبیرانی نارازی ناسنامەی نوێ بەدەستدێنن. لەبەر ئەوە تاکەکان بە پەنا بردنە بەر ناسنامەی ئیسلامی سەلەفی و

جیهادی، داوای هاوکاری لە بیری مێژوویی خۆیان دەکەن و لە بەرامبەر شەپۆلەکانی جیهانگیری، بیر لە دونیای یۆتۆپیایی و خوازیاریان دەکەنەوە. ئەم جۆرە ئەندام بوونە لە گرووپ و بزووتنەوە سەلەفی – جیهادییەکان جێگرەوەیەکی هەڵە دێنێتە بوون، کە بەپێی بەڵگە مێژوویەکان تەمەنێکی کورتی دەبێت.

**مۆدێرنە بە جاهیلیەتی سەردەمی نوێ ناودەبەن و هەندێک جارئەم تێڕوانینە لە دیدی توندڕەوە سەلەفییەکانەوە بە کوفرو بێباوەڕی هەژمار دەکرێت**

----------

**سەرچاوە:**

پژوهشهای سیاست اسلامی / سال سوم / شماره هفتم / بهار و تابستان ١٣٩٤

# کۆمەڵەی نوور و گرووپەکانی لە تورکیا

نووسین: ناوەندی توێژینەوەی ئێسسام
وەرگێڕانی: ئەحمەد قادر سیروانی

**دەستپێک**

کۆمەڵەی نوور لەلایەن زانای کوردی باکووری کوردستان سەعید نوورسی-یەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دامەزرێنراوە. سەرەڕای ڕێگرییەکانی بەردەمی ئەم کۆمەڵەیە، گرووپەکانی گەشەی فراوان و بەردەوامی بە خۆیەوە بینیوە و بە تورکیا و سەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەتەوە، لەبەرئەوە بەردەوام جێگای مشتومڕ و باسی گەرمی تورکیا و جیهانە.

سەعید نوورسی کە بە بەدیعوززەمان سەعید کوردی-ش بەناوبانگە لە ساڵی ١٨٧٧ لە گوندی (نوورس) سەر بە قەزای (هیزان)ی پارێزگای (بەتلیس)ی باکووری کوردستان لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی خوێندنی وانەکانی ئیسلامی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و دەستدەکات بە پەروەردەکردنی قوتابیان و قوتابخانەیەک بە ناوی (خورڕخوڕ Hurhur) لە شاری وان دەکاتەوە. لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی وەک

"جەنگاوەرانی خۆبەخش" لە بەرەی وان و بەتلیس دژی سوپای قەیسەری ڕووسیا جەنگاوە. دوای دەستگیرکردنی بە برینداری ماوەی نزیکەی دوو ساڵ بە بەندکراوی بەسەر دەبات و دوای ڕزگاربوونی دەگەڕێتەوە ئیستەنبوڵ و پاشان بۆ وان و ناوچەکانی خۆیان.

### کۆمەڵەی نوور

لە پاش دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا لەلایەن سەرۆک کۆمار مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لە ساڵی ١٩٢٢ داوا لە نوورسی دەکرێت ببێتە نوێنەری سەرۆک کۆمار لە ناوچەکانی باکووری کوردستان لە تورکیا، بەڵام بە هۆی ڕەتکردنەوەی داواکەی سەرۆک کۆمار، ئیدی نەفی دەکرێت بۆ باشووری خۆرئاوای تورکیا. ژیانی نوورسی بە گشتی دەکرێت بە دوو قۆناغەوە، کە قۆناغی یەکەمیان تاوەکو ساڵی ١٩٢٣ بووە و تێیدا هەوڵی داوە لە ڕێگەی چالاکی ئایینی-سیاسییەوە خزمەت بە ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگە بکات، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە "نەفرەت لە سیاسەت" دەکات و وازی لێدەهێنێت و سەرقاڵی دانانی پەیامەکانی نوور دەبێت. لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی بارلا لە باشووری خۆرئاوای تورکیا دەستدەکات بە دانانی پەیامەکانی نوور. نوورسی، پەیامەکانی نوور-ی بە وتن دەربڕیوە و ئەو کەسانەی لە دەوروبەری بوون نووسیویانەتەوە. لێرەوە ئەو نووسەرانە بوون بە قوتابییە یەکەمینەکانی پەیامەکانی نوور و هەر لێرەشەوە بناغەی کۆمەڵەی نوور دادەنرێت. پاش کۆچی دوایی نوورسی لە ٢٣ی ئازاری ١٩٦٠ وردە وردە بە هۆی ڕاجیایی و جیاواز لێکدانەوەی دەقەکانی ناو پەیامەکانی نوور، جیابوونەوە کەوتووەتە ناو قوتابییە یەکەمینەکانی کۆمەڵەی نوور. پاش کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٦٠ لە تورکیادا، لەلایەن فەرماندە سەربازییەکانی ئەو کاتەی سوپای تورکیاوە لە ترسی کۆبوونەوەی قوتابیانی نوور و دروستبوونی خۆپیشاندان گۆڕی نوورسی هەڵدراوەتەوە و جەستەکەی بۆ شوێنێکی نادیار لە تورکیا گوێزراوەتەوە، کە تەنها عەبدوڵمەجید-ی برای و چەند قوتابییەکی تایبەتی نوورسی دەزانن.

ئەوانەی بە شێوەیەکی ئەرێنی لە کۆمەڵەی نوور دەڕوانن، پێیانوایە کۆمەڵەی نوور توانیویەتی کەسێتی تاکی موسوڵمان بپارێزێت لە هێرشی بێباوەڕان و ئەو تەوژمانەی لە جیهانی خۆرئاواوە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابرووودا هاتوونەتە ناو جیهانی ئیسلامییەوە. هەروەها گرووپەکانی سەر بە کۆمەڵەی نوور پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەدا دروستکردووە و لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نوور کە دانراوی ڕابەری ئەم گرووپانە بەدیعوززەمان سەعید نوورسی-یە، تەفسیرێکی تازەی سەردەمیانەی گونجاو لەگەڵ گیانی زانست و

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا پێشکەش بە خەڵکی بکەن. ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ڕەواندنەوەی گومانەکان لەسەر پایەکانی ئیمان و ئیسلام، یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات بۆ پەروەردەی دەروون، تێکۆشان لە پێناوی ئیسلام، یەکێتی ئوممەتی ئیسلامی، برایەتی، خۆشەویستی نیشتمان و پەروەردەیەکی تەندروستی گەنجان. لەم چوارچێوەیەدا پەیامەکانی نوور و گرووپە جیاوازەکانی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا.

پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش ئەوانەی کە بە شێوەیەکی نەرێنی لە خودی سەعید نوورسی و پەیامەکانی نوور و گرووپە جیاوازەکانی سەر بەم کۆمەڵەیە دەڕوانن، پێیانوایە خودی سەعید نوورسی پێویستی بە قسە لەسەر کردنە، هەندێک لە پەیامەکانیشی پێوستی بە لێکۆڵینەوە و تەتەڵەی ورد هەیە و لەو شوێنانەدا کە زیادەڕەوی (افراط)، یاخود کەمڕەوی (تفریط)ی تێدایە ڕاستبکرێنەوە. جگە لەوەش ئەمانە تێبینی دیکەیان لەسەر گرووپەکانی سەر بە کۆمەڵەی نوور هەیە و پێیانوایە ئەو گرووپانە کۆمەڵێک تایبەتمەندییان هەیە، کە بنەمای دامەزراندنی ئەو گرووپانەن، ئەو تایبەتمەندییانەش دەکرێت لەم خاڵانەدا بخرێنەڕوو:

١. گرووپەکانی سەر بە کۆمەڵەی نوور پێیانوایە تاوەکو کۆتایی دونیا خزمەتی ئیسلام لە ڕێگەی پەیامەکانی نوور و گرووپەکانی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت، خودی سەعید نوورسی و پەیامەکانی نوور ئەرکی ئیمام مەهدی جێبەجێ دەکەن، تاوەکو هاتنی محەممەدی مەهدی خۆی.

٢. باسکردنی ئەو مزگێنییە مەعنەوییانەی بە خودی سەعید نوورسی دراون و ڕاسپاردنی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی "ڕزگارکردنی ئیمانی خەڵک" وەک ئەرکی سەرشانی. پاراستن و ڕزگاربوونی نوورسی لە چەندین بەڵا و موسیبەت بە هۆی ڕەحمەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و ئیلهام وەرگرتن لەو کەسایەتییە.

٣. تەماشاکردنی نوورسی وەک تازەکەرەوەی ئایین (مجدد).

٤. بەرز و پیرۆزکردنی نوورسی لە ڕێگەی کۆمەڵێک پیاهەڵدانی پڕ لە زیادەڕەوی (موبالەغە). تەنانەت نیشاندانی خۆشەویستییەک بۆ سەعید نوورسی کە هیچی کەمتر نییە لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) و بگرە تاماشاکردنی نوورسی وەک پێغەمبەرێک.

٥. باسکردنی ژیانی نوورسی پڕ لە ڕووداوی لە عادەتبەدەر و پیرۆزی ڕەفتارەکانی، بۆ نموونە بانگەشەکردن بۆ (فێربوونی ئەو زانست و وانانەی کە قوتابی لە حوجرەدا بە ماوەی ١٥ ساڵ فێریان دەبێت لە ماوەی ٣ مانگدا و وتنەوەی ئەو وانانە وەک مامۆستایەک).

٦. نیشاندانی نوورسی وەک گەورەترین

زانای ئیسلامی و تەنانەت جیهانیش لە دوای پێغەمبەری ئیسلام (د. خ).

٧. پێیانوایە کە نوورسی و پەیامەکانی نوور دەتوانن گفتوگۆ و موناقەشە لەگەڵ زانا و زانستەکانی سەردەمدا بکەن و وەڵامی تەواوی پرسیارەکانیان بدەنەوە.

٨. سەرەڕای ئەوەی لە وانەکانیاندا بەردەوام باس لە برایەتی موسوڵمانان دەکەن، بەڵام لە کاتی ئەو وانانەدا دواجار بە جۆرێک قسە دەکرێت، بەشدار بوو هەست دەکات شوێنکەوتەی گرووپێکی دیاریکراوە.

جگە لەم ڕەخنانەی کە لە گرووپەکانی سەر بە کۆمەڵەی نوور و ئەندام و پشتیوانانیان هەیە، ئەوانەی کە بە نەرێنی لەم کۆمەڵەیە دەڕوانن کۆمەڵێک گومانیان لە خودی پەیامەکانی نوور هەیە، کە بریتین لە:

١. باسکردنی زمانی ئاماژە لە ئایەتەکانی قورئانەوە لە پەیامەکانی نووردا، بە جۆرێک لە هەندێک شوێنی ئەو پەیامانەدا باس لەوە کراوە کە هەندێک ئایەتی قورئان بە زمانی ئاماژە، ئاماژەیان بۆ هاتنی سەعید نوورسی و نووسینەوەی پەیامەکانی نوور داوە.

٢. باسکردنی ئەو بابەتانەی کە وەک ئیلهام بۆ دڵی نوورسی هاتوون پەسەندکردنی وەک بەشێک لە زانست و حوکمێکی ئایینی لەلایەن شوێنکەوتوانی نوورسی-یەوە.

٣. بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە پەیامەکانی نوور ئیلهامێکی خودایيە و سەعید نوورسی تەنها ئەو ئیلهامانەی دەربڕیوە و قوتابییەکانی نووسیویانەتەوە. هەروەها هەوڵدانی خەلیفەی چوارەمی موسوڵمانان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و شێخ عەبدولقادری گەیلانی سەبارەت بە هاتنی نوورسی و دانانی پەیامەکانی نوور لەو سەردەمەدا.

٤. هیچ نووسراو و دانراوێکی دیکە لە ئاستی پەیامەکانی نووردا نابینرێت. هێندە پلەی بەرز و پیرۆزی بە پەیامەکانی نوور دراوە کە نابێت هیچ کەسێک ڕەخنەیان لێبگرێت.

٥. خوێندنەوە و تەماشاکردنی پەیامەکانی نوور وەک موعجیزەیەکی مەعنەوی قورئان.

٦. پەیامەکانی نوور بە هۆکاری گێڕانەوەی بەڵا و موسیبەتەکان دادەنرێت بۆ ئەو کەسانەی دەیخوێننەوە، تەنانەت سزادانی ئەو کەسانەی کە دژایەتی پەیامەکانی نوور دەکەن لەلایەن خوداخۆیەوە هەر لە دونیادا.

**گرووپەکانی سەر بە کۆمەڵەی نوور پێیانو ایە تاوەکو کۆتایی دونیا خزمەتی ئیسلام لە ڕێگەی پەیامەکانی نوورو گرووپەکانی ئەو انەوە ئەنجام دەدرێت.**

لە دوای کۆچی دوایی سەعید نوورسی لە ٢٣ ئازاری ١٩٦٠، کۆمەڵەی نوور دابەش بوو بۆ چەندین گرووپ و تاقمی جیاواز، بەردەوامیش گرووپی نوێ وەک بەشێک لە کۆمەڵەی نوور دەردەکەون. هۆکاری ئەم دابەشبوون و جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. چاپکردنی پەیامەکانی نوور بە زمانی تورکی نوێ بێت، یاخود بە زمانی تورکی عوسمانی.(١)

٢. نووسین و چاپکردنی پەیامەکانی نوور بەو شێوازە ڕەسەنەی خۆی کە نووسراوەتەوە بەردەوام بێت، یاخود سادە بکرێتەوە و ڕاڤەی هەندێک لەو پەیامانە بۆ نەوەی نوێ بکرێت.

٣. بەشداریکردنی کاروباری سیاسی لەلایەن ئەندام و پشتیوانانی کۆمەڵەی نوور و چوونە ناو پرۆسەی سیاسی کۆمەڵەی نوور و دروستکردنی حزبی سیاسی.(٢)

٤. دەرخستن و جەختکردنەوە لەسەر کوردبوونی سەعید نوورسی نازناوەکەی (نوورسی، یاخود کوردی) یاخود چاولێنوقاندنی.

٥. مەسەلەی کورد لە تورکیا، لەگەڵ بانگەشەی ئایینییدا کارکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیادا و باسکردنی بابەتە نەتەوەییەکان لەپاڵ وانەکانی پەیامەکانی نووردا.

٦. ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەندێک دەستەواژە و دەربڕینی ناو پەیامەکانی نوور ئەنجامدران، بە تایبەتی ناکۆکی قووڵ لە نێوان گرووپەکانی کۆمەڵی نووردا هەبووە لەسەر هەردوو دەستەواژەی "کورد و کوردستان".

گرووپەکانی سەر بە کۆمەڵەی نوور بە گشتی بریتین لە هەشت گرووپی سەرەکی کە ئەندام و لایەنگریان هەم لە تورکیا و هەم لە ئاستی جیهاندا هەیە.

### گرووپەکانی کۆمەڵەی نوور

### یەکەم: گرووپی کرکینجی (مەهمەت کرکینجی)

مەهمەت کرکینجی یەکێک بووە لە قوتابیانی سەعید نوورسی و وەک ڕابەری ئەم گرووپە ناسراوە. کرکینجی ساڵی ١٩٢٨ لە شاری ئەرزڕۆم لە باکووری خۆرهەڵاتی تورکیا لەدایک بووە. ئەندام و لایەنگرانی ئەم گرووپە خۆیان وەک (گرووپی ڕاوێژ) دەناسێنن. مەهمەت کرکینجی ماوەیەکی زۆر لە قوتابخانە ئیسلامییەکاندا سەرقاڵی خوێندن بووە. ساڵی ١٩٥٥ لە شاری ئیسپارتا لە باشووری خۆرئاوای تورکیا لەگەڵ سەعید نوورسی یەکتر دەناسن. کرکینجی تاوەکو مردنی لە شاری ئەرزڕۆم لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ وانەی پەیامەکانی نووردا وانەی ئیسلامی و زمانی عەرەبی وتووەتەوە. لە ٢٤ شوباتی ساڵی ٢٠١٦ کرکینجی کۆچی دوایی کردووە.

### دید و بۆچوونی گرووپی کرکینجی

ئامانجی سەرەکی گرووپی کرکینجی خزمەتکردنی ئیمان و ئیسلامە لە چوارچێوەی پەیامەکانی نووردا. بەپێی بۆچوونی شوێنکەوتووانی ئەم گرووپە سەعید نوورسی شوێنگرەوەیەکی ڕاستەقینەی زانایانی پێشووی ئیسلام و نوێکەرەوەی (مجدد) ئیسلامە. لەبەرئەوەی "لە ٣٣ ئایەتی قورئاندا ئاماژە بە هاتنی سەعید نوورسی و دانانی پەیامەکانی نوور لەلایەن ئەو زانایەوە" دراوە. کرکینجییەکان پێیانوایە "سەعید نوورسی ئەو ڕێبەرە مەزنەیە کە چاوەڕێ دەکرێت لە کۆتایی جیهاندا بێت"! جگە لەمانەش ئەوانەی لەگەڵ ئەم گرووپەدان وایدەبینن سەعید نوورسی کەسێکی پیرۆزە کە بە تەواوی و دڵسۆزی لە پێناوی خودا ژیاوە و لە لایەن خوداوە بە تایبەتی ئەرکی ڕزگارکردنی ئیمانی خەڵکی پیسپێردراوە.

مەهمەت کرکینجی پێیوایە کە "پەیامەکانی نوور لەژێر چاودێری و پاراستنی خودا خۆیدایە، لەبەرئەوە لە بابەتە بنەڕەتییەکانی ناو پەیامەکانی نووردا ناکرێت گۆڕانکاری بکرێت و دەستکاری دەستەواژە بنەڕەتییە بەکارهاتووەکانی ناو ئەو پەیامانە بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی وشەی کوردستان وشەیەکی بنەڕەتی و گشتی (کلی) نییە و دەکرێت وەک دەستەواژەیەکی بەشی (جزئی) تەماشا بکرێت و هەروەها بۆ ئەوەی وشەی کوردستان بە هەڵە لە پەیامەکانی نووردا بەکارنەهێنرێت و خوێندنەوەی جیاواز و دوور لە مەبەستە بەکارهێنراوەکانی خۆی بۆ نەکرێت و هەڵە تێگەیشتن ڕوونەدات، هەم وشەی کوردستان و هەم چەند دەستەواژەیەکی دیکەی ناو پەیامەکانی نوور لە لایەن خودی سەعید نوورسییەوە دەرکراون" و بە دەستەواژەی هاوواتا، یاخود واتای نزیک لەوانە جێگایان پڕکراوەتەوە.

### چالاکییەکانی گرووپی کرکینجی

چالاکییەکانی گرووپی کرکینجی لەژێر چەتری وەقفی(٣) پەروەردە و کولتووری ئەرزڕۆم، وەقفی سوفا، ڕێکخراوی زانست و گەشەپێدانی فەییاز ئەنجام دەدرێت. ئەم گرووپە کە زیاتر بایەخ بە بابەتی پەروەردەیی دەدات لە ڕێگەی ڕێکخراوی زانست و گەشەپێدانی فەییاز-ەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بە ١٥ زمانی جیاواز کار و چالاکی و وانەکانی بڵاودەکاتەوە.

### هەڵسەنگاندن

گرووپی کرکینجی لەگەڵ ئەوەی خۆیان بە ئەهلی سووننەت و جەماعەت دەزانن، بەڵام پێیانوایە لە قورئاندا لە چەندین ئایەتدا ئاماژە بە هاتنی سەعید نوورسی دراوە و پەیامەکانی نوور-یش لە ژێر چاودێری پاراستنی خودادایە. تەنانەت ئەم گرووپە سەعید نوورسی-یان لە

ئاستی ئیمامی غەزالی، ڕازی، ئیبن ڕوشد، ئیبن سینا و مەولانای ڕۆمی داناوە و وەک نوێکەرەوەی ئایین تەماشای دەکەن. تەنانەت پێیانوایە نوورسی لە کۆتایی جیهاندا بە تایبەت ئەرکی ڕزگارکردنی ئیمانی لەلایەن خوداوە پێسپێردراوە.

**لە دوای کۆچی دو ایی سەعید نوورسی لە ٢٣ی ئازاری ١٩٦٠، کۆمەڵەی نوور دابەشبوو بۆ چەندین گرووپ و تاقمی جیاواز.**

### دووەم: گرووپی مێد- زەهرا (م. سدیق شەیهانزادە)

م. سدیق شەیهانزادە و عیزەدین یڵدرم بەهۆی ئەوەی پێیانوابوو لەلایەن گرووپی (ئاسیای نوێ) کە یەکێکە لە گرووپەکانی کۆمەڵەی نوور گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی پەیامەکانی نووردا کراوە، کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە لابراوە و سانسۆر خراوەتە سەر کوردبوونی سەعید نوورسی و ئەو بۆچوون و دەستەواژانەی دەربارەی کورد دەریبڕیوە، ساڵی ١٩٧١ لە گرووپی ئاسیای نوێ جیابوونەوە و گرووپی مێد-زەهرایان دامەزراند. دواتر ئەم گرووپە لەلایەن عیزەدین یڵدرم بۆ ماوەی چەندین ساڵ ڕابەرایەتی کراوە، بەڵام عیزەدین یڵدرم-یش پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٠ بکوژرێت لەم گرووپە جیابووەتەوە و (گرووپی زەهرا)ی دامەزراندووە. م. سدیق شەیهانزادە-یش لە ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردووە.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم گرووپە وەک خودی سەعید نوورسی هەوڵی بێوچانی بۆ داوە و پێش مردنیشی وەسیەتی کردووە، دامەزراندنی زانکۆیەکە لە شاری وان لە باکووری کوردستان بە ناوی زانکۆی زەهرا(٤) هاوشێوەی زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرەی پایتەختی میسر.

گرووپی مێد-زەهرا لە ڕێگەی وەقفی مێد-زەهرا چالاکییەکانی ئەنجامدەدات. ناوەکەشیان لە ناوی ئەو زانکۆیەوە وەرگرتووە کە سەعید نوورسی وەسیەتی کردووە لە شاری وان دروستبکرێت و ناو بنرێت "مەدرەسەی زەهرا"، گرنگترین تایبەتمەندی ئەم گرووپە ئەوەیە کە بە سەدان نووسەر، ڕۆشنبیر، مامۆستای زانکۆ و کەسایەتیی ئەندام و سەردانیکەری ئەم گرووپەن و شەوانە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە و وانەکانی پەیامەکانی نوور سەردانی مەدرەسە و ناوەندەکانی گرووپی مێد-زەهرا دەکەن.

### دید و بۆچوونەکانی گرووپی مێد-زەهرا

گرووپی مێد-زەهرا زۆر جەخت لەسەر ناوەندێتی پەیامەکانی نوور دەکەنەوە، بەو واتایەی سەرجەمی مەبەست و ئامانجەکانیان لە چوارچێوەی خزمەتکردنە بە پەیامەکانی نوور و بڵاوکردنەوەیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا

خۆیان بە ئەهلی سووننەت و جەماعەت دەزانن. خودی سدیق شەیهانزادە دژی سەرجەمی ئەو سیستمە ئایینی، سیاسی، ئابووری و کارگێڕییانە بووە کە داهێنراوی دەستی مرۆڤ بوون و وەک بەشێک لە کوفر و بێباوەڕی لێی ڕوانیون.
یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتی و سەرکییەکانی چارەسەرکرنی ئاشتییانەی کێشەی کوردە لە تورکیا لە سایەی بنەما و بەها باڵاکانی ئایینی ئیسلامدا. بۆ ئەم مەبەستەش کاریان کردووە و تەنانەت مێد-زەهرا لە ئێستادا یەکێکە لەو گرووپە ئیسلامییانەی لە تورکیا بە خاوەنی کێشەی کورد و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دادەنرێت. جگە لەمانەش گرووپی مێد-زەهرا بە خاوەنی بیرۆکەی "دروستکردنی کوردستان و دەوڵەتی کوردی ناچارییە و ئیسلامیبوونی ئەو دەوڵەتە خەون و خەیاڵە" دادەنرێت. شوێنکەوتوانی ئەم گرووپە بەردەوام جەخت لەسەر دروستکردنی زانکۆی زەهرا (مەدرەسەی زەهرا) دەکەنەوە، کە گەورەترین ئاوات و ئامانجی بەدینەهاتووی سەعید نوورسی بووە. چونکە بە پێی بۆچوونی ڕابەر و سەرکردە و پەیڕەوانی ئەم گرووپە "بوونی زانکۆیەکی لەو جۆرە لە شاری وان و بەو تایبەتمەندییانەی سەعید نوورسی بۆی دیاریکردووە، کورد و کوردستان ڕزگار دەکات لە پارچە پارچەبوون و دووبەرەکی، لە هەمانکاتدا دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ پەروەردەی تاکی کورد و کرانەوەی کوردستان بە ڕووی جیهان بە گشتی و وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەتی، جگە لەوەش ئەم زانکۆیە پاڵپشتێکی بەهێز دەبێت بۆ ناساندنی زیاتری کورد و کێشەکانی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی". بەمجۆرە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە سایەی ئەم زانکۆیەدا یەکدەگرن.
گرووپی مێد-زەهرا بەهۆی جەختکردنەوەی بەردەوامی لەسەر مەسەلەی کورد لە تورکیادا، هەروەها لە هەندێک بارودۆخدا پێشخستنی کوردایەتی و کوردبوونی سەعید نوورسی بە سەر موسوڵمانێتیدا، وایکردووە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتدا ساردوسڕ بێت. لە هەمانکاتدا هەر ئەم هەڵوێستانەی گرووپی مێد-زەهرا پەیوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی تورکیا بە گشتی و گرووپەکانی دیکەی نوور بە تایبەتی کاڵوکرچ کردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بۆ سەر دەسەڵات لە تورکیا و ڕاگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە ڕێگەی ئاشتییانە و گفتوگۆ، گرووپی مێد-زەهرا بە ڕوونی پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ ئەو پرۆسەیە و پارتی داد و گەشەپێدان دەربڕی. لەلایەکی تریشەوە لە ململانێکانی پارتی داد و گەشەپێدان و گرووپی فەتحوڵڵا

گولەن(٥)، مێد-زەهرا پشتیوانیان لە ئاکەپە و حکومەت کردووە.
لەگەڵ ساردوسڕی پەیوەندییەکانی گرووپی مێد-زەهرا لەگەڵ حکومەتدا، بەهۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار مۆڵەتی چاپکردنی پەیامەکانی نوور لەناو گرووپەکانی کۆمەڵەی نوور-دا لەلایەن سەرۆکایەتی کاروباری ئایینەکان بەم گرووپە دراوە، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو سەرۆکایەتییەدا توندوتۆڵە. سەرەڕای ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەشیان گرووپی مێد-زەهرا بە توندی ڕەخنەیان لەو گۆڕانکارییانە گرت کە لەلایەن سەرۆکایەتی کاروباری ئایینەکانی تورکیا-وە کراوە لەو چاپەی کە لەلایەن ئەو سەرۆکایەتییەوە کرابوو.(٦)
گرووپی مێد-زەهرا لەبەرئەوەی جەختی زۆریان لەسەر کوردبوونی سەعید نوورسی و کوردایەتی کردووەتەوە لە ناوچەکانی باکووری کوردستان، خەڵکی ئیسلامیی و ڕاستڕەوی ئەو ناوچانە بە ئاسانی پشتیوانیان دەکەن. تەنانەت ئەم گرووپە لە چاپکردنی زۆربەی پەیامەکانی نوور-دا ناوی نووسەرەکەیان بە سەعید کوردی نووسیوە. هەر لەبەر ئەم بۆچوونانەشی پەیوەندی ئەم گرووپە لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی نوور زۆر ساردوسڕە و تا ڕادەی پچڕانیش ڕۆیشتووە. تەنانەت لەبەر جەختکردنەوەی بەردەوام و توندی لەسەر مەسەلەی کوردایەتی لە شارەکانی خۆرئاوای تورکیا کە زۆرینەی دانیشتوانی بە ڕەگەز تورکن، زۆر بە کەمی پشتیوانی لێ دەکرێن، ئەوانەشی لەو شارانەدا پشتیوانی لە مێد- زەهرا دەکەن زۆربەیان بە ڕەگەز کوردن.
ئەم گرووپە، پشتیوانی تەواوی خۆیان بە ئاشکرا و ڕوونی بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان "باکووری عێراق" کە لە ٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧ ئەنجامدرا، دەربڕیوە. تەنانەت لە ماوەی بانگەشەی ڕیفراندۆم و ماوەیەکیش دوای کۆتایی هاتنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دەستەواژەی "سەرۆک کۆماریان " بۆ سەرۆکی ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی دەردەبڕی.

**مێد-زەهرا لە ئێستادا یەکێکە لەو گرووپە ئیسلامییانەی لە تورکیا بە خاوەنی کێشەی کورد و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دادەنرێت**

## چالاکییەکانی گرووپی مێد-زەهرا

ئەم گرووپە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕێگەی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تۆڕێکی فراوانی کار و چالاکییان هەیە و لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نوور لەو سایت و تۆڕانەدا دەستێکی باڵایان هەیە. جگە لەوەش ئەم گرووپە "گۆڤاری داڤا Dava Dergisi" دەردەکات. هەروەها خاوەنی ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی

تەنویر-ە، کە پەیامەکانی نوور بەو جۆرەی ئەم گرووپە پەسەندی دەکات و گۆڤاری داڤا و هەر بڵاوکراوەیەکی پەیوەست بە گرووپەکە چاپ و بڵاودەکاتەوە.

## هەڵسەنگاندن

جەختکردنەوەی بەردەوام لە سەر کوردبوونی سەعید نوورسی، چاپکردنی پەیامەکانی نوور بە بەرگێکی کوردانە، پێشخستنی مەسەلەی نەتەوایەتی و کوردایەتی بەسەر مەسەلە ئیسلامییەکاندا. جەختی بەردەوامی لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و کوردستان و (بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ) ئەو دەوڵەتەش هەرچەندە زەحمەت بێت و لە مەحاڵەوە نزیک بێت بەپێی بنەماکانی دەوڵەتی ئیسلامی دروستبکرێت و بەڕێوەببرێت، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم گرووپەیە و بەمانە لە گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵەی نوور جیادەکرێتەوە. لەم ڕێگەیەوە ئەم گرووپە خاوەن سیاسەتێکی جوداخوازی و ڕەخنەگری بەردەوامە و هەمیشە لە بەرەی "ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی" بەرامبەر حکومەت و دەسەڵات و دەوڵەتی تورکیا چالاکی ئەنجام دەدات.

## سێیەم: گرووپی خوێنەرەوەکان (زوبێر گوندوزئالپ)

ڕابەری ئەم گرووپە زوبێر گوندوزئالپ ساڵی ١٩٢٠ لە (کارمان/ ئێرمەنەک) لەدایک بووە و بە یەکێک لە قوتابییە ڕاستگۆ و یەکەمینەکانی سەعید نوورسی و لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی نوور دادەنرێت. زوبێر گوندوزئالپ ساڵی ١٩٤٤ کاتێک فەرمانبەر بووە لە شاری قۆنیا ئاشنا بووە بە پەیامەکانی نوور. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٦ سەردانی سەعید نوورسی لە شارۆچکەی (ئەمیرداغ) سەر بە پارێزگای (ئافیۆن) کردووە. ساڵی ١٩٥٣ زوبێر گوندوزئالپ واز لە کاری فەرمانبەری دەهێنێت و خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتی پەیامەکانی نوور و تاوەکو مردنی بەردەوام دەبێت. ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی کردووە.

## دید و بۆچوونەکانی گرووپی خوێنەرەوەکان

ئەم گرووپە بە پێچەوانەی گرووپی نووسەرەوەکان کە پێیانوابوو دەبێت پەیامەکانی نوور بەدەست و بە زمانی تورکی عوسمانی بنووسرێتەوە، گرووپی خوێنەرەوەکان پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکات کە پێیوایە دەبێت پەیامەکانی نوور بە پیتی لاتینی بنووسرێتەوە و لە پێناوی خێراتر بڵاوبوونەوە و ئاسانی خوێندنەوەیدا لە چاپخانە چاپ بکرێت. وەک گرووپەکانی دیکەی نوور ئەم گرووپەش پەیامەکانی نوور-ی وەک ناوەندی چالاکی و بڵاوکردنەوەکانی داناوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و وانەکانیان لەسەر ئەو پەیامانەن. لەم چوارچێوەیەشدا

بایەخێکی تایبەت بە پەیامەکانی نوور دەدەن. تا ئەو ڕادەیەی وەک "کتێبێکی پیرۆز" لەم پەیامانە دەڕوانن. جگە لەوەش یەکێک لە بۆچوونە سەرەکەییەکانی ئەم گرووپە ئەوەیە کە سەعید نوورسی مەهدی و تازەکەرەوەی سەدەی بیستەم و تا هاتنی ڕۆژی دوایی بووە.

گرنگترین ئەو چالاکییانەی ئەنجامی دەدات بریتین لە: چاپکردنی پەیامەکانی نوور و دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی، وەرگێڕانی پەیامەکان بۆ سەر زمانە جیاوازەکانی جیهان، هەر لەم چوارچێوەیەشدا پشتیوانی تەواوی مامۆستا فاروق ڕەسووڵ یەحیا-یان (وەرگێڕی پەیامەکانی نوور بۆ زمانی کوردی/ سۆرانی) کردووە و پەیوەندی پتەویان لەگەڵیدا هەیە و ساڵانە هەردوولا سەردانی یەکدی دەکەن.

**کارو چالاکییەکانی گرووپی خوێنەرەوەکان**

کردنەوەی خانوو و ناولێنانی بە "دەرسخانە" یاخود "مەدرەسە" کە تێیدا پەیامەکانی نوور-ی تێدا دەخوێنرێتەوە و وەک وانە دەوترێنەوە و قوتابیانی زانکۆش لەو خانوانەدا دەمێننەوە. لەم ساڵانەی دواییدا دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سایتە ئینتەرنێتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکان و کار و چالاکییەکانیان. ئەنجامدانی سیمینار و پانێڵی نێودەوڵەتی و نیشتمانی یەکێکی دیکەیە لە چالاکییە سەرەکی و بەردەوامەکانی ئەم گرووپە.

**هەڵسەنگاندن**

گرووپی خوێنەرەوەکانیش بایەخێکی زۆر تایبەت بە سەعید نوورسی و پەیامەکانی نوور دەدەن و تا ئاستی پیرۆزی لێی دەڕوانن. وەک لە گرووپەکانی دیکەیشدا هەیە لەم گرووپەشدا بایەخی زۆر بە ڕابەر و سەرکردایەتیکردن و بابەتەکانی (کەشف و مەعنەوی و خەوبینین و گێڕانەوەی) دەدرێت. هەروەها بابەتەکانی کەرامات و ڕێزلێنانی خودایی بەستراوەتەوە بە بابەتی مەهدی و تازەکەرەوەی ئایین و بەردەوام لای ئەم گرووپە لە نێوان خۆیاندا باسی لێوەدەکرێت، بەمجۆرە بۆچوونەکانی سەعید نوورسی و پەیامەکانی نوور وای لێهاتووە نابێت لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و بەدواداچوون و گفتوگۆ و موناقەشەی لەسەر بکرێت. بەڵکو تەنها دەبێت بخوێنرێتەوە و وەربگیرێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شوێنکەوتوانی تەسلیم ببن و هەر شتێک لە پەیامەکانی نوور و مەدرەسەکانی ئەم گرووپەوە بوترێت ڕاستەوخۆ وەریبگرن.

**چوارەم: گرووپی تاهشیەجییەکان (محەممەد دۆغان)**

دامەزرێنەری ئەم گرووپە محەممەد دۆغان (مەلا محەممەد ئەلکەرسی) لە ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی (کەرس) سەر

بە قـەزای (ڤـارتـۆ) لـە پارێزگای مـووش لەدایکبووە. لای باوکی دەستی بە خوێندنی زانستی کـردووە و نزیکەی ١٥ سـاڵ لای چەنـدین مامۆستا وانـەی مـەدرەسـەی خـوێـنـدووە. لـە سـاڵی ١٩٧٣-١٩٩٨ لە مزگەوتی ناوەنـدی مـووش وەک ئیمام و خەتیپ کاری کـردووە و لـە ساڵی ١٩٩٨ خۆی خانەنشین کردووە.

دەوتـــرێـــت مـحـەمـەد دۆغـــان لە شەستەکانی سـەدەی ڕابـردوودا کاتێک خوێندکار بووە ئاشنای پەیامەکانی نوور بـووە ئەم پەیامانە بۆ ماوەیەکی زۆر بیر و مێشکیان داگیر کـردووە، هـەر بۆیە پێش تـەواوکـردنی خـوێـنـدن سـەرجـەمی پـەیـامـەکـانی نــوور-ی خـوێـنـدووەتـەوە و ڕێـژەیـەکـی زۆری ئـەو پـەیـامـانـەی لەبەرکردووە.

## دید و بۆچوونەکانی گرووپی تاهشیەجییەکان

گرووپی تاهشیەجییەکان لـەگـەڵ ئەوەی بایەخێکی تایبـەت بـە پـەیامەکانی نـوور دەدەن، بە شـانـازییـەوە جـەخـت لـەسـەر "نووربوونی" خۆیان دەکەنەوە و بە ئاشکرا دەستەواژەی "ئێمە نوورین"، یاخود "ئێمە کۆمەڵەی نـوورین" دووبـارە دەکـەنـەوە. ئـەمـەش تـایبـەتـمـەندییـەکی گـرنـگ و سەرەکی ئەم گرووپەیە کە لە گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵەی نـووری جیادەکاتەوە. (٧) هـەروەهـا پێیـانـوایە تایبەتمەندی "مەعصومیەت- بێکەموکوڕی" تەنها تایبەتە بە پێغەمبەران. بەدەر لەمانە تەنانەت هاوەڵانی پێغەمبەریش (د. خ) و زانایانی ئیسلامیش بێ کەموکوڕی نین.(٨) لەلایەکی دیکەوە ئەم گرووپە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مەبەستی سەرەکی ئەوان زۆربوون و کۆکردنەوەی ئەندام و لایەنگر نییە و خەڵکی بۆ مەشرەب و ڕێباز، یان گرووپێکی دیاریکراو بانگ ناکەن. لەلایەن خودی خۆیانەوە بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەیوەندییان لەگەڵ هیچ گرووپ و پارت و ڕێکخراوێکی سیاسیدا نییە و ئەمەشیان بە تایبەت بەو کەسانە ڕاگـەیـانـدووە. کـە پشـتـیـوانیـان دەکـەن، لە پێناوی ئەوەی کە پشتیوانەکانیشیان پەیوەندی لەگەڵ هیچ گرووپ و پارتێکی سیاسیدا دروست نەکەن.

**تاهشیەجییەکان دەمێکە لەگەڵ گرووپی فەتحوڵڵا گولەن بە هۆی جیاوازی بۆچوونەوە ناکۆکیان هەیە و هەندێکجاریش سەریکێشاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان**

لـەلایـەکی دیـکـەوە تـاهـشـیـەجـیـیـەکان دەمێکە لەگەڵ گرووپی فەتحوڵڵا گولەن بەهـۆی جـیـاوازی بـۆچـوونـەوە ناکـۆکـیان هـەیـە و هـەنـدێـکجـاریش سـەریـکـێـشـاوە بـۆ ڕووبـەڕووبــوونــەوە و پـێـکـدادان و تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی پۆلیس

بکەوێتە نێوان لایەنگرانی ئەو دوو گرووپەوە، لەمەش زیاتر لە دادگاکانی تورکیا دۆسیەیەک بە ناوی "دۆسیەی تاهشیەجییەکان" کراوەتەوە و بەردەوام دۆسیەی تازە دروست دەبێت لە نێوانیاندا. بەگشتی خاڵی ناکۆکی نێوان ئەم دوو گرووپە، یاخود ڕەخنەکانی گرووپی تاهشیەجی لە گرووپی فەتحوڵڵا گولەن لەم خاڵانەدا کۆدەکرێتەوە:

١. لابردنی دەستەواژەی (محمد رسول الله) لە ناو "دەستەواژەی تەوحید/ شایەتومان"دا، کە مرۆڤی ناموسوڵمان بەو دەستەواژەیە موسوڵمان دەبێت و موسوڵمانانیش و بە تایبەت گرووپەکانی نوور زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە و وەک زیکر و پاڕانەوەیەک بەردەوام دەیڵێنەوە.

٢. گرووپی فەتحوڵڵا گولەن پێیان وای "مەسیحی و جولەکەش بەهەشتین".

٣. کۆکردنەوەی خێر و زەکات و خەرجکردنی بۆ دەزگا جیاوازەکانی گرووپی فەتحوڵڵا گولەن، لە کاتێکدا گرووپی تاهشیەجی پێیانوایە "بە پشتبەستن بە دەقەکانی ئیسلام خێر و زەکات تەنها بە هەژاران دەدرێت".

٤. بچووککردنەوەی فەرمانی خودایی "لەچککردن، واتە سەرداپۆشینی کچان و ئافراتان" بۆ بابەتە لقییەکانی (فرعی) ئیسلام و تا ڕادەیەک ڕەوایەتی دان بە "بێ سەرپۆشی (سفوری)" لە کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا ئەوەش فەرمانێکی خوداییە و لە قورئاندا بڕیاری لەسەر دراوە.

٥. سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەربارەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی ئایینەکان بە پاساوی پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

٥. هاوسەرگیری پێکردن، یاخود ڕەوایەتی دان بە هاوسەرگیریکردنی کچی موسوڵمان لەگەڵ کوری مەسیحی-دا، ئەمەش بە ئاشکرا دژایەتیکردنی فەرمانی خوداییە.

٦. لە ڕێگەی دامەزراندنی بانقی بازرگانییەوە گرووپی فەتحوڵڵا گولەن کەوتوونەتە ناو دۆخی سوو وەرگرتنەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان فەتوای حەڵاڵی ئەو کارەیان دەرکردووە.

٧. بە بیانووی سادەکردنەوە و ئاسانکردنی تاوەکو نەوەی نوێ بە ئاسانی لێیان تێبگات گۆڕانکاری و دەستکاریکردن و تێکدانی دەستەواژە و مانا و مەبەست و ناوەرۆکی پەیامەکانی نوور کە ڕاڤەی گرنگی مەعنەوی قورئانی پیرۆزە لەم سەردەمەدا.

لەگەڵ ئەم ڕەخنانەدا، گرووپی تاهشیەجی بەردەوام جەخت لەسەر کۆمەڵێک خاڵ دەکاتەوە کە وەک کێشەیەک لەناو جیهانی ئیسلامی و کۆمەڵگەدا دەیبینێ:

١. پێدانی زەکات بە دەزگا و دامەزراوەکان دروست نییە.

٢. دیالۆگی ئایینەکان پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامە. بە تایبەتی لە کاتێکدا

کە ڕابەرانی ئایینەکانی دیکە ڕەوایەتیان داوە بە کوشت و بڕ و داگیرکاری وڵاتانی ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی جیهانەوە.

٣. "بێ کەموکوڕی" (مەعصومییەت) تەنها تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە. بەدەر لەمانە تەنانەت هاوەڵی پێغەمبەریش (د. خ) و زانایانی ئیسلامیش بێ کەموکوڕی نین.(٨)

٤.جیهادی مادی (تێکۆشانی) یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئیسلام. بانگەوازی جیهاد تەنها دەوڵەت دەتوانێت بیکات. تاکەکان هەرگیز ناتوانن و نابێت بانگەوازی جیهاد بکەن.

٥. خۆداپۆشینی شەرعی تەنها لەچکی گەورە و پان و عەبایە، بەدەر لەوە حیجابی تورکی و مانتۆ و پانتۆڵ شەرعی نین و ڕێگە بە ڕوخسەتێکی لەو جۆرە نادرێت.

٦. بە پشتبەستن بەوەی کە بەندایەتی و عیبادەتەکان دەبێت بەپێی ساڵنامەی کۆچی بکرێت، کەواتە ئەنجامدانی ئاهەنگ و هەر چالاکییەکی دیکە "هەفتەی لەدایکبوونی پیرۆز" لەیادی لەدایکبوونی پێغەمبەردا بیدعەیەکی خراپە.(٩)

٧. ئەژمارکردنی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر بە بەندایەتی هەڵەیە. لەوەش خراپتر ئەنجامدانی ڕێوڕەسم بۆ یادی لەدایکبوون بۆ کەسێک کە مردبێت بیدعەی خراپە.

**چالاکییەکانی گرووپی تاهشیەجییەکان**

ئەم گرووپە لە ڕێگەی (ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە سەمەندەل) پەیامەکانی نوور چاپ و بڵاودەکاتەوە. تا ئێستا زنجیرە کتێبێکیان بڵاوکردوەتەوە کە نزیکەی ٤٠ بەرگە و زۆربەی زۆری ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی پەیامەکانی نوورە، وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن ئەو کتێبانەی کە بڵاویان کردووەتەوە لە ڕێگەیەوە موسوڵمانان لەو بیروباوەڕە پووچ و بەتاڵانە و ئەوانەی کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و ماسۆنییەکانەوە هەڵدراونەتە جیهانی ئیسلامی و دژی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایانی ئیسلام و قیاسی باوەڕی موسوڵمانانە ڕزگار دەکات، جگە لەمانەش ئەم گرووپە خاوەنی سایتی (www.nurmend.com) ە.

**هەڵسەنگاندن**

ئەم گرووپە، جیاواز لە گرووپەکانی دیکەی نوور خاوەنی ئەو بیروڕاو بۆچونانە نییە کە بەئاشکرا دژیەکییان هەیە لەگەڵ بنەما بنەڕەتیەکانی ئیسلامدا. بۆ نموونە پەیامەکانی نوور و سەعید نوورسی بە "بێ کەموکوڕی" مەعسوم دانانێن و زەکات بۆ دەزگاکانی خۆیان کۆناکەنەوە. جگە لەوانەش ئەم گرووپە بۆ تێگەشتن لە ئیسلام پەیامەکانی نووری لە دوای قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان و قیاس داناوە.

## پێنجەم: گرووپی نووسەرەوەکان (خەسرەو ئاڵتن باشاک)

خەسرەو ئاڵتن باشاک کە ڕێبەری ئەم گرووپەیە ساڵی ١٨٩٩ لە گوندی (سەنیرجە)ی سەر بە پارێزگای ئیسپارتا لەدایک بووە. کوڕی حاجی ئەدهەم بەگە ئەویش کوڕی عەلی ئەفەندییە کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا والی ئیسپارتا بووە. کاتێک سەعید نوورسی دوردەخرێتەوە بۆ گوندی (بارلا)ی نزیک ئیسپارتا لەوێ لەگەڵ خەسرەوە ئاڵتن باشاک یەکدی دەناسن. خەسرەو زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەیامەکانی نوورەوە و دەستدەکات بە نووسینەوەی پەیامەکان بە مەبەستی بڵاوبوونەوەی. خەسرەو ئاڵتن باشاک ساڵی ١٩٧١ بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانی دەکرێت. لە دوای ئازادبوونی، خەسرەو بە مەبەستی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە تەوافوق(١٠) "وەقفی هایرات" دادەمەزرێت.

باس لەوە دەکرێت کە سەعید نوورسی، خەسرەو ئاڵتن باشاک-ی وەک جێنشینی خۆی دیاریکردووە و چەندین وەسف و پیاهەڵدانی نوورسی دەربارەی خەسرەو هەیە و وەک ڕابەری قوتابیانی نوور تەماشا کراوە. لە دوای سەعید نوورسی خەسرەو ئاڵتن باشاک وەک "ئوستادی دووەم" ژمێردراوە و تەنانەت نازناوی "ئوستادی دووەم"یشی پێدراوە.

دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار جیابوونەوە لەناو کۆمەڵەی نووردا(١١) ڕوویداوە، زۆرینەی قوتابی و پشتیوان و ئەندامانی کۆمەڵەکە لەگەڵ خەسرەو ئاڵتن باشاک-دا بوون. خەسرەو لە ساڵی ١٩٧٧ لە ئیستەنبوڵ کۆچی دوای کردووە.

### دید و بۆچوونی گرووپی نووسەرەوەکان

خەسرەو ئاڵتن باشاک و ئەوانەی لەگەڵیدان بەردەوام باس لەوە دەکەن کە خۆیان بە بەشێک لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەزانن و ژیانیان بۆ نووسینەوەی پەیامەکانی نوور بە دەستی و بە تورکی عوسمانی تەرخان کردووە.(١٢) خەسرەو ئاڵتن باشاک کە بە (کاک خەسرەو) لەناو گرووپەکەی و دەرەوەشدا ناسراوە، هەمیشە پێی وابووە کە دەبێت پەیامەکانی نوور بە دەست و بە تورکی عوسمانی بنووسرێتەوە و پەیڕەوانیشی لەسەر هەمان بۆچوون بوون، چونکە بە بۆچوونی ئەوان "ناکرێت بەزمان و نووسینی کوفر خزمەتی قورئان بکرێت".

ئەم گرووپە پێیانوایە کۆمەڵێک بابەت لە پەیامەکانی نووردا دەربارەی وەهابییەکان و دووڕووەکان لەلایەن گرووپەکانی دیکەی نوورەوە لە پەیامەکانی نووردا لابراون، یاخود دەستکاری کراون.

سەرەڕای ئەوەی چەندین جار خەسرەو ئاڵتن باشاک دەستبەسەرکراوە و زیندانیش کراوە، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی توندوتیژ و یاخیبوونێکی نەبووە. بە

هەمانشێوە قوتابییەکانیشی هانداوە بە هەمان جۆر ڕەفتار بکەن و مۆڵەتی پێنەداون چەک و هەر کەرەستەیەک کە بۆ کاری توندوتیژی بەکاربهێنرێت لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن.
خەسرەو ئاڵتن باشاک و قوتابیانی لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوەی مامۆستاکەیان سەعید نوورسی "لە سیاسەت و نەفرەتکردن لێی" ئەوانیش دووریان گرتووە لە سیاسەت، تا هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بۆ سەر دەسەڵات هیچ پەیوەندییەکی نزیکیان بە دەوڵەتەوە نەبووە. وەک چۆن هیچ دژایەتییەکیان بۆ دەوڵەت نەبووە، بە هەمانجۆر هیچ تێکەڵی و کارێکی هاوبەشیشیان لەگەڵ دەوڵەت نەبووە، بەڵام لەم دواییانەدا و بە تایبەتی دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی تورکیا و گرووپی فەتحوڵڵا گولەن و ئۆپەراسیۆنەکانی پۆلیسی تورکی (باڵی فەتحوڵڵا گولەن) بۆ سەر ژمارەیەک وەزیر و کوڕە وەزیری حکومەت لە ١٧-٢٥ کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ و هەوڵی کودەتا سەربازییەکەی ١٥ تەمموزی ٢٠١٦ و دواتر ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکانی پۆلیس بۆ سەر گرووپی فەتحوڵڵا گولەن، نزیکبونەوەی گرووپی نووسەرەوەکان لە دەوڵەتی تورکیا هەستی پێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گرووپەش وەک هەندێک لە گرووپەکانی دیکەی نوور، دژی چاپکردنی پەیامەکانی نوور بوون لەلایەن سەرۆکایەتی کاروبارە ئایینییەکانی تورکیاوە لە ساڵی ٢٠١٧.

**خەسرەو ئاڵتن باشاک و ئەوانەی لەگەڵیدان بەردەوام باس لەوە دەکەن، کە خۆیان بە بەشێک لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەزانن و ژیانیان بۆ نووسینەوەی پەیامەکانی نوور بە دەستی و بە تورکی عوسمانی تەرخان کردووە**

### کارو چالاکییەکانی گرووپی نووسەرەوەکان

وەک یەکەم کار و چالاکی ئەم گرووپە و لەسەر هاندان و تەشویقی سەعید نوورسی خەسرەو ئاڵتن باشاک بە دەربڕینی خۆی "قورئانی تەوافوقی"ی نووسیوە و بە مەبەستی چاپ و بڵاوکردنەوەشی "وەقفی هایرات"ی دامەزراندووە. بەهۆی زۆری تیراژی ئەم قورئانە و کڕینی هەم لەلایەن ئەندام و پشتیوانانی ئەم گرووپە و هەم لەلایەن ئەندامانی گرووپەکانی دیکەی نوور و تەنانەت خەڵکێکی ئاسایی کە سەر بەو گرووپانە نین لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا داهاتێکی باشی بۆ وەقفی هایرات و گرووپی نووسەرەوەکان دابین دەکات.(١٣) جگە لەوەش گرووپی نووسەرەوەکان خانوویان کردووەتەوە و ناویان لێ ناوە "مەدرەسەی

نووری"، هەروەها ناوەندی دیکەشیان کردووەتەوە و لەو خانوو و ناوەندانەدا چالاکی پەیوەست بە وانەی پەیامەکانی نوور و نووسینەوە و فێرکردن ئەنجام دەدرێت. شوێنکەوتوانی ئەم گرووپە دوای کۆچی دوایی خەسرەو ئاڵتن باشاک-یش بەردەوامن لەسەر نووسینەوەی پەیامەکانی نوور بەدەست و بە زمانی تورکی عوسمانی و بە بەردەوامی جەختی لەسەر دەکەنەوە.

کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە ساڵی ١٩٩٨ پڕۆژەی "نۆشت بێ خواردن"یان دەستپێکرد و لە ساڵی ٢٠٠٦ بە هۆی گەشەکردنی بەردەوام و زۆربوونی کڕیارەوە کارگەیەکی دروستکردنی خواردنیان دامەزراند و تا ئێستا بەردەوامن لەسەر کارەکانیان. ئەم پڕۆژەیە بە دروشمی "ڕۆژی حەڵاڵ بەرەکەتی زۆر" دەستیان بەکار کرد. ئامانجیان بەرهەمهێنانی خواردن و خواردەمەنی پاک بوو تاوەکو مرۆڤەکان بە تەندروستی بژین و سەلامەت بن.

گرووپی نووسەرەوەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٣دا سێمپۆزیۆمیان لە ژێر ناونیشانی "پەیامەکانی نوور و یەکێتی ئیسلامی" ساز کردووە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی پشتیوانانی ئەم گرووپە بدرێت ئەوا دەردەکەوێت کە پشتیوانێکی زۆری هەیە. بەڵگەش بۆ ئەوە هەم لە تورکیا و هەمیش لە دەرەوەی تورکیادا چالاکی جۆراوجۆر و فراوان ئەنجام دەدات. بە تایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا بە جیدی و فراوانی و بەردەوامی خوولی فێربوونی زمانی تورکی عوسمانی دەکاتەوە. جگە لەمانەش گرووپی نووسەرەوەکان ئەم چالاکیانەش ئەنجام دەدات:

١- ڕۆژانە نووسینەوەی پەیامەکانی نوور (نووسینەوە بەدەست بە شێوازێکی تایبەت).

٢- خولی فێربوون و لەبەرکردنی قورئان لە پشووی هاویندا.

٣- پانێڵ و کۆنفرانس و چالاکی وەک (لەدایکبوونی پیرۆز، خواردنی حەڵال، بەدیعوزەمان و ... هتد) و پێشبڕکێی لەبەرکردن، کۆڕبەندی گەنجان.

٤- پرۆگرامی جیاواز و هەمەجۆری وەک (ئیفتار و پێشبڕکێی لەبەرکردنی فەرمودە).

٥- یادکردنەوە و بە پیرۆز ڕاگرتنی جەنگی چەنەکاڵە(١٤) و سەرکەوتنی عوسمانی بەسەر سوپای ئینگلیزدا. هاوکاریکردن و یارمەتیدان.

جگە لەمانەش لە قۆناغی باخچەی ساوایان، سەرەتایی و بنەڕەتی و قۆناغەکانی خوێندندا لە ناوەندەکانی خوێندن چالاکی جیاواز ئەنجام دەدەن.

### هەڵسەنگاندن

گرووپی نووسەرەوەکان لە گرووپە یەکەمینەکانی کۆمەڵەی نوورە و ڕابەرەکەشیان خەسرەو ئاڵتن باشاک

لە قوتابییە یەکەمین و باوەڕپێکراوەکانی سەعید نوورسییە، ئەم گرووپە تائێستا بەرگری لە بۆچوونی نووسینەوەی پەیامەکانی نوور بە دەست و بە زمانی تورکی عوسمانی دەکات. ئەم گرووپە بەوپەڕی توانایەوە لێبڕاوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەردەوام و خێرای "قورئانی تەوافوقی" کە پێیانوایە لەو قورئانەدا وشەی (الله) لە ڕستەکاندا لەڕێکی یەک دەردەکەون و ئەمەش وەک ئیعجازێکی ئەو قورئانە و وشەی (الله) دەبینن، بەڵام هەروەک دەستەی باڵای کاروباری ئایینی لە تورکیا هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو قورئانە کردووە و بڕیاری لەسەر داوە دەڵێت "لەبەر ئەوەی ئەم قورئانە بە شێوازی نووسینێکی جوان و تایبەت نوسراوەتەوە، کەواتە پەیوەندی بە ئیعجازەوە نییە و جۆرێکی ئیعجازی قورئان نییە".

**گرووپی نووسەرەوەکان لە گرووپە یەکەمینەکانی کۆمەڵەی نوورە و ڕابەرەکەشیان خەسرەو ئاڵتن باشاک لە قوتابییە یەکەمین و باوەڕپێکراوەکانی سەعید نوورسییە**

### شەشەم: گرووپی ئاسیای نوێ (مەهمەت کوتڵولار)

ڕابەری ئەم گرووپە مەهمەت کوتڵولار ساڵی ١٩٣٨ لە پارێزگای باڵک ئێسیر لەدایک بووە. تاوەکو ١٤ ساڵی لە ناوچەی گۆنێن ژیاوە. پاشان ساڵی ١٩٥٧ ڕۆیشتووە بۆ سەربازی و هەر لەو ماوەیەدا ئاشنایەتی لەگەڵ پەیامەکانی نووردا پەیدا کردووە. لە دوای تەواوبوونی ئەرکی سەربازی بۆ ماوەی ١١ ساڵ لەگەڵ ڕێبەری گرووپی خوێنەرەوەکان (زوبێر گوندوز ئالپ) ژیاوە و بەشداری وانەکانی ئەوی کردووە. پاش دەرکردنی ڕۆژنامەی ئاسیای نوێ لە ساڵی ١٩٧٠دا، ئیدی ناوی ئەو ڕۆژنامەیە دەبرێت بە باڵای گرووپەکەی مەهمەت کوتڵولاردا و بە گرووپی ئاسیای نوێ ناودەبرێت.

### دید و بۆچوونی گرووپی ئاسیای نوێ

ئەم گرووپە بەوە جیادەکرێتەوە لە گرووپەکانی دیکەی نوور کە بە ئاشکرا بەشداری کار و چالاکییە سیاسییەکان دەکات و پشتیوانی لە پارتێکی سیاسی دیاریکراو دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا بە تاکە گرووپی ئیسلامی لە تورکیادا دادەنرێت کە تا ئێستا پشتیوانی لە پارتی دیموکرات (دەپە) (DP) دەکات و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە دەدات کە ئەو پارتە لە پێناویدا دامەزراوە.(١٥) هەرچەندە پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا (ئاکەپە) بە درێژەپێدەری پارتی

دیموکرات دادەنرێت، بەڵام گرووپی ئاسیای نوێ پێیوایە کە ئاکەپە "ئایینی وەک ئامرازێکی سیاسی" بەکارهێناوە و هەوڵی داوە بە نهێنی سەرنجی خەڵکی تورکیا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەوەی کە ئاکەپە نوێنەرایەتی ڕەوتی "بیری نەتەوەیی" دەکات.(١٦)

## گرووپی ئاسیای نوێ جیاواز لە گرووپەکانی دیکەی نوور بە ئاشکرا بانگەشەی سیاسی دەکات

### کارو چالاکییەکانی گرووپی ئاسیای نوێ

گرنگترین چالاکییەکانی گرووپی ئاسیای نوێ لە چوارچێوەی چاپ و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندندا. ڕۆژنامەی (ئاسیای نوێ) و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاسیای نوێ و گۆڤارەکانی (خێزانەکەی ئێمە، بیری گەنج، کۆمێنتی گەنج، برا گیان) لەلایەن ئەم گرووپەوە چاپ و بڵاودەکرێنەوە.

جگە لە مانەش ئەم گرووپە "لە پێناوی زیاتر بڵاوکردنەوە و ئاشناکردنی زیاتری خەڵکی بە پەیامەکانی نوور و تێگەشتنیان لەو پەیامانە" ئینستیتیوتی پەیامەکانی نوور-ی کردووەتەوە.

دارایی گرووپی ئاسیای نوێ لە ڕێگەی داهاتی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی و ئەو کۆمەک و هاوکاریانەی لەلایەن ئەندام و لایەنگرانییەوە کۆدەکرێتەوە دابین دەکرێت.

### هەڵسەنگاندن

گرووپی ئاسیای نوێ جیاواز لە گرووپەکانی دیکەی نوور بە ئاشکرا بانگەشەی سیاسی دەکات. سەرەڕای چەندین گۆڕانکاری و تێپەڕاندنی چەندین قۆناغی جیاواز و کودەتای سەربازی و سیاسی لە تورکیا، هێشتا ئەم گرووپە بانگەشە بۆ بنەما و ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی تورکیا دەکات، کە ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە. بە جۆرێک ئەم گرووپە وەک باڵێک، یاخود ڕێکخراوی ئایینی/ سێبەری ئەو پارتە دێتە بەرچاو. تەنانەت هێندە بە باڵای ئەم پارتەدا هەڵیانداوە کردوویانە بە ئەفسانەیەکی سیاسی لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی تورکیادا. بۆیە بە بڕوای شارەزایان ئەم گرووپە لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لایداوە کە بریتییە لە خزمەتی ئیمان و ئیسلام لە ڕێگەی پەیامەکانی نوور-ەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لە دوای هەوڵە شکستخواردووەکەی کودەتا سەربازییەکەی ١٥ تەممووزی ٢٠١٦ لە تورکیا ئەم گرووپە لە ڕێگەی بەرنامە و سیاسەتی ڕەخنەئامێزی بەردەوامی لە حکومەتی تورکیا ڕۆیشتووەتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیاوە و تەنانەت ناڕاستەوخۆ سیاسەتی گرووپی فەتحوڵڵا گولەن جێبەجێ دەکات.

**حەوتەم: گرووپی زەهرا (عیزەدین یڵدرم)**
ئەم گرووپە بە ناوی "زەهـرا" ناسراوە. ناوەکەی لە ناوی ئەو زانکۆیەوە وەرگیراوە کە سەعید نوورسی لە سەردەمی لاویدا پلانی دروستکردنی بۆ دانـاوە لە شاری وان لە باکووری کوردستان وەک هاوکار، یـاخـود بەدیلێک لـە کـیشـوەری ئاسیا بەرامبەر زانکۆی ئەزهەر لە کیشوەری ئەفەریقا. ڕابەری ئەم گرووپە عیزەدین یڵدرم لـە سـەرەتـاوە لـە نـاو کۆمەڵەی نـوور-دا بە گشتی چالاکی ئەنجامداوە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٨١ کە لەناو کۆمەڵەی نووردا بووە و لەسەر ڕێنمایی ڕێبەرانی کۆمەڵەکە لە شارەکانی ئورفا، غازی عەنتاب، چۆڕوم، ئێسکی شەهیر وەک وەقف خزمەتی کردووە.(١٧)
لە ساڵی ١٩٨١ بە هۆی ئەوەی لەلایەن (شۆڕشگێڕەکان)وە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە بە هـاوکاری دەوروبـەرەکـەی ڕۆیشتووەتە دەرەوەی وڵات.(١٨) دوای کوشتنی عیزەدین یڵدرم لە ساڵی ٢٠٠٠، زەکـەریـا ئـۆزبـەک بـوو بـە ڕابـەری ئـەم گرووپە.(١٩)
ئەم گرووپە لە سەردەمی عیزەدین یڵدرم زۆر چالاک بووە و جێگای باس و خواسی خەڵکی و ناوەندە ئیسلامی و ئەکادیمی و تەنانەت حکومی و ئەمنییەکانی تورکیا بـووە. بە تـایبـەتیش بـە هـۆی جەختی بەردەوامی لەسەر مەسەلەی کورد و ناساندنی سەعید نوورسی وەک زانایەکی کورد و بەردەوام سەرخستنی کوردبوونی نوورسی بەسەر کەسایەتی ئەودا وەک زانایەکی ئیسلامی وای کردووە لە ناوچە کوردییەکاندا (باکووری کوردستان) پەسەندکراوی خەڵک بێت. هەر لەبەر ئەمەش بەردەوام لە ناکۆکی و کێشەدا بووە لەگەڵ گرووپی حزبوڵڵای کوردی لە باکووری کوردستان.

**دید و بۆچوونی گرووپی زەهرا**
گرووپی زەهرا وەک گرووپەکانی دیکەی نوور جەخت لەسەر پەیامەکانی نوور دەکاتەوە و وەک مەنهەجی پەروەردەیی خۆی لێی دەروانێت. هەروەها پێیوایە سەعید نوورسی لە ڕێگەی تازەکردنەوەی ئایینەوە لە سەدەی بیستەمدا توانیویەتی بە شێواز و شکڵێکی تازە و گونجاو لەگەڵ گیانی سەردەم و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیادا ئایینی ئیسلام و ئیمان لە ڕێگەی پەیامەکانی نوور-وە ڕاڤە بکات و ڕوونی بکاتەوە بۆ خەڵکی. ئەمەش بە جیاوازی سەرەکی نوورسی لەگەڵ زانایانی ئیسلامی پێش خۆی و تەنانەت هاوسەردەمی خۆشیدا دادەنرێت.
بە بۆچوونی عیزەدین یڵدرم، ئامانجی سەعید نوورسی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە، بەڵام پێش ئەمە دەبێت زەمینەی پێویست خۆش بکرێت و کەسی باش و سەرکردە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە ئامادە بکرێت. یڵدرم دەڵێت، گرووپەکەی لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی نوورسیدا تێدەکۆشێت.

یڵدرێم پێیوایە کە ئەو مەدرەسانەی لە دێرزەمانەوە لە شێوەی حوجرەدا لە باکووری کوردستان قوتابی و فەقێیان پێگەیاندووە لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە باش بوون، بەڵام بۆ زانیاری ئایینی لە بوارەکانی فیقهـ و تەفسیر و حەدیس و ... هتد نەیانتوانیوە ئەرکی خۆیان بە باشی ئەنجام بدەن. لەبەرئەمە یڵدرم پێیوایە مەلاکانی ئەو ناوچەیە تەنها قسە دەکەن و کردارێکی وایان بۆ خزمەتی ئیسلام نییە کە شایانی باسکردن بێت، بۆیە پێویستە ئەو بارودۆخە بگۆڕێت.

ئەم گرووپە بە زۆری چەمکی ئازادی، ڕاوێژ و دادپەروەری بەکاردەهێنێت و چالاکی و پڕوپاگەندەکانی لە دەوری ئەو سێ چەمکە دەسوڕێتەوە.

بە درێژایی مێژووی خۆی، گرووپی زەهرا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەت و سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی لە تورکیا ساردوسڕ بووە. لەبەرئەوەی پێیانوایە کە دەوڵەت لە ڕێگای سەرۆکایەتی کاروباری ئایینییەوە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ئایین و کار و چالاکییەکانی خزمەتکردن بە ئایین دەدات، بە جۆرێک ئایین بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەر لە سایەی ئەم سیاسەتەیدا گرووپی زەهرا بە توندی دژی چاپکردنی پەیامەکانی نوور بوو لەلایەن سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی تورکیاوە و ڕەخنەی توندی لەو کارە گرت و تەنانەت لە دادگا سکاڵەی بەرامبەر ئەو هەنگاوەی حکومەت تۆمار کرد.

هەر ئەم گرووپە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە سەرجەمی پەیامەکانی نوور-دا دەستەواژەی "کورد و کوردستان و ئەو دەستەواژانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە لابراوە و بە کەموکورتی ئەو پەیامانە چاپکراون. هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە گرووپەکانی دیکەی نوور چاویان نوقاندووە لە کوردبوونی سەعید نورسی و نایانەوێت دان بەو ڕاستییەدا بنێن. جگە لەوەش بە زۆرداری نازناوی "سەید/ سەیدێتی"یان داوەتە پاڵ نوورسی.

گرووپی زەهرا چارەسەری کێشەی کورد بە ڕێگای ئاشتییانە بە پێویست دەزانن و پێیانوایە کە دەبێت مافی قسەکردن بە زمانی دایک و سەرجەم مافەکانی دیکەی کورد دەستەبەر بکرێت.

**بە درێژ ایی مێژووی خۆی، گرووپی زەهرا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەت و سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی لە تورکیا ساردوسڕ بووە**

### چالاکییەکانی گرووپی زەهرا

ئەم گرووپە لەگەڵ سازدانی وانەی پەیامەکانی نوور-دا بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیان دەکاتەوە و پانێڵ و سیمپۆزیۆم و کۆڕ و سمینار ساز دەکات. جگە

لەمانەش ئەم گرووپە لە ئیستەنبوڵ ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی زەهرا و لە ئەنقەرە قوتابخانەکانی زەهرا و لە وان و بینگۆل کۆلێژی ئازادی کردووەتەوە.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نوبهار-ی لە ئازاری ١٩٩٢ لە سەردەمی عیزەدین یڵدرم دامەزرانـدووە، کە وەک ئۆرگانی چاپ و ڕۆشـنبیری و ڕۆژنـامەوانی ئەم گرووپە دەردەکـەوێت. ئەم دەزگایە پەیامەکانی نوور بە زمانەکانی تورکی، عەرەبی و کوردی/ شێوەزاری (کرمانجی سەروو، زازاکی) چاپ و بڵاودەکاتەوە. ئەم دەزگایە گۆڤاری نوبهار بە هەردوو زمانی تورکی و کوردی/ کرمانجی سەروو دەردەکـات. لەگەڵ ئەوەشـدا خاوەن سایتێکی ئینتەرنێتییە کە بە زمانی تورکی و کوردی/ کرمانجی سەروو بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە. جگە لەوەش خاوەنی سایتی "نوبهار ئەکادیمی"یە، لەو سایتەدا بە زمانەکانی کوردی (کرمانجی سەروو، سۆرانی و زازاکی)، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزی چالاکی و بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا هەست بەوە دەکرێت دەزگای نوبهار و بە تایبەتی گۆڤاری نوبهار کە بەشێکە لە دەزگاکە لەلایەن کەسانی ئەکادیمی و مامۆستایانی زانکۆوە کۆنترۆڵ کراوە و جۆرێک سەربەخۆییان لە گرووپی زەهرا وەرگرتووە، تا ئەو ڕادەیەی دەنگۆی جیابوونەوەی دەزگای نوبهار لە گرووپی زەهرا و درێژەپێدانی چالاکییەکانی وەک گرووپێکی سەربەخۆی ناو کۆمەڵەی نوور هەیە.

**گرووپی زەهرا چارەسەری کێشەی کورد بە ڕێگای ئاشتییانە بە پێویست دەزانن و پێیانوایە کە دەبێت مافی قسەکردن بە زمانی دایک و سەرجەم مافەکانی دیکەی کورد دەستەبەربکرێت**

### هەڵسەنگاندن

لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گرووپی زەهرا جەختکردنەوەی بەردەوامیەتی لەسەر کوردایەتی و کوردبوونی سەعید نوورسی، لەم ڕووەوە لەگەڵ گرووپی مێد-زەهرا هاوبیرە. لەوەش زیاتر گرووپی زەهرا پشتیوانی بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات کە بە یەکێک لە ئامانجەکانی سەعید نوورسی دایناوە. گرووپی زەهرا پێی وایە لە سەردەمی تازەدا قوتابخانە ئوسوڵییەکانی جیهانی ئیسلامی و باکووری کوردستان پێویستیان بە نوێکردنەوە هەیە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەعید نوورسی وەک تازەکەرەوەی ئایین بۆ ئەم سەردەمە دادەنێن. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە لە ڕوانگەی بیری سیاسی و دەنگدانەوە باس لەوە دەکرێت کە زیاتر لە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) نزیکە، کە

وەک پارتێکی کوردی (چەپ) لە تورکیا ناسراوە و چەقی چالاکی و پشتیوانانی زیاتر شارەکانی باکووری کوردستانە.

-------------

## پەراوێزەکان

١. بە بڕیارێکی مستەفا کەمال ئەتاتورک سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی تورکیا لە ڕێکەوتی ١ تشرینی دووەمی ١٩٢٨ بڕیاری "هەڵگێڕانەوەی پیتەکان" دەرکرا. مەبەست لەم بڕیارە گۆڕینی زمانی تورکی/ عوسمانی بوو بۆ زمانی تورکی/ نوێ. لەو ڕێکەوتەوە "دەستەی زمانەوانی تورک" سەرجەمی پیتەکانی زمانی تورکی/ عوسمانی لابرد و لە جێگەیان پیتی لاتینی و چەند پیتێکی تایبەت بە زمانی تورکی/ نوێی جێگیر کرد. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەشدا نووسینی تورکی نوێی لە لای ڕاستەوە گۆڕی بۆ لای چەپ. جگە لەوەش دەستەکە زۆربەی وشە و دەستەواژە عەرەبی و فارسی و کوردییەکانی ناو زمانی تورکی لابرد و لە جێگەی ئەوانە وشە و دەربڕینی لاتینی و ئینگلیزی و فەرەنسی جێگیر کرد.

٢. بەهۆی ئەوەی سەعید نوورسی لە پەیامەکانی نوور-دا بە دەربڕینی ڕوون و ئاسکرا وتویەتی "نەفرەت لە شەیتان و سیاسەت"، پەیڕەوانی کۆمەڵەی نوور ڕاجیاییان تێکەوتووە دەربارەی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا.

٣. دەستەواژەی وەقف لە زمان و کۆمەڵگەی تورکیدا بە هەر شتێک یاخود دەزگایەک دەوترێت کە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، یان بەرژەوەندی کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەبەخشرێت، یان دادەمەزرێنرێت. یاخود وەقف بڕە پارەیەک، کەسێک، یان هەر شتێکە لەلایەن خەڵکەوە دابیندەکرێت لە پێناوی بەردەوامی خزمەتێکی دیاریکراودا. لە تورکیادا زیاتر لە ٥٠ هەزار دامەزراوە هەن کە پێیان دەوترێت وەقف کە لەلایەن دەوڵەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، گرووپە ئایینییەکان و پارتە سیاسییەکانەوە پشتیوانی دەکرێن و پارە و کارمەندی بۆ دابین دەکرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا لە ناو گرووپەکانی کۆمەڵەی نوور و تەواوی گرووپە ئیسلامییەکانی تورکیادا چەمکی وەقف بۆ ئەو کەسانەش بەکاردیت کە تەمەنێکی دیاریکراوی خۆیان دەبەخشن لە پێناوی خزمەتکردنی ئەو بەرنامە و ئامانجانەی کە ئەو گرروپە کاری بۆ دەکات. دەکرێت ئەو کەسە ساڵێک، یان دوو ساڵ، یان ١٠ ساڵ، یان هەتاوەکو مردن خۆی وەقف بکات. لەو ماوەیەدا لە شوێنێکدا وەک دامەزراوە دەمێنێتەوە سەرپەرشتی کارەکانی ئەو شوینە دەکات. یاخود سەرپەرشتی خانوویەک دەکات کە چەند قوتابییەکی زانکۆ تێیدا دەمێننەوە و لەلایەن ئەو کەسەی کە خۆی وەقف کردووە سەرپەرشتی دەکرێن و لە ناو زۆرێک لە گرووپەکانی کۆمەڵەی نووردا بە مەدرەسە، یاخود دەرسخانە ناو دەبرێت. ئەم کەسە هیچ کارێک ناکات جگە لە خزمەتکردن لەو دەزگایەی کە کاری بۆ دەکات. ئەم کولتووره بە زۆری لە ناو گرووپەکانی کۆمەڵەی نوور-دا باوە و ئەو کەسانەی کە لەناو ئەو گرووپانەدا خۆیان وەقف دەکەن لە ماوەی خۆوەقفکردنیاندا هاوسەرگیری ناکەن و لە جەژن و پشووە درێژەکاندا بۆ ماوەیەکی زۆر کەم سەردانی کەسوکاریان دەکەن و بە بڕە پارەیەکی کەم ژیانی خۆیان بەڕێدەکەن، ئەو بڕە پارەیەش لە لایەن ئەو گرووپەی ئەو کەسە کاری بۆ دەکات دابین دەکرێت. ئەو کەسەی خۆی وەقف دەکات مەگەر بۆ پێداویستی مەدرەسەکەی، یاخود ئەو شوینەی کاری لێدەکات بڕواتە دەرەوە، بەدەر لەوە کاتەکانی لەو شوینەی خۆیدا بە دەم خویندنەوە و فێربوون و سەرپەرشتیکردنی

چەند خوێندکارێکەوە، یان جێبەجیکردنی ئەرکەکانی لەو شوێنەدا بەڕێدەکات.

٤. سەعید نوورسی هەر لە تەمەنی گەنجییەوە پێش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی پلانی دروستکردنی زانکۆی زەهرا دادەنێت و تەنانەت لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە ڕەزامەندی لەسەر دروستکردنی ئەو زانکۆیە دەدرێت و بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخان دەکرێت و بناغەی زانکۆکەش تەواو دەکرێت، کە دەکەوێتە بناری چیای خورخوڕ لە کەناری دەریاچەی وان، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و هێرشی سوپای قەیسەری ڕووسیا بۆ سەر شاری وان و پاشانیش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی کارکردن لە پرۆژەکەدا ڕاوەستا. لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا دووبارە نوورسی داواکاری دامەزراندنی زانکۆی زەهرا پێشکەش بە بەرپرسانی حکومەت دەکات و بەڵێنی جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە بەرپرسان وەردەگرێت، بەڵام بە هۆی تێکچوونی پەیوەندی کورد و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی تورکیا لەلایەک و جەختکردنەوەی سەعید نوورسی لەسەر ناسنامەی موسوڵمانێتی کوردان و جیهانی ئیسلامی و ملنەدان بۆ داواکاری خواستەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورکی سەرۆک کوماری ئەو کاتەی تورکیا، پرۆژەکە نەچووە بواری جێبەجیکردنەوە. تا ئێستاش چەندین جار لەلایەن گرووپە جیاجیاکانی نوور-ەوە و بە تایبەت ئەو گرووپانەی کە زیاتر جەخت لەسەر کوردبوونی نوورسی دەکەنەوە پرۆژەی دروستکردنی ئەو زانکۆیە پێشکەشی حکومەتی تورکیا کراوە لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامێکی ئەرێنی نەدراونەتەوە و هەنگاوی کردەیی بۆ جێبەجیکردنی ئەو پرۆژە مەزنە نەنراوە. زۆربەی جار هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو پرۆژەیە بەهۆی ململانێی ئایینی سیاسی و ئایدۆلۆجی گرووپ و تەوژمە ئایینییەکانی تورکیاوە بووە. تەنانەت پارتی داد و گەشەپێدان-یش (ئاکەپە) لە ماوەی ٢٠ ساڵ فەرمانڕەوایی تورکیا پرۆژەکەی جێبەجێ نەکردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆژەکە لەلایەن سەعید نوورسی-یەوە بۆ یەکەمجار پێشکەشی دەوڵەت کراوە و لەر هەر بارودۆخێکدا جێبەجی بکرێت بە پلەی یەکەم گرووپەکانی نوور و لە ناویشیاندا گرووپە کوردییەکانی نوور قازانجی لێدەکەن و شانازی پێوە دەکەن، پارتی داد و گەشەپێدان و سەرکردەکانیشی سەر بە قوتابخانەی (بیری نەتەوەیی)ن.

٥. دەتوانرێت ئەو ململانێیە بە ململانێی باڵی ڕابەری گرووپی خزمەت فەتحوڵڵا گولەن لەناو پارتی داد و گەشەپێدان و حکومەتی تورکیادا لەگەڵ باڵی سەرۆکی ئەو پارتە و سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان پێناسە بکرێت. سەرەتاکانی ئەو ململانێیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ و دواتر، کاتێک باڵی گرووپی خزمەت لەناو ئاکەپە لیستی تایبەت بە کاندیدانی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەنارد بۆ مەکتەبی سیاسی ئاکەپە. لەلایەکی تریشەوە گەشەی بەردەوامی هەردوو باڵەکەی ناو ئاکەپە ململانێکانیانی توندتر کرد. جگە لەوەش هەردوو لایان خۆیان بە ئەندازیاری پێشخستن و گەشەپێکردنی باڵەکەی دیکە دادەنا. واتە باڵی ئەردۆگان پێیان وابوو تەواوی پرۆژە و کار و چالاکییەکانی گرووپی خزمەت لە کردنەوەی قوتابخانە، زانکۆ، بەشی ناوخۆیی، دامەزراوەی میدیایی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی لەسەر زەوی حکومەت و بە بودجە و کەرەستەی شارەوانی و دامودەزگا حکومییەکان کراوەتەوە. لە بەرامبەردا باڵی فەتحوڵڵا گولەن خۆیان و ڕابەرەکەیانیان

بە ئەندازیاری سەرخستنی ئەردۆگان و پارتی داد و گەشەپێدان دادەنا لە گەیشتنی ئەو پارتە بۆ لوتکەی دەسەڵات لە تورکیا و مانەوەیدا. هەموو ئەو ململانێ و ناکۆکیانە لە ڕۆژانی ١٧-٢٥ کانوونی دووەمی ٢٠١٣ تەقینەوە، کاتێک هەریەک لە وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ لەگەڵ سوپا کە لەژێر کۆنترۆڵی باڵی فەتحوڵڵا گولەن-دا بوون، بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل ئۆپەراسیۆنێکی فراوانیان بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەک کوڕی وەزیر و بەرپرسی ئاک پارتی ئەنجامدا، ئۆپەراسیۆنەکە تەنانەت بیلالی کوڕی ئەردۆگانیشی گرتەوە. لە بەرامبەردا ئەردۆگان و پشتیوانانی لە ئاکەپە و حکومەت هەڵمەتێکی فراوانیان دژی باڵی فەتحوڵڵا گولەن لە ڕێگەی میدیا و دەزگای سیخوڕی نەتەوەیی تورکیا-وە ڕێکخست بۆ ناشیرینکردنی فەتحوڵڵا گولەن و گرووپەکەی لە کۆمەڵگەی تورکیدا و پاشان لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی پۆلیسەوە بە بەردەوامی یەک لە دوای یەک بە درێژایی ٣ ساڵ زۆرێک لە ناوەندە پەروەردەیی و ئابووری و میدیاییەکانی سەر بە فەتحوڵڵا گولەن داخران و دەستیان بەسەرداگیرا. دواجار کودەتا سیاسییەکەی ١٥ تەمموزی ٢٠١٦ ململانێکانی ئەم دوو باڵەی بە قازانجی باڵی ئەردۆگان کۆتایی پێهێنا، پاش شکستی کودەتاکە گرووپەکەی فەتحوڵڵا گولەن وەک "گرووپی تیرۆریستی فەتۆ" ناسێنران و تەواوی کار و چالاکی و دامودەزگاکانیان دەستیان بەسەرداگیرا و قەدەغەکران، بە هەزاران کەس لە ئەندام و لایەنگرانیان خرانە زیندانەوە و زۆرێکیشیان لە کارەکانیان دوورخرانەوە، بەشێکیشیان ڕایان کردووە بۆ دەرەوەی تورکیا و ناتوانن بە هیچ جۆرێک بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان. تەنانەت کەسێک ئەگەر بۆ یەک جاریش بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی لەگەڵ "گرووپی فەتۆ"-دا هەبووبێت لەلایەن حکومەتی تورکیا یاخود ڕاستتر بڵێین لەلایەن باڵی ئەردۆگانەوە سزا دراوە.

٦. پاش کودەتا سەربازییە شکستخواردووەکەی ١٥ تەمموزی ٢٠١٦ لە تورکیا، دەوڵەت لە ڕێگەی سەرۆکایەتی کاروباری ئایینەکانەوە بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم گرووپە ئایینییەکان و لە نێویشیاندا گرووپەکانی کۆمەڵەی نوور هەستا بە چاپکردنی پەیامەکانی نوور لەسەر بودجەی دەوڵەت. بەڵام لەو چاپەدا وشەی "کوردستان" لابراوە و دەستەواژەی وەک "ویلایەتەکانی باشووری خۆرهەڵات، ناوچەی باشووری خۆرهەڵات، هەرێمی باشووری خۆرهەڵات" لە جێگەی دانراوە. هەرچەندە بەشێک لە گرووپەکانی کۆمەڵەی نوور پشتیوانی ئەو هەوڵەی دەوڵەت بوون، بەڵام زۆربەی گرووپەکانی نوور و بە تایبەتیش ئەو گرووپانەی کە کوردایەتی و کوردبوونی دانەری پەیامەکانی نوور سەعید نوورسی-یان لە پێش هەر شتێکەوە دانابوو دژی ئەو هەڵمەتەی حکومەت بوون. ئەمەش لەبەر ئەوەی دەستەواژەکانی کورد و کوردستان لابراون یاخود دەستکاریکراون، هەروەها بۆ ئەوەی چاپکردنی پەیامەکانی نوور لە لایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا نەگیرێت و بۆ مەبەستی سیاسی پارتی دەسەڵاتدار بەکارنەهێنرێت.

٧. گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵەی نوور زۆر جار خۆیان دەدزنەوە لەوەی بڵێن "ئێمە نوورین"، یاخود ئەگەر پێیان بگوترێت "ئێوە نوورن" ڕێڕەوی گفتوگۆکە دەگۆڕن، واتە پێیان خۆش نییە پێیان بگوترێت "ئێوە نوورن". ئەمەش بۆ ئەوەی بابەتی کۆمەڵە و گرووپکاری لە ناویاندا زەقتر نەبێتەوە!

٨. دەکرێت ئەمەش بە خاڵێکی زۆر گرنگ و تایبەتمەندی جیاکەرەوەی گرووپی تاهشییەجی لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی نوور-دا دابنرێت،

لەبەرئەوەی گرووپەکانی دیکەی نوور پێیان وایە دانەری پەیامەکانی نوور سەعید نوورسی بێ کەم و کورتییە و نابێت ڕەخنەی لێ بگیرێت.

٩. لەیادی لەدایکبوونی پێغەمبەردا لە تورکیا هەندێک لە گرووپە ئسلامیەکان و چەند گرووپێکی نوور "هەفتەی لەدایکبوونی پیرۆز" ڕێکدەخەن و بۆ ماوەی هەفتەیک چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن.

١٠. قورئانی تەوافوقی ئەو قورئانەیە کە خەسرەو ئالتن باشاک بەدەست نووسیویەتیەوە و لە زۆربەی لاپەڕەکانیدا وشەگەلێک لە ڕیزی یەکدیدان بە شێوەی گونجان یاخود سازان پێکەوە ڕستە و دیمەنێکی جوانیان نەخشاندووە، موسوڵمانان و بە تایبەتی شوێنکەوتووانی پەیامەکانی نوور وەک کارێکی (موعجیزە)ی قورئان و پەیامەکانی نوور لێی دەڕوانن.

١١. "کۆمەڵەی نوور" دەکرێت وەک دەستەواژەیەکی بنەڕەتی بۆ سەعید نوورسی و قوتابییە یەکەمینەکانی بەکاربهێنرێت، کاتێک لە ساڵانی سەرەتای نووسینەوەی پەیامەکانی نوور لە گوندی بارلا و پاشان شار و شارۆچکەکانی دیکەی تورکیا لە دەورووبەری یەکدی کۆبوونەوە و وەک یەک کۆمەڵی یەکگرتووی خاوەن یەک مامۆستا و سەرکردە و ڕابەر کە سەعید نوورسی بوو، لە ڕێگەی پەیامەکانی نوورەوە بانگەوازیان بۆ ئیمان و ئیسلام دەکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و کۆچی دوایی سەعید نوورسی و جیاوازی دید و بۆچوون و تێگەیشتن بۆ دەقەکانی ناو پەیامەکانی نوور لای قوتابیانی نوورسی دابەشوون لە نێوانیاندا ڕوویدا و چەندین گرووپی گەورە و بچووک سەریانهەڵدا.

١٢. هەڵبەت ئەم گرووپە لەم ساڵانەی دواییشدا بە کۆمپیوتەر بەڵام بەزمانی تورکی عوسمانی پەیامەکانی نوور دەنووسنەوە، واتە بۆ چاپکردنی کتێبێکی پەیامەکانی نوور دەبێت کەسێک بەدەست یان بە کۆمپیوتەر تەواوی ئەو پەیامانە بنووسێتەوە و پاشان چاپ بکرێت، ئامانجیشیان لەم کارە ئەوەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەی نووسینەوە زۆر بەباشی زانست وەردەگرێت نەک خوێندنەوە، بۆیە بۆ تێگەیشتنی باش لە پەیامەکانی نوور دەبێت کەسێک بینوسێتەوە، هەروەها لە پێناو پاراستنی زمانی تورکی عوسمانی وەک زمانی خیلافەتی ئیسلامی کە لە تورکیادا بڵاوبووەوە لە پێش ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیدا، بۆیە بەم زمانە تا ئێستاش پەیامەکانی نوور دەنوسنەوە. جگە لەوەش بۆ برەودان بەم زمانە و دژایەتیکردنی زمانی تورکی نوێ کە لە ساڵی ١٩٢٨ لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی تورکیا کەمال ئەتاتورک-ەوە سەپێنراوە بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا.

١٣. تەنانەت ئەو کتێبخانانەی کە سەر بە گرووپەکانی دیکەی نوورن ئەو قورئانە دەفرۆشن کە خەسرەو ئالتن باشاک بە دەست نووسیویەتییەوە و تەوافوقی قورئانی تێدایە.

١٤. شەڕی چەنەکاڵە یان بە دەربڕینی تورکەکان خۆیان "بەرگرییەکانی چەنەکاڵە" ئەو شەڕە بوو کە لە ساڵی ١٩١٥-١٩١٦ لە نێوان سوپای عوسمانی و سوپای دەوڵەتانی هاوپەیمان لە نیمچە دوورگەی گەلی بۆڵو لە هەردوو بەرەی ئاوی و وشکانی ڕوویدا و سەرەڕای بەرگرییەکی سەخت و زۆری سەربازانی عوسمانی لە خاکەکەیان، دواجار سوپای دەوڵەتانی هاوپەیمان سەرکەوتن و بەو جۆرە لە وشکانییەوە سوپای وڵاتە زلهێزەکان هاتنە ناو خاکی عوسمانییەوە و بەرەو ئیستەنبوڵ پێشڕەوییان کرد.

١٥. پارتی دیموکرات (دەپە) Demokrat Partisi (DP)) لە ٧ کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دامەزراوە.

پاش دەرکردنی هەردوو ئەندام پەرلەمانی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) عەدنان مەندەرەس و جەلال بایار لە ئەندامێتی پەرلەمانی تورکیا و تەنانەت دەرکردنیان لە جەهەپە-یشدا، ئەو دوو کەسایەتییە پارتی دیموکرات-یان دامەزراند. هەرچەندە پارتی دیموکرات نەیتوانی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٦ ی تورکیادا دەنگی پێویست بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات بەدەست بهێنێت، بەڵام لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ١٩٥٠، ١٩٥٤، ١٩٥٧ بە پشتیوانی گرووپە ئیسلامییەکان بە گشتی و کۆمەڵەی نوور و خودی سەعید نوورسی بە تایبەتی توانیان دەسەڵات لە تورکیا بگرنە دەست، بەڵام لە پاش کودەتا سەربازییەکەی ٢٧ مایسی ١٩٦٠ بە فەرمانێکی سەربازی پارتی دیموکرات لە دەسەڵات لابرا و زۆرێک لە بەرپرسانی لەسێدارە دران یاخود زیندانی کران. پاشان لە ٢٩ ئەیلولی ١٩٦٠ بڕیاری داخستنی پارتی دیموکرات دەرکرا. بەڵام هەر بەدوای ئەو بڕیارەدا پارتێکی دیکە لەلایەن ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتەوە دروستکرا، بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی کۆماری تورکیا دەیان جار پارتەکان و بە تایبەتیش پارتە پاشخان ئیسلامییەکان داخراون و دواتر لە ژێر ناوێکی دیکەدا درێژە بە کار و چالاکی سیاسی ئیسلامییەکان لە تورکیا دراوە. تەنانەت پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) و زۆربەی دامەزرێنەر و بەرپرسانی درێژەپێدەر و ئاڵا هەڵگری ئەو ڕێبازەن کە پارتی دیموکراتی تورکیا لە ساڵی ١٩٤٦ گرتوویەتیە بەر.

١٦. بیری نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ "بزووتنەوەی سەربەخۆ"ی نەجمەدین ئەربەکان وەک تەوژمێکی ئیسلامی لە تورکیا هاتووەتە مەیدان و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی ڕێکخستنی نەتەوەی-دا ئەم تەوژمەش بەرگێکی سیاسی بە بەردا کراوە. لە ئێستاشدا چەمکی "بیری نەتەوەیی" بۆ هەموو ئەو گرووپە سیاسی-ئیسلامی و پارتە سیاسیە پاشخان ئیسلامییانە بەکاردەهێنرێت کە لە هەناوی پارتی ڕێکخستنی نەتەوەیی-یەوە دامەزراون.

١٧. وەقف لەناو گرووپەکانی نووردا بە کەسێک دەوترێت کە خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتی مەدرەسە و پەیامەکانی نوور و هاوسەرگیری ناکات تا ئەو کاتەی واز لە کاری وەقفی نەهێنێت. بەبێ ئەوەی ماوەکەی یەکلایی کرابێتەوە، دەکرێت ئەو کەسە بۆ ماوەی ٦ مانگ، ساڵێک، ٥ ساڵ یان تا کۆتایی تەمەنی وەقف بێت. خەرجی ئەو کەسە لەسەر داهاتی ئەو گرووپەیە، بەڵام خەرجیەکە بڕێکی زۆر کەمە و تەنها بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییە ناچارییەکانی ئەو کەسەیە. ئەم کەسە زۆر بە کەمی هاتووچۆی کەسوکار و هاوڕێکانی و دەرەوە دەکات، مەگەر بۆ کاروباری مەدرەسە و خزمەتی پەیامەکانی نوور. تەنها لە بۆنە و پشووە درێژەکاندا بۆ یەک یان دوو ڕۆژ سەردانی کەسوکاری دەکات، بەدەر لەوە، تەواوی کاتەکانی ژیانی بۆ خزمەتی مەدرەسە و پەیامەکانی نوور تەرخان دەکات.

١٨. ئیحتیلالجییەکان گرووپێک بوون ناویان (یەکێتی کۆمۆنیستانی شۆڕشگێڕی تورکیا İhtilalci Komünistler Birliği) کە لەلایەن کۆمەڵێک ئەفسەر و سەرکردەی سوپاوە بە نهێنی دامەزرێنرا و دواجار لە ساڵی ١٩٨٢ بە سەرکردایەتی کەنعان ئێڤرەن کودەتایەکی سەربازییان ئەنجامدا و دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتدا.

١٩. بەهۆی ناکۆکی چەند ساڵەی نێوان گرووپی حزبوڵڵای کوردی و گرووپی زەهرا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک لە دیاربەکر، ساڵی ٢٠٠٠ عیزەدین یڵدرم لەلایەن گرووپی حزبوڵڵاوە دەڕفێنرێت

و پاش چەند ڕۆژێک دوای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هێزە ئەمنییەکان تەرمەکەی لە ماڵی ڕابەری گرووپی حزبوڵڵا حسێن ڤەلی ئۆغلو-دا دۆزرایەوە. هەرچەندە لایەنگرانی عیزەدین یلدرم و بەرپرسانی دەوڵەت دەستی تۆمەت بۆ حزبوڵڵا ڕادەکێشن، لە بەرامبەردا بەرپرسانی حزبوڵڵا باس لەوە دەکەن کە پێش ئەوەی ئۆپەراسیۆنی هێزە ئەمنییەکان بکرێتە سەر ماڵی حسێن ڤەلی ئۆغلو، ئەوان ماڵەکەیان جێهێشتووە و عیزەدین یلدرم-یان بە زیندوویی لە ماڵەوە بەجێ هێشتووە.

**سەرچاوە:**

ناوەندی توێژینەوەی ئێسسام Essam Araştırmaları Merkezi

# گفتوگۆ

# ئایینناسی

# عەقڵیەتی سەلەفی چووەتە ناو ئیسلامیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان

گفتوگۆی: ئایینناسی

چۆلی فایەق، لەدایکبوی ١٩٩١ هەولێر.
توێژەر لە بواری فکری ئایینی.
١٢ بەرهەمی چاپکراوی لە بواری فکری ئاینی و ئەدەبی کوردی هەیە

لەم گفتوگۆیەدا، چۆلی فایەق نووسەر تیشک دەخاتە سەر دیدگای سەلەفییەت و سەلەفییەکانی کوردستان، دەڵێت "عەقڵییەتی سەلەفییەت چووەتە نێو ئیسلامی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، ئەمەش بە جۆرێکە بیرکردنەوەی سەلەفییانە بووە بە میانەی ئاسایی دینداریی خەڵکی ئاسایی"، ئەو پۆلێنی سەلەفی لە سیاقە مێژووییەکەیدا دەکات، پێشیوایە سەلەفییەکان مەرجەعی خۆیان لە چەند کەسایەتییەکی ناو ئەو مێژووەوە وەرگرتووە.

**ئایینناسی: بە سەرنجدان لە دیدگای بانگەشەکارانی سەلەفییەت، چ پۆلێنێك بە زانستی و گونجاو بۆ سەلەفییەت لە کوردستان دەزانیت؟**

چۆلی فایەق: وەك بیرکردنەوە و ڕوانین لە پرسە دینی و دونیاییەکان، عەقڵییەتی سەلەفییەت چووەتە هەموو ماڵ و قوژبنێکی کوردستان، عەقڵییەت و بنەواکانی سەلەفیزم لەنێو پارتە دینییەکان و نادینییەکان و ڕەوتە مەزهەبییەکانیش ئامادەیە، خاڵی وردتر ئەوەیە کە سەلەفییەت دەستی خۆی لە دینڕەویی کۆمەڵایەتی وەشاندووە، واتە بە جۆرێك بیرکردنەوەی سەلەفییانە بووە بە میانەی ئاسایی دینداریی خەڵکی ئاسایی. ئەمە وەك عەقڵییەت و دونیابینی، هەرچی وەك ڕەوت و بانگەشەکارانی بێت، ئەو گرووپەی کە بە ئاشکرا خۆ بە سەلەفی ناودێر دەکەن و وەك ڕەوتێکی دینی مامەڵە دەکەن، لەو پۆلە ڕیزبەند دەکرێن، کە بە سەلەفییەتی مەدخەلی ناودێر کراون.

**ئایینناسی: خاڵی لێکچوو و جیاوازی نێوان گرووپە سەلەفییەکانی کوردستان چییە؟ چ شتێك ئەوان لە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەکو داعش جیا دەکاتەوە؟**

چۆلی فایەق: خاڵی جیاوازیی نێوان گرووپە سەلەفییەکان تەنیا یەکێکە، ئەوەی کە بە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەستەڵاتداران (التعامل مع الحکام) ناسراوە. جگە لە ئەوە سەلەفییەکان لە (الاسماء والصفات) واتە لە خانەی عەقیدە، هەروەتر لە (الفقە واحکامها) واتە لە خانەی فیقهی هەموویان وەك یەکتر بیر دەکەنەوە. هەڵگری عەقڵییەتی سەلەفی لەنێو هەر گرووپ و پارتێك بێت، لە عەقیدە و فیقهدا هەر وەك یەك بیر دەکەنەوە.

ئەگەر کتومت مەبەستت ڕەوی سەلەفیزمی مەدخەلییە، ئەوا جیاوازییەکە دەسەڵاتە. سەلەفییەکان لەبەر سێبەری حکومەتە عەلمانییەکان خۆیان مەلاس دەدەن، ڕەوتی ئۆپۆزسیۆن و بەرەنگاری نین، پێچەوانەی داعش، کە چاوی لە کرۆك و گەوهەری دەسەڵات بوو، بە مەبەستی جێبەجێکردنی شەریعەت. بنەوا عەقیدەیی و فیقهییەکانی داعش هاوتا بوو بە بنەماکانی سەلەفییەت، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، کە سەلەفییەکانی کوردستان داعش بن. ڕاستییەکەی بەندە هەر لە بنڕا ئەو گتوبێژەم پێ نازانستی و زێدەیە، بەوەی ئاخۆ سەلەفییەکان داعشن، یان نا! ئەم پرسیار و باسە بۆچی؟ لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو چەندان گرووپی تیرۆریستی بە ناوی جودای دینی دەرکەوتن و کارەستیان نایەوە؟ داهاتوو چ گرووپێکی دیکەی تیرۆریستیمان بۆ قیت دەکاتەوە؟ داعش هەبێ، یان نەبێ، بنەما عەقیدەیی و فیقهییەکانی سەلەفییەت هەر دەمێنێت.

من وای بە زانستی و ژیری دەبینم، کە سەلەفییەت و سەلەفییەکان وەك خۆیان و بە پێوانەی خۆیان بپێوین، نەك بە داعش. سەلەفییەکان توندڕەون، بەڵام توندوتیژ نین. لە نێوان توندوتیژی و توندڕەویشدا جیاوازییەکی گەوهەری و میتۆدی هەیە. گرووپە تیرۆریستییەکان توندوتیژی دەکەن، کە ئەوەش تۆقاندن و تیرۆرە، بەڵام سەلەفییە مەدخەلییەکان ئەگەرچی توندڕەون، بەڵام کردەی توندوتیژی ئەنجام نادەن و ناتوانرێت کتومت بە داعش پێناسە بکرێن، بەڵام لە هەمان کات، داعش وەك فیکر و دونیابینی بە موو لە سەلەفیەتی لانەدا، قۆناغی توندڕەویی گەیاندە لوتکەی توندوتیژی، جگە لە یاریی هەواڵگری و شەڕی دەسەڵاتەکانی جیهان، کە چەند ساڵ جارێك لە جیهان لەژێر ناوی هەر دین و ڕەنگێك بێت، گرووپێکی تیرۆریستیی نوێمان لێ قیت دەکەنەوە. لە پشتەوەی هەموو شەڕە دینییەکان، شەڕی نەتەوەیی و شەڕی دەستەڵات و شەڕی پاوانخوازی خۆیان حەشار داوە.

**ئایینناسی: ئەوەی تێبینی دەکرێت، بانگەشەی سەلەفییەت لە کوردستان لە هەڵکشاندایە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

چۆلی فایەق: یەکەم هۆ دەسەڵاتی کوردییە، کە بە هەموو شێوەیەك ڕێی بۆ سەلەفییەت خۆش کرد و پشتیان دەگرێت.

هۆیەکی تر پارتە ئیسلامییەکانن، کە ساڵانی زوو تەباییەکی ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ سەلەفییەکان دژ بە سۆفی و ئەشعەرییەکان بەستبوو، کڕبوون و قایلبوونی ئەوان ڕێی بۆ بانگەشەی سەلەفییەت خۆشتر کرد.

لاوازبوونی ڕەوتی حوجرە و مەلای دوازدەعیلم، کە دەسەڵات بە نیاز پشتی تێکردن، بەو هۆیەش بانگەشەی سەلەفییەت بووە جێگرەوەی مەلای دوازدەعلیم، بەوەش مەرجەعی دینی لە مەلا و حوجرەوە بەرەو سەلەفییەت گواسترایەوە، بەو جۆرەش سەلەفییەت لە کوردستان باڵی بەسەر ئیسلامی کۆمەڵایەتیدا گرتووە.

**بیرکردنەوەی سەلەفییانە بووە بە میانەی ئاسایی دینداریی خەڵکی ئاسایی**

**ئایینناسی: دەوترێت سەلەفیەت هاوردەکراوە و مەرجەعیشیان لە دەرەوەی کوردستانە، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

چۆلی فایەق: من نەمزانیوە سەلەفییەکان مەرجەعی زیندوویان هەبێت، ئەوەی هەیانە چەند مەرجەعێکن کە سەدان ساڵە مردوون، بە تایبەت سێکوچکەی

سـەلـەفـیـیـەت (ئـەحـمـەدی کـوری حەنبەل، ئیبن تەیمییە، مەحەممەدی کـوری عـەبـدولـوەهـاب) کـە مـەرجـەعی هـەمیشـەییانـە. بابـەتی (هـاوردەکـرن و مـەرجـەع) قسـەکـردن لـەسـەری هێندە ئـاسـان نییـە، گـەر وا بێ ئیسلام وەك دینیش دەکەوێتە بەر پرسیارەوە. هەروەتر ڕەوتی سۆفیگەریی_دەروێشی لێ دەربکە، مەرجەعی فیکریی و فیقهیی هەموو ڕەوتە دینییەکانی تریش لە دەرەوەی کوردستان. شافعی کێ و لە کێ بوو؟ ئەشعەری کێ و لە کێ بوو؟ شای نەقشبەند کێ و لە کێ بوو؟ بنەڕەتی پرسیارەکە بە هەڵە بێ کەڵك دەبینم، پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کە ئاخۆ سەلەفییەت و دونیابینییەکەی چـەنـد بـە کـورد و کـوردسـتـان تـەبـا و گـونـجـاوە، یـاخـود سـۆنـگـەی ڕەوتـیـان چەندێك کوردستانیانەیە.

وەڵامـم دا، عـەقڵـییـەتی سـەلـەفـییـەت چـووەتـە نێـو ئـیسـلامی کۆمـەڵایـەتی لە کوردستـان، بۆیـەش ماوە ماوە تێکگیران و ململانێی سەلەفییەت و ڕەوتەکانی تر (حوجرەیی ، ئیسلامی) دەبینیت، چونکە یـارییـەکە لـەسـەر دەسـەڵاتی گۆڕەپانی دیـنـداری، یـان ئیسلامی کۆمەڵایەتییە. هەستیارترین میانەی دینی بریتییە لە دیـنـداری کۆمـەڵایـەتی، یـان میللی، کە ئێستا سەلەفییەت لە کوردستان شەری دەکات.

**عەقڵییەتی سەلەفی لەنێو هەرگرووپ و پارتێك بێت، لە عەقیدە و فیقهدا هەر وەك یەك بیر دەکەنەوە**

**ئـایـیـنـنـاسی: پـەرەگـرتـنی بیری سـەلـەفی لـە هـەرێـمی کـوردسـتـان خـزمـەت بە پێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات، یان بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی لێکترازانی و مەترسییە لەسەرئایندەی ڕەوشی ئایینی کۆمەڵگەی کوردەواری؟ چۆن؟**

چـۆلی فـایـەق: بـەڵێ ئـەوەی دووەمـیـان، عـەقڵـییـەتی سـەلـەفی بـە کـەڵـك هیچ کۆمـەڵـگـەیـەکی دروسـت و زانـسـت و ماریفەتخواز نایەت، چجای لە کۆمەڵگەی کـــوردەواری. وەك لـە پـرسـیـارەکـەی تر تـوێـژەران کـۆکـن لـەسـەر پـۆلـێـنـکـاریی مێژووی سەلەفییەت بۆ سەر سێ قۆناغ: قۆناغی عەبباسیی، کە قۆناخی بوونیادیی سەلەفییەتە، لەسەر دەستی ئەحمەدی کـوری حـەنـبـەل (ت ٢٤١ھ/ ٨٥٥م). قۆناخی کۆتایی دەوڵـەتی عـەبـاسـیی و مەمالیك، لـەسـەر دەسـتی تەقییەدینی کوری تەیمییە (٧٢٨ھ/ ١٣٣٨م). قۆناغ عوسمانیی، لەسەر دەستی محەممەدی کـوری عـەبـدولـوەهـاب (ت ١٢٠٦ھ/ ١٧٩٢م) ئـەم سێ کـەسـە، مـەرجـەع و مـەشـخـەڵی فـیـکـری سـەلـەفـیـیـەتـن،

سەلەفییەتی نوێش بە هەموو ڕەوتەکانییەوە، کار لەسەر بە (کاریزما) کردنیان دەکەن. سەلەفییەت، بەر لەوەی مەزهەب و ڕێچکە بێ، گوتارە. عەقڵیەتێکە خودان سیمای تایبەت. مەبەستم ئەوەیە جۆرێکە لە لێڕامان و تێفکرین، کە دەشێ جگە لە سەلەفیی دینیی، لەنێو گرۆ لادینیی و سیاسیی و فەرهەنگییەکانیش هەبێ. سەلەفییەت هەرگیز ناتوانێ وەك مەزهەب پێی خۆی لە گۆڕەپانی ماریفەتی ئیسلامییدا بکوتێ. دەرهاویشتەی مێژوویی و بەرەنجامی چەندان ڕا و ئیتجتیهادی ناعەقڵانیی کەسێتین، سەرجەم ئەو بەڵگە و سەنەدانەش کە بۆ بە مەزهەبدانانی دەهێننەوە، ڕەوایەتییان لە شەرع و ماریفەتی ئیسلامییدا نییە، چجای عەقڵ و شێوەژیان و پێوانەکانی ئەو کاتبەندییە هەستیارەی، کە ئێمە لە چاخەکەیدا دەژین.

**ئایینناسی: چ جیاوازییەك دەبینی لە دیدگا و مومارەسەی ئاینداری سەلەفی و ئاینداری گشتیی کۆمەڵگەی کوردەواری؟ کامیان لە ڕۆحی تاکی کوردەوە نزیکترە و چۆن؟**

چۆلی فایەق: چەند سەدەیە نەتەوەی کورد دوای هاتنی ئیسلامەتی لە عەقیدە و ڕێبازی ئەشعەری و لە فیقهـ مەزهەبی شافعی پەسەند کردووە. سەرباری ئەوەش نەتەوەی کورد سرووت و بنەوا ڕۆحییەکانی دینی مانەوی و میترایی و یارسانیان لە ڕێی سۆفیگەرییەوە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلام گونجاند و ڕەوش و میانەی ڕۆحی لەنێو نەتەوەی کورد ڕەوتی خۆی وەرگرت. هەر ئەمەش بە ڕۆحی کورد ئاشنا و تەبایە، ئەم ڕەوتە دینداریيە حوجرەییە، ڕەگوڕیشەی لەنێو کولتوور، مێژوو، خوێندن، سیاسەت و کۆمەڵایەتی چەقاندووە، ڕەوتی موتەواتیری ڕۆحیی کوردەوارە. جیاوازییەکان ڕوونن، کاتێک ئێمە جیاوازیی نێوان عەقڵییەتی سەلەفییەت و عەقڵییەتی ئیسلامی حوجرەییمان زانین.

## عەقڵییەتی سەلەفییەت چووەتە نێو ئیسلامی کۆمەڵایەتی لە کوردستان

**ئایینناسی: دەوترێت بیری سەلەفی خزمەت بە دەسەڵات دەکات، ڕای ئێوە لەوبارەوە چییە؟ دەکرێت بیری سەلەفی چ خزمەتێك بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بکات کە بانگەشەی دیموکراسی دەکات؟**

چۆلی فایەق: بەڵێ بیری سەلەفییەت بە تایبەت لەو ڕەوتانەی ئێستا، زۆرترین خزمەت بە دەسەڵات دەکەن. تەنیا بانگەشە بۆ بیری (وەلی ئەمر) و زیندووکردنەوەی ئەم چەمکە،

باشترین خزمەتە بە هەر دەستەڵاتێك.
لەم چەند ڕۆژەی دوایی یەكێك لە سەلەفییە دیارەكانی كوردستان لە سعوودیە گوتاری پێشكەش كرد، ئەو لەوێ مانیفێستی سەلەفییەتی بەرامبەر دەسەڵات بەیان كرد، كە لە هیچ ڕەوتێكی دیكەی ئیسلامیدا ئەو تەبایی و لەگەڵ دەسەڵاتبوونە نابینرێت.
دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان هەر بە ناو دیموكراسییە، لە نێوەرۆك دەسەڵاتێكی خێڵەكیی كۆنەپارێزە و هیچ فەلسەفەیەكی دینیی نییە، دەسەڵاتی كوردی لە بەرامبەر دژایەتی پارتە ئیسلامییەكان پشتی سەلەفییەت دەگرێت. لە نانەوەی پشێوی و سەرقاڵكردنی خەڵكیش بۆ لەبیربردنەوەی باری سیاسی و ئابووری، سەلەفییەكان چاكترین خزمەت بە دەسەڵاتی نادیموكراسیی هەرێمی كوردستان دەكەن.

مێزگرد

ئایینناسی

# گۆڕانکاری و دابەشبوون لای ڕەوت و گرووپە ئیسلامییەکان

ئامادەکردنی: ئایینناسی

هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە چەندین ڕەوت و قوتابخانەی سیاسی و فیکری سەریان هەڵداوە، هەندێکجار بە شێوەیەکی ئاسایی پێکەوە هەڵیانکردووە و هەندێکجاریش ململانێ و بەریەکەوتنی توندی لێکەوتووەتەوە، تەوەری ئەمجارەی وەرزنامەی ئایینناسی قسەکردنە لەسەر هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو گرووپ و ڕەوتە ئایینیانە، یان هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لای گرووپە ئایینییەکان و بە دیاریکراویش گرووپە ئیسلامییەکان ڕوودەدەن؟ لە ئێستادا ململانێ و ڕکابەری لە نێوان بەشێک لەو ڕەوتە ئایینیانەی کە بوونیان هەیە بە ئاشکرا دەبینرێت، کوردستانیش وەکو کۆمەڵگەیەکی موسڵمان بەدەر نییە لەم ململانێ و ڕکابەرییە کە بەم دواییە بە ئاشکرا لە نێوان سەلەفی و ئەشعەرییەکاندا بەدی دەکرێت، ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە دەکرێنە بابەتی گفتوگۆی ئایینناسی بە میوانداری توێژەران، یاسین تەها، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و مەزهەبەکان لە کوردستان، حەسەن یاسین، توێژەر و شارەزای بواری ئیسلامی سیاسی.

## سەرهەڵدانی گرووپەکان لە مێژووی ئیسلامدا

سەرەتا یاسین تەها لەبارەی هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێی نێوان ڕەوت و گرووپە ئایینییەکان لە سیاقە مێژووییەکەیدا دەڵێت: ئەوەی لە ئیسلامدا هەیە، بە تایبەت ئەوەی پێی دەوترێت چاخی یەکەم، یان سەردەمی زێڕین بە گوزارشتە ئیسلامییەکەی، هەموو ئەو شتانەی کە دەربارەی دین هاتوون بریتین لە شتە گشتییەکان، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ کۆمەڵگەی هاوەڵان، یان کۆمەڵگەی پێغەمبەر (د.خ) هەموو ئەو موشتومڕە کەلامیانەی ئێستا هەیە، بوونی نەبووە، بۆ نموونە ئێستا ئێمە دەبینین ئەوە گرووپی جەهەمییە، ئەوە ئەشعەرییە، ئەوە ئیبازییە، ئەوەی واقیفەیە، گرووپمان هەیە وەستاوە و حوکم لەسەر هیچ نادات، ئەم جۆرە مشتومڕانە نەبوون، هەموو ئەو شتانەی کە هەیە بریتییە لە کۆی ئیسلام، لە هەموو کۆمەڵگەی هاوەڵان نابینیت کەس قسەی لەسەر سیفاتی خوا کردبێت، ئەمە ئیشکالێکە، وەکو خودی خۆی بۆ باس نەکراوە، ئەمە بووە بە بەهانەیەك بەدەست هەندیك کە دەڵێن مادەم باس نەکراوە، باسکردنی زیادەیە، ئەمانە زیاتر ئەوانەن کە دەقگەران، ئەوەی کە پێی دەوترێت قوتابخانەی سەلەفی و حەنبەلی، بۆیە لە هیچ کۆمەڵگەیەکی سەحابەدا کێشە نەبووە، بۆ نموونە خوا جیهەت و شوێنی لە کوێیە، یان دابەزینی چۆنە، یان ڕوئیەی چۆنە، یان سیفاتی دەست و قاچ و ئەو شتانەی چۆنە، ئەوانەی کە بە ئایەتەکاندا هاتوون، ئەو سیفاتانەی کە هەن هاوەڵان چۆن تێیگەیشتوون، لەبەر ئەوە ئەوانەشی کە تەئویل دەکەن، بڕوایان بە تەئویلکردن و دۆزینەوەی مانا هەیە بۆی، یەکێک لەوانە (عیزی کوڕی عەبدولسەلام) باس لەوە دەکات کە هاوەڵانیش لە دڵی خۆیاندا تەئویلیان کردووە، بەڵام بۆ خەڵکیان باس نەکردووە، دەچنە ژێر باری ئەوەی کە ئەم خەڵکە گشتییە ئەم شتانەی نەکردووە، ئەم گرووپانە دروست نەبووبوون، یان ئەو شتەی کە پێی دەوترێت مشتومڕی کەلامی، یەکەمجار کە فیرقە دروست بوو لە ئیسلامدا لە مەسەلەی (قەدەر)ەوە دروست بووە، ئایا مروڤ موجبیرە، یان موسەیەرە؟ یەکەم کەسەکان کە قسەیان تێدا کردووە پێیانوتراوە قەدەرییەکان و لە فەرموودەدا ناویان هاتووە، فڵان و فڵان ئەوانە قەدەرییەن، قەدەرییەکانی ئومەتی ئیسلامن، بەڵام لە دواییدا کە فتوحات سەرهەڵدەدات، دەچنە کۆمەڵگەی تازەوە، دێنە عێراقەوە، دەچنە شام و وڵاتی فارس، لەگەڵ فەلسەفە و دیدگا و بۆچوونی جیاواز بەریەك دەکەون، لەوێ ئەو بابەتانە خراونەتە ڕوو، بابەتی فەلسەفە و بابەتی عیلمی کەلام و مەسەلەی پرسیار و لێکدانەوەی هەموو

شتێک دێتە پێشەوە، لەبەرئەوە لێرەدا ئەو دەقانەی کە هەبوون، دەتوانین بڵێین ئەو خواست و داخوازیانەیان پڕ نەکردەوە کە لەو شوێنانەدا بوون، بۆ نموونە لە هیندستان، وڵاتی فارس، بە تایبەت لە عێراق، کە گەورەترین قوتابخانەی ڕەئی لێ بوو، لە کوفە و لە بەغدا و لە شوینەکانی تر تێیدا درووستبووە، دوایی مشتومڕ و وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بە فەرمانی خەلیفەکانی عەباسی، کۆمەڵێک پرسیار دروست کرد، پرسیارەکان دەربارەی ماهیەتی سیفاتی خوا، زانست، پێشخستنی عەقڵ و نەقڵ، ئەمانە بوونە سەرچاوە بۆ جیابوونەوەی چەندین گرووپ و دروستبوونی کۆمەڵیک گرووپی جیاواز، ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەریەککەوتنی شارستانییە، هۆکارێکی تریشی ئەوەیە لە کۆی تێگەیشتن ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ هەموو کۆمەڵگەی هاوەڵان و پێغەمبەر (د. خ.) هیچ وردبوونەوەیەك لەوانە نابینیت، ئەو پرسیارانە بە کراوەیی جێهێڵراون، ئیتر ئەمەش خۆی بووە کەرەستەیەك، ئایا جێهێڵراون بۆ ئەوەی خەڵکی تر دوایی تێڕامانیان تێدا بکات، یان جێهێڵراون لەبەرئەوەی پێویست نەبوون، ئەمە دوو هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی فیرقەکان.

**ململانێی سەلەفی و ئەشعەری**

لەبارەی ململانێ و بەریەککەوتنی سەلەفی و ئەشعەری، یاسین تەها ئاماژە بەوە دەکات کە ڕیشەیەکی قوڵی مێژوویی هەیە و لە سەردەمەکانی پێشوودا زۆر توندتر بووە، ئەمە کێشەیەکی بێ چارەسەریشە، بریتییە لە دوو میتۆدی جیاوازی بیرکردنەوە، ئەم دوو میتۆدە لە بازنەی ئیسلامدا دەسوڕێنەوە، بەڵام هاوتەریب بە تەنیشت یەکدا دەڕۆن، ئەگەر بەریەکیش نەکەون لە هیچ شوێنێکدا یەکناگرنەوە، بریتییە لەوە تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە دەربارەی زۆر لە ئایەتەکانی قورئان، زۆر لە دەقەکانی فەرموودە، لەبەرئەوە میتۆدی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ ئەو ئایەتانە جیاوازە، بەریەککەوتن ڕوویداوە، ماوەیەکی زۆر ئەشعەریەکان لە بەغدا هەژموونیان هەبووە، ڕێبەرەکەی ئەبو حەسەنی ئەشعەری بوو. ماوەیەك دەرفەتێکی زێڕینی مێژووییان لە بەغدا بۆ ڕەخساوە، کە قوتابخانەی نیزامییە بەپێی مەنهەجی ئەشعەری کراوەتەوە، مەنهەجی ئەشعەری چییە؟ بریتییە لە مەنهەجێکی وەسەت لە نێوان ئەو کەسانەی بە تەواوی نکوڵی دەکەن لە سیفاتی خوا و ئەو کەسانەی زۆر ڕۆدەچن لە سەلماندنی وەکو ئەوەی کە هەیە، ئەمان هاتوون ڕێگایەکی ناوەندیان هەڵبژاردووە، حەوت سیفاتیان لە سیفاتەکانی خوا سەلماندووە، کە سیفەتی: (العلم،

الارادة، الحیاة، السمع، البصر، ... تاد)، دەڵێن خوا بەبی ئەوانە ناتوانێت خوایی بکات. سیفەتی زاتی پێ دەوترێت، ئەو سیفەتانەی کە خەبەرین، ئەوان ناویان ناوە (حادث)، دەڵێن هەر شتێک بۆ نموونە جوڵە، دەست، قاچ، تووڕەبوون، پێکەنین، ئەو سیفەتانەی لە قورئاندان، ئەگەر خوا ئەمە بکات ئەوە سیفەتێکی حادیسە، گۆڕاوە، موتەغەیرە، خوا زۆر قەدیمە، زۆر سیفەتی قەدیمی هەیە، (کان الله ولا شئ قبله) خوا هەبوو، هیچ شتێک نەبووە لە پێش ئەوەوە، ئەگەر ئەمانەی هەبێ مانای وایە خواش تازە ئەم شتانەی پەیدا کردووە، لەبەرئەوە خوا زۆر پاکترە لەوەی ئەم سیفەتانەی هەبێ، بۆیە هیچی ناسەلمێنن، دووەم: پێیانوایە کە عەقڵ ڕۆڵێکی هەیە لە قبوڵکردنی دەقدا، سەلەفییەکان ئەوە ناسەلمێنن، کە ئیمامی ڕازی ئەوەی تەئسیل کردووە، کە بەڵێ لە هەر کاتێکدا عەقڵ و نەقڵ دژ وەستانەوە عەقڵ پێش دەخەین، ئەمە بە لای ئەوانەوە ڕەتکراوەیە، لە هەر کوێ دەق هات، ئیتر ئیجتیهاد نییە، تا دەقەکە هەبێت عەقڵ ئیش ناکات، بۆیە یەک ناگرنەوە.

لە دەرفەتە مێژووییەکاندا ئەوان دەرفەتێکیان بۆ ڕەخساوە لە نیزامییەی بەغدا، هەر کەس ئەشعەری نەبوایە وانەی نەحو-یشیان پێ نەدەدا، هەموو مامۆستاکان مەرج بوو ئەشعەری، شافیعی و سۆفیش بن، قۆناغێك لە قۆناغەکان ئەم ڕەوتە زاڵ بووە، ئەم قوتابخانەی نیزامییە لقی لە دە شاری گەورەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کراوەتەوە، خەڵك زۆر هاتوون لە کوردستان، بەسر، مەغری، لە هەر کویوە هاتوون، چوون بۆ نیزامییە، لەوێ مامۆستاکان ئەشعەری بوون، نیزامولمولك پارە و وەقفێکی بێشومار، خزمەتگوزارییەکی زۆری بۆ دابین کردوون، ئەمان دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە نوێنەرایەتی ئەهلی سوننە بکەن، ئەوەی پێی دەوترێت ئەهلی سوننە، لەگەڵ حەنبەلییەکاندا ئەوانەی کە سەلەفی بوون زۆر چوونەتە شەڕەوە، تەنانەت لە دەقی مێژوویدا هەیە، جاری وا هەبووە جومعە نەکراوە لە بەغدا لەبەر شەڕی ئەوان، لە ڕێوایەتدا هەیە کەسێك کوژراوە، خەیات بووە، بێلایەن بووە لە شەڕەکەدا، بۆ نموونە قۆناغ هەبووە ئەشعەرییەکان کەمپینیان کردووە، نامەیان ناردووە بۆ نیزامولمولك، کە حەنبەلییەکان کۆتایی پێ بهێنێت و هەڵیانوەشێنێتەوە. ئەو وتویەتی ناکرێ ئەمە، خۆ بە دەستی ئێمە نییە، لایەنگرێکی زۆری هەیە، لە دڵی خەڵکیدا چەسپیوە، ئەوە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە، یەکێکە لە چوار پایەی فیقه، ئەویش هەوڵیداوە لە ناوەڕاستدا بوەستێت. دواتر پەرەی سەندووە بۆ ناو کولتوور، ئەگەر هەر یەکێك لەمانە بگەڕێنەوە بۆ کولتووری خۆیان، بەریەککەوتنێکی زۆر دەبینی، بۆ نموونە ئیبن عەساکیر یەکێکە لەو

مێژوونووسانەی ئەوەی داناوە کە پێی دەڵێن چینەکانی ئەشعەرییەکان، بە شان و باڵی زانا ئەشعەرییەکانی هەڵداوە، کەسێکی حەنبەلی هاتووە کتێبێکی داناوە پێچەوانەی کتێبەکەی ئیبن عەساکیرە، ئەویش چووە پۆلێنی ئەو زانایانەی کردووە بڕوایان بە ئەشعەری نییە، ئەوان پێیان وابوو هەموو جیهانی ئیسلامی ئەشعەرییە، ئەوە فڵان و ئەوە نەووەوی، ئیبن حەجەر و هەموو ئەوانەی کە عەللامەن، کۆڵەکەن لە فیقهـ و لە ئوسول، جوەینییە، شیرازیە، غەزالیە، ڕازییە، ئەبوبەکری شاشییە، هەموو ئەوانەی کاتی خۆی بەناوبانگ بوون ئەشعەری بوون، هاتووە بۆ نموونە وتویەتی ئێمە نمایندەی هەموو سوننە دەکەین، ئەو هاتووە کتێبێکی داناوە، یان لیستێکی کردووە کە ئەمانە ئەشعەری نەبوون و دژی ئەشعەری بوون، بۆیە کولتوورەکەیان زۆر دژ بەیەکە، ئەمە ئەگەری هەیە لە هەر ساتەوەختێکدا بەریەککەوتنیان نوێ ببێتەوە، هەر چەندە ماوەیەکە ئەوە لە بیری خەڵك چووەتەوە، لەم ماوەیەی دواییدا چەند ساڵە کۆنترۆڵی گوتاری ئایینی بە مانای سۆشیال میدیا و میدیا و گوتار تا ڕادەیەکی زۆر بە دەست سەلەفییەکانە، لەم ماوەی دواییدا هەندێك مامۆستای ئایینی لە هەولێر و لە ناوچەی خەلیفان و ئەوانە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو کولتوورە، هەر دەقەیەك بگەڕێیتەوە ڕەپەتی لە بەریەککەوتن، ڕەپەتی لە یەکتر تەکفیرکردنیش.

**(عیزی کوڕی عەبدولسەلام) باس لەوە دەکات کە هاوەڵانیش لە دڵی خۆیاندا تەئویلیان کردووە، بەڵام بۆ خەڵکیان باس نەکردووە**

### بۆچی ململانێی ئەشعەری و سەلەفی لە کوردستان و لەم کاتەدا؟

یاسین تەها، دەشڵێت: ئەگەر لێکۆڵینەوە بکەیت و بگەڕێیتەوە، ئەم شەڕە لە کوردستان دەکرێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەدا بە گەرمی لە ناوەندی عەرەبیشدا هەیە، بۆ نموونە چەند کەسێک هەن، لەوانە (حسن السقاف)، یان ئەزهەرییەکان، ڕۆژانە وانە و پۆستی فەیسبووک و ڕوونکردنەوەیان هەیە، یان عەلی جومعە موفتی پێشووی میسر، ئەزهەر بە گشتی هەموویان ئەشعەرین، ئەوان زۆر گرنگی پێ دەدەن، بە تایبەت لەم مانگەی دواییدا ساردییەکی زۆر لە نێوان سعودیە و میسردا دروست بووە، تەنانەت لە نێوان سیسی و محەممەد بن سەلمانیشدا، چونکە پشتیوانی ناکات، سێ بۆ چوار ساڵیشە سعودیە هیچ پشتیوانییەکی میسری نەکردووە و پێیوایە وەبەرهێنان تێیدا هیچ ئەنجامی

نییە، بۆیە بەردەوام لە نێوان ئەزهەر و حیجاز کە ناتوانی بڵێیت قوتابخانەیە، هەوڵدەدەن (قوتابخانەی سەلەفی) دابمەزرێنن و گەورەی بکەن، بەڵام بەراورد بە ئەزهەر زۆر تازەیە، ژێرخانیشی لاوازە، چونکە دوای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و بەربەهاری و ئەبووبەکری خەلال و گەورە سەلەفییەکانی تر، ئێمە سیمبولێکی تری سەلەفیمان نییە تا سەردەمی ئیبن تەیمیە، کە لە (٧٢٨ك) کۆچی دوایی کردووە، کەلێنێکی گەورە لەو نێوانەدا هەیە، لە سەردەمی ئیبن تەیمیەشەوە، جەمسەرێکی سەلەفی، یاخود چالاکییەکی سەلەفی وامان نییە تا دەرکەوتنی محەممەد عەبدولوەهاب، بەڵام ئەشعەرییەکان وا نین، بۆ نموونە بە درێژایی مێژوو لە هەموو سەدە و سەردەمێکدا هەبوون، ئەگەر بەرەو مەغریب بچی ئەوە هەر هەموو ئەشعەرییە، ئیبن عەرەبی ئەندەلووسی و جووەین کە ئیمامی حەرەمەین بووە، غەزالی کە جەمسەرێکی زۆر گەورە بووە لە بەغدا، لە مێژوودا باس دەکرێت کە لە وەزیریش پێگە و ناوبانگی زیاتر بووە لە بەغدا، بۆ نموونە قوشەیری، واعیزێکی سوفی زۆر گەورە و بەناوبانگ بووە، بەیهەقی کە موحەدیسێکی زۆر گەورەیە، هەتا دەڵێن مەزهەبی شافیعی فەزڵی بە سەر هەموو زاناکاندا هەیە بەسەر بەیهەقیدا نەبێت، بە پێچەوانەوە بۆ نموونە لە وەعز، سۆفیگەری، فەرمووده، هەموو زانستی ئوسوڵ، هیچ زانایەکی ئوسوڵی نابینی سەلەفی بێت، هەموویان ئەشعەریی بوون، ژێرخانێکی بەهێزیان هەیە، بەڵام سەلەفییەکان دابڕانی زۆریان هەیە، بۆیە نەیانتوانیوە پڕی بکەنەوە، هەروەها یەکێك لەو کێشانەی کە هەیانە مەسەلەی گوتارە (خطاب)، نە سۆفی و نە سەلەفیی ناتوانن شەرحی مەزهەبی خۆیان بکەن بەبێ ئەوەی هێرش نەکەنە سەر بەرامبەر، بۆ نموونە کاتێک هەر دوو لا قسە دەکەن، ئاوان، بیروباوەڕە بۆگەنەکانیان، عەقیدە مونحەریفەکانیان، خورافەتەکانیان. ئەمانیش بە هەماشێوە لە پەرچەکرداردا ئەوانە بێ دینن، خەواریجن، کافرن و ... تاد.

**لە دەرفەتە مێژووییەکاندا ئەوان دەرفەتێکیان بۆڕەخساوە لە نیزامییەی بەغدا، هەرکەس ئەشعەری نەبوایە وانەی نەحو-یشیان پێ نەدەدا**

لەبەر ئەوە چارەسەری ئەمە قورسە و ئاسان نییە، چارەسەرەکەی لەوەیە ڕاهێنان بکرێت لەسەر ئەوەی تۆ هەر بیر و بۆچوونێکت هەیە دەتوانی پەسەندی بکەی، گفتوگۆی بۆچوونی خۆت بکەی بەبێ ئەوەی بڵێی ئەوە (زالـە)، ئەو

(موزیلە)، ئەوە گومڕایە ئەوە بۆگەنە.
پێموایە ئەگەر گوێ لە هەر وتارێکی ئەم دوانە بگریت، ناتوانن یەک خولەک شەرح بکەن، یاخود ڕوونکردنەوە بدەن بەبێ ئەوەی هێرشی زۆر خراپ بکەنە سەر یەکتر، تۆمەتی زۆر خراپ بۆ یەکتر هەڵدەبەستن، لەبەر ئەوە تا بەم شێوازە و بەم جۆە قسە بکەن هەروا بەریەك دەکەون، بێگومان سیاسەت بە دووریش نییە لەوە، ئیتر نازانم ڕێکەوتە، یان هەرچییەکی تر، سەری ئەوان لە هەولێرە، سەلەفییەکان لە سلێمانین، لە جیهانی عەرەبیدا ئەشعەرییەکان لە میسرن، سەلەفییەکان لە سعودییەن، ئیخوانەکان لە قەتەر و تورکیان. بەدڵنیاییەوە بڵاوبوونەوە و گەرمبوونی ململانێکەش کاتی خۆی بە هۆکاری سیاسی بووە، لەبەرئەوەی سەلجوقییەکان تەبەنی ئەشعەرییەکانیان کردووە، چونکە سەلجوقییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، هەموو کەسە دیارەکانی ئەشعەرییەکانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامین، زۆر بە دەگمەن بەغدایی ئەسڵیان تێدایە، گەورەترین پایەی ئەشعەرییەکان ئەبوئیسحاقی شیرازییە، کە مامۆستای یەکەمە، خەڵکی شیرازە، دواتر وەرە خوارەوە ڕازی، قوشەیری، بەیهەقی، نەیسابووری، هەموو ئەوانە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامین، لەبەرئەوە کاتی خۆشی سەلجوقییەکان تێکەڵییان هەبووە کە پەسەندی ئەوانەیان کردووە، بە پاڵپشتی ئەوان ناوبانگیان پەیدا کردووە، مینبەرەکانی دەوڵەت و پشتیوانی دەوڵەتیان بەکارهێناوە بۆ خۆبەهێزکردن، بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیان، لە ئێستاشدا ئەزهەر خۆی دامەزراوەیەکی گەورەیە، تا ئێستاش بە هەزارەها خەڵك لە وڵاتانی دنیاوە ڕووی تێدەکەن، لەبەر ئەوە زۆر بە گەرمی پەسەندی ئەوە دەکەن، هەر دەقەیەك بەو میتۆدە قسە بکەن بەڵێ بەریەك دەکەون.

**قۆناغ هەبووە ئەشعەرییەکان کەمپینیان کردووە، نامەیان ناردووە بۆ نیزامولمولك، کە حەنبەلییەکان کۆتایی پێ بهێنێت**

### توندڕەوتر لەهەناوی توندڕەودا

لە مێژووی هاوچەرخدا، بە دیاریکراویش دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، کۆمەڵێک گرووپی ئیسلامی سیاسی بانگخوازی سەریانهەڵدا، بەڵام دواتر ئەم گرووپانە، یان لە هەناوی ئەم گرووپانە گرووپی چەکداری و توندڕەو سەریانهەڵدا، یاخود هەمیشە لە ناو خودی گرووپە توندڕەوەکاندا گرووپی توندڕەوتر سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە لە منداڵدانی قاعیدەدا، داعش

سـەرهـەڵـدەدات، لـەوانـەیـە لـە داعـش گرووپێکی لەو توندڕەوتر سەرهەڵبدات. کاتێک سەرنج لەو ئەزموونانە دەدەین، لە کوردستاندا هەندێک واقیعی تریشمان هەیە، بۆ نموونە لە هەناوی بزووتنەوەوە ئەنسارولئیسلام سەری هەڵداوە، بەڵام دواتر لە قۆناغێکی تردا هێزێکی چەکدار جیهادی وەکـو کۆمـەڵی ئیسلامی ئەو کات، وەرچەرخانێکی بە سەردا دێت و چەك دادەنێت و بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکات و پیادەی هەموو کارە مەدەنییەکان دەکات، کە حزبێکی سیاسی دەیکات، تا دواتر گەیشتووە بەوەی وشەی ئیسلامیشیان لە حزبەکەیان کردووەتەوە، لەبارەی ئەم گۆڕانکارییانەوە حەسەن یاسین توێژەر دەڵێت: سەرەتای دروستبوونی گرووپ و ڕێکخراوی ئیسلامی سیاسی کە دەتوانن بڵێین ئیخوان موسلیمین دایکی هەموویانە، لە سەرەتادا حەسەن بەنا دروستی کردووە ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە، بۆ ماوەی دە ساڵ ڕێکخراوێکی بانگخوازی بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٣٨دا دەبێت بە حزبێکی سیاسی، کە دەشبێت بە حزبێکی سیاسیی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستاش ئیخوان وەک حزبێکی میانڕەو وەسفی خۆیان کردووە، بەڵام ئەگەر بە وێستگەکانی ئیخواندا بچینەوە، هەر لە ناو ئیخواندا ڕێکخستنی تایبەت دروست بووە، کە چەکدار بوون، دەستیان وەشاندووە، سەرۆك وەزیرانییان کوشتووە، کەواتە لە ناو ئەو حزبە میانڕەوەشدا دیسان هەر گرووپی چەکداری بوونی هەبووە، بە بۆچوونی من کێشەی سەرەکی تێکەڵکردنی سیاسەت و دین لە قاڵبی حزبێکدا ئەمەی لێ دروست دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بیر و باوەڕە دینییە دێنی تەوزیفی دەکەی بۆ ئامانجێکی سیاسی و توندڕەوی لێ دروست دەبێتەوە، کە توندرەوی لێ دروست بوو، توندڕەوی هەر ماوەیەك لە فیکردا بەردەوام دەبێت، دوایی دەبێت بە کردار. حەسەن بەنا خۆشی بوو بە قوربانی وەکو پەچەکردارێکی ئەو کۆمەڵە چەکدارییە، پاشان لە هەناوی ئیخواندا کە سەید قوتب هەڵدەکەوێت و بیر و باوەڕەکانی سەید قوتب بەتایبەتی لە (معالم فی الطریق)دا کە مەلا کرێکار بەناوی (مەشخەڵی ڕێ) کردوویەتی بە کوردی، لەوێ سەید قوتب تەکفیری دەوڵەت و کۆمەڵگە دەکات و قوتبیزم دروست دەبێت، لایانگرانی سەید قوتب، کە دروشمەکەیان و ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە دەبێت ئەم دینە بچەسپێت و جارێکی تر کۆمەڵگە بکرێتەوە بە موسڵمان، ئەمە لە ناو هەناوی بزوتنەوەیەکدا دروست دەبێتەوە کە خۆی بە میانڕەو دادەنێت، ئەگەرچی باڵی چەکداریشی هەبووە وەکو پێشتر باسمان کرد. بەڵام ئەمە درێژەی دەبێ، پەلوپۆ دەهاوێت بۆ وڵاتانی تریش، بۆ نموونە لە کوردستانی عێراقدا بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی

عێراق هەر لە سەرەتاوە وەکو حزبێکی چەکدار دروست بووە، وەکو حزبێکی میانڕەو دروست نەبووە.

**لەم ماوەیەی دوایی‌یدا چەند ساڵە کۆنترۆڵی گوتاری ئایینی بە مانای سۆشیال میدیا و میدیا و گوتارتا ڕادەیەکی زۆر بە دەست سەلەفییەکانە**

هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ئیخوان لە عێراقدا هەڵدەوەشێتەوە، لە کوردستان بە تەواوی هەڵناوەشێنەوە، بەردەوام دەبن لەسەر ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانیان، لەسەر کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار لە نێوان خۆیاندا، لەناو خۆیاندا بڵاوکراوە و چالاکییان هەبووە، ئەگەر چی ڕەنگە چاپکراو نەبووبێت، هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن کە لە هەناوی بزووتنەوە لەخۆڕا هێزێکی وەکو ئەنسارولئیسلام دورست نابێت، بەڵکو پێشینەی هەیە، پێشینەی ئەوەیە کە گرووپی تەوحیدییەکان لە هەولێر دروست دەبن، حەماس، هێزی دووی سۆران، مەرکەزی دراسات، وابزانم یەکەمجار مەرکەزەکە لە سۆران دروست بووە، چونکە مەکتەبی عەسکەریان لەوێ بوو، لەوێ فێرگەیان کردووەتەوە و هەموو ئەوانە پێشینەیەك بوون بۆ ئەوەی ئەنسارولئیسلام دروست بێت، ئینجا دوای ئەو شەڕەش کە لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی دروست بوو، بێگومان لە هەلومەرجی شەڕیدا ئەو کاردانەوانە توندتر و ڕەقتر و توندوتیژتر دەبن، بۆیە هەموو ئەو گرووپانە لە ئەنجامدا یەکیان گرت و ئەو هەوڵەش کە لە ناو بزووتنەوەی ئیسلامی درابوو بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی ئیسلامی یەکبگرن و بزووتنەوەی یەکبوون دروست بێت، کە بە ناکامی دروست بوو، کۆنگرەکەش سەری نەگرت، هەڵوەشانەوە و بوونەوە چەند پارچەیەک، هەموو ئەوانە وای کرد کە لە هەناوی ئەوانە هێزی دووی سۆران ئەوانەی تر کۆبکاتەوە و لە ٢٠٠١/٩/١دا (جند الاسلام) ڕابگەیەنێت.

سەبارەت بە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانە لە جیهانی ئیسلامی کە هەندێکجار لە هەناوی هێزێکی توندەڕەوەوە توندڕەوتر دروست دەبێ، حەسەن یاسین دەڵێت: وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، لە ئەنجامی فیکری توندڕەویدا کە ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێت، فکری توندڕەوی دەبێت بە کردار، کە دەبێت بە کردار بەرامبەر بە کێ؟ سەرنج بدە (جوندولئیسلام) لە ساتەوەختی یەکەمدا جیهادی ڕاگەیاندووە، لە بەیاننامەکەیدا دژی پرۆسەی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا، داوای ڕووخاندنی دەکات بە هێزی چەکداری، ئەمە لە ئەنجامی چییە؟ بێگومان لە ئەنجامی ئەو فکرە

توندڕەوییە کە لە نێوان ئەو کادیرانەی بزووتنەوەی ئیسلامیدا دەستاودەستی کردووە، دەبێت کرداری توندڕەوانەی لێدروست ببێت کە توندوتیژییە، لەناو بزووتنەوەشدا بەو شێوەیە جێگەی نەدەبووەوە، بزووتنەوەی یەکبوونیش، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئەنسارولئیسلام دروست بێ.

لەبارەی ئەزموونی قاعیدەشەوە، کە لە هەناویدا چەندین گرووپی توندڕەوتر سەریانهەڵداوە، حەسەن یاسین جەخت لەوە دەکاتەوە کە قاعیدە و داعش سیمایەکی زۆر سەرەکی جیایان دەکاتەوە، قاعیدە بڕوای بە جوگرافیایەکی دیاریکراو نییە، کە حوکمی تێدا بکات، بەڵام داعش وانییە، قاعیدە ڕێکخراوێکە بۆ بە جیهانیبوون ئیش دەکات، بەڵام داعش لە پانتاییەکی جوگرافییەوە دەیەوێت بەرەو فراوانتر بڕوات، بۆیە داعش کە ناوچەیەکیان دەستکەوت خیلافەتیان تێدا ڕاگەیاند، بەڵام قاعیدە لە ئەفغانستانیش بوون، بەڵام لێگەڕابوون تاڵیبان خۆیان حوکم بکەن، بەیعەتیشان بەو دابوو، بۆیە جیاوازییەکە لەوەدایە، ئەمان ڕووبەرێکی دیاریکراویان نەگرتبووە خۆیان، بەڵام داعش ڕووبەرێکی دیاریکراوی گرتە خۆی، بۆیە داعش کە بە هێزی چەکداری بەرەوڕووی بوونەوە، ڕووخاندیان، بەڵام وەکو فیکر و ئینتیما، وەکو لایەنە ڕێکخراوەییەکەش هەر ماون، خەڵکیشیان هەیە و ئێستاش مەترسییەکانیان هەر بەردەوامە.

لایەنێکی دیکەی داعش ئەگەر دیقەت بدەی، لە عێراق و لە سووریا چالاکی و بەرفراوانی هەبوو، بەڵام داعش زیاتر ئینتیمای عێراقیبوونی هەبوو، ئەگەر سەرنج بدەن، زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانیان عێراقین، بەڵام قاعیدە غەیرە عێراقی بوون.

**لە سەردەمی ئیبن تەیمیەشەوە، جەمسەرێکی سەلەفی، یاخود چالاکییەکی سەلەفی وامان نییە تا دەرکەوتنی محەممەد عەبدولوەهاب**

### کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو

لەبارەی وەرچەخان و گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوودا، حەسەن یاسین دەڵێت: من پێم وا نییە کۆمەڵی ئیسلامی لە دەرەنجامی ناوخۆییان لە هێزێکی چەکدارییەوە گۆڕا بن بۆ هێزێک کە لە ناو پرۆسەی سیاسیدا بن و بووبن بە هێزێکی بێ چەک، سەرەتا کۆمەڵ پاش ئەوەی لەگەڵ لێدانی ئەنسارولئیسلام ئەوانیش لێیاندرا، ئەمە ناچاری کردن بگوازرێنەوە بۆ ناوچەی ڕانیە و لە چەک دابماڵرێن، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوان پێشووتر نەدەهاتنە ناو پرۆسەی سیاسیی، ماوەیەکی باش لە

نێوان هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی و لە نێوان ئەنسارولئیسلام شەڕ و پێکدادان هەبوو، کۆمەڵ کەوتبوونە نێوانیانەوە، ئەوان لە ناوچەکانی کۆمەڵەوە بە دڵی خۆیان دەهاتن لە ناوچەی یەکێتی دەستیان لە هێزی یەکێتی دەوەشاند و بەوێدا دەگەڕانەوە، بەڵام کۆمەڵ ڕێگەی نەدەدا یەکێتی لە ناوچەی نفوز و حوکمڕانی کۆمەڵەوە بچێت لە ئەنسارولئیسلام بدات، تەنانەت ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئێران بکەوێتە بەینیانەوە و لە سلێمانی پالاس یەك زنجیرە کۆبوونەوەی بێ ئاکام لە بەینی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرا، بە مەبەستی ئەوەی باوەڕ بە کۆمەڵ بهێنن کە بێلایەن بێت، یان بوار بدات یەکێتی لەوێوە لە ئەنسارولئیسلام بدات و سەریشی نەگرت. بۆیە دواتر کۆمەڵ لە چەک داماڵران و بوون بە هێزێکی بێ چەک، هەڵبەتە ئەوە وەرچەخانێکی زۆر باش و ئیجابی بوو، بەشداری پرۆسەی سیاسییان کردووە، لە هەڵبژاردنەکان بەشدارییان کردووە، بوون بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. بەڵام لە ناو یەکگرتووی ئیسلامیدا ڕەوتێک هەبوو کە لەگەڵ ئەوە بوون پاشگری ئیسلامی لە یەکگرتووی ئیسلامی بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا سەری نەگرتووە، لە ناو یەکگرتووشدا گۆڕانکاری زۆر ڕوویداوە، ئەگەر بیرتان بێت یەکەمجار یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان بوو، دواتر بوو بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە ئەم دووانە جیاوازی زۆرە لە ڕووی ئینتیماوە، کە دەڵێت یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان واتە حزبێك هەیە ناوی یەکگرتووە بۆ کوردستانە، بەڵام کە دەڵێی لە کوردستان، واتە فراوانتر دەڕوات، جا لە ناو یەکگرتووشدا ئەم گۆڕانکارییە ڕوویان داوە، گۆڕانکاری بووە، بەڵام هێشتا وەکو کۆمەڵ نەگەشتوونەتە ئەوەی ڕوونتر بگەنە ئەو باوەڕەی پێویستیان بە پاشگری ئیسلامی نەبێت.

**لە وەعز، سۆفیگەری، فەرموودە، هەمووزانستی ئوسوڵ، هیچ زانایەکی سەلەفی نابینی، هەموویان ئەشعەری بوون**

### سەلەفیەت باڵادەستە

سەبارەت بە باڵادەستی گوتاری سەلەفی سەرەڕای پێشکەوتنەکانی جیهان، یاسین تەها دەڵێت: سەلەفی ناونیشانێکی بەرفراوانە بۆ کۆمەڵێک گرووپ، هەندێک لێکۆڵنیەوە هەیە، پۆلێنی تازەیە بۆ سەلەفیەت کە حەوت بەشن، سەلەفی تەقلیدی هەیە لە سعوودیە، کە سەلەفی بن باز و عوسەیمین، سەلەفییەك هەیە هی مەدخەلییەکانە و ئەوەی پێی

دەوترێت محەممەد جامی لە ساڵی ١٩٩١ سەریهەڵداوە و زۆر نزیکە لە سوڵتانەوە، جۆرێکی تر هەیە لە سەلەفی وەک ئەوانەی کوەیت و جەماعەتی ئەنسار سوننەتی محەممەدی لە میسر و لەم دواییەدا حزبی نوور خەریک بوو بچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، لە دەرەوەی ئەم سێ جۆرە، سەلەفی جیهادی نەزەری هەیە وەک محەمەد مەقدیسی و ئەبوحەمزەی میسری، سەلەفی جیهادی عەمەلی هەیە، تەیارێکی تر هەیە سەلەفییەکانی ناو ئیخوانە، وەک محەممەد سرور. لەبەر ئەوانە هەمیشە ناتوانی بە دیاریکراوی بڵێی سەلەفی وایە، لەبەرئەوە تۆ کام جۆرە سەلەفیانەت مەبەستە، هەر لە کوردستان دوو جۆرە سەلەفیمان هەیە، هەیانە زۆر ناچێتە پێش، زۆر بڕوای بە کاری ڕێکخراوەیی و کاری میدیایی و ڕێکخستن و ئەوانە نییە، هەشە زۆر دەچێتە پێش، لەبەرئەوە دەبێت دیاری بکەیت کام جۆرە سەلەفیەت مەبەستە، خاڵێکی تر ئەوەیە حزبە ئیسلامییەکان لە زۆر شوێن لە ئەزموونی سیاسیدا و لە ئەزموونی حوکمڕانیشدا تاقیکراونەتەوە، زیاتر کەموکوڕیی و هەڵەکانیان دیارە، بەڵام سەلەفییەکان لەبەرئەوەی لە کوردستان بەشداری ئەزموونی سیاسییان نەکردووە، ڕۆڵی ئۆپۆزسیون دەبینن و هەمیشە دەتوانن بە دەنگی دڵێر قسە بکەن، ئەوان ئەندام پەرلەمانیان نییە سەنگەری گواستبێتەوە، وەکو هەر ڕەوتێکی تری سیاسی کە ئەمە لە ناو هەموو حزبەکاندا هەیە، حزبە ئیسلامییەکان لەو ماوەیەی لە پەرلەمانی عێراق و کوردستان بەشداریان کردووە، ڕەخنە و سەرنجی زۆر لەسەر کار و کردەوەیان هەیە، زۆرێکیان هەر وازیان لە حزبەکانیان هێناوە، ئەمە جۆرێك لە ساردبوونەوە لە بنکەی ئیسلامییەکاندا دروست دەکات، بەڵام سەلەفییەکان ئەوەیان نییە، لە هەموو دونیا ئەم ماوەیە لە ناو ئەوروپاش گەڕانەوە بۆ ئوسوڵگەرایی و بۆ ڕەگوڕیشەیی زیاتر بووە، تەنانەت لە ئیسرائیلیش.

### نە سۆفی و نە سەلەفیی ناتوانن شەرحی مەزهەبی خۆیان بکەن بەبێ ئەوەی هێرش نەکەنە سەربەرامبەر

خاڵێکی تر گوتاری سەلەفی زووتر دەگات بە خەڵکی دیندار، واتە زووتر دەتوانێت بیگەیەنێت، بۆ نموونە ئەشعەرییەکان دەڵێن سیفات نە ئەوەیە و نە ئەمە نییە، ئەگەر بێیت گوتاری یەکگرتوو بۆ نموونە وەربگری، گوتارێکی دەستەبژێرییە و وا نییە بگاتە ئاستی جەماوەری، ئەو ئەزموونە سیاسیەشی کە هەیانە ڕۆژانە لە میدیاکاندا شت دەبینین، ڕەخنە دەبینین، سەلەفییەکان ئەوەیان نییە،

ئاسانتر دەتوانن لەگەڵ خەڵکدا قسە بکەن، هەروەها ئینتیما بۆ سەلەفی هیچ لێکەوتەیەکی سیاسی نییە، دووچاری لێپێچینەوە نابیتەوە، لەبەرئەوە ڕەوتێك نییە کە تموحی سیاسی هەبێت، ڕەوتێك نییە بەشداری سیاسی هەبووبێت.

### ژینگە کاریگەری هەیە

لەبارەی کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر گۆڕانکاری لەناو ڕەوتە ئیسلامییەکاندا، حەسەن یاسین ئاماژە بەوە دەکات کە مامۆستا عەلی باپیر لە سەرەتای پرۆسەی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا کە یەکەم هەڵبژاردن کرا، ئەو کاتە نامیلکەیەکی هەبوو (کوردستان لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا)، ئەو کاتە لایەنگری چوونە پەرلەمان نەبوو، دوایی مامۆستا عەلی باپیر خۆی بوو بە ئەندامی پەرلەمان لە عێراقدا، بەردەوامیش بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، بە دڵنیاییەوە ژینگە کاریگەری دەبێت، کە بووی بە حزبی هەڵبژاردن و حزبی دەنگدان، ئەگەر پێشووتر حزبی دەستەبژێر بوو بێت، لەمەودوا ناتوانێت حزبی دەستەبژێر بێت، کەواتە دەبێت ببێت بە حزبی جەماوەر، کە بوو بە حزبی جەماوەر کەواتە ئەو ژینگەیە کاریگەری هەیە لەوەی بەشێك لەو بیروباوەڕانەی کە پێشووتر هەیبووە لە خۆی دابماڵێ و لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا خۆی بگونجێنێت. دەشڵێت: لەو ژینگەیەی کە هەژاری و ناعەدالەتییەکی گەورە هەیە، توندڕەوی زیاتر تێدا پەرەدەستێنێت، ئەگەر سەرنج بدەیت حزبێکی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کە هێڵە ئیخوانییەکەی گرت، حزبێکی شارییە، حزبێکە بە لای ئەوەدا نەچووە هەوڵ بدات گرووپی چەکداری دروست بکات، بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق هەر لە سەرەتاوە وەکو گرووپێکی چەکداری دروست بووە و لە سەرەتاشەوە کەمتر سیمایەکی حزبێکی شاری پێوە دیار بووە.

### لە جیهانی عەرەبیدا ئەشعەرییەکان لە میسرن، سەلەفییەکان لە سعودییەن، ئیخوانەکان لە قەتەر و تورکیان

لەبارەی هۆکاری دارایی لەسەر باڵادەستی گوتاری سەلەفییەکان، یاسین تەها ڕەتیدەکاتەوە ئەم هۆکارە کاریگەری هەبێت و دەڵێت: ئەگەر کوردستان بە تەوەر وەربگرین، لە دوای نەوەدەکانەوە وەزارەتەکانی ئەوقاف و یەکێتی زانایان و مینبەری مزگەوتەکان و حوجرەکان لەسەر ئەشعەرییەکان مەحسوبن، ئەگەر سەیر بکەین نزیکەی هەشتا و پێنج کەناڵ لە کوردستاندا هەیە، یەك کەناڵی سەلەفییەکانە، هەشتا و چواری تر، کۆمەڵ پەیام، سپێدە، کەناڵی

بانگەواز، میحراب، خۆ ئەوانیش کەناڵی تریان هەیە، بۆ نموونە ئیسلامییەکان لە کوردستان زانکۆ، کۆلێج، وەزارەت، بەڕێوەبەری گشتی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا، بەڕێوەبەری ناحیەیاە وەرگرتووە، بەڵام سەلەفییەکان هیچیان نییە، هەرگیز لە لیستێکدا نابینی سەلەفییەك خانەنشین بووبێت، یان دامەزراو بووبێت، جگە لەوانەی کە کارمەندن، گەورەترین پۆست کە سەلەفی وەریگرتبێت مەلای مزگەوتە، بەڵام ئیسلامییەکان ئەو فرسەتانەیان وەرگرت، بەڵام هەمیشە دەڵێن دەسەڵات پشتیوانی ئەوان دەکات، لە کاتێکدا ماوە هەبووە ئەمان خۆیان بەشێك بوون لە دەسەڵات، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی لە حکومەت و پەرلەماندا بوون، بەراورد بکە، ئەگەر ئەوان کەناڵێکیان هەبووبێت، ئەمان دوو کەناڵیان هەبوو، لە هەموو مەڵبەندێک ئیزگەیەك هەیە، ئەوان ئەوانەیان نییە، پشتیوانییەکە چییە، خۆ ئەمان ڕابیتەشیان بەدەست بووە، خۆ جەمعیەی سەلامی خێریشیان بەدەست بووە، لە ڕووی خێرخوازییەوە توانیویانە زیاتر لە سەلەفییەکان خۆیان بە خەڵك بناسێنن. سۆفییەکانیش ئەم قسەیە دەکەن، ئێستا یەکێتی زانایان بە دەست کێوەیە؟ ئینجا سەلەفی و سۆفی لە مەسەلەی نزیکبوونەوە لە دەسەڵات هیچ فەرقێکیان نییە. هەموو ئیسلامی سوننی ئیقلیمی، ئەگەر حزبە حەرەکییەکانی لێدەرکەیت هیچیان ئیشکالیان لەوە نییە تۆ لەگەڵ دەسەڵات بژیت، بەڵام ئەوەندە هەیە سەلەفییەکان بوێرترن لەوەی زیاتر ئەم قسەیە بکەن و ناویان لێناوە وەلی ئەمر و باسی دەکەن کە بە دڵی دەسەڵاتە، دەسەڵات ئەوەشی پێ خۆشە، بەڵام سۆفییەکان و ئەشعەرییەکان بە مومارەسە لە ناو دەسەڵاتدان، سەلەفییەکان چارەکێکی ئەمەشیان وەرنەگرتووە، بەڵام ئیتر بەردەوام ئەو قسەیە دەکرا، ئێمە وەکو لێکۆڵەر پشت بە داتا دەبەستین، ئەگەر بێین جەردەکان حساب بکەین، هیچ کاتێک سەلەفییەکان چارەکی ئیسلامییەکان، چارەکی سۆفییەکان لە دەسەڵات سوودمەند نەبوون.

**لە هەناوی بزووتنەوە لەخۆڕا هێزێکی وەکو ئەنسارولئیسلام دورست نابێت، بەڵکو پێشینەی هەیە**

بیرمەندان

ئایینناسی

# نوێگەری لە دیدی مەلای گەورەی کۆیەدا

د. کازم عەلی تۆفیق

ڕیفۆرم و نوێگەری بەشێکی گرنگی پێکهێنەری سرووشتی ژیانی مرۆڤە، دوورکەوتنەوە و پاشەکشە لێی بەرهەمەکەی بەجێمان و دواکەوتنی مرۆڤە لە دەوروبەرەکەی، چونکە نوێبوونە پرۆسەیەکی چەسپاوە و بەردەوام لە دەوروبەری مرۆڤدا بەدی دەکرێت، نموونەی نوێبوونەوەی شەو و ڕۆژ و بەردەوامی گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ و ... هتد، گەر مرۆڤ سەرنجی ئەم گۆڕانکارییانە نەدا، پێویستە پێداچوونەوە بە هزر و بیریدا بکات، ئاخر ناکرێ و ناگونجێ هزری ڕیفۆرم و نوێگەری خوتخوتەی خەیاڵ و ئاوەزی نەدات، لەم چوارچێوەدا لەناو کورددا چەندین نوێگەر و بیرمەند هەڵکەوتوون، کە ڕۆڵی بەرچاویان لە نەخشی مەعریفەی ئیسلامیدا هەبووە، مەلای گەورەی کۆیە یەکێکە لەو کەسایەتیانە کە جێ پەنجەی دیارە و لە نووسینەکانیدا دیدگای خۆی خستووەتەڕوو.

ڕیفۆرم و نوێگەری بەشێکی گرنگی پێکهێنەری سرووشتی ژیانی مرۆڤە، دوورکەوتنەوە و پاشەکشە لێی بەرهەمەکەی بەجێمان و دواکەوتنی مرۆڤە لە دەوروبەرەکەی، چونکە نوێبوونە پرۆسەیەکی چەسپاوە و بەردەوام لە دەوروبەری مرۆڤدا بەدی دەکرێت، نموونەی نوێبوونەوەی شەو و ڕۆژ و بەردەوامی گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ و ... هتد، گەر مرۆڤ سەرنجی ئەم گۆڕانکارییانە نەدا، پێویستە پێداچوونەوە بە هزر و بیریدا بکات، ئاخر ناکرێ و ناگونجێ هزری ڕیفۆرم و نوێگەری خوتخوتەی خەیاڵ و ئاوەزی نەدات، لەم چوارچێوەدا لەناو کورددا چەندین نوێگەر و بیرمەند هەڵکەوتوون، کە ڕۆڵی بەرچاویان لە نەخشی مەعریفەی ئیسلامیدا هەبووە، مەلای گەورەی کۆیە یەکێکە لەو کەسایەتیانە کە جێ پەنجەی دیارە و لە نووسینەکانیدا دیدگای خۆی خستووەتەڕوو.

مەلای گەورە زانایەکی دیاری باشووری کوردستان بووە لە سەدەی ڕابردوودا، گەورەی بنەماڵەی جەلیزادە بووە، کەسایەتییەکی بەناوبانگ و زانستپەروەر و نوێگەر بووە. باوەڕی بە لاساییکردنەوەی کوێرانە نەبووە، هەوڵیداوە لە ڕێگەی بیرە نوێگەرییەکانییەوە کە هەڵقوڵاوی قورئان و فەرموودەکان بووە، جارێکی تر کۆمەڵگەی کوردی بگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێبازی ئیسلامی و لەو پێناوەشدا لە هیچ شتێک سڵی نەکردووەتەوە، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بووە لە ڕووبەڕوونەوە و بەگژاچوونەوەی هەموو ئەو دیاردە و تێگەیشتنە نەشازانەی پێچەوانەی مەبەستەکانی قورئان بوون، هیچ ساتێکیش دڕدۆنگ نەبووە لە باسکردن و لێدان لەو بۆچوونە باوانەی کە پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنە بوو بن. خاوەنی دید و بۆچوونی خۆی بووە بۆ تێگەیشنی لە دین و ژین، زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین لە سەردەمی خۆیدا هیچ هاوشانێکی لە ڕووی زانستی و سیاسی و بوێری و نوێگەرییەوە نەبووە.

زۆر جیاواز لە زانا و کەسایەتییەکانی دەوروبەری بیری کردووەتەوە، بەردەوام هەوڵیداوە لە نووسین و وتار و فەتوا و دادوەرییەکانیدا بازنەی ئایینزا (مذهب) تێبپەڕێنێت. هەوڵی داوە تێڕوانینەکانی ڕەنگدانەوەی ڕۆحی شەریعەت بێت و لێی دوور نەکەوێتەوە. ئەو لە بەشێک لە بیروڕاکانیدا تەواو لە زانایانی دەوروبەری جیاواز دەرکەوتووە، ئەو بیروبۆچوونانەی ڕەت کردووەتەوە کە باوەڕیان وابووە پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی قورئانن. تێڕوانینەکانیشی فرە ڕەهەند بوون و تایبەت نەبوون بە لایەنێکی دیاریکراوەوە، دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بکرێت وەک: تێگەیشتن لە قورئان و باوەڕی ئیسلامی و کەسایەتی و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، واتای بیدعە و سوننە و نوێگەری لە پرۆگرامی خوێندندا،

هەر یەکێکیش لەم تایبەتمەندییانە پێویستییان بە توێژینەوەی ورد و فراوان هەیە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە کورتی دەربارەی هەندێکیان بدوێین.
لە سنوورێکی دیاریکراویشدا گرنگی تەواوی بە عەقڵ داوە، باوەڕی بەوە هەبووە کە عەقڵ دژی دین نییە و پێویستە ڕۆڵی عەقڵ لە تێگەیشتنی دەقەکاندا نادیدە نەگیرێت و پێی وایە کە کەسانی ڕینمونیکراو ئەوانەن کە باوەڕیان بە عەقڵ و نەقڵ هەیە، هیچیان بێ بایەخ سەیر ناکات(١).
لەم سۆنگەیەشەوە دەبینین ناوبراو توانیویەتی نوێگەرییەکی بەرچاو بکات و لە چەندین پرسدا دوور لە دەمارگیری و شوێنکەوتنی زۆرینە ڕای خۆی هەبێت و ئەوە پەسەند بکات کە لەگەڵ ئەو بنەمایانە و ئاوەزی دروست و سروشت و تایبەتمەندیی شەریعەت دەگونجێن.
لە توێژینەوەکەماندا هەوڵمان داوە جگە لە ژیان و کەسایەتی مەلا محەممەدی جەلیزادە (مەلای گەورەی کۆیە) چەند بابەتێک دەربارەی نوێگەری لە دیدی مەلای گەورەدا بوروژێنین، بەشی یەکەمی تەرخان کراوە بۆ ژیانی مەلای گەورە و سێ بەشەکەی تر تایبەت کراون بە دیدگای ئەو کەسایەتییە

**یەکەم: پوختەی ژیاننامەکەی**

مەلا محەممەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی کاکی جەلیيە"(٢)، دایکی عائیشەخانی کچی مەلا ئەبوبەکری ئاغا حەوێزییە(٣)"، دایک و باوکی لە بنەماڵە ناسراوەکانی کۆیە بوون، مەلای گەورە دەربارەی ڕەچەڵەکی خۆی دەڵێت "بەر ئەتڵەسی پشت مەخمور"(٤)، واتە: بەر و پشتی لێفەکە لە قوماشی بەنرخن، مەبەستی ئەوەیە: کە لە لایەنی دایکی و باوکییەوە لە بنەماڵە ناودارەکانی کۆیەیە.
لە کۆتایی مانگی ڕەجەب لە ساڵی (١٢٩٣ کۆچی – ١٨٧٦ زایینی) لە شاری کویە لە دایک بووە، وەک خۆی لە کۆتایی تەفسیرەکەیدا دەڵێت: "لە آخری ماهی رجب الله بە ولد بوویم"(٥).
چەندین نازناوی هەبووە وەک: "کاک حەمەد، مەلا محەممەدی ئەفەندی، سەرۆکی زانایان، مەلای گەورە، جەنابی مەلا"(٦)، بەڵام لە هەموویان ناسراوتر دوانی کۆتایین، وەک مەسعود محەممەد باسی دەکات(٧). مەلای گەورەی کۆیە ساڵی "١٣٦٢ک" لە شاری کۆیە بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. سەرجەم خەڵکی ناوچەکە خەمبار دەبن و ناوشار تازیەباری ڕادەگەیەنن و قازی محەممەدیش لە شاری مهاباد سێ ڕۆژ ماتەم ڕادەگەیەنێت(٨).
لە دایکبوون و گەورەبوون و گەشەکردنی هەر لەو شارە بووە، چەند مانگێکی کەم نەبێت کۆیەی جێ نەهێشتووە. بەڵام ناوبانگ و زانستەکەی سنووری کۆیە و

کوردستانی تێپەڕاندووە،

**دووەم: قورئان لای مەلای گەورە**

قورئان تەنها وتەی پارێزراوی خوای گەورەیە لە سەر زەویدا، دوایین پەیامی ئاسمانیشە کە لە ڕێگەیەکی ئەمین و دروستەوە بە مرۆڤەکان گەیشتووە. مەلای گەورە قورئانی زۆر لا گەورە و بەڕێزە، پلە و پایەیەکی یەکجار مەزن و گەورەی هەیە، باوەڕی وایە کە هیچ وتە و وشەیەک چەند بەرز و جوان بێت لە گەڵ قورئاندا بەراورد ناکرێت، تەنانەت ئەگەر وتەی پێغەمبەریش بێت (د. خ.)، چونکە خوا بێ وێنەیە، بە هیچ کەس و شتێک بەراورد ناکرێت، قورئانیش وتەی ئەوە و بێ هاوتایە. هەر بۆیە کاتێک کەسایەتییەکی وەک حسێن کاشیف، کە نوسەرێکی شیعەی هاوچەرخی خۆیەتی، بەراوردی مەسنەوی و قورئان دەکات، مەلای گەورە بەرپەرچی دەداتەوە: ""(٩). بەڵام بەداخە بۆ ئەوەی موسڵمانان هەست بەم گەورەیی و ڕێزەی قورئان ناکەن و وازیان لێهێناوە و پشتیان لێکردووە، لێی تێناگەن و تەنیا ئاشنای چەند دروشمێکی ڕواڵەتیانەن، وەک پێویست گرنگی پێنادەن، هەر ئەمەشە بووەتە مایەی لەدەستدانی شکۆ و مەزنی خۆیان، بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو ڕێز و گەورەییەی پێشوویان پێویستە جارێکی تر موسڵمانان بگەڕێنەوە بۆ ڕامان و تێگەیشتن لە قورئان، وەک چۆن هاوەڵان لێی تێگەیشتوون و سوودیان لێ بینیوە. سەرنجەکانیشی لە چەند ڕوویەکەوەیە، لەوانە:

**یەکەم:** تێگەیشتن لە ڕۆحی قورئان و ئاشنابوون بە مەبەستەکانی، دوورکەوتنەوە لە خوێندنەوەی ڕواڵەتیانە.

خوێندنەوەی ڕواڵەتیانەی قورئان یەکێکە لەو گرفتانەی بەشێک لە موسڵمانانی سەرقاڵ کردووە، بەڵام مەلای گەورە داوا دەکات زانایان خۆیان بە دوور بگرن لەم بابەتە، وەک دەڵێت "حەقی خوێندنەوە کە تەئەممول و تەدەببور و تەفەککورە، لە مەعنا گەیشتنە، ڕەشخوێنی هیچ ئیعتیباری پێ نییە، مەقسەد فەهمی مەعنایە"(١٠)، ڕەخنەش لە سەلەفییەکان دەگرێت کە تەنها ڕواڵەتیانە لە دەقەکان دەڕوانن(١١).

بۆیە کاتێک تەفسیری ئایەتی سورەتی ئەلواقیعە دەکات دەڵێت: کەسی وا هەیە ئامادە نییە بە بێ دەستنوێژ دەست لە قورئان بدات، بەڵام سوێندخواردنی درۆ بە لایەوە زۆر ئاساییە، ئەوانە ئەگەر لە ڕوحی قورئان تێگەیشتبان، هەرگیز وایان نەدەکرد(١٢).

**دووەم:** گرنگیدان بە سیاقی ئایەتەکان و دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی ئەسباب نزول لە تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکاندا.

ئەسباب نزول واتە هۆکاری دابەزینی

ئایەتەکان، لە پێناسەکەیدا وتراوە: ئەو ئایەتانە دەگرێتەوە کە لە کاتی هاتنە خوارەوەیاندا پەیوەستبوون بە ڕووداوێکەوە، یان پرسیارێکەوە.(١٣)
زانایانی تەفسیر بایەخێکی یەکجار زۆریان پێداوە، بەڵام مەلای گەورە بە پێچەوانەی زۆرینەی زانایانەوە داوا دەکات لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزدا گرنگی بە زەمینە (سیاق)ی هاتنی ئایەتەکان نەوەک ئەسباب نزول بدرێت، هەروەها ڕای وایە زۆرینەی گێڕانەوەکانی ئەسباب نزول گرفتی تێگەیشتن لە دەقەکانی قورئان دروست دەکات، باشترین چارەسەریش بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە ئەسباب نزول.

**پێی وایە کە کەسانی ڕینمونیکراو ئەوانەن کە باوەڕیان بە عەقڵ و نەقڵ هەیە، هیچیان بێ بایەخ سەیر ناکات**

### سێیەم: ئافرەت لە دیدەی مەلای گەورەدا

کۆمەڵگەی کوردی وەک زۆربەی لایەنەکانی تری ژیان بابەتی ژن و ئافرەتی فەرامۆش کردبوو، وەک پێویست بایەخیان پێنەدەدا، زۆرجاریش بە چاوی سووک لە ئافرەتیان دەڕوانی، تەنانەت زۆر جار ئەگەر لە بەر کێشی شیعریش بووبێت لە هۆنراوە و پەندەکانیشدا دەرکەوتووە، بۆ نموونە مەحوی لە چوارینەیەکدا دەڵێت:
هەی لە ژن کەمتر! موعەتتەل بۆ چی؟
نەی ژەن! لێدە نەی(١٤).
محەممەدی مەلا کەریم ڕەخنە لە مەحوی دەگرێت و پێی وایە ژن بووەتە قوربانی دروستکردنی وشەئارایی بە مەبەستی هاوسەنگکردنی لە گەڵ وشەی نەیژەندا(١٥).
أ- ئەم فۆرمە کۆمەڵایەتییەی کە بەشێکی بە هۆی تێنەگەیشتن بووە لە دین، لای مەلای گەورە قبووڵ نەکراو بووە، لە ژیانیشیدا تەواو پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیە ڕەفتاری کردووە، هەوڵیشی داوە تێگەیشتنی خۆی لە ئەرزی واقیعدا بە کردار جێبەجێ بکات. بۆیە دەبینین یەکەم کەسە لە شاری کۆیە کچەکەی دەنێرێتە قوتابخانەی حکومی، کە لەو کاتەدا کوڕ و کچ تێکەڵ بوون، هەرچەندە ئەمە لە لایەن مەلاکانەوە ڕەتکراوە بوو(١٦).
ب- ژن لای مەلای گەورە کەسایەتییەکی مەزنی هەیە و پێکهێنەری خۆشییەکانی ژیانی دونیا و دواڕۆژە، تەنانەت لە بەهەشتیشدا ژن پلە و پایەی تایبەتی هەیە.
هەر ئەمەیە وا لە مەلای گەورە دەکات لە تەفسیری ئایەتی ٢٥ی سورەتی بەقەرەدا بڵێت: ﴿وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ﴾ سێ فائیدەی تێدایە: یەکەم: بەهەشت تەنها

مافی پیاوان نییە، بەڵکو بۆ ژنیشە. دووەم: بوونی ژن لە بەهەشتدا نیعمەتێکی گەورەیە. سێیەم: ئەگەر موسڵمان لەم ئایەتە تێبگەیشتنایە پلە و پایەی ئافرەتی لە لا بەنرخ دەبوو، ژنی لا بەحورمەت دەبوو، ئەوکات بە خۆشی پێکەوە دەژیان(١٧).

هەروەها دەڵێت "ژن و پیاو لە دونیا و دوارۆژدا هاوڕێ و هاودەمی یەکترن، بۆیە پێویست دەکات لە حاڵی خۆیان تێبفکرن و ئیسڵاحی خۆیان بکەن، لە دونیادا بە خۆشی ژیان بەسەر ببەن، چونکە لە دوارۆژیشدا هاوڕێی بەردەوامن"(١٨).

مەلای گەورە کاتێک باسی کەسایەتی ئافرەت لە قورئاندا دەکات لە گەڵ واقیعدا بەراوردی دەکات بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردی، پێی وایە زۆر لە یەک دوورن، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەخنە لە پیاوی موسڵمان دەگرێت کە مافی ژنان پێشێل دەکەن، وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ ناکەن، ڕەچاوی ڕێنماییە قورئانییەکان ناکەن و بوونەتە هۆکارێک کە ئافرەتانی ئەورووپایی خۆبپارێزن لە موسڵمانبوون و هاوسەرگیری لەگەڵیاندا ڕەت بکەنەوە.(١٩)

هەروەها دەڵێت: "ئەی ئەهلی ئیمان تەضییقیان مەکەن، جەفایان مەدەن، تاکو مەجبوور نەبن فدیەی نەجات بدەن و ڕازی ببن و ناچار بە خولعیان بکەن، ئەوە لەئامەتە"، دواتر دەڵێت: "سوبحانەڵڵا! ئەو لەئامەتە ئێستاش بەردەوامە، ژن بە نەزەر خوا و ڕەسولی خوا خزمەتیان زۆرە، لازمە لای مێرد موحتەرەم بێ، بە هیچ وەجهێ ڕەنجیدەی نەدا".(٢٠)

### ج- ئافرەت و ڕۆڵی دایکایەتی

تەوەرێکی دیکەی گەورەیی کەسایەتی ئافرەت لای مەلای گەورە پەیوەستە بە ڕۆڵی دایک لە پەروەردەی منداڵ و نەوەکانی ئایندەدا، ئەو بە پێویستی دەزانێت کە ڕێز لە ئافرەت بگیرێت تا نەوەیەکی دروست و خاوەن کەسایەتی گەورە ببێت، چونکە ژن دەبێتە دایک و ئەویش زۆرترین کاریگەری لە سەر منداڵەکەی دادەنێت، بەڵام کورد لەم بوارەدا زۆر لە دواوەیە، وەک دەڵێت: "هەر گەلێک پیاوەکانی ئازا و دلێر بوون، ئەوە دایکیان ئازایە"(٢١). پەروەردەی دایک بۆ منداڵەکەی پەیوەست نییە بە دوای لەدایکبوون و گەورەبوونی منداڵەوە، بەڵکو "منداڵ ئەخلاقی فیتری لە وەختی تەکوین لە دایکییەوە وەردەگرێت، زەڕڕەی حەیات ئەگەر چی لە پیاو پەیدا دەبێت، بەڵام تەتەوڕاتی لە ناو ڕەحمی دایکدایە، نۆ مانگ لەوێدا دەمێنێت، کەیفیاتی ڕۆحی و بەدەنی لە ڕۆح و بەدەنی دایکی وەردەگرێت، تا گەورەش دەبێت لە باوەشی دایکییەتی، دیسان تەربییە لەو وەردەگرێت"(٢٢). هەر ئەوەش بە هۆکاری حەرامبوونی هاوسەرگیری ئافرەتی موشریک لە گەڵ پیاوی موسڵمان دەزانێت.(٢٣)

ئەم تێگەیشتنە قووڵە وای لە مەلای گەورە کردووە بڵێت: ئەگەر ئافرەتێک لە هاوسەرەکەی جیابووەوە، دوای جیابوونەوەشی لە پێشترە بۆ شیردانی منداڵەکەی لە ئافرەتی بێگانە، ئەگەر کرێکەشی گرانتر بوو، چونکە بۆن و بەروباوەشی دایک گەلێک چاکترە بۆ ڕۆح و فیترەتی منداڵەکەی لە خزمەت و شیردانی بێگانە، بۆ ئەخلاقیش گەلێک تەئسیری هەیە، چونکە شیردان سروشتی منداڵ دەگۆڕێت، سوبحانەڵڵا قورئان چەند گرنگی بەم بابەتە داوە، بەڵام موسڵمانان چەند بێ موبالاتن.(٢٤)

## ڕەخنەش لە سەلەفییەکان دەگرێت کە تەنها ڕواڵەتیانە لە دەقەکان دەڕوانن

### چوارەم: بابەتی بیدعە

مەلای گەورە زۆر هەوڵی داوە دەقە شەرعییەکان بە پشت بەستن و تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجەکانیان ڕاڤە بکات، هەر وەك جەختی لەوە کردووەتەوە هەڵێنجان و هەڵگۆزینی حوکمەکانیش بە هەمان میکانیزم و ڕێکار بن. دیارە بۆ پراکتیزەکردنی ئەم ڕێبازەش چەند بنەمایەکی گرنگمان هەیە کە پێویستە ڕەچاو بکرێن، لەوانە گرنگیدان بە سیاقی دەقەکان و سەیرکردنی شەریعەت وەك یەك پاکێجی تەواوکار و بەش بەش نەکردنی، هاوکات گەڕانەوە بۆ بنەما نەگۆڕ و چەسپاوەکان و زاڵکردنیان بەسەر ئەو دەق و تێگەیشتنانەی سروشتی ناجێگیر و جوڵاو و ئەگەری گۆڕانکاریيان هەیە.

یەکێك لەو پرسە گرنگانەی هەمیشە زیندوون و دەبنە جێگەی مشتومڕی ئاییندارانی بریتییە لە تێگەیشتن لە چەمکەکان و پیناسەی زاراوەییان و مەودای گشتاندن و سەپاندنیان، لە گرنگترین ئەم دەستەواژانەش: دەستەواژەی (بیدعەیە)، کە دەکرێت ڕاستەوخۆ حوکمی (تەبدیع و دەرکردن لە سوننە بە دوای خۆیدا بهێنێت)، بە کردارییش وەك دەبینین لە مێژووی ئیسلامیدا هەر لە سەردەمی پێشینی ئوممەتەوە تا ئیمڕۆ بەشێکی زۆر لە دابەشبوون و شپرزەیی و ئاشوب و ناتەبایی گرۆی مسوڵمانان و ئایینزاکانی لەسەر ئەم پرسە بووە، بە جۆرێك لە سەردەمانێکدا وەك کوشندەترین چەك بۆ لێدانی بەرامبەر و تیرۆری هزری و کوشتنی کەسایەتیی بەکار هاتووە، تا ئەو ئاستەی دژایەتیکردنی (بیدعە و موبتەدیعان) بە پێشتر لە دژایەتیی (کوفر و کافران) زانراوە! بە پاساوی ئەوەی ئەمەی دووەم بێگانەیە و لە خۆ نییە و کار و بەرهەمی تێکەڵ بە ئایینمان نابێت، بەڵام ئەوەی یەکەم خۆرەی لەمەڕ خۆمانە و فریای نەکەوین، بنەما و بنچینە و دار و دیواری دینەکەمان دەڕمێنێت. دیارە ئەم

بانگەشەیە دەکرێت لە ڕواڵەتدا پەسەند بێت و لە ناوەرۆکیشدا هەندێك ڕاستیی تێدابێت، بەڵام کێشەی گەورە ئەوەیە بیدعە چییە و کێ موبتەدیعە؟ ئایا زێدەڕۆیی لەم پەسنانەدا و چەسپاندنیان بەسەر نەیاراندا مەترسی و دەرهاویشتە و لێکەوتەکەی کە خۆی (لە پەرتەوازەیی مسوڵمانان و چەند بەرەکی و لاوازبوونیان و تەنانەت کافرکردنی یەکدی)دا دەبینێتەوە، لە خودی بیدعە گەورەتر نییە!

ڕەنگە وروژاندنی ئەم پرسیارە لە ناخی هەندێك لە زانایان و هەستکردنیان بەم مەترسییە گەورەیە و بەرکەوتنیان بەو دۆخە ترسناکە وایکردبێت داوای گەڕانەوە بۆ بنەماکان و دورکەوتنەوە لە گەلێك لە مشتومڕە بێ بەرهەمەکانی زانستی کەلام بکەن.

مەلای گەورەش کە لە سەردەمانێکی پڕ لە ئاشوب و فیتنە و ناجێگیردا ژیاوە و بینێویەتی مسوڵمان چۆن کراونەتە ئامانج و چەندین ئاریشەی گەورەیان هەیە، بەڵام ئەوان جارێ لە مێژوودا دەژین، زۆر خەمی بووە لە پیناو یەکڕیزیاندا کار بکات، دیارە بە تەنیا ئەم هەستە پاڵنەر نەبووە بۆ مەلای گەورە و ئەو زانایانەی چوون ئەو بیریان کردووەتەوە، بەڵکو پاڵنەری سەرەکی تێگەیشتنی دروستیان بۆ ئایین و خوێندنەوەی مەبەستگەراییانە و ئاوەزی فراوانیان بووە، کە وای کردووە بیرکردنەوەیان لە دەری زۆرینەی بیرکردنەوەکان بێت.

ئەمە و بە گەڕانەوە بۆ پرسی سەرەکیمان کە تێگەیشتنی چەمکی بیدعە بوو، دەتوانین لە نووسین و هەڵوێستەکانی مەلای گەورەوە چەند خاڵێك هەڵێنجین، کە دەکرێت ناویان بنێین تێگەیشتنی ئەو بۆ بیدعە کە زۆر بە کورتی و لە شێوەی بنەما دەیانخەینەڕوو:

١. پێداچوونەوە بە پێناسەی زاراوەي بیدعەدا، بە جۆرێك بڵێین ئەو بیدعەیەی لە ئاییندا مەترسییە (داهێنراوێکە لە دیندا کە لەگەڵ دیندا یەك نەیەتەوە). (٢٥) کەواتە لێرەوە دەڵێین: داهێنراو لە غەیرە بواری دینیدا (کە لێرەدا بە تەنیا باوەڕ و پەرستشەکان دەگرێتەوە) بیدعە نییە، لەوانەشدا کاتێك بیدعەیە کە لەگەڵ دیندا نەگونجێت، خۆ ئەگەر بۆ خزمەتی پرسێکی دینی بێت و تێکەڵ بە خودی پرسەکە نەکرێت، بۆ دەبێت دژایەتیی بکەین، بە نموونە: بانگدان بە موکەببەرە، دانانی تەقویم بۆ کاتی نوێژەکان، سوودوەرگرتن لە تلسکۆب بۆ بینینی مانگ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازی نوێ و هەندێك بەڵگەی کەلامی بۆ چەسپاندنی پرسەکانی باوەڕ، داهێنانن لەو دوو بوارەدا، بەڵام لەخزمەتی بوارەکاندا، نەك لێدان، یان تێکەڵبوونی داهێنراوەکە بە حوکمە شەرعییەکەوە.(٢٦)

٢. جیاکردنەوەی بنەماکانی عەقیدە لە گفتوگۆ و وردەکارییەکانی زانستی

کەلام، مەلای گەورە پێی وایە زۆرێك لە بابەتەکانی زانستی کەلام پەیوەندییان بە بیر و باوەڕەوە نییە و ئەو مشتومڕەی وای کردووە زانایان یەکدی بە کافر و فاسق و موبتەدیع بزانن بابەتگەلێکن پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بیروباڕەوە نییە. دیارە بە تێگەیشتن لەوەی زۆرینەی هۆکاری تەبدیعکردنی مسوڵمانان لە نێوخۆیاندا ئەم پرسانەن بێگومان دەرکردنی ئەم بابەتانە لە عەقیدەدا دەبێتە بەرتەسککردنەوەی بەکارهێنان و پیادەکردنی ئەم چەمکە(٢٧).

**مەلای گەورە کاتێک باسی کەسایەتی ئافرەت لە قورئاندا دەکات لە گەڵ و اقیعدا بەراوردی دەکات بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردی، پێی وایە زۆر لە یەک دوورن**

٣.بیرکردنەوە لە گەورەیی خوا و بڕیار نەدان لە بری خاوەنی شەرع و تێفکرین لە فەلسەفەی خەلق و گومانی باش بردن بە بەرامبەر. مەلای گەورە پێی وایە گەر مرۆڤ بیر لە گەورەیی پەروەردگار و بەخشندەیی و لێبوردەیی بکاتەوە و تێبگات لەوەی بڕیاردان لە پاشەڕۆژ و چارەنووسی مرۆڤ تەنیا کاری خوایە و بیر لە فەلسەفەی دروستکردنی بکاتەوە، خۆی سەرقاڵ ناکات بە پۆلێنکردنی خەڵك و ناردنیان بۆ بەرەی گومڕاهان، بە تایبەت گەر گومانی باش بە بەرامبەر ببەین، بۆیە مەلای گەورە بەڕێزەوە باسی زانایان دەکات و تەنانەت گومانی باش بەوانەش دەبات کە زۆر بە خراپ ناوزەد کراون.(٢٨)

٤.گرنگیدان بە مەبەستی خاوەنی شەرع و مکلف، مەلای گەورە پێی وایە گرنگە بە ڕواڵەتی هەندێك دەق بڕیار نەدەین، بەڵکو لە مەبەستی پشتیان تێبگەین(٢٩)، هەر وەك پێی وایە خوای باڵا لەسەر نییەتی مرۆڤەکان سزا و پاداشتیان دەدات، نەك لەسەر ڕواڵەتی کارەکانیان. لە نموونەی یەکەم ڕاجیایی یاران لە کردن و نەکردنی نوێژ لە ڕۆژی ڕۆیشتن بۆ بەنی قورەیزە، لە نموونەی دووەم دووبارەکردنەوە و نەکردنەوەی نوێژ لەلایەن ئەو دوو هاوەڵەی بە تەیموم نوێژیان کرد. کە ڕەنگە گەر ئێمە بوینایە نوێژخوینانی نموونەی یەکەم و دووبارەکەرەوەی نوێژەکە لە نموونەی دووەممان بە موبتەدیع ناوبردبا، بەڵام دەبینین یەکەمیان لەبەر شێوازی هەڵسوکەوت و تێگەیشتنیان لە مەبەستی پەیامبەر (د. خ.) و دووەمیان لەبەر پاکیی نیەتی و هەوڵدانی بۆ ڕەزامەندیی خوا، لەلایەن پەیامبەرەوە (د. خ.) بەڕێزەوە پەسن دەکرێن.(٣٠)

٥.ڕاجیایی سوننەتی خوا و سروشتی مرۆڤە و لە هەر شتێکیشدا بواری

ئیجتیهادی تێدابێت، دەبێت چاوەڕوانی ڕاجیایی بکەین، مەلای گەورە پێی وایە ڕاجیایی لە بنەما گشتییەکاندا نییە، لە خوار بنەماکانیشەوە چ پرسی کەلامی و چ پرسی فیقهی هەموو ئەوانەی ڕێگەدراوە ئیجتیهادیان تێدا بکرێت، دەبێت قبووڵی ڕاجیاییان تێدا بکەین، چوون هیچ واتایەکی نییە ڕێگە بدەین بە ئیجتیهاد، بەڵام قبووڵی ئەنجامەکەی نەکەین، ئەنجامیش هەرچی بێت چوون بە ئیجتیهاد و نیەتی دروست پێی گەیشتووین، نابێت یەکدی لەسەر تۆمەتبار بکەین.(٣١)

بەم پێیە مەلای گەورە هەوڵ دەدات بە بنەمای زانستی و کردارییانە بواری تبدیع و بە بیدعەدانان بەرتەسك بکاتەوە، بەڵام مەخابن ئێستا لە ژیاندابایە ئیرەیی بەو زەمەنە دەبرد کە ڕەخنەی لێی هەبووە، لەبەر گەورەیی کارەساتی ئەو تبدیع و پەرتەوازەییەی ئیمڕۆ لەنێوماندا هەیە.

**مەلای گەورە پێی وایە زۆرێك لە بابەتەکانی زانستی کەلام پەیوەندییان بە بیروباوەڕەوە نییە و ئەو مشتومڕەی وای کردووە زانایان یەکدی بە کافرو فاسق و موبتەدیع بزانن بابەتگەلێکن پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بیروباوەڕەوە نییە**

## پوختەی توێژینەوە

لە کۆتاییدا چەند خاڵێک وەک پوختەی توێژینەوە دەخەینە ڕوو:

١. مەلای گەورە یەکێکە لە زانا گەورەکانی گەلی کورد کە دەتوانین بڵێین، نەک لە سەردەمی خۆیدا، بەڵکو بە درێژایی مێژووی کورد کەم وێنە بووە.

٢. مەلای گەورە ڕێزی بۆ هەموو زانایان و ئایینزاکان هەبووە، بەڵام نەکەوتووەتەوە ژێر کاریگەری تەواوی هیچ کامیان، بەڵکو لە هەموان ڕای حەق و بەهێزی وەرگرتووە و بەرپەرچی ڕای لاوازیشی داوەتەوە لە هەر کێوە دەرچووبێت.

٣. مەلای گەورە زۆر خەمی یەک ڕیزی و تەبایی مسوڵمانانی بووە، پێشی وابووە ئەمە کاتێک دەبێت کە مسوڵمانان خۆیان بە پرسی لاوەکییەوە سەرقاڵ نەکەن و لە بری مشتومڕی بێسوود، هەوڵی کارکردن بدەن.

٤. مەلای گەورە ڕیفۆرمخوازێکی گەورەی ئایینی بووە، بەڵام نەک بە دەرچوون لە دەق و ڕازیکردنی بەرامبەر، بەڵکو بە تێگەیشتنی دروست بۆ شەریعەت و مەبەستەکانی و گەڕانەوە بۆ بنەما جێگیر و نەگۆڕەکان و ڕەچاوکردنی هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان.

٥. مەلای گەورە لە تەفسیرەکەیدا زۆر بەرپەرچی تێگەیشتنی هەڵە و خورافات و چیرۆکی هەڵبەستراو و هەڵێنجانی نادروست دەداتەوە و زۆر بوێرانە ڕای خۆی پشت بەست بە سیاقی ئایەت و

مەبەستەکانیان دەردەبڕێت.
٦. مەلای گەورە زۆر گرنگیی بە ڕۆڵی ئافرەت، زانستی نوێ، پێشکەوتن، خوێندنەوە داوە و هانی خەڵکی داوە بۆ گرنگیدان بەم بوارانە.
٧. مەلای گەورە پێی وابووە کە گرنگە تێگەیشتن لە چەمکەکان نەشێوێنرێن و مرۆڤی موسڵمان بە تێگەیشتن لە گەورەیی خوا و فەلسەفەی ئایین و شەریعەت بڕیار بدات، بۆیە لای ئەو تەبدیع و تەفسیق و هەجر و تەکفیر زێدەڕۆییان تێدا کراوە و پێویستە موسڵمان نەبێتە دادوەر و لە جیاتی خاوەنی شەرعیش بڕیار نەدات.

**مەلای گەورە هەوڵ دەدات بە بنەمای زانستی و کرداریانە بواری تەبدیع و بە بیدعەدانان بەرتەسک بکاتەوە**

--------------

**سەرچاوەکان:**

١-تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی، مەلای گەورە-مەلا محمدی جەلیزادە، سلێمانی: ناوەندی ڕێنوێن، چاپی دووهەم، ٢٠٢٠).
٢-المصقول في علم الأصول: الملا محمد جليزاده الكويي، تحقيق: عبدالرزاق بيمار، مؤسسة المطبوعات العربية، بيروت: لبنان، ط١، ١٤٠١هـ/١٩٨١م، من منشورات وزارة الأوقاف والشؤون الدينية في العراق – بغداد.
٣-بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورە: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هێمن عمر خۆشناو، چاپخانەی فام، چاپی٢، ٢٠٢٣ز.
٤-گەشتی ژیانم: مەسعود محەمەد، چاپخانەی ئاویر، هەولێر.
٥-صفحات من حياة الملا محمد الكويي -مەلای گەورە (١٨٧٦–١٩٤٣) ولمحات عن شعره: مغديد حاجي، مطبعة وزارة الثقافة، أربيل، ط٢، ٢٠٠٨.
٦-مەلای گەورە، مومتاز حیدري، پێشەکی: د. عزالدين مصطفى ڕسول، پێداچوونەوەی: کریم شارەزا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر: کوردستان، چ٢، ٢٠٠٩.
٧-مەلای گەورە زانا وئەدیب وشاعیر: عبدالخالق علاءالدین، چاپخانەی منارە، هەولێر: کوردستان، چ٢، ٢٠٠٩.
٨-مباحث في علوم القرآن، مناع بن خليل القطان (ت ١٤٢٠هـ)، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، ط٣، ١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
٩-دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس و محەمدی مەلا کەریم، چاپی دووهەم، انتشارات کردستان.
١٠-مێژووی کۆیە: طاهر أحمد حەویزي، چاپخانەی کاروان، چ٢، ٢٠٠٧.
١١-عەقیدەی ئیسلامی: مەلای گەورە. لێکۆڵینەوەی: أ. د. جمال باجلان، مجموعة دراسات جامعية، ناوەندی ئارا، السليمانية، ١٤٤١هـ/٢٠٢٠م
١٢-صحيح البخاري: أبو عبد الله، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة ابن بردزبه البخاري الجعفي، تحقيق: جماعة من العلماء، السلطانية، بالمطبعة الكبرى الأميرية، ببولاق مصر، ١٣١١ هـ، بأمر السلطان عبد الحميد الثاني.

**پەراوێزەکان:**

(١)تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی ٣٢/١. (تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە -مەلا محمدی جەلیزادە، سلێمانی: ناوەندی ڕێنوێن، چاپی دووهەم، ٢٠٢٠).

(٢)المصقول في علم الأصول: الملا محمد جليزاده الكويي، تحقيق: عبدالرزاق بيمار، مؤسسة المطبوعات العربية، بيروت: لبنان، ط١، ١٤٠١هـ/١٩٨١م، من منشورات وزارة الأوقاف والشؤون الدينية في العراق – بغداد، ٥ – ١٣.

(٣)تەفسیری کوردی، ٧٠١/٤ و بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورە: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هێمن عمر خۆشناو، چاپخانەی فام، چاپی٢، ٢٠٢٣ز، ٨٧.

(٤)تەفسیری کوردی، ٧٠٠/٤.

(٥)المصقول، ١٣، و تەفسیری کوردی، ٧٠١/٤، وگەشتی ژیانم: مەسعود موحەممەد، چاپخانەی ئاویر، هەولێر، ١٥.

(٦)تەفسیری کوردی: ٧٠٣/٤، وگەشتی ژیانم، ١٦، وصفحات من حياة الملا محمد، ٣٢.

(٧)صفحات من حياة الملا محمد، پەراوێزی ژمارە ٣، ل٣٦.

(٨)گەشتی ژیانم، ٣٧٦، و مەلای گەورە ممتاز حیدري، ٧٩، (مەلای گەورە، مومتاز حیدري، پێشەکی: د. عزالدین مصطفی ڕسول، پێداچوونەوەی: کریم شارەزا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر: کوردستان، چ٢، ٢٠٠٩)، مەلای گەورە زانا وئەدیب عبدالخالق علاءالدین، ١٧٠. (مەلای گەورە زانا وئەدیب وشاعیر: عبدالخالق علاءالدین، چاپخانەی مناره، هەولێر: کوردستان، چ٢، ٢٠٠٩).

(٩)تەفسیری کوردی٥٦١/٤.

(١٠)تەفسیری کوردی ١١٥/١.

(١١)تەفسیری کوردی ٢٦٨/١.

(١٢)تەفسیری کوردی ٧٦٧/٣.

(١٣)مباحث في علوم القرآن لمناع القطان، ٧٨، مباحث في علوم القرآن، مناع بن خليل القطان (ت ١٤٢٠هـ)، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، ط٣، ١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.

(١٤)دیوانی مەحوی ٣٥٨، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم، چاپی دووهەم، انتشارات کردستان.

(١٥)سەرچاوەی پێشوو ٣٥٨، پەراوێزی ٢.

(١٦)مێژووی کۆیە ١٢٠/١. (مێژووی کۆیە: طاهر أحمد حەویزي، چاپخانەی کاروان، چ٢، ٢٠٠٧).

(١٧)تەفسیری کوردی، ٤٢/١.

(١٨)تەفسیری کوردی، ٤٢/١.

(١٩)تەفسیری کوردی، ٤٢/١.

(٢٠)تەفسیری کوردی ٣٧٧/١.

(٢١)تەفسیری کوردی ٢٥٧/١.

(٢٢)تەفسیری کوردی ١٩٥/١.

(٢٣)سەرچاوەی پێشوو ١٩٥/١.

(٢٤)سەرچاوەی پێشوو ٢٧٠/١.

(٢٥)تەفسیری کوردی ٤٠٠/٢ – ٤٠١.

(٢٦)تەفسیری کوردی ٤٧٩/٢ - ٨٦/٣ – ٨/٤ - ٣٨٢.

(٢٧)تەفسیری کوردی ٤١٤/٣.

(٢٨)تەفسیری کوردی ٣٥٦/٣ – ٥١٦ – ٥٨٩ و٦٢/٤.

(٢٩)تەفسیری کوردی ٢١٢/٣.

(٣٠)فەرموودەکە بوخاری بە ژمارە ٤١١٩ لە کیتابی (المغازي) بابی (مرجع النبي صلى الله عليه وسلم من الأحزاب ومخرجه إلى بني قريظة ومحاصرته إياهم) گێڕاویەتییەوە.

(٣١)تەفسیری کوردی ٧٤٨/١ – ٣٣٣/٤ - ٥٤٥ - ٦١١. وعەقیدەی ئیسلامی: مەلای گەورە ٣٠١/٣.

ڕانان

ئاییناسی

# سروشتی ستەمکاری و چەمکە پەیوەندیدارەکانی

## خوێندنەوە و خستنە ڕووی کتێبی (طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد)ی کەواکیبی

د. ئومێد مەلا عوسمان کوردی

عەبدولڕەحمان کەواکیبی بە لای هەندێک لە بیریار و نووسەرانەوە کەسایەتییەکی گەورەی نوێخواز و ڕیفۆرمخوازی ئیسلامییە؛ لەسەر هەمان هێڵی جەمالەدینی ئەفغانی و محەممەد عەبدە، هاوکات بەلای هەندێکی ترەوە کەواکیبی یەکێکە لە پێشڕەوانی بیری نەتەوەخوازیی عەرەبیو، هەندێکی تریش بە ماسۆنی و بەکرێگیراوی ڕۆژئاوای لە قەڵەم دەدەن.

کەواکیبی لە ساڵی (١٨٥٤ز)(١)، لە شاری حەلەبی سوریا لەدایکبووە و هەر لەوێش پێگەیشتووە و خوێندوویەتی، لەسەروو شارەزایی و قووڵبوونەوەی لە زانستە شەرعییەکاندا ئاشنا بووە بە زانستی سیاسی و ماف و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و مێژوو، زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیشی بەباشی زانیوە.

لە ساڵی (١٨٧٧)دا لەگەڵ هاوڕێیەکی ڕۆژنامەی (الشهباء) دەردەکات، لەپاش دەرچوونی نزیکەی پازدە ژمارە، بەهۆی ڕەخنەی توند و بانگەشەی ڕیفۆرمی سیاسی و ئایینییەوە ڕۆژنامەکەی دادەخرێت، دواتر لە ساڵی (١٨٧٩) دا ڕۆژنامەی (الاعتدال) دەردەکات بە هەمان نەفەسی پێشوو، زۆر ناخایەنێت ئەمیش دادەخرێت (٢).

کەواکیبی بەهۆی ڕەخنەگرتنی توندی لە دەسەڵاتی عوسمانی لە ڕێگەی وتارە ئاگرینەکانی و دەرخستنی ستەم و گەندەڵیی لێپرسراوانی ناوچەکانی شام، چەندین جار دووچاری گرتن و لێپرسینەوە و سووکایەتی پێکردن بووە ، هەر بۆیە بڕیار دەدات بچێتە میسر، کە ئەو کات لەژێر سایەی عوسمانییەکاندا نەمابوو(٣).

لەپاش مانەوەی نزیکەی دوو ساڵ لە میسر، بەمەبەستی ئاشنا بوون بە دابونەریت و کولتوورە جیاوازەکان گەشتە بەناوبانگەکەی دەست پێ دەکات کە شەش مانگ دەخایەنێت و لە میانەیدا سەردانی یەمەن و حەبەشە و سوودان و سۆماڵ و هیند و چین و ئیندۆنیزیا و چەند شوێنێکی تر دەکات، لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە میسر و هەر لەوێش لە ساڵی (١٩٠٢) کۆچی دوایی کردووە(٤) .

لەگەڵ ئەوەی کەواکیبی چەندین نووسراوی لەپاش بەجێماوە، بەڵام کتێبی (طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد) بە شاکاری نووسینەکانی دادەنرێت، کە لە بنچینەدا چەند وتارێک بووە لە ڕۆژنامەی (المؤید) و(العمران)ی میسریدا بڵاوی کردوونەتەوە و دواتر کۆی کردوونەتەوە و بە هەندێک دەستکارییەوە لە دوو توێی کتێبێکدا چاپکراوە٥.

کەواکیبی لە سەردەمێکدا کتێبی ناوبراوی داناوە؛ کە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و هەژاری و گەندەڵیی ئیداریی و سیاسی باڵی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا کێشابوو، وەک خۆی دەڵێت لەپاش سی ساڵ ورد بوونەوە و لێکدانەوە و گەڕان بۆی دەرکەوت سەرچاوەی هەموو ئەو نەخۆشیانە ستەمکاریی سیاسییە(٦).

کتێبی (طبائع الاستبداد) یەکەمین نووسراوێکی عەرەبی چاپکراوە بە شێوازێکی وردو بابەتی و واقیعیانە باس لە سروشت و ماهیەتی ستەمکاری و هۆکار و ئامراز و دەرهاویشتەکانی دەکات.

بەداخەوە لەپاش تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەک بەسەر دەرچوونی کتێبی ناوبراودا، گەورەترین هیوا و ئاواتی خاوەنەکەی نەهاتە دی، کە بریتی بوو لە وەی زۆر بەزوویی لە بیر خەڵک بچێتەوە و کتێبەکەی بچێتە زبڵدانی مێژووەوە بەهۆی باوەڕبوونی تەواوی بە کاریگەریی خێرای پێشکەوتن و گەشەسەندنە مرۆییەکان؛ لەسەر تێپەڕاندنی دۆخی نالەباری سیاسی و گەیشتن بە شێواز و سیستمێکی پێشکەوتووی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن لە ناوچەکەدا.

ئــەوەی قــەت بــە بـیری کـەواکـیـبـیـدا نەهاتبوو ئەوە بـوو؛ لەپاش دەیـان ساڵ شانبەشانی پێشکەوتن و هەڵکشانەکان ستـەمکاریش بتـوانێت خـۆی ئـەبـدەیت بکاتەوە و بە کەرەستە و ئامرازی نوێوە بێتەوە مەیدان، زۆر لە جاران بەهێزتر؛ ڕەگ دابکوتێت!!

کتێبی نـاوبـراو بەپێی چاپی (مؤسسة هـنـداوی للـتـعـلـیم والـثـقـافـة)ی ساڵی (٢٠٠٢) (١١٦) لاپـەڕەیـە، کـە لـە دەروازەیــەک و پێشـەکییەک و نۆ وتار پێکهاتووە:

کەواکیبی **لە سەرەتای دەروازەکەدا** وەکو ئاماژەدانێک بە سروشتی سەرکوتکارانە و دوژمنکارانەی دەسەڵات؛ لە ناوچەکانی شام و دەوروبەریدا، داوا لە خوێنەرانی دەکـات گـوێ نــەدن بــەوەی خـاوەنی نووسینەکە کێیە؟! بەڵکو تەنیا گرنگی بدەن بە نووسینەکە، هەروەها باس لەوە دەکات لە کاتی مانەوەی لە میسر و بەهۆی هەبوونی جۆرێک لە ئـازادی ڕادەربـڕیـن، توانیویەتی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و ئەوەی لە دڵ و ناخیدا ساڵانێکە پەنگی خواردووە دەربببڕێت(٧).

هــەر لــە دەروازەدا نــووســەر لـەپاش خستنە ڕووی چەند بۆچوونێک لەسەر هۆکاری پووکانەوە و دواکەوتوویی جیهانی ئیسلامی، ڕاشکاوانە دەڵێت: "ستەمکاریی سیـاسی تـاکە هـۆکاری سـەرەکی دەرد و نەخۆشییەکەیە و چارەسەریشی تەنیا شورای دەستوورییە"(٨).

لەکۆتایی دەروازەکــەدا نـووسـەر ئاماژە بـەوەدەدات کەمەبەستی لەوباسانەی دەیـنـووسـێـت سـتـەمـکـارێـك، یـان حکومەتێك، یان میللەتێکی دیاریکراو نـیـیـە، بـەڵـکو مـەبـەسـتـیـەتی ڕاڤــەی سـروشـت و مـاهـیـەتی سـتـەمـکاری و مەرگی بەکۆیلەکردن بکات و سەرچاوەی سەرەکیی دەردەکە دیاری بکات(٩).

کـەدێـتـە ســەر **پـێـشـەکی کـتـێـبـەکـە** بەکورتی ئـامـاژە دەدات بە هـەنـدێك لە سەرچاوەکانی زانستی سیاسی و میتۆدی نووسین تێیاندا؛ لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و لای شارستانییەتە جیاوازەکان تا سەردەمی نوێ، کاتێکیش پێناسەی زانستی سیاسی دەکات، بابەتی ستەمکاریی بە لەپێشترین بابەتێك لە قەڵەم دەدات کە دەبێت زانستی ناوبراو گرنگی پێبدات(١٠).

لە کۆتایی پێشـەکییەکەدا کەواکیبی پـرسـیـارگـەلێك دەوروژێـنـێـت، کە دواتـر وەڵامەکانیان جـەوهـەری نووسینەکەی پـێـکـدێـنن، لــەوانــە: سـتـەمـکـاریی چـیـە؟ سـروشـتی سـتـەمـکاریی چۆنـە؟ هۆکارەکانی ستەمکاریی چین؟ نیشانە و خەسڵەتەکانی چین؟ بۆچی ستەمکار زۆر دەترسێت؟ کاریگەریی ستەمکاریی چییە لە سەر ئایین، زانست، ئاکار، پەروەردە، سـامـان، هـەڵـکـشـان، ئـاوەدانـکـردنـەوە و شـکـۆمـەنـدی؟ دەسـتـە و دایــرەی ستەمکار کێن؟ ئایا دەتوانرێت هەڵبکرێت لـەگـەڵ سـتـەمـکاریـدا؟ یـاخـود بـەرگـەی

دەگیرێت؟ ئەی چۆن قوتارمان دەبێت لە ستەمکاریی؟...(١١).

پاشان دێتە سەر **وتاری یەکەم** بە ناونیشانی: (**ستەمکاریی چیە؟**) سەرەتا لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسەی ستەمکاریی دەکات، بە دوایدا قسە لە سەر حکومەتی ستەمکار دەکات و لە میانەیدا دەڵێت: "حکومەتی ستەمکار شێوەی زۆرە ... سیفەتی ستەمکاریی چۆن لە دەسەڵاتێکی تاکڕەودا خۆی دەبینێتەوە کە لە ڕێگەی هێز و زاڵبوون، یان بۆماوەییەوە دێتە سەر حوکم، بە هەمان شێوەش لە دەسەڵاتێکی تاکرەوی هەڵبژێردراو، یان دەسەڵاتێکی دەستەجەمعی هەڵبژێردراویشدا خۆی دەبینێتەوە...کەلەوانەیەزیانی ستەمکاریی لە حاڵەتی هاوبەشی و ڕێککەوتندا زۆر زیاتر بێت لە حاڵەتی تاکڕەوی، هەتا لە حکومەتی دەستووریشدا ستەمکاریی بەدی دەکرێت، ئەگەر لێپرسینەوە و پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و چاودێریدا نەبێت... حکومەت هەر جۆرێك بێت ناتوانێت لە وەسفکردنی بە ستەمکار بچێتە دەرەوە، ئەگەر لەژێر چاودێریی توند و لێپرسینەوەی دوور لە لێبووردندا نەبێت"(١٢).

لە کۆتاییدا پەنا دەباتە بەر وتەی هەندێك لە فەیلەسوف و دانایان لەسەر مەترسیداری ستەمکاریی بۆ ئەوەی ناوی خاوەنەکانیان بڵێت، لەوانە: "ستەمکار دوژمن و بکوژی حەق و ئازادییە، حەق باوکی مرۆڤەکانە و ئازادی دایکیانە، زۆرینەی خەڵکیش هەتیوی بێ دایك و باوکن و لە خەودان، زانایان برای عاقڵ و پێگەیشتوویانن، ئەگەر بەئاگایان بهێننەوە وەك ڕەشەبا هەڵدەکەن، ئەگەر وازیشیان لێبێنن، لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە و لە خەودا دەبن تا مردن"(١٣).

**کتێبی (طبائع الاستبداد) یەکەمین نووسراوێکی عەرەبی چاپکراوە بە شێوازێکی وردو بابەتی و و اقیعیانە باس لە سروشت و ماهیەتی ستەمکاری و هۆکارو ئامرازو دەرهاویشتەکانی دەکات**

نووسەر لە **وتاری دووەمەوە** دەست دەکات بە تیشك خستنە سەر پەیوەندییەکانی ستەمکاریی، کە لە (**پەیوەندی ستەمکاریی بە ئایینەوە**) دەست پێ دەکات.

سەرەتا بەوە دەست پێ دەکات کە ڕاو بۆچوونی زۆرێك لە نووسەر و توێژەرانی مێژووی ئایینەکان لەسەر ئەوە ساغ بووەتەوە کە ستەمکاریی سیاسیی هەڵقوڵاوی ستەمکاریی ئایینییە، هەروەك چۆن پیاوانی ئایینی خۆیان بە پیرۆز و ڕزگارکەر لە قەڵەم دەدەن، بە ناوی خواوە خەڵك دەچەوسێننەوە،

دەیانترسێنن بە جەهەننەم، بەهەشتیان پێدەفرۆشن... بە هەمان شێوەش سیاسییەکان دێن چاو لەوان دەکەن، خەڵکی دەچەوسێننەوە، بە کۆیلەیان دەکەن، ماڵ و سامانیان داگیر دەکەن، سووکایەتییان پێ دەکەن، وەکو مێگەل شیرەکەیان دەخۆنەوە، گۆشتیان دەخۆن، سوار پشتیان دەبن(١٤).

کەواکیبی بە وردی شیکاری ئەم بۆچوونە دەکات و کوێرانە مامەڵەی لەتەکدا ناکات، دان دەنێت بەو ڕاستییەدا، کە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەفسانەکان و بەشی مێژوویی تەورات و هەندێک لە پەیامەکانی ئینجیل و گوتار و ڕەفتاری زۆرێک لە سۆفی و فەقیهەکانی ئیسلام لە ئایین بڕوانرێت؛ بۆچوونی ئاماژە پێدراو بۆچوونێکی ڕاستە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی بەشە فێرکارییە ئاکارییەکانی تەورات و ئینجیل و دەقەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(دروودی خوای لێ بێت)دا هەڵبسەنگێنرێت بۆچوونێکی هەڵەیە(١٥).

هەر لە هەمان وتاردا ئاماژە بەوە دەدات کە ئایین لە بنەچەدا بۆ ئەوە هاتووە مرۆڤەکان لە ستەمکاری و چەوسانەوە و بە کۆیلەکردن ڕزگار بکات، بۆ نموونە تەورات کاتێک دابەزیوە کولتووری فرەخوایی لە ئارادا بووە، پادشایان وەک خوای سەر زەوی تەماشایان کراوە، هەر بۆیە مەبەستی سەرەکی تەورات بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی باوەڕی یەکتاپەرستی و ڕاستکردنەوەی بۆچوونە هەڵەکان سەبارەت بە خوا و مرۆڤ و نەهێشتنی کولتووری چەوساندنەوە، بە هەمان شێوە کاتێکیش ئینجیل دادەبەزێت، زۆرێک لە دەقەکانی تەورات شێوێنراوە، کۆمەڵگەی یەهودی دەناڵێنێت بەدەست ستەمی کاهینەکانەوە... لەپاش بڕینی چەندین قۆناغ و وەرگرتنی ئایینی مەسیحی لەلایەن میللەتە خاوەن کولتوورە جیاوازەکانەوە، ئەمیش تووشی شێواندن دەبێت، چەندین داب و نەریت و ئەفسانە و ڕاڤەی پیاوانی ئایینی تێکەڵ بە دەقەکانی ئینجیل دەبێت(١٦).

کاتێکیش دێتە سەر باسی ئیسلام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئایینی ئیسلام لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی، مرۆڤدۆستی، دادپەروەری و داماڵینی نێوەندگیری و بە پیرۆزدانانی کەسەکان بنیاتنراوە، ئایینێکە بۆ هەموو کات و شوێن و سەردەمەکان دەگونجێت، یاسا گشتییە تەشریعیەکانی دەشێت ببنە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سەرجەم سیستمە حوکمڕانییە دادپەروەرەکان، هەرچی حوکمێکی پەیوەست بە کاروباری سیاسی و بەرژەوەندی دنیاییە، دەبێت لە سەر بنەمای ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژکردن یەکلا بێتەوە، ئیسلام زۆر بە توندی دژی تاکڕەوی و سەپاندنی حوکمی تاکە لە هەر پلەیەکدا بێت، قورئان پڕیەتی لە ڕێنمایی و نموونەی بەرزی لەباربردنی ستەمکاری و تاکڕەوی و زیندوو ڕاگرتنی دادپەروەری

و یەکسانی هەتا چیرۆکە قورئانییەکانیش پڕن لەم واتایانە(١٧).
لێرەدا نووسەر نموونەی چیرۆکی بەلقیس شاژنی سەبەء دەهێنێتەوە، هەر وەک لە قورئاندا هاتووە:
(قالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنْتُ قاطِعَةً أَمْراً حَتَّى تَشْهَدُونِ • قالُوا نَحْنُ أُولُوا قُوَّةٍ وَأُولُوا بَأْسٍ شَدِيدٍ وَالْأَمْرُ إِلَيْكِ فَانْظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ • قالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوها وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِها أَذِلَّةً وَكَذلِكَ يَفْعَلُونَ) [ النمل: ٣٢ – ٣٤] .
ئەم چیرۆکە ئەوە دەدات بە دەستەوە کە دەبێت شا و دەسەڵاتداران لە کاروبارەکانیاندا ڕاوێژ بە شارەزایان و پسپۆڕانی چواردەوریان بکەن، نابێت تاکلایەنانە بەبێ پرس و ڕاوێژ حوکم دەربکەن، واتە هێز و دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان لای جەماوەرە، پشا، یان دەسەڵاتدار تەنیا دەرکردنی فەرمانی جێبەجێکردنی لەسەرە(١٨).
لە پاش هێنانەوەی چەندین نموونەی تری قورئان لەسەر بانگەشەی دادپەروەری و یەکسانی و دژایەتی ستەمکاری و تاکڕەوی، کەواکیبی زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەو فەقیهـ و سۆفیانەی لە مێژووی ئیسلامیدا هۆکاری هێنانە کایە و برەوپێدەری ستەمکاریی سیاسی بوون، لە ئەنجامی تێگەیشتن و ڕاڤەی نادروستیان بۆ زۆرێك لە دەقەکان(١٩).
هەر لە میانەی وتاری دووەمدا هۆشداری دەدات، کە لەگەڵ ئەوەی ئایینی ئیسلام لە بنەچەدا لەسەر بنەماکانی: ئازادی، دانایی، ئاسانکاری، لێبوردەیی، لابردنی کۆت و زنجیر، لەناوبردنی جیاکاری و ستەمکاریی، بنیاتنراوە، بەڵام فەقیهەکانی ستەمکاریی کردوویانە بە هۆکاری پەرتەوازەکردنی میللەت و ئامڕازی تێرکردنی مەرامە سیاسی و ئابوورییەکانیان، جوانی و تایبەتمەندییەکانیان لەبار بردووە، ئەوەندە شتی زۆر و زیادە و نامۆ و خورافییان هێناوە، ئایندارییان قورس کردووە، سەریان لە ئایینداران شێواندووە، بە جۆرێک ئەگەر بتەوێت ئایینداری کامڵ بیت، دەبێت واز لە هەموو کار و کەسابەت و بژێوییەکی ژیان بهێنیت و پشت لە دنیا بکەیت، تەنیا خەریکی بەجێهێنانی فەرمانی کتێب بیت، سەیر لەوەدایە ئەگەر تەمەنێکی زۆر درێژیش بەسەر ببەیت هەر ناگەیتە ئەنجامی ئەوەی کامە ڕاستە؟ کامە چەوتە؟، بەهۆی هەبوونی جیاوازی زۆر توندوتیژ لەنێوان مەزهەب و ڕێچکە و نوێنەرانی ئاییندا، هەر ئەم وێناکردن و ڕاڤە قێزەونە بۆ ئایین وای کردووە ئایینداران هەمیشە سەرقاڵی پڕکردنەوەی ناتەواوی کەسیی و خۆ کامڵکردن بن و نەیانپرژێتە سەر باسی سیستم و حوکمڕانی و لێپرسینەوەی حاکم و دەسەڵاتداران(٢٠).
کەواکیبی لە **وتاری سێیەمی** کتێبەکەیدا باس لە پەیوەندی نێوان (**ستەمکاریی وزانست** )دەکات، پێی وایە بەهێزی و

لاوازیی هەر حکومەت و دەسەڵاتێک بەندە بە ئەندازەی زیاد و کەمیی زانست و هۆشیاریی و بەئاگایی خەڵکەکەی بەردەستی، هەتا خەڵکەکە هۆشیار و زانا و بە ئاگا بێت، دەسەڵات بەهێز دەبێت و لە ستەمکاریی دوور دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەتا زۆرینەی خەڵک گێل و نەزان و بێ ئاگا بن، دەسەڵات ستەمکار و لاواز دەبێت(٢١).

## مەبەستیەتی ڕاڤەی سروشت و ماهیەتی ستەمکاری و مەرگی بەکۆیلەکردن بکات و سەرچاوەی سەرەکیی دەردەکە دیاری بکات

هەر لەم وتارەدا ئاماژە بەوە دەدات، کە ستەمکار زۆر دەترسێت لەو زانست و کایە مەعریفییانەی بزوێنەری عەقڵ و هۆشیاری و هزری جەماوەرن، وەک: حیکمەتی تیۆریی، فەلسەفەی عەقڵی، مافی میللەتان، کۆمەڵناسی، سیاسەتی مەدەنی و هاوشێوەی ئەمانە کە ئاسۆی عەقڵ فراوان دەکەن و مرۆڤ ئاشنا دەکەن بە ماف و ئەرک و داواکارییەکانی و چۆنیەتی دەستخستن و پاراستنیان(٢٢). ئەو دواتر دێتە سەر باسی ئەوەی کە لە نێوان زانست و ستەمکاریدا ململانێی توند هەیە لەسەر زۆرینەی خەڵک، زانست هەمیشە لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوە و بە ئاگا هێنانەوەی عەقڵیاندایە، ستەمکاریش لە هەوڵی کوژاندنەوەی ڕووناکی عەقڵیان و گەوجاندنیاندایە، مەبەستیش لە زۆرینەی خەڵک ئەوانەن کە ئەگەر نەزان بوون، دەترسن، کە تووشی ترسیش بوون، ملکەچ دەبن، هاوکات ئەگەر زانا و بە ئاگاش بوون، قسە دەکەن، کە قسەشیان کرد، بە کردار بەرجەستەی دەکەن(٢٣).

لە لایەکی ترەوە هەر لە وتاری سێیەمدا نووسەر باس لەوە دەکات کە ستەمکارانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەمیشە لە ترسی ئەوەدان جەماوەر بەتەواوی لە چەمکی (لا إله إلا الله) تێبگات، ئەو دەپرسێت: بۆچی (لا إله إلا الله) چاکترین زیکرە، بۆچی ئیسلام و سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکانی لەسەر بوونیاد نراوە، هەر خۆی لە وەڵامدا دەڵێت: (لا إله إلا الله) واتە هیچ ناپەرسترێت بە حەق بێجگە لە دروستکەری گەورەی بوونەوەر، پەرستنیش بە واتای ملکەچبوون، کەواتە : هیچ کەس شایانی ئەوە نییە ملی بۆ کەچ بکرێت بێجگە لە خوا، چەندە گەورە و جوانە شەو و ڕۆژ ئەم زیکرە دووبارە و چەند بارە بکرێتەوە و واتاکەی لە مێشکدا بچەسپێت و بزانرێت تەنیا ملکەچکردن بۆ خوایە و بەس، هەر بۆیە ستەمکاران باش دەزانن ئەمە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی ئەواندا یەک ناگرێتەوە، بەڵکو لا إله إلا الله سووکایەتییە بە ئەوان(٢٤).

لە **وتاری چوارەمدا** کەواکیبی باس لە پەیوەندی نێوان (**ستەمکاری و شکۆمەندی**) دەکات، دەڵێت: "شکۆمەندی بریتییە لە: دەستخستنی ڕێز و گەورەیی و خۆشەویستی، ئەمەش خواستێکی سروشتی هەموو کەسە و چێژێکی ڕۆحیی و دەروونی تایبەتی هەیە، بەڵام تەنیا ئەوانە بەدەستی دەهێنن کە لە پێناوی خوا، ئایین، کۆمەڵ، مرۆڤایەتیدا بە دڵسۆزی کۆشش دەکەن، ماندوو دەبن و قوربانی دەدەن"(٢٥).

هاوکات پێیوایە لە سەردەمی ئارامی و دادگەریدا زەمینە لەبارە، شکۆمەندی لە چەندین ڕووەوە بەدەست بهێنرێت، بەڵام لەسەردەمی ستەمکاریدا تەنها لەیەك ڕووەوە بەدەست دێت، ئەویش: بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ستەمکارییە(٢٦).

لەبەرامبەر شکۆمەندیدا کە سیفەت و حاڵەتێکی سروشتییە، شکۆ پێدان هەیە کە ئەمەیان حاڵەتێکی دەستکرد و ناسروشتییە، لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتە ستەمکارەکانە.

بە بڕوای کەواکیبی لە هەموو کات و سەردەمێکدا کەسانی بەرژەوەندیخواز بوونیان هەیە، نموونەی ئەمانە زۆر بەخێرایی خۆیان لە ستەمکاری گەورە نزیک دەکەنەوە لە ڕێگەی پێدا هەڵدان، چەورەیی، دووڕوویی، سیخوڕیکردن، گوێڕایەڵیکردنی کوێرانە و قبووڵکردنی هەر سووکایەتییەک لەلایەن گەورەکەیانەوە پێیان بکرێت، بە مەرجێک پلەوپایە و نازناوێک بەدەست بهێنن، ئەمانە لە زۆربەی چینە جیاوازەکاندا هەن، پارێزەری دەسەڵاتی ستەمکارن، شارەزان لە شکۆ پێدان و ڕازاندنەوە و جوانکردنی وێنەی ناشیرین و قێزەونی دەسەڵات لەبەرچاوی جەماوەردا، عەقڵەکان مەست دەکەن، ڕاستییەکان دەشێوێنن، کەسایەتی قێزەونی ستەمکار دەگۆڕن بە خاوەنشکۆ، پارێزەری خاک و وڵات، ڕاگری ئایین، باوکی میللەت(٢٧).

ستەمکاریش باش دەزانێت هەبوونی ئەو جۆرە کەسانە هۆکاری مانەوەی ئەون، هەر بۆیە زۆر لێزانانە هەڵیاندەبژێرێت و دەیانکاتە: وەزیر، بەڕێوەبەر، موفتی، دەمڕاست، لێپرسراو، چەندین نازناوی گەورەیان دەداتێ، هەندێک جار دەگەڕێت بەشوێن کەسی عاقڵ، دانا، خاوەن نەسەب، خاوەن کەسایەتی لای جەماوەر، کاریگەر و چاونەترس، ڕایاندەکێشێت بۆ لای خۆی و تەماعی پارە و سامان و پلەوپایەی دەوڵەتیان دەخاتە بەر، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە ڕازیکردنیان، یان گوێڕایەڵیکردنی کوێرانەیان، یان دووریان دەخاتەوە، یاخود لەناویان دەبات، یان سووک و ڕیسوایان دەکات(٢٨).

لە **وتاری پێنجەمدا** کەواکیبی باس لە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان (**ستەمکاری و سامان**) دەکات، لێرەدا بە ئاشکرا کاریگەری بیری سۆسیالیستی پێوە دیارە،

هەرچەندە ئەو پێی وایە ڕەگ و ڕیشەی بیری ناوبراو و جوانییەکانی زۆرتر لە ئیسلامدا بەدی دەکرێت(٢٩).

لە دیدی ئەودا پارە و سامان چەکێکی مەترسیداری دەستی ستەمکارە، لە ڕێگەی داگیرکاری و قۆرخکارییەوە سیاسەتی برسیکردن پەیڕەو دەکات، ئەو باوەڕی وایە میللەت هەمووی هاوبەشە لە خێروبێری وڵاتدا، نابێت تاقە کەسێك، یان چەند کەسانێك، یان بنەماڵەیەك، قۆرخی خێروبێر و پارە و سامانی میللەت بکەن و ئەوانی تریش برسی بن و چاوەڕێی ڕەحمی ئەو کەمینەیە بن.

**سیفەتی ستەمکاریی چۆن لە دەسەڵاتێکی تاکڕەودا خۆی دەبینێتەوە کە لە ڕێگەی هێزوزاڵبوون، یان بۆماوەییەوە دێتە سەرحوکم، بە هەمان شێوەش لە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی هەڵبژێردراو، یان دەسەڵاتێکی دەستەجەمعی هەڵبژێردراویشدا خۆی دەبینێتەوە**

ئەو دەڵێت: "دەوڵەمەندی یان پارەداریی بە سێ مەرج دروستە و ڕەوایە: یەکەم: لە ڕێگەی دروست و حەڵاڵەوە پەیدا کرابێت، نابێت لە ڕێگەی داگیرکاری و گەندەڵی و ساختەکارییەوە بێت. دووەم: نابێت دەوڵەمەندی و پارەدارییەکەی لەسەر حیسابی میللەت بێت. بە جۆرێک لە ڕێگەی داگیرکردنی موڵکی گشتی یان قۆرخکردنی بازاڕەوە ، کۆتا مەرجیش: دەبێت دەوڵەمەندیی سنووری هەبێت و نابێت لە پێویستی کەسەکە زۆر زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی قۆرخکاری و مۆڵ کردنی پارەی زۆر و داگیرکردنی زەوی و موڵکی گشتی هۆکاری تێکچوونی ئاکاری میللەت و دروستبوونی ستەمکاریی ئابوورییە، کە ڕێخۆشکەرە بۆ ستەمکاریی سیاسی"(٣٠).

هەر لە هەمان وتاردا کەواکیبی ئاماژە بەوە دەدات کە زۆرێک لە بنەما ئابوورییەکانی سیستمی سۆسیالیستی، لە ئیسلامدا جوانتر و تەواوتر دەبینرێت، بە بڕوای ئەو دەبێت حکومەتی دادپەروەر یاسای ورد و بەهێزی هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئابووری وڵات، نابێت خاوەندارێتی بنچینەیی پرۆژە زەبەلاحە ئابوورییەکان، کارگە و ئامێرە گرانبەهاکان، زەوییە بەپیت و جێگیرە کشتوکاڵییەکان، تاکە کەسی بن، بەڵکو دەبێت خێروبێری ئەوانە بۆ هەموان بێت و حکومەت بە یاسا بەڕێوەی ببات، دەبێت حکومەت هەوڵ بدات هەلی کار بۆ هەموان برەخسێنێت، دیاردەی چینایەتی نەهێڵێت، جۆرێک لە نزیکی و یەکسانی لە بژێوی و داهاتی تاکەکاندا فەراهەم بێنێت، کار بکات بۆ بەرەو پێشبردن و کاراکردنی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی، هاوکات سنوور

دابنێت بۆ قازانجی بازرگانان، تا ڕێگر بێت لەبەر دەم کەڵەکەبوونی پارە و سامان لەدەستی چەند کەسێکدا(٣١).

بە بڕوای ئەو لەژێر سایەی حکومەتی ستەمکاریدا دیاردەی چینایەتی زەق دەبێتەوە، کەمینەیەك لە ئەوپەڕی خێر و خۆشی و ڕابواردندا دەبن، زۆرینەش نانی ڕۆژانەیان بە ئەستەم چنگ دەکەوێت، قۆرخکاری، بەرتیل، فێڵ، ساختەکاریی، دزی و بازرگانی بە ئایین و مرۆڤەوە باڵ بە سەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت.

**وتاری شەشەم** تایبەتە بە پەیوەندی نێوان (**ستەمکاری و ئاکار**)، نووسەر لە میانەیدا دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ستەمکاریی تێکدەر و شێوێنەری ئاکار و بەها بەرزەکانە، لە ژێر سایەیدا خۆشەویستی و ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان دەسڕدرێتەوە، متمانە لە نێو هاوڕێ و خێزاندا ناهێڵێت، یان لاوازی دەکات، هیچ جۆرە مانا و تامێك بۆ چەشتنە هزری و عەقڵییەکان نامێنێت، زۆرینەی خەڵکی سادە وەك مێگەلیان لێدێت، تەنها لەهەوڵدا دەبن بۆ تێرکردنی زەرورەتی ژیانی ئاژەڵیانە، هەمیشە مێشك و هزر و کۆڕیان گەرمە بە باس و خواس و دەربڕینی سەرسامییان سەبارەت بە گەورەیی، بەهێزیی، جوانپۆشی و خۆش ڕابواردنی ستەمکار و داروودەستەکەی(٣٢).

ئەو دەڵێت: سەیر لەوەدا نییە خەڵکی سادە ببنە مێگەل و کۆیلە، بەڵکو سەیر لەوەدایە عاقڵەکان کۆیلە و مێگەل بن، هەر لەم سۆنگەوە دەبینین زۆربەی مێژوونووسان هاتوون حەقیقەتەکانیان شێواندووە، زۆر بە گەورەیی و ڕێزەوە لە ستەمکارانیان ڕوانیوە، چەندەها نازناوی وەك: ئازادکەر، ڕزگارکەر، گەورە پیاو، تاقانەی زەمان...یان داوەتە پاڵیان تەنها لەبەر ئەوەی ئەمانە زۆرترین خوێنیان بە ناحەق ڕشتووە، خەڵکیان کوشتووە، شار و دێهاتیان وێران و خاپوورکردووە(٣٣).

هەر لە هەمان وتاردا کەواکیبی باس لەوە دەکات کە یاریدەدەرانی ستەمکاریی لە نەزانو ڕیاباز و بەرژەوەندخوازان ئایینییان بچوك کردووەتەوە بۆ کۆمەڵێك پاڕانەوە و ئاواتخواستن و هەندێك کاری پەرستشی، کە ئەمەش سەری کێشاوە بۆ باڵادەستی تەممەڵی و خەمساردی و بێ هیممەتی لە زۆربەی کۆمەڵگە ئایینییە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، لەبەر ئەمە پێویستە دانا و زانا دڵسۆز و حەقبێژەکان بە جددی کار بکەن بۆ ڕیفۆرمی ئایینی و ڕاستکردنەوەی تێڕوانینە هەڵەکان بۆ ئایین، کەموکورتییەکان پڕ بکەنەوە و زیادە و هێنراوەکان فڕێ بدەن(٣٤).

نووسەر لە **وتاری حەوتەمدا** دێتە سەر باسی (**ستەمکاریو پەروەردە**)، سەرەتا بەوە دەست پێ دەکات کە خوای پەروەردگار لە مرۆڤدا دوو ئامادەگی خوڵقاندووە، ئامادەگی چاکە و چاکەخوازی، ئامادەگی خراپە و خراپەویستی، ئیتر پەروەردەیە دێت

لەلایەنی جەستەیی و دەروونی و عەقڵییەوە ئاراستەکە دیاری دەکات و پاڵ بە مرۆڤەکەوە دەنێت(٣٥).
لەگەڵ ئەمەشدا ستەمکاری دەبێتە گەورەترین بەربەست لەبەردەم پەروەردەدا و ئاراستە ڕاست و دروستەکەی دەشێوێنێت، چونکە ژینگە و واقیعێك دەڕەخسێنێت، خەسڵەتەکانی درۆ، دووڕوویی، فێڵ، چاوبەستی و ڕق لێبوونەوە... تێیدا باڵادەست دەبێت(٣٦).
بە تێڕوانینی کەواکیبی لەژێر سایەی حکومەتی ئازاد و دادپەروەردا پەروەردە گەشە دەکات، چونکە ئامرازەکانی تۆکمەن و بە یاسا ڕێکدەخرێن، مرۆڤەکان ئازادن، گەشبینن، خاوەن ئامانجن، چالاکن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا، بەڵام لەژێر سایەی ستەمکاریدا پەروەردە کپ دەکرێتەوە، ئامرازەکانی لاواز دەبن، مرۆڤەکان ئامانجی ڕوونیان نییە، کۆیلەن، بەدبەختن، تەممەڵن، ڕەشبینن(٣٧).
دواتر دێتە سەر باسی ڕۆڵی ئایین لە پەروەردەدا، ئەو دەنووسێت: لەگەڵ ئەوەی ئایین ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە پەروەردەدا، بەڵام لە سایەی ستەمکاریدا ئەو ڕۆڵە زۆر لاواز دەبێت، چونکە لایەنە ئاکارییەکەی تێکدەداو دەیشێوێنێت، دەمێنێتەوە لایەنە پەرستشیەکەی، کە گومانی تێدا نییە ئەم لایەنەی ئایین بە بێ لەبەرچاوگرتنی لایەنەکەی تر کاریگەری ئەوتۆی نابێت، هەر بۆیە دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵگە ئایینییە بە کۆیلەکراوەکاندا، کارە پەرستشییەکان دەبنە ئادابی نەریتی و کۆمەڵێك کردار و هەڵسوکەوتی چاولێکراوی مردوو(٣٨).
پەروەردە لای کەواکیبی پرۆسەیەکە لە سەر بنەمای گفتوگۆ و قەناعەت پێکردن بوونیاد دەنرێت، هاوکات کاریگەرە بە ژینگەی دەوروبەر و خەسڵەتە بۆماوەییەکانەوە، هەر بۆیە لە سایەی حکومەتی ستەمکاردا هەرگیز ناتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت و بە ئاقاری دروستی خۆیدا بڕوات.

**حکومەت هەر جۆرێك بێت ناتوانێت لە وەسفکردنی بە ستەمکار بچێتە دەرەوە، ئەگەر لەژێر چاودێریی توند و لێپرسینەوەی دوور لە لێبووردندا نەبێت**

**وتاری هەشتەم** کە تایبەتە بە **(ستەمکاری و هەڵکشان)**، نووسەر لە میانەیدا باس لە زەرورەتی گەشەکردن و جوڵە و پێشکەوتن دەکات لە نێو میللەتاندا و کاریگەری نەرێنی ستەمکاری لە سەری، ئەو لە پێشەکی وتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە هەڵکشان بریتییە لە: جووڵەی زیندوو و بەرزەفڕی جەستە و دەروون و عەقڵ، کە بەرامبەرەکەی بریتییە لە جووڵەی داکشان و کپبوونەوە، ئەمەش

وەك ئامێری گەرمی پێو وایە لە یەك پلە و ئاستدا ناوەستێت، دەتوانرێت بکرێتە پێوەری زیندوویی و مردوویی هەر میللەت و کۆمەڵگەیەك، واتە: هەر میللەتێك شوێنەوار و نیشانەی هەڵکشانەکەی زۆرتر بوو لە داکشانەکەی ئەوە میللەتێکی زیندووە، بە پێچەوانەشەوە ئەوە میللەتێکی مردووە(٣٩).

هەر لە وتاری ناوبراودا هاتووە: کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی مەیلی بەرەو هەڵکشان و بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنە، بە مەرجێك دووچاری هیچ جۆرە ڕێگر و بەربەستێك نەبێتەوە، کە مەترسیدارترین بەربەست لەبەردەم هەڵکشاندا بریتییە لە ستەمکاریی، چونکە ئاراستەی جووڵەکە پێچەوانە دەکاتەوە، لە هەڵکشانەوە بۆ داکشان، لە بەرزبوونەوە بۆ نزمبوونەوە، لە گەشەکردن بۆ کپبوونەوە، لە بەرەوپێشچوون بۆ گەڕانەوە(٤٠).

ئەم کاریگەرییەی ستەمکاریی ئەوەندە ترسناکە، مەیلە سروشتییەکەی مرۆڤیش بەرەو هەڵکشان دەگۆڕێت، بە جۆرێك کە ئەگەر بە زۆریش پاڵی پێوە بنێیت بەرەو بەرزی و هەڵکشان، ئەو هەر حەزی لە داکشان و ژێردەستەیی و گەڕانەوەیە بۆ پاشەوە، بە واتایەکی تر وەك ئاژەڵی ماڵیی لێدێت، کە ئەگەر بەرەڵای بکەیت سەری لێ دەشێوێت و دەفەوتێت(٤١).

هەر لە میانەی وتاری هەشتەمدا کەواکیبی مەسەلەیەکی گرنگ دەوروژێنێت و قسەی لە سەر دەکات، ئەویش کاریگەری ئایینە لەسەر هەڵکشان، لەپێشدا تێڕوانینی هەندێك لە کۆمەڵناسانی ڕۆژئاوا دەخاتە بەردەست، کە لایان وایە ئایین کاریگەریی زۆر نەرێنی هەیە لە سەر هەڵکشانی تاك و دواتر هەڵکشانی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێك یەکەمین خاڵی هەڵکشان لە کۆتا خاڵی ئایینەوە دەست پێ دەکات، مێژووی میللەتانی پێشینیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە هەتا دوورتر بوو بن لە پەیوەستبوون بە ئایینەوە، زیاتر بەرەو هەڵکشان چوون، بە پێچەوانەشەوە هەتا زۆرتر پەیوەست بوو بن بە ئایینەوە، بەرەو داکشان چوون و لە هەڵکشان دوورکەوتوونەتەوە(٤٢).

ئەو پێیوایە ئەم تێڕوانینە تەواو ڕاست و دروستە و نکۆڵی لێناکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئایینانەی بنەمایەکی خورافی و ناعەقڵانی و ناواقیعییان هەیە، بەڵام ئەو تێڕوانینە هەڵەیە ئەگەر جێبەجێ بکرێت بە سەر ئایینێکی خاوەن بنەمای عەقڵی و واقیعی و فیتری وەك ئایینی ئیسلام، کە هۆکار و هاندەری بەهێزی هەڵکشان و بەرەوپێشچوون بووە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە ئایینی ئیسلام ئەو ئایینە نییە کە زۆرینەی موسوڵمانان بە چاولێکەریی ئاییندارن پێی، بەڵکو ئەو ئایینە مەبەستە کە هەموو مرۆڤێك دەتوانێت ڕاستەوخۆ لە قورئانەوە وەریبگرێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ

ڕای عەمر و زەید(٤٣).
کۆتا وتاری کتێبەکە کە **وتاری نۆیەمە** تایبەتە بە (**چۆنێتی قوتاربوون لە ستەمکاریی**)، نووسەر سەرەتای وتارەکەی بە باسکردنی قۆناغەکانی هەڵکشانی مرۆڤایەتی سەبارەت بە بەڕێوەبردن و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکات، پاشان ئاماژە بەوە دەدات کە هەتا سەردەمی نووسینی کتێبەکەی کە کۆتایی سەدەی نۆزدەیە، زۆربەی میللەتان و کۆمەڵگە جیاوازەکان نەگەیشتوون بە شێواز و ڕێگەیەکی نموونەیی لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، چەندین جۆری حکومەتو شێوازی بەڕێوەبردن هەیە، بەڵام هیچیان مایەی ڕەزامەندی زۆرینە، یاخود گشت نین، هەر بۆیە میللەتانی دنیا لە ئاڵوگۆڕی سیاسی بەردەوامدان(٤٤).

### مێژووی ئایینەکان لەسەرئەوە ساغ بووەتەوە کە ستەمکاریی سیاسیی هەڵقوڵاوی ستەمکاریی ئایینییە

دواتر کەواکیبی بە مەبەستی قوتاربوون لە ستەمکاری و گەیشتن بە حکومەتێکی دادپەروەر، کە لە سایەیدا سەرجەمی مافە تاك و گشتییەکان پارێزراو بێت، هۆشداری توند دەدات، کە بە هیچ شێوەیەك متمانە نەکرێت بە پەیمان و سوێند و بەڵێن و ئاییندداری و ڕاستگۆیی ئەو کەسانەی دەیانەوێت دەسەڵات و حوکمداری بگرنە دەست، هاوکات بیست و پێنج سەرباس لە شێوەی پرسیاری دژیەکدا دەخاتە بەردەم، کەلە میانەیاندا بنەما و چوارچێوەی سیستمێکی حوکمڕانی بەهێزو دادپەروەر دیاری دەکات، کە دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە ناوەڕۆکەکانیان بدەین(٤٥):

١. ئوممەت، یان میللەت بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک ، پەیوەندی ئایین، یان ڕەگەز، یان زمان، لە نیشتمانێکدا کۆیان دەکاتەوە و مافی هاوبەشیان هەیە، هەر تاکێک بۆی هەیە گوزارشت لە ڕای خۆی بکات.

٢. حکومەت وەک پرۆسەیەکی بریکاریی وایە، لەسەر ویست و ئیرادەی میللەت بوونیاد دەنرێت بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتی و هاوبەشەکان.

٣. سەرجەم میللەت هاوبەشن لە زەوی، ئاو، ڕووبار، کەناراو، کانزاکان، پەرستگاکان، بازرگانیکردن، لە پاراستنی ئاسایشی گشتی، دادپەروەری، ئایین، ئادابی گشتی، یاسا و پەیماننامەکان، هیچ کەسێک یان بنەماڵەیەک مافی ئەوەی نییە ئەوانە و هاوشێوەیان قۆرخ بکات بۆ خۆی. هاوکات سەرپەرشتیاریی دەسەڵاتداران و لێپرسراوان بۆ ئەو شتانە، سەرپەرشتیاریی ڕێکخستنیانە نەک خاوەندارێتییان.

٤. حکومەت بۆی نییە بە بێ هیچ بنەمایەکی یاسایی هەڵسوکەوت بکات لە پێدان و بێبەشکردنی مافە گشتییە مادی و ئەدەبییەکان لە کەس و ناوچە و تاقم و ئایین و چینە جیاوازەکان، هەموویان یەکسانن لە پێدان و بێبەشکردندا بە شێوازی دادپەروەرانە.

٥. مافە کەسییەکانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت پارێزراو بێت، مرۆڤەکان ئازادن چۆن بیر دەکەنەوە و چی دەکەن، حکومەت بۆی نییە خۆهەڵقورتێنێت لە کاروبارە کەسییەکاندا، بە مەرجێک پێچەوانەی یاسای کۆمەڵایەتی نەبێت.

٦. شیاوترین جۆری حکومەت دەبێت حکومەتی هەڵبژێردراوی کاتیی بێت.

٧. ئیشی حکومەت بەڕێوەبردنی کاروباری میللەتە، بە پێی یاسایەک کە بە بڕیار و ڕەزامەندی میللەت داڕێژرابێت، هەر کاتێکیش حکومەت نەیتوانی بەو یاسایە کار بکات دەبێت هەڵبوەشێتەوە.

٨. دەبێت حکومەت هەرچی پلە پێدان یان مووچە و خەرجی و پارە پێدانە بە یاسایەک ڕێکبخات کە هەڵقوڵاوی ڕەزامەندی میللەت بێت.

٩. دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت هەڵقوڵاوی ڕای میللەت بێت، حکومەت تەنیا جێبەجێکردنی لەسەرە، ئەو کات میللەتیش بە دڵسۆزییەوە گوێڕایەڵی حکومەت دەبن.

١٠. دەبێت بە ڕەزامەندی و ئاگاداری میللەت سەرچاوەکانی داهاتی حکومەت و کۆکردنەوەیان و ڕێکخستنی تێچوونەکان دیاری بکرێت.

١١. دەبێت هێزی چەکدار هێزی نیشتمانیی میللەت بێت، بە جۆرێک کە حکومەت نەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ سەرکوتکردنی میللەت.

١٢. دەبێت میللەت مافی چاودێری و لێپرسینەوەی حکومەتی هەبێت، هاوکات کاری سەرەکی نوێنەر و نائیبەکان پاراستنی ئەو مافە بێت.

١٣. لەسەر حکومەتە ژیان و ماڵ و سامانی تاکەکان و ئاسایشی گشتی بپارێزێت.

١٤. دەبێت دەسەڵاتی حکومەت بە یاسا دیاری بکرێت.

**کەواکیبی زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەو فەقێ و سۆفیانەی لە مێژووی ئیسلامیدا هۆکاری هێنانە کایە و برەوپێدەری ستەمکاریی سیاسی بوون**

١٥. دەبێت دەسەڵاتی دادوەری لە دەستی کەسانی پاک و ئەمیندا بێت، تەنیا ملکەچی شەرع و ڕاستی بن، نەکەونە ژێر کاریگەری هیچ زۆرلێکردنێک لە هەر کەسێکەوە بێت.

١٦. لەسەر حکومەتە بە دانایی پارێزگاری لە ئایین و ئادابی گشتی و زمان و کولتوور

بکات، مافی ئەوەی نییە لەسەر ئاییندار و بیروباوەڕ لێپێچینەوە لە کەس بکات، لە کاتێکدا نەبێت کە بەئاشکرا پیرۆزییە ئایینییەکان بشێوێنرێن و پێشێل بکرێن.

١٧. هەرچی تایبەتە بە دامەزراندن و لێپرسراوێتییەکانەوە لە سەرۆکەوە تا پۆلیس و کارگوزارێک دەبێت زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە بە دەقی یاسایی ڕێکبخرێت، بە جۆرێک کەس نەتوانێت پێچەوانە مامەڵە بکات.

١٨. پرۆسەی یاسا دانان دەبێت لە ڕێگەی کۆمەڵە کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕەوە بێت کەلەلایەن میللەتەوە دەستنیشان کرابن، نەک بە ویستی سەرۆک وڵات بێت بە تەنیا.

١٩. دەبێت دەقە یاساییەکان زۆر ڕۆشن بن و ڕاشکاوانە واتاکانیان بدەن بە دەستەوە، سەرجەم چین و توێژەکان بگرێتەوە، هێزی جێبەجێکردنیان هەبێت، پارێزراو بن لە هەر مەبەست و ئامانج و بەرژەوەندی و کاریگەرییەکی تاکیی، لەلایەن سەرجەمی میللەتەوە ڕێزیان لێ بگیرێت.

٢٠. دەبێت دابەشکردنی کار و وەزیفەکان بۆ گشت بێت، بە لەبەرچاوگرتنی شیاوی و ژمارەی پێویست، نابێت لە ڕێگەی نێوەندگیری و خزمایەتی و ناسراوی و عەشیرەتگەرییەوە بێت.

٢١. نابێت دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و فێرکاری و ئەوانی دی لە دەستی تاکە کەس و کۆمەڵێکدا بن، بەڵکو دەبێت بەپێی پسپۆڕی ورد و شارەزایی دابەش بکرێن.

٢٢. دەبێت حکومەت ئەوپەڕی کارئاسانی بکات بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن، هەموو کەس مافی خوێندنی هەبێت.

٢٣. دەبێت حکومەت بە کردار هاندەری کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی بێت، ئەوپەڕی کارئاسانی بکات بۆ گەشەپێدانیان.

٢٤. دەبێت حکومەت بە جددی کار بکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و نیشتەجێکردنی بێ لانەکان.

**لە سەردەمی ئارامی و دادگەریدا زەمینە لەبارە، شکۆمەندی لە چەندین ڕووەوە بەدەست بهێنرێت، بەڵام لەسەردەمی ستەمکاریدا تەنها لەیەك ڕووەوە بەدەست دێت، ئەویش: بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ستەمکارییە**

٢٥. دەبێت هەمیشە کار بکرێت بۆ مراندن و نەگەڕانەوەی ستەمکاریی.

کەواکیبی زیاتر لەسەر ئەم خاڵەی کۆتایی دەڕوات و دەنووسێت: "هەر میللەتێک هەست بە ئازار و مەینەتییەکانی ستەمکاریی نەکات شایانی ئازادی نییە.. دواتر ئاگادارییەک دەخاتە ڕوو، کە

دەبێت بەرهەڵستی ستەمکاریی بە نەرمی و پلەبەندی بێت، هاوکات دەبێت لە پێشدا ئامادەکاری کرابێت بۆ قۆناغی دوای ستەمکاریی"(٤٦).

هەر بۆیە بەلای کەواکیبییەوە بەهێزترین چەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستی ستەمکاریی بریتی نییە لە کاری توندوتیژی، بەڵکو بریتییە لە هەستکردنی میللەت بە ئازار و مەینەتییەکانی ستەمکاریی، کە ئەمەش لە ڕێگەی فێرکردن و وشیارکردنەوەوە دەبێت، کە دواتر وروژاندنی ڕای جەماوەری لێ دەبێتەوە(٤٧).

**لە دیدی ئەودا پارە و سامان چەکێکی مەترسیداری دەستی ستەمکارە، لە ڕێگەی داگیرکاری و قۆرخکارییەوە سیاسەتی برسیکردن پەیڕەو دەکات**

---

### سەرچاوە و پەراوێز

١- لەتۆمارە حکومییەکاندا ساڵی (١٨٤٨یان ١٨٤٩ز) بەساڵی لەدایکبوونی کەواکیبی دانراوە، بەڵام لە تۆماری بنەماڵەکەیدا ساڵی (١٨٥٤ز) بە ساڵی لەدایکبوونی دانراوە. بڕوانە: العقاد، عباس محمود: عبد الرحمن الكواكبي، مؤسسة هنداوي، القاهره، ٢٠١٢. ل٣٩. الزركلي: الأعلام، دار العلم للملايين، بيروت، ط١٥،٢٠٠٢، ٢٩٨/٣.

٢- بڕوانە: العقاد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١. الزركلي: سەرچاوەی پێشوو٢٩٨/٣.

٣- بڕوانە: الطحان، محمد جمال: أعمال الكواكبي غير الكاملة، نسخة ألكترونية، ل٢٢.

٤- بڕوانە: الزركلي: سەرچاوەی پێشوو٢٩٨/٣. الطحان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

٥- بڕوانە: الطحان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦، ٢٨.

٦- بڕوانە: الكواكبي: طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، مؤسسة هنداوي، القاهرة، ٢٠١٢، ل٧.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١ .

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨-٢٩.

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥، ٥٧.
٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.
٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢، ٧٣.
٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.
٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.
٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.
٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.
٣٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.
٤٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.
٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.
٤٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.
٤٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.
٤٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.
٤٥.- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦-١١٠.
٤٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.
٤٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

زاراوەناسی

# ئایینناسی

# سەلەفیەت

ئیدریس سیوەیلی

دیاریکردنی چوارچێوە و پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ سەلەفییەت کە جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بێت کارێکی سانا نییە، هەروەک لە کاتی قسەکردن لەسەر سەلەفییەت ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەک دەبیتەوە کە دیاریکردنی سیما و خەسڵەتەکانی سەلەفیەتە، خودی سەلەفییەکانیش لەمەدا ناکۆکن و تەبا نین.

ڕیشەی وشەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتییە لە (سلف) کە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ئەوەی ڕابورد و تێپەڕیوە، یاخود بە مانای پێشین، یان باوان کە پێش نەوەکان کەوتووە، لە ڕووی زاراوەوە لە کەلەپووری ئیسلامدا بۆ گوزارشتکردن لە موسڵمانە پێشینەکان بەکارهاتووە، کە هەندێک جار پێی دەوترێت پێشینی چاک (السلف الصالح)، مەبەستیش لەوانەیە کە لە سەردەمی پەیامهێن (د. خ) و دوو سەدەی دوای ئەو ژیاون، کە بە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان ناو دەبرێن و تێکڕا لە سێ سەدەی یەکەمی ئیسلامدا ژیاون، کە بەلای خودی بانگەشەکارانی سەلەفیەتەوە سێ دەیەی زێڕینی ئیسلامە و باشترینی موسڵمانەکان لەو دەمەدا ژیاون، ئەمەش لە فەرموودەیەکی پەیامهێنەوە سەرچاوەی گرتووە هاتووە"باشترین

سەدە سەدەی منە، جا ئەوەی بەدوایدا دێت، جا ئەوەی بەدوای ئەویشدا دێت،....".

بەلای سەلەفییەکانەوە، دید و جێبەجێکردنی دروستی ئایینداری لەو سێ سەدەیە بووە، ئەوان کە نزیکبوون لە پەیامهێنەوە لە شێوازی ئاییناری و جێبەجێکردنیدا ڕاست بوون، لەم ڕوانگەشەوە دەکرێت وا لە سەلەفییەت بڕوانرێت کە زاراوەیەکی گشتییە و میتۆد و بیرکردنەوەیەکە کە پێی وایە دەبێت بە هەمان دید و تێڕوانین ڕاڤەی ئیسلام بکرێت کە پێشین هەیانبووە، ئەویش لە هەر دوو سەرچاوە سەرەکییەکەی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت کە قورئان و فەرموودەیە. زۆر جاریش سەلەفییەکان زاراوەی ئەهلی سوننە و جەماعە، گرووپی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة) و گرووپی ڕزگار بوو (الفرقة الناجية) بۆخۆیان بەکاردێنن، کۆی ئەو زاراوانەش لە فەرموودەی پەیامهێنەوە پشتڕاست دەکەنەوە و بە سەر خۆیانیدا دادەبڕن.

لە ئێستادا زیاتر لە گرووپێک بانگەشەی سەلەفییەت دەکات، هەریەک لەو گرووپانەش خۆی بە هەڵگری مەنهەجی سەلەفی ڕاستەقینە دەزانێت و بە شێوەی ڕێژەیی لەگەڵ ئەوانی تر ناکۆکە، بە جۆرێک هەندێکیان جگە لە خۆیان سەرجەم گرووپەکانی تر بە موبتەدیع، گومڕا، لادەر و ... تاد ناو دەبەن. بۆیە پۆلێنکردنی سەلەفییەت و کێشانی هێڵی جیاکاری لە نێوانیاندا کارێکی سەختە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت بە تێڕوانینی پێشین ڕاڤەی ئیسلام بکرێت، بەڵام جارێکی تر پرسیارێک دێتە پێشەوە کە تێڕوانینی پێشین کامەیە؟ لەمەشدا جارێکی تر سەلەفییەکان تووشی لێکترازان و ناکۆکی دەبن و دیدێکی یەکگرتوویان نییە، بە گشتیی دەکرێت لە ئێستادا سەلەفییەت بۆ چەند گرووپێک پۆلێن بکرێت، ئەوانیش: سەلەفی زانستی، مەدخەلی، حەلەبی، سەلەفی جیهادیی و سەلەفی سروری، ئەم پۆلێنکارییەش ڕێژەییە و دەکرێت وردتریش بکرێتەوە یان هەندێکیان تێکەڵ بە یەکتر بکرێن، ئەمەش لەسەر بنەمای خەسڵەت، سیما و تێڕوانینی هاوبەشی گرووپەکان.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژوویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئاییناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنیردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).
ڕۆژنامە
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.
تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).
نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.
ماڵپەڕ
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.
نمونە: Adler, Katya (٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).
نمونە: ئومێد رەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).
نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).
نمونە: محمد قراسویی، محمد (٢٨/١١/١٣٩٦)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد

و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاە المعاکس - هل ینفجر الوضع بین ترکیا وروسیا في شمال سوریا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.




THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018




سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان


ئایندەی کەرکوک




The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories


الدراسات السياسية و الأمنية




انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
ڕاڤای ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناتوەندێتی، چارەنووسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Centre For Future Studies
ڕاڤای ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
2020 ئایار
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin 205


Centre For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية اربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org



CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

ژمارە ( ٤) ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢